

نەوال سەعداوی
روخساری
رووتی
ئافرەتی عەرەب
و: زەروان

# روخساری رووتی ئافرەتی عەرەب

نەوال سەعداوی

وەرگێڕانی: زەروان
(محەمەد وەسمان)

روخساری رووتی ئافرەتی عەرەب
نەوال سەعداوی
وەرگێڕانی: زەروان (محەمەد وەسمان)
dezgaywargeran@yahoo.com
دەزگای وەرگێڕان
خاوەنی ئیمتیاز: حەسەن ئەحمەد مستەفا
سەرنووسەر: مقداد شاسواری
ناوی کتێب: روخساری رووتی ئافرەتی عەرەب
نووسینی: نەوال سەعداوی
وەرگێڕانی: زەروان
بەرگ و هونەرکاری ناوەوە: ئاگری باڵەکی
تایپ: ئاکار جلیل
سەرپەرشتی چاپ: دەزگای وەرگێڕان
ژمارەی سپاردن: ١١٦
تیراژ: ١٠٠٠
نرخ:
چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر ٢٠٠٦
ناونیشان: هەولێر/ گەرەکی سێتاقان، نزیك ئامادەیی كوردستان
Tell: 2532099
dezgaywargeran@yahoo.comEmil:
ئەم کتێبە وەرگێڕدراوی کتێبی (الوجة العاری للمرأة العربیة)یە، لە نوسینی د. نەوال سەعداوی، چاپی یەکەم- ١٩٧٧، لە بلاّوکراوەکانی "دەزگای عەرەبی بۆ پەخش و لێکۆڵینەوە".

**پێشکەشە بە**

**بە کچەکەم (سونا)و کوڕەکەم (عاتیف) بەو هیوایەی دواڕۆژ ڕاستگۆیانە و وشیارانەتر بێت لە ڕابردوو، یان لە ئێستا.**

**نەوال سەعداوی**

**لەبری پێشەکی**

**ئەو هزرە بنچینەییانەی کە ئەم کتێبە لە خۆی دەگرێت:**

**١- رۆشنبیری ئیسلامی، یان عەرەبی تاکە رۆشنبیری نییە کە ئافرەتی کردبێتە کالاّیەك، یان کۆیلەیەك، بەڵکو رۆشنبیری رۆژئاوا و مەسیحییەتیش وایکردووە و ستەمی بەرامبەر ئافرەت توندتر و زیانی زیاتر بووە.**

**٢- چەوساندنەوەی ئافرەت ناگەڕێتەوە بۆ رۆژهەلاّت، یان رۆژئاوا، یان ئیسلام، یان ئایینەکان، بەڵکو لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی چینایەتی باوکسالاری لە هەموو کۆمەڵگەی مرۆییدا.**

**٣- ئایینە گەورەکان لە جیهاندا چەندان بنەمای چۆنییەکیان هەیە، لەڕوی پاشکۆکردنی ئافرەت بۆ پیاو و خواوەند، خاوەنی چەندان خەسڵەتی نێرینەیە و سەپاندنی بەهای چینگەری و دەسەلاّتی نێر لە ماڵ و لە کۆمەڵگەدا.**

**٤- ئافرەت لە پیاو کەم ئەقڵتر نییە وەك زۆر کەس لەو باوەڕەدان، بەلاّم مێژوو سەلماندویەتی ئافرەت پێش پیاو بە ئاقلاّنە بیری کردۆتەوە، ئەویش بووە لە مێژوو سەلماندویەتی ئافرەت پێش پیاو بە ئاقلاّنە بیری کردۆتەوە، ئەویش بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زانینی دەستپێکردووە.**

**یەکەم خوداوەندی زانین ئافرەت بووە، بەناوی (ئیزیس) لە پێش ئەویشدا حەوا.**

**٥- ئیسلام و مەسیحییەتی قۆناغی پێشکەوتن و گۆڕانن، بە گوێرەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆیی لە زۆر لایەنەوە، بەلاّم کۆت و بەندی ئافرەت زێتر بوون.**

**٦- ئیسلام چەندان مافی نوێی بە ئافرەت بەخشی و لە چەندان مافی کۆن بێبەشی کرد. ئافرەت لە ژیانی محەمەد پێغەمبەردا (د.خ) چەندان مافی هەبوو، ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان لێی زەوت دەکرێت.**

**٧- لە کەلتوری عەرەبی و ئیسلامیدا چەنندان لایەنی لەبار هەن، کە پێویستە بە دوایاندا بگەڕێین و بەرچاویان بخەین و بەهێزیان بکەین.**

**نالەبارییەکان پێویستە ئازایانە وازیان لێبهێنین و لەوەش بگەین: کێشەی ئازادکردنی ئافرەتی عەرەبی لەسەر کۆکردنەوەی لایەنە لەبارەکانی کەلتووری کۆن و لایەنە لەبارەکانی هزری نوێ.**

٨- ئەو ئافرەتەی ئەدەبی عەرەبی کۆن، یان نوێ وێنەی بۆ کێشاوە، ئافرەتی عەرەبی راستەقینەوا نییە.

٩- جگە لە ئافرەتان کەس ئافرەتان ئازاد ناکات، دوای ئەوەی دەبن بە هێزێکی سیاسی توانای ئاکار و بڕیاری گەورەی دەبێت. ئەوەشیان تەنیا لە رێگای هێزێکی ئافرەتانی رێکخراو وشیار بە ماف و ئامانجەکانی دێتە دی.

١٠- مێژوو ئاماژە بەوە دەکات، کەوا شۆڕشە سۆشیالیستییەکان و جەنگەکانی رزگاری، پرۆسەی ئازادکردنی ئافرەت لە رۆژهەلأت و رۆژئاوادا خێراتر دەکات، جەنگی رزگاری لە جەزائیر هاوکار بووە لە نەهێشتنی زۆر کۆت و بەندی ئافرەتی جەزائیری، جەنگی رزگاری خوازی فەڵەستینیش، هاوکارە لە ئازادکردنی ئافرەتی فەڵەستینی، ئەوەشیان کێشەی ئازادکردنی گەل و کێشەی ئازادکردنی ئافرەت بە یەك دەبەستێتەوە.

## بەشی یەکەم

پرسیاری راماوی بێ وەڵام

خواوەندی مێینە و زانیاری

ئافرەت پێش ئەوەی لە ئادەم ببێت

چەندان دورگەی دایکانە لە زەریای باوکانەدا

ئافرەتی میسریی کۆن

لەدایکبوونی دوانەی ئاکاری

ئازادکردنی کۆیلەکان ئافرەتی نەگرتەوە

### پرسیاری راماوی بێ وەڵام

شەش ساڵان بووم، لەنێو پێخەفێکی هێمندا خەونی منداڵانەی جوانم دەدیت، لەناکاو هەستم بەو دەستە ساردە و گەورە و دڕەی نینۆك پیسە رەشە کرد، کە بۆ من درێژکراو گرتمی، دەستێکی دیکەی وەك دەستەکەی دی زبر و گەورە و توند، دەممی گرت و بەهەموو هێزێکەوە لێنەگەڕا هاوار بکەم، هەڵیانگرتم بۆ گەرماو، نازانم ژمارەیان چەند بوو، شێوەی دەم و چاویانم لەبیر نەماوە، ناشزانم پیاو بوون، یان ئافرەت، دنیا لەبەرچاوم رەش هەڵگەڕا، رەنگە چاویشیان بەستبم، هەموو ئەوەی لەو کاتیدا هەستم پێکرد، ئەو چەنگە ئاسنینە بوو، کە سەری گرتبووم و باسك و لاقەکانی گرتبووم و پەکی خستبووم لە هەر بەرگرییەك، یان جوڵەیەك، لەگەڵ لووسی کاشی گەرماوەکەی ژێر جەستە روتەکەم، لەگەڵ چەندان دەنگی نامۆ و تەورتێك ناوە ناوە هەستم بە دەنگی لێخشانی شتێکی کانزایی دەکرد، دەنگە دەنگی چەقۆی قەسابی بە بیر هێنامەوە بۆ سەربڕینی بەرخی قوربانیی جەژن، لەو کاتەیدا و لەبەرچاوی ئێمە چەقووەکانی لە یەك دەخشاند.

خوێن لە دەمارەکانمان وشك بوو، وام هەست کرد ژمارەیەك دز منیان رفاندووە و ئێستا دەیانەوێت سەرم ببڕن، زۆر لەو جۆرە چیرۆکانەم لە داپیرە لادێییە پیرەکەم بستبوو. گوێم لە دەنگی لێدانی کانزاکان رادەگرت، هەر کە رادەوەستام دڵم لە نێو سینەمدا رادەوەستا، هەستم کرد لە ملم نزیك نابێتەوە، بەڵکو لە سکم نزیك دەبێتەوە لە شوێنێکی نێوان رانەکانم. لەو تروکەیەدا هەستم کرد هەردوو رانەکانم هەتا ئەوپەڕی لێککرانەوە.

هەردووو رانەکە بە پەنجەی ئاسنین لێك دورخرانەوە هەستم بە شتێکی کانزایی کرد وەك ئەوەی بە چەقۆ، یان مووسی تیژ بەر ملم بکەوێت، بە توندی کەوتە نێو رانەکانم و شتێکی بڕی، بەشێکی لە جەستەم بڕی، لەبەر ئازار هاوارم کرد هەرچەندە دەمیان بەستبووم، ئازارەکە هەر ئازار نەبوو، بەڵکو ئاگرێك بوو لە هەموو جەستەم گەڕا، گۆمێکی سووری خوێنی خۆم لەسەر کاشی گەرماوەکە دەورەی دام.

نەمزانی چییان لێ بڕیم، هەوڵم دەدا بپرسم دەگریام و هاواری دایکم دەکرد رزگارم بکات. چەند هێدمەیەکی گران بوو، کە بینیم دایکم بە گۆشت و خوێنەوە لەگەڵ ئەو نامۆیانە راوەستاوە لەگەڵیاندا دەئاخوێت بزەی دێت، وەك ئەوەی پێش تورکەیەك کچەکەیان نەدابێتەوە بەر نەشتەر، هەڵیان گرتم بۆ ناو جێگەن بینیم خوشکەکەم کە دوو ساڵ لە من بچوکتر بوو، بە هەمان شێوە هەڵیان گرت هاوارم کرد: نەکەن.. نەکەن. روی خوشکەکەم بینی لە نێوان دەستە زبر و گەورەکەیاندا سپی هەڵگەڕا بوو وەك روی مردیان، بۆ تروکەیەکی خێرا پێش ئەوەی بیبەن بۆ گەرماو نواڕیمانە یەکتر، وەك ئەوەی لەم تورکەیەدا هەستمان بە مەینەتییەکە کردبێت و مەینەتی ئەوەی ئێمە لەو رەگەزە بین، رەگەزی مێ کە چارەنوسی کلۆڵمان، بە دەستێکی ئاسنینی ساردەوە بۆ شوێنێك کە بەشێکی جەستەمان تیایدا دەبڕن. خێزانەکەم لە خێزانە میسرییە نەخوێندەوارەکان نەبوو، باوك خوێندەواریەکی بەرزی هەبوو، جگە لەوەش لەو ساڵیدا چاودێر بوو لەسەر پەروەردە و فێرکردن لە پارێزگای (مێوفیە) (؟) ، دایکم لە قوتابخانەی فەرەنسی فێر بوو بوو پێش ئەوەی باوکی بە وودی بدات، ئەوکات بەڕێوەبەری تیپی سەربازی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم داب و نەریتە خەتەنەکردنی کچان (سونەتکردن) باو بوو.

هیچ کچێك لێی رزگار نەدەبوو، نە لە لادێ و نە لە شار، کە گەڕامەوە قوتابخانە دوای ئەوەی چاك بووبوومەوە لە هەموو هاوڕێکانم پرسی، زانیم هەموویان خەتەنە کراون، چ ئەوانەی لە خانەوادەیەکی بەرز، یان ناوەندی، یان سەروی ناوەندی بووبن، بەلأم لە لادێ و خێزانە هەژارەکانی نەخوێندەوار لە کچەکانی دێیەکەمان (کفر طحلة) زانیم هەموویان خەتەنە نەکراون.

ئەم داب و نەریتە هەتا ئەمرۆش لە لادێدا باوە، بەڵکو لەشاردا زۆر لە خێزانەکان هێشتا باوەڕیان پێی هەیە، بەلأم فێرکردە و زێدەبوونی وشیاری هەندێك لە باوك و دایکانی هانداوە کە واز لەم کردارە بێنن و کچەکانیان خەتەنە نەکەن. ئەم روداوی خەتەنە کردنە وەك

مۆتەکە دەهاتە خەونەکانم، نەمداەزانی بە تەواوی لە پاشەڕۆژدا چی چاوەڕێم دەکات، یان ئایا روداوی دیکە هەیە کەوا دایکم، یان باوکم، یان داپیرەم، یان کۆمەڵگە بۆ منیان حەشار دابێت، کە هەر لە تروکەی چاوکردنەوەم بە ژیان پێی راگەیاندم من کچم.

وشەی (کچ) کە یەکێك دەڵێت بزەی بزەی ناپەتێ. دوای ئەوەی گەورە بووم و لە ساڵی ١٩٥٥ بووم بە پزیشك ئەم روداوە پڕ ئازارەم هەر لە بیر مابوو کە منداڵیمی شێواند، ئەو کردارەی لە لاویم لە ژیانی هاوسەریمدا لە ژیانێکی سێکسی و دەرونی تەواو بێ بەشی کردم، مۆتەکەی لەم جۆرە هەمیشە لە خەونەکانمدا بوون، بەتایەتی کە من پزیشکێکی نوکار بووم و لە لادێ کارم دەکرد. بەتایبەتی کە ئەو کچە منداڵانەیان دەهێنا چارەکردنیان کە لەهۆی خەتەنەکردن توشی خوێنبەربوون دەبوون. بەهۆی ئەم داب و نەریتە خراپە زۆر لە منداڵە کچەکان توشی خوێنبەربوون دەبوون و هەتا رادەی ژیانیان لەدەست دەدا، یان توشی هەوکردنی توندوتیژ دەبوون بەهۆی پیسبوونی برینەکە، یان لە دواتر توشی گیروگرفتی دەرونی، یان سێکسی دەبوون.

بارودۆخی کارکردنم وایکرد بنۆڕمە هەندێ ئافرەتی سودانی. سەرم سوڕما، کە بینیم کچی سودانی توشی کرداری خەتەنەکردنێکی زۆر خراپتر دێ، لەوەی کە میسر روو دەدات. لە میسر تەنیا میتکە دەبڕن، بەلاّم لەسودان هەموو ئەندامە سێکسییەکانی کچ دەبڕن، میتکە و چوار لێەکانی ناوەوە دەبڕن، دواتر بڕینەکە دەدەورنەوە و زێ بە تەواوی دادەخەن و تەنیا کونێکی بچوك نەبێت بۆ ئەوەی خوێن بینینی مانگانەی پێدا بڕوات، لەکاتی مێردکردندا کچەکە بە موس، یان نەشتەر شوێنێك دەبڕێ بۆ ئەوەی ئەندامی مێردەکە بتوانێ بچێتە ناو زێ. بەلاّم ژنە سودانی تەلاّق دراو بۆی دادەخەنەوە بۆ ئەوەی کاری سێکسی پێ نەکرێت. ئەگەر هاتوو دیسان مێردی کردەوە دیسان بە موس، یان نەشتەر دەیکەنەوە. چەند هەستم بە توڕەیی دەکرد، کە ئەو ژنانەم دەپشکنی، یان گوێم لەو قسانە دەبوو، کە سەبارەت بە خەتەنەکردنی ئافرەتە سودانییەکان دەیانکرد، کە لە ساڵی ١٩٦٩ چووم بۆ سەردان و زانیم ئەم داب و نەریتە خراپە هێشتا لە شار و لادێکانی سوداندا پەیڕەو دەکرێت، یەکجار توڕە بووم لەگەڵ ئەوەی من پزیشك بووم و وەك ئافرەتێکی خوێندەوار سەیری خۆم دەکەم، بەلاّم لەو کاتەدا نەمدەزانی بۆ ئەو کارە خراپانە بە ئافرەت دەکەن زۆر جاران لە خۆم دەپرسی بۆ؟!! بەلاّم وەلاّمەکەیم نەدەزانی، کە منداڵێکی بچوك بووم زۆر جاران ئەو پرسیارەم لا دروست دەبوو، کە بۆ ئەو کارەیان بە من و خوشکەکانم کرد؟

بۆ برایەکەم لە من هەڵداوێرن لە خواردن و جل و بەرگ و دیاری جەژن و ئازادی چوونە دەرەوە لەماڵ؟ بۆ برایەکەم بە دەنگێکی بڵند پێدەکەنی، هەردوو لاقی بە ئازادی دەجوڵێنێ، رادەکا و یاری دەکات چۆنی بوێ وا دەکات، بەلاّم من کچم، کچیش پێویستە چاو لە چاوی خەڵك نەنێت، کە تەماشای کەسێك دەکا چاوی داگرێت، گەر پێبکەنێت بە دەنگێك پێبکەنێ کەس گوێی لێی نەبێت، یان تەنیا بزەی بێ، ئەگەر یاری بکات پێویستە هەردوو لاقی بە ئازادی نەجوڵێنێت، لەگو بە ئەدەبەوە بڕوات، کچ پێویستە ماڵ یاك بکاتەوە و لە چێشت لێنان یارمەتی دایکی بدات و ئەگەر لە قوتابخانەش دابوو بخوێنێت، بەلاّم کوڕ تەنیا خوێندەنەکەی، لەبەرئەوەی بنەماڵەکەم خوێندەوار بوون و کچەکانیان دەنارد بۆ دەبێ خوێندن، جیاوازی نێوان کچان و کوڕان وەك خانەوادەکانی دیکە ئەوەندە زۆر نەبوو، چەند بەزەییم دەهاتەوە بە کچەکانی خزممان، کە دەمبینی لە قوتابخانە دەیانهێنانە دەرەوە، دەیاندانە پیاوێکی پیر لەبەرەئوەی پارچە زەوییەکی هەیە، یان بەشی برا بچوکەکەی لێدەدرا، یان ریسوا دەکرا تەنیا لەبەرئەوەی گوێ بە قسەکانی نەداوە.

برایەکەم هەوڵی دەدا دەستەلاّتی خۆی بسەپێنێتە سەر من، بەلاّم باوکم پیاوێکی ئاسۆ فرەوان بوو، هەوڵی دەدا کوڕ و کچانی یەکسان بن، هەتا دایکیشم دەیگوت کچ و کوڕ یەکسانن، بەلاّم زۆر جار هەستم دەکرد ئەم یەکسانییە تەواو نییە. هەمیشە کە هەستم بەم جیاکارییە ئاشکرایە ەکرد دەوروژام، لە دایك و باوکم دەپرسی بۆ چ براکەم ئەو هەموو ئیمتیازاتانەی هەیە کە بە من نادرێت، لەگەڵ ئەووەی من لە قوتابخانە سەرکەوتوو بووم، دایکم و باوکم هیچ وەلاّمێکیان نەبوو بۆ پرسیارەکەم، جگە لە: ئاوهایە(٢) دیسان دەمپرسیەوە: لەبەرچی ئاوهایە؟ (ئەوهایە): لە شێوەزمانی میسریدا (کیدە) واتای (وایە) دەبەخشێت، شتەکە وایە، ناگۆڕێت. وەلاّمم دەدەنەوە: ئاوهایە، (شتەکە وایە).

مکوڕ دەبم لەسەر پرسیارەکەم و جارێکی دیکەش دەپرسمەوە: بۆ ئاوهایە (شتەکە بۆ وایە)، کە دایك و باوکم لە پرسیارە چەند کراوەکەم تەنگەتاو دەبن دەڵێن: ئەو کوڕە و تۆ کچ!!

وەك ئەوەی لەو باوەڕەدا بوو ئەم وەلاّمە بەس بێت بۆ بێدەنگ کردنم، بۆ قەناعەت پێهێنانم. بەلاّم بە پێچەوانەوە، پرسیارەکانم توندتر دەبوون دەمگوت: چ جیاوازییەك لە نێوان کوڕو کچ هەیە (شتەکە بۆ وایە). ئا لێرەدا گەر داپیرە پیرەکەم هاتبێت بۆ سەردانمان خۆی تێکەڵی ئەو گفتوگۆیە دەکات، کە هەمیشە دەمکوتی دەکردم و دەیگوت: "لە ژیانمدا کچی وەك تۆ

زمان درێژم نەبینیوە، بەڵێ تۆ وەك براكەت نیت. برات كوڕە، خۆزیا تۆش وەك ئەو كوڕ بوای".

كەس لەماڵەوە نەیتوانی وەڵامێكی دڵنیاكەرەوەم بداتەوە. پرسیارەكە لەسەرمدا بێ وەڵام مایەوە، ناوە ناوە سەری هەڵدەداوە، هەرچەندە چاوم بە شتێكی نوێ كەوتبا كەوا دووپاتی ئەوەی كردبایەوە، لە هەموو شوێنێك كە بۆی دەچم باشتر هەڵسوكەوت لەگەڵ نێرینە دەكەن، وەك ئەوەی بە رەگەز بالاتر بێت لە رەگەزی مێینە.

كە چوومە قوتابخانە بینیم ناوی باوكم لەسەر كتێب و دەفتەرەكانمم دەنوسین ناوی دایكم نانوسین. لە بارەی هۆی ئەو شتە لە دایكم پرسی و گوتی: هەر وایە. بەڵام باوكم گوتی: منداڵان تەنیا دەدرێنە پاڵ باوك، كە لێم پرسی بۆ، گوتی: هەروایە. توانیم جارێكی دیكەش لێی بپرسمەوە: بۆ هەروا؟ لەڕوی باوكم تێگەیشتم وەڵامەكەی نازانێت. جارێكی دیكە لە باوكم نەپرسییەوە، تا گەنگەشەیەكمان لە نێواندا دروست بوو، لە جۆرێكی دیكە دوای ئەوەی چەندان زانیاری نوێم كەوتە سەرەوە.

٢- خواوەندی مێینە و زانیاری:

"ماڤی خەڵکە لە خوداوەند داوای چاکە و خواردەمەنی و ئاسایش و پەنادان بکەن، فەیلەسوف و زانا و هونەرمەندەکان داوای زانین دەکەن، یەکەمی ئەو زانینانەش زانینی راستەڤینەی خوداوەندەکان خۆیانە، جیاوازی لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤێکی دیکە زانینە، بەڵکو جیاوازی نێوان خوداوەندێك و خوداوەندێکی دیکەش زانینە" وابزانم ئەم دەستەواژەیەم لە منداڵیدا لە کتێبێکی کۆن خوێندۆتەوە، دەشێ لە وشەکانی فەیلەسوفی یۆنانی پلوتارخوس (plutarchos) لە کتێبێکدا سەبارەت بە خوداوەندەکانی میسری ئیزیس. هەرچەندە ساڵانێکی زۆرە، بەڵام ئەم دەستەواژەیەم هەر لە بیرەن ئەوەشم لە بیرە "هۆمیرۆس" گوتی: خوداوەند زیوس باشتر بوو لە خوداچە ئوزوریس لەبەرئەوەی لە زانیندا لەو مەزنتر بوو، بەڵام خوداچە ژن ئەزیس لە هەموو خوداوەندەکان پڕ زاینینتر لە زانیندا بوو، بەڵکو ناوەکەی (ئیزیس) لەڕووی زمانەوە واتە زانین و پەند، (پەرستگای ئیزیس) واتای پێزانینی راستی دەگەیەنێت کە پێی دەڵێن: "ئیزیون" بە واتای ئەوەی ئێمە گەر چووینە (بیتخانە)(٣)ی خوداوەندان، یان خانەی ئیزیس لەڕاستی دەگەین.

هەموو ئەوانەی سەبارەت بە خوداچە (ئیزیس)یان نووسیوە، پەرستگاری راستەڤینە ئەو کاهینە زینیە کە جلوبەرگی پیرۆز لەبەر دەکات و ردێنی بەسەر چەناگەیەوە شۆڕ بۆتەوە، بەڵام ئەوە کە بە دوای راستەڤینە و زانیندا دەگەڕێین بێ ماندووبوون، یان وەڕز بوون، ئەوەی چیرۆکی ئیزیس و ئوزوریس بخوێنێتەوە، دەزانێت ئیزیش هەمیشە کار و کردەوە و ئەفراندنی دەکرد، بەڵکو ئەوەی کە پیاوانی وەك (توفون) وێرانیان دەکرد، ئەو چاکی دەکردەوە، "توفون" سمبولی هەموو شتێکی بێ سود و بێ هۆش و ناڕێك بوو. هەموو ئەوەی رێکوپێك و سودبەخش بووکاری ئیزیس بوو، ئەم کارەی شێوەی (ئوزوریس)ی وەردەگرت، ئۆزوریس تەنیا وێنە، یان ئەو شێوەیە بوو کە کاری ئیزیسی بەرجەستە دەکرد، ئیزیس بەهۆش و زانین بەسەر فرەزان توفوندا زاڵ بوو، ئەوەی جەستەی ئوزوریسی پارچە پارچە کرد و ماسی نیل ئەندامی نێرینەی خوارد، بەڵام ئیزیس توانی ئەندامانی ئوزوریس کۆکاتەوە و دووبارە دروستی بکاتەوە، بەڵکو ئەندامی نێرینەی دووبارە بئەفرێنێتەوە، ئەندامێکی دیکەی نێرینەی لە شوێن ئەندامە لە دەستدراوەکە دابنێتەوە.

ئەفسانەی "ئیزیس" بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئافرەتی کۆن کارا و ئەفرێنەر بووە، بەڵام پیاو بەکار بوو، یان ئەوە بوو کە لە کاری ئافرەت و جوڵە خێراکەی پەیدا دەبێت. وتەی "ئیزیس" لەڕووی زمانەوە واتە هۆنی و زانین و جوڵەی خێرا، بەڵام ئوزوریس تەنیا واتای (پۆپارێز)، یان شتی پیرۆز دەبەخشێت. ئیزیس ئوزوریسی ئەفراند، تەنیا بەرهەمێکی ئەو بوو. لەبەرئەوەی (هورسی)ی کوڕیشی دروستکرد، کە پەیدای کرد، یان بووی، بەڵکو (زیویوس) گەروە خوداوەندی کە پیاوان لە بارەیەوە دەڵێن (ئیزیس)، یان (ئەسینا) لەسەری ئەو بووە، یودکسوس دەڵێت، میسرییە کۆنەکان "زیوس"یان وا وێنە کردووە کەوا توانای رۆیین و جوڵەی نەبووە، لەبەرئەوەی هەردوو لاقی بەیەکەوە نوسابوون. بەهۆی پەککەوتەیی لە جوڵە و بەهۆی شەرمەزاری لە شێوەی هەردوو لاقە بەیەکەوە نووساوەکەی. لە گۆشەگیرییەکی توندا مابۆوە، بەڵام "ئیزیس" هەردوو لاقی لەیەك کردنەوە، بەهۆی ئەوەوە توانی بڕوا و بجوڵێت(٤) واتای ئاشکرای ئەم ئەفسانەیە، کەوا ئیزیس بوو ژیان و جوڵە و زانینی بە زیوس و ئوزوریس و هورس بەخشی. بەڵام ئەو پیاوانەی ئەم ئەفسانەیان راڤەکردووە، بەم راستییەیان نەزانی بوو، یان پێیان زانی بوو، بەڵام لێیان لادا و بەگۆڕیان شێوەیەك دواناوەندی پیاو ببێتە بنج و ئەو ببێتە ئەفرێنەر، ئافرەت ببێتە یەکێك لە ئەفرێنەرەکانی، لەسەری خۆی دەبێت وەك لە زیوس گێڕدراوەتەوە، یان لە پەراسوی دەبێت وەك لە ئادەم گێڕدراوەتەوە.

ئەفسانەی ئادەم و حەوا زۆر لە ئەفسانەی ئیزیس و زیوس جیاواز نییە. تەنیا ئەوەندە نەبێت ئەفسانەی ئادەم و حەوا لە کتێبە پیرۆزە ئامانییەکاندا هاتووە، بەوەش پیرۆزییەکی وەرگرتووە، زۆر کەسان لەوە دوور دەکاتەوە کەوا گفتوگۆیەکی هۆشەکییانەی بابەتاییانەی لەەسر بکەن.

توانای زانین و جوڵە و ئەفراندن لە حەوا ستێندراوە، لەگەڵ ئەوەی گەر کەسێك دووبارە لە تەوراتدا ئەفسانەکە لە بنجی بەراییدا بخوێنێتەوە، بە ئاشکرایی دیارە کەوا چۆن حەوا خاوەن زانین و هۆش و زیرەکی بوو و ئادەم تەنیا ئامرازێکی هێنانەدی ئەم زانیارییە بوو و بەرجەستەکردنی ئەم ئەفراندنە بوو. ئەفسانە کە وەك لە تەوراتدا هاتووە، دەڵێت ئادەم گوێڕایەڵی حەوا بوو لە داری زانینی خوارد، کە حەوا لێی خوارد، بەوەش زانینی حەوا و ئادەم دەستیان لەوە تێپەڕابێت، دوای داری زانین بگەنە داری ژیان و تا هەتایە وەك خوداوەندەکان بژین. پەروەردگار لەوە ترسا، حەوا و ئادەم لەسەر خوداوەندی هاوچاوی

لەگەڵ بکەن، لەبەرئەوە لە بەهەشت وەدەری نان بۆ سەر زەوی کە تیایدا دەژین و دەمرن، وەك مرۆڤ نەك وەك خوداوەند "پەروەردگاری خوداوەندی گوتی: ئەوەتا مرۆڤ بوەتە یەکێك لە ئێمە چاك و خراپە دەزانێت. دەشێ ئێستا دەستی درێژ بکات و لە داری ژیانیش ببات و بخوات و تا هەتایە بژێت، مرۆڤ دەکرا و لە رۆژهەڵاتی بەهەشتی عەدەنی کرۆبیم نیشتەجێ بوو، گڕی شیرێك هەڵگێر و وەرگێڕ دەکات بۆ پارێزگاری رێگای داری ژین)(٥). هەرچەندە رۆڵی ئافرەتی کۆن، یان خوداوەندە کۆنەکانی لەڕووی زانین و هۆش و ئەفراندن روون و ئاشکرایە، بەڵام ئەم ئەفسانانە بە پێچەوانە راڤە کراون، پیاو بوو خوداوەند، ئەوەیش بووە ئەفرێنەر، هەر ئەویش ئافرەتی بووە نەك ئافرەت ئەوی بووبێت. پیاوی نێر تەخت و هێز و رەسەنایەتی داگیر کرد و تاوانی بێهێزی و نەرێنی و پاشکۆیی دایە پاڵ ئافرەت.

کەچی ئافرەت پاشکۆی پیاو نەبوو، بەڵکو ئادەم پاشکۆی حەوا بوو. ئیزیس زۆر بەهێزبر بوو لە بەهێزترین و سەرەڕۆترین پیاو، کە "توفون"ە. "توفون"ی فرەزانی سیاسی خراپەکار بەسەر برایەکەی ئوزوریسی باش و خێرخواز و ئاشتی خوازدا سەرکەوت.

بەڵام "ئیزیس" بەسەر "توفون" سەرکەوت و بەهەمان چەکی خۆی لەگەڵی جەنگا، ئەویش لە رێگەی ئەوەی کە شەیتانی کرِی و بە سامانەکەی فریویدا. ئافرەت لە پیاو زانا و بە تواناتر بوو. ئافرەت بە هۆش و زیرەکییەکەی لە شەیتان بەهێزتر بوو، هەمیشە بە پەند و زانین یارییەکەی بەسەر هەموو شەیتان و خوداوەندەکاندا زاڵ دەبوو. حەوا بەسەر خوداوەندا زاڵ بوو، وایکرد ئادەم گوێڕایەڵی بێت و ئەویش گوێڕایەڵی خوداوەند نەبێت.

پیاو هەمیشە لەدوای ئافرەتدا دەڕۆیشت، هۆش و زیرەکی و پەندیاری ئەو رێپیشاندەری بوون. پیاو هەمیشە لە دوو ئافرەت دەڕۆیی، سودی لە هۆش و زیرەکی و پەندیاری ئەو دەبینی. دەشێ بەشی ئەو جوڵە و ژین و زانین بێت وەك زیوس و ئوزوریس و ئادەم، دەشێ بەشی ئەو تێچوون بێت وەك توفون و ئەهریمەنانی دیکە.

بەڵام پیاو هیچ بابەتیانە نەبووە لە راڤەکردنی ئەم ئەفسانە کۆنانەی، کە هێمان بۆ شوێنان و پێگەی بەرزی ئافرەت، لەسەردەمانی پێش مێژوو و پێش ئایینە ئاسمانییەکان، هەیە دەڵێت پیاو توانی بە زەبری چەك لەگەڵ ئافرەت بجەنگێت و ملکەچی بکات و پێگە خوداوەندییەکەی لێ بستێنێتەوە، هەروەها هۆش و توانستی ئەفراندنی لێ بستێنێت و بیداتە پاڵ خۆی.

**له ئەفسانەی ئیزیسدا دەگێڕنەوە کوڕەکەی (هورس) سەربڕی، یان تاجی پاشایەتی، یان خودایەتی لەسەر سەری فڕێدا، لەبەرئەوەی "توفون"ی بەڕەلاّ کرد و لێی خۆش بوو، دوای ئەوەی بە کۆت و زنجیرەوە هاتە لای.**

**تەوراتیش سەری ئافرەتی پەیداوە. کردیە جەستەیەکی بێ سەر، کە مێردەکەی سەریەتی. دوابەدوای ئەوەیش ئەو وشانە دێن کەوا دەڵێت ئافرەت بێ هۆشە، یان کەم هۆشە کەچی لە بنچەدا ئەو خاوەن هۆش و زانین بوو، پیاو تەنیا بێکار و ملکەچی ئەوەی بوو کە ئافرەت دەیگوت. بەلاّم مێژوو چەند گۆڕا، پیاو چەند توانی ئەم ئەفسانەیە وا راڤە بکات، رێك بێت لەگەڵ بەرژەوەندییە باوکسالارییە چینایەتییەکەی بە بالأدەستی لە خێزانی باوکسالاری و کۆمەڵگەی کۆیلایەتی. کەس نەیتوانی وەلاّمی پرسیارەکەم بداتەوە: خوداچەکان بۆچی لە مێژووی مرۆڤدا ونبوون. تەنیا خوداوەندی نێر لە ئایینە ئاسمانییە نوێیەکان مایەوە؟**

**لەمنداڵی و هەراشیدا بۆ چەندان ساڵ، بیرم لە راستینەی خودا دەکردەوە. لە هەندێك لەوانەی دەوروبەرم گوێبیست دەبووم، کە بیر لەم خوداکردنەوە شتێکی خراپە، یان بەلای کەم پەسند نییەن کەس هانی ئەو کارە نادات، بەلاّم من هێشتا دەستەواژەی "پلوتارخوس" (platarchos)م لە یاد بوو کە دەڵێت: "مافی مرۆڤە داوای زانین بکات، لە بەرایی ئەو زانینانەش زانینی راستەقینەی خوداوەندەکانە".**

**هەمیشە ئەوەم دەخوێندەوە، پیرۆزترین شت کە مرۆڤ هەیەتی توانای بیرکردنەوەیە. کە توانای پێشێلکردنی پیرۆزییەکانیان دەدایە پاڵ من، کە بیرم لە راستەقینەی خودا دەکردەوە. پێم دەگوتن هیچ شتێك لەوەی مرۆڤ هەیەتی پیرۆزتر نییە، ئەویش توانستی بیرکردنەوە و زانینە، لە بەرایی ئەم زانینەش زانینی راستەقینەی خودایە، لە ئەفسانە کۆنەکانی میسر و یۆنان خوێندبوومەوە کەوا گوتویانە:**

**تیمسا ح وێنەی خودایە(٦) لەبەرئەوەی تاکە ئاژەڵە زمانی نییە و لەبەرئەوەی هۆشی خودایی (یان وشەی خودایی) پێویستی بە دەنگ نییە. هەروەها گوتیان زیوس "کەڕ" بوو واتە بێ گوێ بوو، لەبەرئەوەی بۆ گەورەی هەموو شتێك و پەروەردەگاری هەموویان گوێ بداتە کەس. هەروەها گوتیان هەردوو لاقی بەیەکەوە نوسا بوون و نەیدەتوانی بڕوات و وەك تیمساح دەخشێ و (ئیزیس) هەردوو لاقی لەیەك کردنەوە.**

لەم خوێندنەوانەدا دەمبینی زۆر پیاو ئەو مافەی بەخۆی دەدا بیر لە راستەقینەی خودا بکەنەوە، کەواتە بۆ ئەو مافە بە خۆم نەدەم ئایا من مرۆڤ نیم، ئایا پیرۆزترین شت کە مرۆڤ هەیبێت توانای بیرکردنەوە نییە؟!

٣- ئافرەت پێش ئەوەی لە ئادەم ببێت:

هێشتا ئەو گفتوگۆیە کۆنەم لە بیر ماوە، کە لەگەڵ باوکم کردم سەبارەت بە راستەقینەی خودا، هەروەها ئەوەشم لەیادە مامۆستای ئایین سزای دام کە بەرهەڵستیم کرد، کە گوتی خودا نێرە مێ نییە. هێشتا ئەو هەوڵە بێ ئاگایانەم لە یادە کە دەمبەخشی بۆ زانینی ئەوەی، بۆ چ گوناه و خراپە دراوەتە پاڵ حەوان لەگەڵ ئەوەی خاوەنی زانین بوو و ئەو ئادەمی گەیاندە داری زانین. گەر زانینی حەوا نەبوایە و ئادەمی رازی نەکردبایە، ئێمە نەدەبووین و مرۆڤایەتی نەدەبوو. بێگومان چیرۆکی ئادەم و حەوا بەو هەموو هێمایانەی تێدایە و راڤەی جیاجیا هەڵدەگرێت، قۆناغێك لە قۆناغەکانی گۆڕانی مرۆڤایەتی وێنە دەکات.

سەبارەت بە بە دەستخستنی زانین کە مرۆڤ بەرە بەرە دەستی کەوت، پەیوەستبوونی ئەم زانینە بەسێکس و پیاوەکان (گەر لەو روانینە باوکانە نێرینەییە زاڵە رزگاربوونایە) بەوەیان زانیبا، کە ئادەم زانینی چاکە و خراپەی دەردەست کرد کە لە دارەکەی خوارد "داکەوتن" نەبوو، بەڵکو بەرزبوونەوە بوو بە هۆش و بە زانین بۆ سەروی ئاستی ئاژەڵان، حەوا هۆی "کەوتن" نەبوو، بەڵکو هۆی "بالاچوون" بوو، (سێکس) هۆی مردن چاوێکی دیکە بڕوانینە ئافرەت و سێکس، بەوەش پلە و پایەی ئافرەت بەرز دەبێتەوە و سێکس رزگار دەبێت لە هزری تاوان و بارکردن و هەڵە و گوناهی کە پێوەی لکێنراوە.

بەڵام پیاوان نکوڵیان لەم مێژووە کردووە، زۆر راستییان سەبارەت بە ئافرەت شاردۆتەوە. بارێکی نزمتریان سەپاندۆتە سەر ئافرەت، ئەم سەپاندنەیان بە پیرۆز داناوە، بە ئایینیان داناوە، کەس مافی گەنگەشە لە سەرکردنی نییە و کردوویانەتە یاسایەك، هەر کەسێك هەوڵ بدات بابەتییانە بیری لێبکاتەوە ئەوە بە کوشتن، یان بەگرتن سزا دەدرێت.

هەرچەندە زانست و بابەتی و بێلایەنەن ئەگەر بە ئایین بەراوارد بکرێت، بەڵام هەتا ئەمڕۆکەشی لەگەڵدا بێت زۆر لە پیاوان نکوڵی لە زانست دەکەن و زانست و ئایین لەیەك جیا دەکەنەوە، دەبینین هەندێ پیاو هەیە باوەڕیان وایە تیۆری داروین راستە سەبارەت بە گۆڕانی زیندەوەران، کە دەڵێت مرۆڤ لە مێینە مەیمونێك لەدایك بوو، لەهەمان کات باوەڕی بەوە هەیە، کەوا حەوا لە یەکێك لە پەراسووەکانی ئادەم بووە. واتە ئادەم حەوای بووە.

ئێستاش خەڵکێکی زۆر هەن لە کۆمەڵگەی عەرەبیمان لەو باوەڕەدان، حەوا یەکەم ئافرەتە لەسەر رووی زەوی پەیدا بووە. ئەوانە ئەو راستییە لەبیر دەکەن، کە ئافرەت پێش دەرکەوتنی هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکان بە نزیکەی ملیۆنێك ساڵ لەسەر زەوی هەبووە، یەکەم جار کە حەوا دەرکەوت، نزیکەی چوار هەزار ساڵە، واتە تەنیا بە دەردەوتنی ئەوان، بەلاّم ئەوان چەند مێژوو لە بیر دەکەن، یان بەلای کەم هەوڵ نادەن بیخوێننەوە و بەدوای رابردوو و راستەقینەی بنچینەیان و رەسەنیان بگەڕێن.

مێژووی یەکەم مرۆڤی کە لە ماوەی ملیۆهان ساڵ لە تیرەکی دیاریکراوی مەیمونان پەرەی سەندووە، زۆر راستی گرنگی روونکردۆتەوە، سەبارەت بەوەی کەوا مرۆڤ نێر و مێ هەردوو یان لە ململانێدا بووە، لەگەڵ سروشت و ژینگەی ناجێگیر بە ئامانجی ژیان و بەردەوام بوون. ئافرەتیش وەك نێر لە ململانێدا بووە بۆ مانەوە، هەردووکیان بەیەکەوە لەتەك یەك دژی کارەساتە سروشتییەکان و دژی دڕندەیی شێرەکانی دارستان و پڵنگەکانی ململانێیان کردووە، تەنیا ئەو چەکەیان لە پێشدا بووە، بەرامبەر هەموو ئەم هێزانەی لە دان بەهێزتر تەنیا گۆڕان و پەرەدان بە هۆش و زیرەکیان نەبێ، بە شێوەیەك بە هۆش و زیرەکی بەسەر بەهێزترین دڕندەی دارستان لەڕووی جەستەوە سەرکەون و بەسەر وێرانکەرترین کارەساتی سروشتی سەرکەون. دوای ئەوەی پیاو و ئافرەتی سەرەتایی توانیان بەسەر ئەو مەترسییەدا زاڵ بن، کە هەڕەشەی لە بوونی ئەوان دەکرد لەسەر زەوی. دوای ئەوەی هۆشیان زیاتر و زیاتر پەرەی سەند بۆ تێرکردنی پێداویستییە روو لە زێدەبوونەکەیان، بۆ گۆڕان و ئاسایش و نەوە زیاتر و زیاتر جێگیر بوون، هاوکاریان بەردەوام بوو بۆ پاراستنی ژیانیان و بەردەوامی جۆر، واتە مرۆڤایەتی.

هاوکارییان یەکسان بوو، بەڵکو ئافرەت پێگەی گەورەتری هەبوو، لەبەرئەوەی هاوکاری لە بەردەوامی مرۆڤایەتی گەورەتر بوو، چونکە ئەو بوو منداڵی دەبوو. پیاوی سەرەتایی نهێنییەکانی سکپڕی و منداڵبوونی نەدەزانی، وای بۆچوو بوو کەوا توانستی ئافرەت لە منداڵبوون توانستی ئەفراندنی ژیانە، وایدەزانی ئافرەت ئافرەرێنەری ژیانە، لەبەرئەوە دەیپەرست وەك خوداوەندی ژیان و تەن و ئەندامی سێکسی بە شکۆداری رادەگرت.

مرۆڤ پێش دەرکەوتنی ئایینە ئاسمانییەکان بە ملۆنان ساڵ لەسەر زەوی دەرکەوتووە، ئەم ئایینانە بەلایەنی زۆری تەنیا چوار هەزار ساڵە دەرکەوتوون، کە تەمەنیان بەگوێرەی تەمەنی مرۆڤ ناکاتە هیچ.

کەللە سەری مرۆیی دۆزراوەتەوە تەمەنی لە ٢٠ ملیۆن ساڵ زیاترە، هەندێ زانا هەن دەڵێن: بەڵگە هەیە دەسەلمێنێت کە تەمەنی مرۆڤایەتی دەشێ بگاتە ١٢٠ ملیۆن ساڵ.

سەچاوە مێژووییەکان دەڵێن:کۆنترین پەیکەرەکان لەوێنەی ئافرەتی سەرەتاییدا بوونە، زیاتر لە پیاو. هەندێ وێنە هەن لە ئەشکەگوتی "لاسیل" لە فەرەنسا دۆزراونەتەوە، ئافرەت وا پێشان دەدات پاڵیداوەتەوە و بە مەزنی و فیزیوە وەك خوداوەندەکان و پیاو لەبەر دەست چۆکی داداوە و هەردوو دەستی بۆی درێژ کردووە. لە هەندێ ئەشکەوتدا لە ئیسپانیا نەخشی هەندێ ئافرەتی تەواو دۆزراونەتەوە، بەڵام پیاو لە شێوەی ئەندامی زاوزێ دروست کراون. ئەم جۆرە نەخشانە لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان، چین، هیند، دۆزراونەتەوە. هەمووما‌ن دەزانین شارستانیەتی میسری کۆنمان دەگەرێتەوە بۆ، پێنج هەزار ساڵ و پێش دەرکەوتنی ئایینە ئاسمانییەکان. ئەم شارستانییەتەی لە شوێنەواری میسرییە کۆنەکان تا ئەمرۆش هەن و لە نوسینەکانیان لەسەر کاغەزی زەل (البردی)و لە پەیکەر و نەخشەکانیان، کە تا ئەمڕۆ ماوەتەوە.

ئەخناتونی میسری (١٣٧٢پ.ز) یەکەم کەس بوو، شەریعەتی یەکتاپەرستی دەستپێکرد و یەك پەرستیشی بۆ خۆی هەڵبژارد، کە خوداوەند (رع حاراختی)بوو، کە لە ئاسۆدا خۆی لە "شو" روناکی دەردەخات و لە خڕۆکەی خۆردایە(٧) موسای کوڕی یەهود، هزرەکانی ئەخناتون زۆر کاری تێدا کرد و زۆری لەوە راگواست کە سەلماوە، لەو نوسینانەی ئەخناتوون و هەندێ لە ئایەتەکانی تەورات (پەیمانی کۆن) هاوچۆنی هەیە.

مەسیحییەتیش لە یەهودییەتی راگواست، ئیسلامیش لە هەردوو ریانی بەیەکەوە راگواست بە رەگوتی گۆڕانی کۆمەڵگە.

خوداوەندەکان لە لای میسرییە کۆنەکان تەنیا نێرینە نەبوون، بەڵکو خوداوەندی نێر و مێ بوون. لەم ماوانەدا میس سەردانێکی بەخۆیەوە بینی کەوا ئافرەتی میسری لە جیهان و لە ئایین بەیەکەوە پێگەیەکی بەرزی هەیە.

لێرەدا جێی ئەوە نییە بە وردی لە مێژووی ئافرەتی کۆن، یان خوداچەکان بکۆڵینەوە، لەبەرئەوەی مەبەستمانە لە ژیانی ئێستا گرنگی بە ئافرەت بدەین لە سێبەری ئایینی ئیسلامی و لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا، بەڵام ناکرێ باسی ئێستا بکەین بەبێ ئەوەی هەندێ تیشك بخەینە سەر رابردوو.

ناتوانین هۆیەکانی راستەقینەی نزمبوونەوەی شوێن و پێگەی ئافرەت لە ئایینە ئاسمانییەکان بزانین، بەبێ ئەوەی بزانین باری لە کۆمەڵگەدا چۆن بوو پێشی ئەم ئایینە. شتێکی هەڵێەیە لە ئایینی ئیسلامی باسی ئافرەت بکەین، بە جیا لە ئایینەکانی دیکەی ئاسمانی واتە یەهودیات و مەسیحایەتی، لەبەرئەوەی ئیسلام لەوانی وەرگرتووە و زۆر کاریگەری لەسەریدا هەبووە.

هەروەها ناتوانین بەجیا باسی ئافرەت بکەین لە ئایینە ئاسمانییەکان، لە ئایینە نائاسمانییەکان پێشووی ئەوان، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی مرۆیی لە چەندان ئەڵقە و قۆناغی تێکبەشە پێکهاتووە، هەر قۆناغێکیش کار لە قۆناغی دوای خۆی دەکات، بۆ نموونە ناتوانین بزانین ئەو هۆیانە چی بوون وایکرد، ئەو بەها ئایینی و ئاکارییانەی سەپاونەتە سەر ئافرەت، جیاوازین لەو بەها ئایینی و ئاکاری سەپا و بەسەر پیاو لە قۆناغێکی مێژووی دیاریکراو، مەگەر بزانین بارودۆخی کۆمەلآیەتی و ئابووری لەو قۆناغە چی بوون و لەو قۆناغەکانی پێش خۆشی، یان ئایا بۆ چ ئایین هەڵسوکەوتی بەرامبەر بە ئافرەت جیایە لە پیاو. وشەی (ئایین) واتای سزا و گوێڕایەڵی و ملکەچکردن و زاڵبوون، ئاییندا واتە زاڵ و بالآدەست و دادوەر و فەرماندار و سزادەری کە کاری کەس نابوێرێت، بەڵکو سزای خراپە و پاداشتی چاکە دەداتەوە. لە زمانە ئەوروپییەکاندا وشەکە لە لاتینی Religio وەرگیراوە.

ئەوەشیان لە Ligare واتە بەستن و گرێدان. لەوێشەوە وشەی Obligatio هاتووە، واتە پابەند بوون و ئایین. پوختەی ئاخاوتنەکە ئەوەیە زاراوەی ئایین (دین) Religion چی لە زمانی عەرەبی، یان ئەوروپی واتە لایەنی زمانییەوە کۆت و بەند و ملکەچکردن و مرۆڤ، هەست بە بوونی هێزێکی زاڵ و بالآدەست بەسەریەوە دەکات(٨).

بیرۆکەی ئایین (دین) لای مرۆڤ پێش ئەوەی ئایینە ئاسمانییەکان لە ئارادا بن پەیدابوو، مرۆڤی بەرایی هزرۆکەی بوونی خوداوەندی داهێنا، یان هێزە لێڵەکانی سەرووی توانا و وزەی مرۆڤ و کار لە ژیانی مرۆڤ دەکەن و دەبنە هۆی باش و چاکە، یان ران، یان کشتوکاڵ، یان دەبێتە هۆی رەشەبا و نەخۆشی و مردن. سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە خوداوەندە کۆنەکن مێینە بوون، لە مێژووی میسری فیرعەونی کۆن بەڵگە هەن ئاماژە بەبوونی خوداوەندی راستەقینە دەکەن، (ناسیت) "خودانی جەنگ و لافاو بوو"، (ئیزیس)و (سخمت)و (حتحور)و چەندانی دیکەش. بەرزبوونەوەی پایەی ئافرەت تارادەی دەستخستنی پایەی خوداوەندی، پەیوەستە بە بەرزبوونەوەی پێگەی لە کۆمەڵگەدا پێش پەیدابوونی خێزانی باوکسالاری و خاوەنایەتی تایبەتی و پەیدابوونی چینەکان. پێش ئەوەی منداڵ

بدرێته پاڵ باوك منداڵ دەدرایە پاڵ دایكیان، لەبەرئەوەی لەئەوەوە دەبوون، ئەم كۆمەڵگەیە بە كۆمەڵگەی دایكسالاری ناسراوە(٩).

شارستانی میسریی كۆن منداڵی شەرعی درانە پاڵ دایكی خۆی تێدا بووە، سیستەمی میراتگری لە هەندێ سەردەماندا لە ڕێگای مێینانەوە دەبوو(١٠). كوڕ میراتی نەدەگرت بەڵكو كچی گەورە میراتی دەگرت. مێژوونووسی گریكی (هیرۆدۆت) باسی ئەوە دەكات، كەوا گەلی (لیفین) كوڕیان دەدایە پاڵ دایكی، لە مێژوونووسی رۆمانی "تاسیت" هاتووە، هۆزەكانی جرسانی بایەخیان بە خوشك دەدا.

هەندێ هۆزی عەرەبی لە سەردەمی جاهیلیدا پێش ئیسلام منداڵیان دەدایە پاڵ دایكیان(١١) ئەمڕۆش هەندێ هۆز لە ئاسیا و ئەفریقیا هەن، منداڵەكانیان دەدەنە پاڵ دایكیان. ئاشكرایە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا شوێن و پێگەی بەرزی ئافرەت، لە كۆمەڵگە و ئاییندا پەیوەست بوو بە دانەپاڵی منداڵ بۆ دایكیان. ئافرەت لە كۆمەڵگە دایكسالارییەكاندا پێگەیەكی كۆمەڵایەتی بەرزی هەبوو، هەروەها پایەی خوداوەندی هەبوو، ئەم پایەیە خوداوەندە نێرەكان بۆ خۆیان گل نەدابووەوە، وەك دوای پەیدابوونی سیستەمی باوكسلاری و منداڵ دانە پاڵ باوك لە بری دایك پەیدا بوو. لە كۆمەڵگەی دایكسالاریدا ئافرەتان لە خوداوەندان بوون، پاشا پیاوەكان قوربانیان بۆ خوداوەندە ئافرەتەكان پێشكەش دەكرد. (فریزر) ئەوەی سەلماند كەوا پادشا (لەنیجیریا) تەنیا بۆ جوتبوون بوو لەگەڵ شاژن. لەبەرئەوەی دەبوایە شاژن سكپڕ بێت بۆ ئەوەی زەوی بەری خۆی بدات. دوای ئەوەی پاوان (كە بووبوون بە نوێنەری خوداوەندی مانگ لەسەر زەوی) كار و ئەركە زاوزێیەكەیان تەواو دەكرد، ئافرەتان دەیان كوشتن.

(حیسییەكان) خوێنی پادشا كوژراوەكەیان بەسەر كۆمەڵگەكەیاندا بڵاو دەكردەوە. جەستەكەشیان ئەجندەكانی هاودەمی شاژن دەیانخوارد، دوای ئەوەی دەمامكی سەرە سەگ و بەرازیان لەسەر دانا. لەگەڵ گۆڕان لە كۆمەڵگەی دایكسالاری بۆ كۆمەڵگەی باوكسالاری، پادشا دەسەڵاتی شاژنی داگیر كرد، جل و بەرگی ژنانەی دەبەر دەكرد مەمكی دەسكردی دەبەست بۆ ئەوەی رۆڵی شاژن ببینێت. جێگیری پادشا هەبوو لەبری ئەو دەكوژرا، دواتر لەبڕی جێگری پادشا ئاژەڵ سەردەبڕا.

سیستەمی یاسایی سەر بە رەچەڵەك، یان خێزان بە ئاوێنەی باری ئابوری هەر كۆمەڵگەیەك دادەنرێت. ژیانی ئابوری لە سەردەمان بەرایی مرۆڤایەتی پشتی بەستبوو بە رنینی بەروبووم و تۆوگرتنی، پیسپیسۆك و جورج و راوكردنی هەندێ ئاژەڵ. ئەم ژیانی ئابورییە پیاوان و

ئافرەتانی ناچار دەکرد، بەردەوام لە هاتوچۆ و گەڕاندا بن بە دوای بژێو و راو. کەس نەیدەتوانی شتێکی هەبێت، یان هەلگرێت لەگەڵ ئەم راگواستنە بەردەوامە. بەنەبوونی خاوەنایەتی تایبەتی کۆمەلگە دابەشی فەرماندار و بەر فەرمان نەبوون، بەڵکو هەموو پیاو و ئافرەتان یەکسان بوون وەك ئەندامی کۆمەڵ.

هەروەها شتێك نەبوو بە ناوی بنەمای دابەشکردنی کار لە نێوان پیاوان، یان ئافرەتان، یان تاك و تاکێکی دیکە، کۆمەلگەیەك بوو بێ چین، بێ سەردار و کۆیلە(١٢) بە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵەی بوشمن ئەوە رون بووەوە کەوا ئافرەت، لەگەڵ پیاو هابەش بوو لە هەلگرتنەوەی خۆراك و ئازادە لە پەیوەندی هاوسەری لەگەڵیدا، ئەو ئافرەتەی بیەوێت پەیوەندییەکی نوێ دروست بکات دەتوانێت واز لە پیاوی یەکەمی بێنێت و مێرد بە پیاوی دووەم بکا، لە کۆمەڵەکانی ئوسترالی پیاو و ئافرەت یەکسان بوون لەلایەنی ئابوری، هەردووکیان کار بۆ بژێو دەکەن، لەبەرئەوە هەندێ هۆز لەسەر سیستەمی دایکسالاری دەڕوات، منداڵ دەداتە پاڵ دایکی و پەیوەندی بە تیرەی دایکی دەکات(١٣). لە هۆزی دیری یەکسانی ئابوری لەنێوان ژن و پیاو بوو، بەهۆی یەکسانی لەڕوی سێکس و ئاکارییەوە، پیاو مافی ئەوەی هەبوو ژنێکی سەرەکی و چەند ژنی یەدەگی هەبێت، ئەم حاڵەتە ناونرا pirrauru(١٤) (لیتورنو) بۆ ئەوە دەچێت کەوا ئافرەت دۆزەرەوەی کشتوکاڵی بەرایی بێت. بەهۆی شارەزایی زۆری لە هەلگرتنەوەی بەر و رەگی رووەکان لە ماوەی هەلگرتنەوەی راودا. ئافرەت لە سەرەتادا خەریکی کشتوکاڵ بوو و لەوەتی بەرزی پلە و پایەی ئابوری پەیدابوو، کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی پێگەی کۆمەلایەتی ئافرەت و منداڵەکانی درانە پاڵ ئەو، لەبەرئەوە سیستەمی لەماوەی بەرایی پەیدابوونی کشتوکاڵ سیستەمی دایکسالاری زاڵبوو، لەو کۆمەلگە کشتوکاڵییەی سەرەتایی، ئافرەت هەستی بە گرنگی و مەزنی خۆی کرد لە ئابوری کۆمەلایەتیدا، بە یەکسانی لەگەڵ پیاو شوێنی خۆی هەبوو لە رێکخستنە سیاسیەکاندا، لە سیستەمی هاوسەری و خێزان لە پێشەوە بوو، تیرەکان دایکانە بوون، رەچەڵەك لە رێگای دایکەوە دەهات، لەنێوە خۆیاندا سیستەمی هاوسەری لە دەرەوە پەیڕاویان دەکرد Exogamy لەبەرئەوەی ئافرەت لە پێشەوە بوو لەڕووی ئابورییەوە، پیاو دەچێتە ماڵی خێزانەکەی و لە کێڵگەکەی کار دەکات و توخمێکی نوێ بوو، لە تەك هێزەکانی دیکەی کارگەر لە تیرەکە و پێداویستی بۆ دەستکار دەرکەوتنی سیستەمی بەناوکردن، لەنێوان ئەو هۆزانە دەردەخات، هەر تیرەیەك بۆی هەر کێ لە دیلەکانی جەنگ بە باوان بکات، تێکەڵ بەوان بێت بۆ ئەوەی لە کێڵگەکانیان کار بکات(١٥).

گرنگی ئابوری ئافرەت لەوە دەردەکەوێت، دەیتوانی بە ئارەزوی خۆی لە مێردەکەی جیا بێتەوە، پیاوەکەی لە ماڵ دەچووە دەرێ و دەگەڕاوە بۆ خزمەتەکان، کەچی منداڵەکان لەلای دایکیان دەمانەوە. ئافرەت یەکسان بوو لە سەرکردایەتی کردنی رێکخستنە سیاسییەکان و پێشەوایی کردنی رێورەسمە ئایینییەکان، رێورەسمە ئایینییەکان پیاو و ئافرەتی لە هیچ شتێك لەیەك جیا نەدەکردەوە(١٦).

بەلأم دوای ئەوەی بەهۆی کشتوکاڵ مرۆڤ لە زەویدا جێگیر بوو، هەستی بە مافی خۆی کرد لە مانەوە لەو زەویدا خۆی و منداڵەکانی لە دوای خۆی، بە رەگوتی کات هزری خاوەنداریەتی تایبەتی بۆ زەوی پەیدا بوو جێی خاوەنداریەتی بە کۆمەڵی تیرەی گرتەوە(١٧) لەگەڵ پەیدابوونی خاوەنێتی تایبەتی. تاکە کەسی پیاو رەچەڵەکی لە ئافرەت سەندەوە بۆ ئەوەی تەنیا منداڵەکانی خۆی پاشماك بگرن. لەوکاتەوە کۆمەڵگە دابەشی چینی کۆمەلأیەتی بوو بە پێی رادەی سامانی کە هەر کەسە هەیەتی.

زۆر تیۆری هەن سەبارەت بەو هۆیانەی وایان کرد پیاو بەسەر ئافرەتدا زاڵ بێت نەك پێچەوانە. یەکێك لەم تیۆریانە دەڵێت: ئافرەتی سەرەتایی خەریکی منداڵبوومن بوو، لەو ماوەیەی پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر نەداو زاوزێ هەبوو، بۆ قەرەبووکردنەوەی رێژەی زۆری مردووان و دابینکردنی ژمارەی زیاتری دەستکاری کشتوکاڵی تازە. بە زێدەبوونی خاوەنایەتی تاکە کەسی جیاکاری چینایەتی گەیشتە کۆمەڵگەی سەرداران و کۆیلەکا(١٨)، ئەوەشیان لە بەهای ئافرەتی کەمکردەوە لە کۆمەڵگە و خێزاندا و پیاو بەسەریدا زاڵ بوو، لە روی ئابوری و کۆمەلأیەتی و ئایینییەوە.

ئافرەت لە پێشەوایی کردنی رێورەسمی ئایینی پێگەی خۆی لە ئایین لە دەستدا. پیاو ئایینی گەزیا بۆ خۆی گلدایەوە، خوداوەندەکانی تەنیا نێر بوون، شوێنی ئافرەت لە ئاییندا شکا و باوك بوو بەسەری خێزان Pater familasو سەرۆکی ئایینی و سەرپەرشتکاری سروتە ئایینییەکانی. لە تەك خێزانی باوکسالاریدا "پێشینەپەرستی" سەپا، وەك پشتگیری لە پێگەی و پایەی باوك(١٩). باوك دوای مردنی بەرز بۆوە بۆ ئاستی خوداوەندەکان، کەچی ئافرەت بۆ ئاستی مەڕومالأت دابەزی، پیاو مافی ژیان و مردنی بەسەریەوە هەیە، ئەو منداڵەکانی لە ئاستی کۆیلە و موڵکەکانی و زەوییەکەیدایە.

٤- چەندان دورگەی دایکانە لە نێو زەریای باوکانەدا.

به لێکۆڵینەوە لە هەندێ هۆزی ئەفەریقی ئەوە رون دەبێتەوە، کە گواستنەوە لە سیستەمی دایکسالاری بۆ باوکسالاری بەرە بەرە و بە چەندان قۆناغی نارێکدا رۆیشتووە، وەك لە مێژووی میسردا رویداوە. هێشتا هۆزی "ئەشانتی" لە ساحیل عاج رونترین نموونەیە بۆ کۆمەڵگەی سەروەری دایك لە قۆناغی راگواستندا.

هۆزەکەی دابەشی سەر تیرەی تەوتەمی دەبن، لەسەر هاوسەرگرە لە دەرەوە پەیرە دەکەن و رەچەڵەك لە رێگای دایکەوە بێت.

ئافرەت شوێنێك بەرچاوی هەیە، دەسەڵاتی گەورە لە هۆزەکەدا بە دەست ئافرەتە (شاژنی دایك)، بەلاَم ئەم کۆمەڵگەیە بەرە بەرە لە گۆڕاندایە، لە کۆمەڵگەی خاوەن سەروەری ئافرەت بۆ کۆمەڵگەی خاوەن سەروەری پیاو، ئەوەشیان پەیوەستە بە خاوەنداریی پیاو بۆ زەوی و دەسەلاَت بوونی لەسەر منداڵەکانی و گۆرشانی سیستەمی هاوسەری و رەچەڵەك، بە شێوەیەك سەروەری بۆ پیاو دەبێت.

هەندێ هۆز هەن لە ئەفەریقا لەسەر سنوری نێوان هەردوو سیستەم دان، سیستەمی باوکسالاری و دایکسالاری، وەك هۆزی یاکو Yako لە خوارووی رۆژهەلاَتی نێجیریا، دووەم هۆزی نیارو Nyaro لە چیاکانی نویە لە بەرێوەبەرایەتی کردنان. لەم دوو هۆزەدا ئافرەت لەگەڵ پیاو بە یەکەوە کار دەکەن لە کێڵگە و هاوبەشی دەکن لە بەرهەمهێنانی خۆراك، لەبەرئەوە منداڵ دەدرێتە پاڵ رەچەڵەکی تیرەی دایك و تیرەی باوك بەیەکەوە(٢١) پیاو سەروەری و بالاَدەستی لە ئافرەت سەندەوە، ناچاری کرد دوای بوونە هاوسەر لە ماڵی ئەو دانیشێت، دەستی کرد بە ئامرازی بەرهەمهێنان کە زەوییە، ئەوەی سەپاند کە لە دوای ئەوەوە بۆ منداڵەکانی بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا منداڵانی خوشك شتە گوازراوەکان بە پاشماك دەگرن وەك وڵساح وەك تیرە ئەمەوییەکان، ئەم دوو هۆزە وەك کەڤرێکی بەرز دەمێننەوە لە روباری رۆژگاردا، لە پشت ئەم کەڤرانە شەپۆلەکانی سەروەری ئافرەت تێکشکان، لەوەوە فەرمانرەوایی پیاو دەستی پێکرد لە زەوی(٢٢).

لە خواروی هند هێشتا هەندێ ناوچە هەن پەیرەوی سیستەمی ئەمەوی دەکەن، لە ئوشتانی "کیرالا" کە تیایدا پێگەی ئافرەت بەرز دەبێتەوە و منداڵان دەدرێنە پاڵ ئەو.

هەروەها هەندێ هۆز هەن، دەشێ قۆناغی گواستنەوە لە سیستەمی دایکسالاری بۆ سیستەمی باوکسالاری بنوێنن و تیایدا دەردەکەوێت، چۆن پیاو دەست بەسەر خاوەندارییەتی

بەهەمهێنان دەگرێت و چۆن دەستەڵات بەسەر ئاییندا دەگرێت و خوداوەندەکان و سروتە ئاینییەکان بۆ خۆی گل دەداتەوە.

دوای ئەوەی ئافرەت هاوبەش بوو لە گێڕان و پێشەوایی کردنی سروتە ئایینییەکان، بینی بە هێورکەرەوە (سڕکەرەوە) و قەدەغە دەورەی داوە، نەك هەر تەنیا ڕێی دەگرێت لە پێشەوایی کردنی سروتە ئاینییەکان، بەلچکو ڕێیدەگرێت لە چوونە پەرستگاکاندا. بە لێکۆڵینەوە لە هەندێ لەم هۆزانە بینراوە، منداڵان دەدرێنە پاڵ دایك لەبەرئەوەی دایك مێرد بە زێتر لە پیاوێك دەکات و باوك لە زۆر حاڵەتاندا دیار نییە. هەرچەندە دایك خێزان بەخێو دەکات و کار دەکات و مێرد و منداڵەکانی بەخێو دەکات، بەڵام سەرۆکی هۆزەکان چەندان داب و نەریت و یاسای دیاریکراویان داناوە و دەڵێت گوایە، لەلایەن خوداوە شیفا هاتووە و دەڵێت پیاو فەرمانڕەوایە و بڕیار دەردەکات و بژێو بەسەر خەڵکدا دابەش دەکات(٢٣).

بەناوی ئەم یاسایانە پیاو دەستی بەسەر کرێی ئافرەتدا گرتووە و خۆی کردۆتە فەرمانداری خێزان، ئافرەتان تەنیا وەك کرێکاری لە ژێر دەسەڵاتی پیاو کار دەکەن.

بە ناوی ئەم دەسەڵاتەوە، هەندێ پیاو منداڵان دەدەنە پاڵ خۆیان بەك مێردی دەسەپێننە سەر ئافرەت بۆ ئەوەی باوکایەتی بناسرێت. ئەم هۆزانە قۆناغێکی ناوەندن (لەنێوان هەندێ لە پاشماوەکانی کۆمەڵگەی باوکسالاری)، لە "کیرالا"ی خوارووی هیند و لەنێوان کۆمەڵگەی باوکسالاری باو لەو ئاستانەکانی باکوری هیند. کە قۆناغی راگواستن، لە کۆمەڵگەی کۆن، کە تیایدا ئافرەت زاڵ بوو بەرەو کۆمەڵگەی نوێ کە پیاو تێیدا زاڵ بوو. دەرکەوت پیاو لە ڕێگای ئابوری نەبێت نەیتوانیوە سەروەری لە ئافرەت بستێنێت، هەروەها زاڵبوونیش بەسەر موڵکایەتی و بەرهەمهێنانی، هەروەها زاڵبوون بەسەر ئایین لە ڕێگای بانگەشەکردن بۆ یاسای خودایی، کە لەلایەن خوداوەندەکانەوە هاتووە و خوداوەندی و پەرستگاکان تەنیا بۆ پیاو گلداتەوە، ئافرەتیش بێبەش بکات لە چوونە پەسستگاکان.

وا دەرکەوتووە کە پیاوان ئەو کاتە لایەنی ئابوری و بەرهەمهێنان و خواداوەند و پەرستگاکانیان بۆ خۆیان گلدایەوەن کە هەستیان کرد ئافرەت لە ژیانی دنیادا بەهێزە. ئافرەت توانی ئەفراندنی ژیان و منداڵبوونی هەیە ئەوان ئەو توانایەیان نییە. وا دیارە ئافرەتی سەرەتایی لەپێناو بەهێزتر بوو لە زۆر لایەنی دیکەن جگە لە ئەفراندن و منداڵبوون، تێبینی ئەوەم کردووە ئافرەتە هیندییەکانی لەو هۆزانەدا زۆر لە پیاوان توندتر و

پتەوترن و دەستی ئافەرت توند و بە قەڵش و بەهێزە وەك دەستی جوتیاری میسری، دەستی پیاوم بینی نەرم و شلە.

٥- ئافرەتی میسری کۆن.

لە مێژووی کۆنی میسردا وا دەردەکەوێت کە قۆناغی راگواستن، لە کۆمەڵگەی دایکسالاری بۆ کۆمەڵگەی باوکسالاری بون و ئاشکرایە. لەبەرئەوەی شارستانییەتی میسری کۆن یەکەم شارستانییەتە کە ناسراوە و مێژوونووسان زۆریان لەبارەیەوە زانیوە. زانایانی مێژوو ئەوەیان دۆزیەوە کە ئافرەتی میسری کۆن، دوای ئەوەی لەسەر دیوارەکاندا بە قەوارەی مێردەکەی وێنەی دەکێشرا، ئەوەیان نیشانەی یەکسانی بوو لە پێگە و توانستدا، دواتر بە قەوارەیەکی بچوکتر لە مێردەکەی نیگاری دروست دەکرا، ئەوەشیان واتای وایە پایە و توانستی کەمتر بۆتەوە لە هاوسەرەکەی. ئەم نزمبوونەوەیە لە پێگەی ئافرەت، لەگەڵ دەسپێکردنی سەرەتایی خاوەندارییەتی زەوی و چاخی بنەماڵەی پێشوو هەتا بنەماڵەی دەیەم (٢٤٢٠ تا ٢١٢٠ پ.ز) دەستی پێکرد، لە چاخی دەوڵەتی ناوەند، لە بنەماڵەی دەیەم هەتا خێزانی سێزدەم باری نزمی پێگەکەی بەردەوام بوو هەتا چاخی هیکوس بەهۆی باوبوونی کۆیلایەتی و زۆرداری و دەرەبەگایەیت، تەنیا لە دەوڵەتی نوێدا کەمێك لە پلە و پایەکەی دەسکەتۆتەوە (١٥٨٠پ.ز) دوای شۆڕشی ئافرەتان و کۆیلەیەتی میسری کۆن دژی داگیرکەر و دەرەبەگایەتی(٢٤)، ئافرەتی کۆنی میسری زۆر پایەی بەرایی دەستکەوتەوە، لەو ماوەیەدا و زۆر شاژنی گەورەمان لە بنەمالچەی هەژدەم بەرچاو دەکەوت، وەك شاژن نەفر تیتی، شاژن (حتشبسوت)ی خاوەن کەسایەتی بەهێز کە فەرمانداری میسری کرد، بۆ بیست و دوو ساڵ لە (١٥٠٤ تا ١٤٨٣) پەیکەرەکانی لە شێوەی ئەبو هۆل دەرکەوت، کە سەرێکی مرۆڤ و جەستەی شێری هەیە وەك هێمایەك بۆ هێزی هۆش و جەستە بەیەکەوە.

چاخی حتشبسوت گەشەسەندن و ئاوەدانی تیدا بوو، لێهاتووی خۆی وەك فەرماندار و شاژن سەلماند، بەلاّم پاش ئەوەی مرد تحوتمی سێیەم هاتە جێی، فەرمانی دا پەیکەرەکانی بڕۆخێنن و نەخش و نیگارەکانی تێکبدەن.

پێگەی ئافرەتی کۆنی میسری لە دەوڵەتی کۆن پێش پادشایەتی و دەرەبەگایەتی بەدەردەکەوێت، ئافرەتی فرعەونی لە کارگەی رستن و چنین و مافور دروستکردن و بازرگانی لە بازاڕدا کاری دەکرد و لە کاروباری راودا هاوبەشی مێردەکەی بوو.

ئەفرەت هەتا هەردوو بنەماڵەی سێیەم و چوارەم (٢٧٨٠پ.ز) لەسەر گۆڕەکاندا بە قەوارەی مێردەکەی نیگاری دەکرا وەك بەڵگە بۆ یەکسانی لە شکۆداری و پایە و ماف و ئەرکەکان. پەیکەرێکی یادگاری تایبەت هەیە بە خاتوو "بیسشیت" لە چاخی دەوڵەتی کۆن، ئەوە دەردەخات کەوا بەڕیچوەبەری پزیشکان بوو، هاوسەرێك بەسەد قامچی سزا درا لەبەرئەوەی جوێنی بە ژنەکەی داوە ئەگەر هاتوو ئەو کارەش دووبارە بکاتەوە، بێبەش دەکرێت لەو داراییەی کە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەودا پەیدایان کردووە(٢٥). ئافرەتی کۆنی میسری رێژەیەکی گەورەی لە رۆشنبیری هەبوو، لە فەرمانبەرێك بەناوی (خنوم رِدی) دەگێڕنەوەن کەوا ئەمینداری کتێبخانەی خانێکی مەزن بوو بە ناوی (نفرۆکابیت) دەڵێت: ئەەم خانمە لە دندرِدا دامەزرا، بۆ سەرپەرشتی خەزنەکانی کتێبان کە تایبەت بوون بەدایکی. کە زانست و هونەری خۆش دەویست(٢٦).

ئافرەتی میسی کۆن وەرزش و مەلەوانی و کاری ئەکرۆباشی وەك پیاون دەکرد، ئافرەتان وەك پیاوان لە ئاهەنگەکاندا مەیان دەخواردەوە، بەڵکو زێدە لە ئاسایی مەیان دەخواردەوە و پێکیان لەگەڵ پیاوان لێکدەدا، یەکێکیان دەڵێت: هەژدە پیاڵەم مەیم بدەرێ دەمەوێ ئەوەندە بخۆمەوە تا مەست دەبم، ناخم وەك پووش وایە(٢٧).

هەندێ لە زانایانی شوێنەواری وەك (ئارمان)و (موریێ)و (برستد) لەو باوەڕەدان، کەوا منداڵ دەدرایە پاڵ دایکی. ئافرەت هەموو کارێکی دەکرد، پارێزکار و شاژن و کاهین و خوداوەند بوو. ئافرەتی کۆنی میسری رۆپۆشیان نەزانیوە و جیاکردنەوەی نێر و مێ لە ئارادا نەبوو، ژن و مێرد لەهەموو شتێکدا یەکسان بوون لە دەوڵەتی کۆن هەتا هەردوو بنەمالچەی سێیەم و چوارەم لە سەردەمی بنەماڵەی پێنجەمدا کە سیستەمی دەرەبەگایەتی زاڵ بوو لە فەمرانداریدا، پیاو سیستەمی باوکسالاری سەپاند بۆ ئەویە منداڵەکان پاشماك بگرن، لەگەڵ سیستەمی (رابواردن- اتسری)و منداڵی نارەوا پەیدا بوون و پایەی ئافرەت هاتە خوارەوە.

یەکەم شۆڕی سۆشیالیستی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دژی دەرەبەگ، لە ساڵی (٢٤٢٠پ.ز) روی دا لە سەردەمی بنەماڵەی حەوتەم، ئەو شۆڕشەی بە ناوی شۆرشی "منف" ناسرا دژی دەرەبەگایەتی و پادشاکان، پیاو و ئافرەتی میسری قەسری پادشاشیان سوتاند، دوای یەکسانی و دەرفەتیان دەکرد، ناوزڕاندنی پادشایەتی.

هەندێ مێژوونووسان دەڵێن: تەنگژەیەکەان وەك گۆڕانکاری بوو لەو دەستانەی سامانیان بە دەست بوو، هەندێکیان دەنووسن، ئەوانەی نەیاندەتوانی داوای دروستکردنی پێڵاوێك بۆ

خۆیان بکەن دەستیان بەسەر گەنجینەکاندا گرت(٢٨). دەرەبەگایەتی دیسان گەڕایەوە، گەلی میسری جاریچکی دیکە لە ساڵی (٢١٦٠پ.ز) دژی دەرەبەگ فرعەونییەکان شۆڕشی بەرپا کردەوە، بنەماڵەی دەیەم هاتە سەر فەرمانداری و رژێمی (رودو)و سیستەمی رابواردن نەما، دیاردەی منداڵە نارەواکان نەما، لەبەرەئەوەی منداڵەکان درانە پاڵ دایکیان، دواتر دیسان لەسەردەمی دووەمیدا لە (١٩٠٤پ.ز) دەرەبەگایەتی گەڕایەوە کە (رحورز)ی کاهینی هەرە مەزن دەسەلاّتی گرتە دەست و سیستەمی رابواردن گەڕایەوە، پیاو تەنیا خۆی مافی تەلاّقدان و بوونە کاهینی هەبوو. لە سەردەمی پادشا بوکخوریس لە بنەماڵەی ٢٤ دوای ئەوەی دەرەبەگایەتی نەما، لە ساڵی ٦٦٣پ.ز کوڕان لە دەستەلاّتی باوکیان رزگار بوون و ئافرەت دەستەلاّتی کەوتەوە دەست و هاوسەری لەدەسەلاّتی کاهینەکان رزگار بوو و پیرۆزییەکەی ئایین نەما. بەوەدا دەرکەوت کەوا لەگەڵ سیستەمی باوکسالاری باوك دەستەلاّتیچکی ئایینی وکە هەنگوتی دەبێت و یاسای ئایینی دەسەپێندرێتە سەر هاوسەرگری، لەگەڵ سیستەمی بەسەر ئافرەت لە روی ئایینی و کۆمەلاّیەتی و سێکسیەوە.

٦- لە دایکبوونی دوانەی ئاکاری:

خاوەن زەوی سەرەتایی پێویستی بە کۆیلە و بەکرێگیراو هەبوو بۆ ئەوەی لە زەویەکەیدا کار بکەن، ئەو زەوییەی بە زێدەبوونی موڵکایەتی و چاوچنۆکی و دەرەبەگایەتی هەر زێدەتر دەبوو.

ژیانی ئابوری نوێ کە چەندان بەهای کۆمەلاّیەتی و ئایینی لەسەر رۆنراوە بە ئامانجی پاراستنی، پێویستی بە نەوەیەکی زۆر هەبوو بۆ کشتوکاڵ و نوێژکردن بۆ مردووە پیاوەکان.

ئەوەشیان پێویستی بە فرەژنی هەبوو، کە دەبێتە هۆی زێدەبوونی سامانی پیاو، کە تیایدا ئافرەت هەموو کارە دەستییەکان بەبێکرێ دەکات لە کێڵگەدا و لە ماڵەوەدا بەکرێگیراوێکە بێکرێ، کار دەکات و مافی خوراوە، پێشی خۆشە بە کرێگیراوی دیکە بێن هاوبەشیان بکات لە کار و ماندووبوونی لەسەر کەمکەیتەوە.

فرەژنی ئارەزووە سێکسییەکانی پیاو تێر دەکات، پێویست بوو ئەم مافە لە رێگای ئایینەوە پشتگیری بکرێت، بۆ ئەوەی بە پیرۆزییەوە مەبەستەکاین سێکسی و ئابووری پیاو بەیەکەوە بەدی بێنێتە سەر ئافرەت و پێویستی بە پشتگیری ئەم سەپاندنە هەبوو لە رێگای ئایین بۆ ئەوەی پیرۆزی بە خاوەنەتی ژن بدات لە ئابووری و سێکسیانە.

لەبەرئەوەی سەپاندنی یەك پیاو بەسەرد ژندا پێداویستی سێکسیی تێر ناکات، سەرەڕای ئەوەی ئەو پیاوە تێنیا بۆ ئەو نەبوو، ژنانی دیکەش هاوبەشیان دەکرد. رادەی ئافرەت لە سێکسدا کەم بوو، تا رادەی بەشێك لە پیاوی پێدەبڕا. ئەوەشیان لەگەڵ ئارەزووی بەهێزی ئافرەتی سەرەتایی نەدەگونجا.

ئافرەت بەرهەڵستی ئەم کۆت و بەندەی کرد بۆ ئەوەی ژیانی ئاسایی خۆی بژێت، پیاو بەرهەڵستی ئافرەتی کرد بە یاسای زۆر توندتر، وەك کوشتن بە هۆی ناپاکی هاوسەری، یان گرتن، یان ئەزموونی ئاوی تاڵ، کە کاهینەکان دەیان سەپاندە سەر ئافرەتێ کە ناپاکی هاوسەری دراوەتە پاڵ، ئەگەر هاتوو لەکاتی خواردنی ئەم ژەهرە سگی ئەستوور نەبوو، بێگوناه دەدەچێت، ئەگەر سکی ئەستوور بوو گونهبارە و نەنگییە بۆ خزم و کەسانی، لەوانەش ئەزموونی داوێن پاکی و پەردەی کچیچنی لە هەمووان کەمترین "ئیرەیی" بوو، ئەو سۆزەی پیاوی نوێ بەرگی شکۆمەندی و خۆشەویستی دەبەر کردن ئەدیبان لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا پێیان هەڵگوت، ئیرەیی بەناوبانگی کوتەیل لە ئەدەبی شکسپیردا و کوشتنی (دیزد یمونا) تەنیا هەڵڕشتنی ئەم بارگە سۆزاوییە پڕ کێشە بوو، کە پیاوان هەر لە سەرەتای موڵکاری تاکایەتییەوە بە پاشماك بۆیان ماوەتەوە.

بەهەموو یاساکانی ئاسمانی و زەمینی، داویچنپاکی و پاکیزەگی و دڵسۆزی هاوسەری سەپێندراوە، بۆ ئەوەی هیچ گومانێك نەکەوێتە دڵی پیاو خاوەندار، لە هاوبەشی کردنی منداڵی کەسێکی دیکە لەگەڵ منداڵەکانی لە پاشماك گرێدا.

هەرچەند یاسا پیرۆزە خوداوەندییەکان و دانانەکییەکانی توند و تۆڵ، لەم بوارەدا و زۆری ئەو ئەزمونانە و پشکنینانەی دەکران، بۆ دڵنیابوون لە دڵسۆزی و پاکیزەگی. بەلاّم (گومان) لە دڵسۆزی ئافرەت هەر لە سەردەمانی کۆنەوە لای پیاو رسکاوە، هەتای سەردەمی نوێی ئێستامان، کە هێمایە بۆ ئەوەی "گومان" لە شوێنی خۆی دایە و رەوا نیشاندەری لۆجیکی خۆی هەیە.

هەر ئەوەشە هۆی ئەم دوانەتییە ئاکارییە رون دەکاتەوە، کە شەقڵێکی بەرچاوی زۆربەی کۆمەڵگەکانە، هەر سەردەمانی بەرایی کۆنەوە دروست بووە، لەو کاتەی پیاو لە روی ئابووری و سێکسییەوە بەسەر ئافرەتدا زاڵ بوو، لەوەشەوە دابەزینی بەهای ئافرەت لە ئایین و کۆمەڵگە و ماڵ سەری هەڵدا، داشکانی بەهای ئافرەت لەلای رۆمانییەکان گەیشتە چڵەپۆپە، ئافرەت کەوتە چەنگ پیاو(٢٩).

سەردەمانی زۆرداری بە گوێرەی ئافرەت یاك لە دوای یەك هاتنن تیایدا لە سەرکردەی کۆمەڵگە رەچەڵەك لەوەوە دەستی پێکردبوو، بە کەنیزەیەکی بە کرێگیراو بەند دەکردرا و دەفرۆشرا، فرۆشتنێکی ئاشکرا لە بازاڕی کۆیلە و کەنیزان، یاخود فرۆشتنی داپۆشراو بە مارەنامە.

ئافرەت ئیتر نەیتوانی خۆی بە مێرد بدات، بەڵکو باوك، یان سەرپەرشتیکارێ لە پیاوان بە ئارەزووی خۆی بەرامبەر بە رادە پارەیەك بە شووی دەدان، دەق وەك چۆن باوکی رۆمانی دەیکات لە (فامیلیا)(٣٠).

زاڵبوونی ئەوەی هەبوو، کە کچەکەی وەك کەنیزە بفرۆشێت، بەڵکو مافی کوشتنیشی هەبوو دویا بەشودان مێردەکەی شوێنی باوك دەگرێتەوە، لە زاڵبوون بەسەر ئافرەتدا و کۆنترۆڵکردنی بە پێی یاسا(٣١).

٧- ئازادکردنی کۆیلەکان ئافرەتی ئازاد نەکرد.

ئایینە ئاسمانییەکا بنەما تایەتییەکان سەبارەت بە ئافرەت، لە سیستەمە باوکسالارییە چینایەتییەکانی لەسەر سیستەمی سەردار و کۆیلە و کەنیزەك وەرگرتووە. نامەی پێغەمبەران موسا و عیسا و محەمەد شۆڕشێك بوو دژی ئەو سیستەمە کۆیلایەتییەن لەگەڵ جیاوازی هەر شۆڕشێك لەوانە بەپێی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی، بەڵام هەموویان بە گشتی دژی زۆرداری و کۆیلەیەتی بوون. لەبەرئەوە لە ماوەی بەرایی ئەم شۆڕشانە هەندێ دادپەروەری بینی، بەڵام لە هەرسێ ئایینەکەدا پایەی ئافرەت لە پیاو کەمتر بوو، بەتایبەتی لە ئایینی یەهودیدا.

ماڵی عیبریان بنەماڵەی باوکسالارییە کە تیایدا دەسەڵاتی باوك رهایە، وەك لە فامیلیای کۆنی رۆمانی زانراوە. خێزانی ئیسرائیلیان لە پیاو و ژنەکانی و کەنیزەکان (السراری) (الاماء)و منداڵەکان، لە کەنیزە و جاراین و ژنەکانی منداڵەکان و نەوە و سەرەڕای کۆیلەکان(٣٢). ئەم ماڵە باوك سەرۆکایەتی دەکات پێی دەوترێت (رۆش) واتە سەر(٣٣). خاوەن دەستەلاتی دادپەروەی رەهایە(٣٤) پاشماکگری خۆی بە ئازادی تەواو هەڵدەبژێرێت(٣٥) دەتوانێت چۆنی بوێ وا لەگەڵ منداڵەکانی بجووڵێتەوە، بۆی هەیە کچەکەی بفرۆشێتە ئەو کەسەی دەخوازێت بیکرێت(٣٦)، بەڵکو مردن و ژینی بەسەر منداڵەکانیەوە هەیە، ئەگەر ویستی دەتوانێت بیانکوژێت(٣٧)، یان وەك سەرگەردانی (قوربانی) پێشکەشەی پەروەردگاریان بکات(٣٨) ئیسحاق ملکەچی ئیبراهیم بوو، کە ویستی بۆ خوداوەند (یەهودە) سەری ببڕێت، ئەو مافە

دوای ئەویش درێژە دەکێشێت بۆی ژنی کورشە مردووەکەی بسووتێنێت گەر داوێنپیسی کرد(٣٩)، ئافرەت لەماڵی ئیسرائیل بەشێك بوو لە فامیللیا Familiaی رۆمانی، واتە بەشێك بوو لە پاشماکی پێکهاتوو لە دیل و دارایی. ئەم ماڵە ئافرەتی دیل کەنیزەك و چێڵ و شتەکانی دیکەش دەگرێتەوە(٤٠).

پیاو پێشی دەڵێن (بعل)ی ئافرەت، واتە سەردارەکەیی(٤١)و بە دەستەواژەی گەورەم (٤٢) بانگی دەکات و خۆشی نواندن بەهۆی بوونی کوڕ، گەورەترە لەکاتی لە دایکبوونی کچ(٤٣). هەر چەند ئافرەت کۆت و بەندی زۆری لەسەر بوو، بەلاّم پیاو فرە ژن بوو سێکسی لەگەڵ خێزانەکانی و کەنیزە و هەتا هەندێ جار لەگەڵ کچەکانیشی دەکرد. هەردوو کچەکانی لوت لەگەڵ باوکیان جووت بوون و لێی ئاوس بوون(٤٤)، هەروەها یەعقوب دوو خوشکی وەك هاوسەری خۆی کۆکردەوە(٤٥). پیاو هەر کاتەك بیویستبا ژنی تەلاّق دەدا.

تەورات باسی ئەوە دەکات (ئیبراهیم) کە (هاجەرە)ی میسری و کوڕەکەی (ئیسماعیل)ی دەرکرد هەندێ نان و دێمکە ئاوێکی دانێ، ئەوانیش رۆیشتن و لە بیابان ونبوون(٤٦). فرەژنی لای بەنی ئیسرائیل بلاّو بوو، بەتایبەتی لە نێوان پیاوە دەوڵەمەندەکان و لەسەرویان پادشاکان (داود) ژنی زۆر بوو، سەرەڕای کەنیزەکانی(٤٧). (رحبعام) ١٨ ژنی هەبوو لەگەڵ ٦٠ کەنیزەی بە هەمووان بیست و هەشت کوڕیان بوو لەگەڵ شەست کچ(٤٨).

ئیبا چواردە ژنی هەبوو و بیست و دوو کوڕ شانزە کچی بوون(٤٩). کەچی سلێمان لە هەموویانی بردەوە (٧٠٠) ژنی هەبوو جگە لە (٣٠٠) کەنیزەك (٥٠)، سلێمان ژیانی خۆی بە تاوانی کوشتن دەستپێکرد. کەوا برا گەورەی خۆی کوشت، کە هاوچاوی لەگەڵ کرد لەسەر پاشماوەی باوکیان لە خێزانەکانی(٥١). لە بەرامبەر ئەم ئازادییە سێکسییەی کە پیاو هەیبوو، کۆت و بەند بەسەر ئافرەت سەپا بوو لەوەیش پاکیزەگی. مەرجی ژنهێنان ئەوە بوو کچەکە پاکیزە بێت، ئەگەر پاکیزە نەبوایە تەلاّقی دەدا. بەلاّم لە کۆتاییەکانی سەدەی حەوتەمی پێش زایین ئازادی پیاو لە تەلاّق سنوردار کرا دوای ئەوەی گەندەڵی بلاّو بۆوە و شەپۆلی چاکسازی دەستی پێکرد، تەلاّقدانی لە دوو حاڵەتدا قەدەغە کرد: یەکەم، ئەگەر پیاوەکە بانگەشەی ئەوەی کرد کە ژنەکەی پاکیزە نییە. باوك و دایکی نیشانەی کچێنی دەبەن و لەبەردەم پیرانی شار پێشانی دەدەن، ئەوانیش پیاوەکە سزا دەدەن و سەد دانە زیوی سزایانەی لێدەستێنن و دەدرێتە باوکی کچەکە، لەبەرئەوەی (زاواکە) ناوێکی خراپی خستە دوای پاکیزەیەکی بەنی ئیسرائیل. دەبێتە خێزانی و قەدەغەیە تەلاّقی بدات (بە درێژایی تەمەنی)(٥٢) لەو ژنەی کە

مێردی تەڵاقی دەدات و شوێکی دیکە دەکاتەوە، دییسان ئەوەش تەڵاقی دەدات، یان دەمرێت، قەدەغەیە نابێت مێردی یەکەمی بگێڕێتەوە بۆ لای خۆی(٥٣) "دوای ئەوەی پیس بوو"(٥٤).
کۆیلەتی لە کۆمەڵگە باو بوو و سیستەمی باوکسالاری کۆنترۆڵی خێزان دەکات، کاهینە پیاوەکان دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی بە خۆیان دەبەخشن، لەو ماوەیەدا ئەزموونی ئاوی تاڵ بۆ ئافرەتی بەر گومان لە زینا کردن باو بوو. نواڕینی کۆمەڵگە بۆ بابەختی زینا بەپێی قۆناغەکانی گۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە مرۆڤایەتی پێیدا رۆیشتوون لە گۆڕاندا بوون. هۆزە بەراییەکان و کۆمەڵگەی دایکسالاری ئازادیی سێکسی بۆ پیاوان و ئافرەتان بە یەك ئاست دابین کردبوو، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی خاوەنایەتی تایبەتی و زێدەبوونی دەمەك خاوەنایەتی و پەیدابوونی سیستەمی باوکسالاری، وایکرد پیاو داوا لە خێزانەکەی بکات دڵسۆزی بێت، پاش هاوسەری بە شێوەیەك هیچ پیاوێکی مدیکەش نەچێتە لای، پێشی هاوسەری داوای پاکداوێنی و پاکیزەیی لێدەکات. کۆمەڵگا باوکسالارییەکان لە سەردەمەکانی بەراییدا لەسەرئەوە رێککەوتوون، کە چارە بۆ گیروگرفتی زینا دابنێن، بە سروش وەرگرن لە سیستەمە باڵا دەستییەکان و گونجاو لەگەڵ سەرەڕۆیی پیاو.
لەوانەش پیاوانی بەنی ئیسرائیل، ئەوان بڕیاری لە سێدارەدانی ئافرەتی زیناکاریان دەکرد، یان بە "سوتاندن"، وەك (یەهوزا) هەوڵیدا ژنی کوڕەکەی "سامار" بسووتێنێت، یان (بەرد بارانکردن- ڕەجم) ئەو رێسایەی لە سفری تەسنیەدا هاتووە(٥٥).
کەچی پیاو لەگەڵ ژنەکەی جووت دەبیچت، هەروەها لەگەڵ کەنیزە و کچە بندەستەکان و بەبێ زینا لێپێچینەوە دەکات. یاسای رۆمانی هیچ لەوە جیاواز نەبوو، مافی مردن و ژیانی بە پیاو دا لە دژی ئافرەتی زینا کار. ئیسلامیش لە کۆمەڵگەیەکی باوکسالاری بنیاتنراوە، لەسەر خاوەنداریەتی تایبەت و سیستەمی چینایەتی و سەردار و کۆیلەیەتی دەرکەوت.
دەسەڵات لە ئیسلامدا کەوتە دەست پیاو سەرۆکی خێزان و بنەماڵە، فەرماندارو خەلیفە پێشەوا و کاردار و دادوەر و گەواهیدەر، هەموویان پایەی تایبەتین بە پیاو، ئیسلام سزای بەردباران کردنی لە مەسەلەی زینای لە یەهودییەتەوە وەرگرن. لە سەردەمی محەمەد پێغەمبەر (د.خ) مردن و لە سەردەمی بەرایی چەندان ژن بەردباران کران هەتا ئیسلامدا، ئیسلام بڕیاری بەردبارنی زیناکاری پیاو و ئافرەتی دەرکردووە، بەڵام لە ئیسلامدا فرەژنی بۆ پیاو رەوایە، هەروەها فرە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ جاریە و کەنیزەك، ئەوانەی بندەستن وای کردووە پیاوی موسڵمانی پێویستی بە زینا نەبێت، بەتایبەتی ئەو سەردارانەی دارایيان

هەیە با وشتر کەوا دەکات بتوانن ناوە ناوە ژنەکانیان بگۆڕن، هەرچەند ژنێکی جوانتر و لاوازتریان کەوتە بەرچاو و توانای کڕینی جاریە و کەنیزەیان دەبێت لە بازاڕی کۆیلە فرۆشی. چی وا دەکات پیاوی عەرەبی و موسڵمان زینا بکات، کە بتوانێت ژنەکەی هەر کاتێکی بیەوێت تەڵاق بدات و ژنێکی دیکە بێنێت و هەر ژمارەیەك بێت لە ژنان، بەڵکو هەتا ژوار ژن بەیەکەوە کۆ کاتەوە. بەڵکو دەتوانێت چەندی بیەوێت لە جاریە و کەنیزەکانی لەگەڵدا کۆ دەکاتەوە ئەوەندەی دەتوانێت بیانکڕێت و ئەوەندەی دەتوانێت بندەستیان بکەیت؟ کەواتە یاساکانی زینا تەنیا بۆ سزادانی ئافرەتان بوو لەبەرئەوەی بە زیناکردن لە سیستەمی باوکسالاری دەچێتە دەرەوە، کە یەك پیاوی بۆ ژن داناوە لە سێبەی خێزان و هاوسەریدا، یان قەیرەکچی و پاکیزەگی هەتا هەتایی ئەگەر هیچ پیاوێك نەیخواست، یان نەیکڕی، هەروەها سزای پیاوە هەژارەکانیش بوو لە کرێکار و کۆیلەکان ئەوانەی ناتوانن ژن بێنن و مارەیی بدەنە بووك، یان ناتوانن ژنەکانیان بگۆڕن و زۆر ژن بێنن، یان ناتوانن لە بازاڕی کۆیلان جاریە و کەنیزەك بکڕن کە لەو سەردەمانەدا باو بووز

مەسیحییەتی جیاوازە لە یەهودییەتی و ئیسلام، لەوەیدا زیاتر ئازادیی سێکسی پیاوی ئاڵۆز کرد، مەسیح بەخۆی دەستی پێکرد، سێکس و هاوسەری لەخۆ قەدەغە نەکرد، مەسیح بەسوکی دەڵێت: "بیستوتانە بە پێشونان وتراوە زینا مەکەن بەڵام من پێتان دەڵێم هەر کەسێك بنواڕێتە ئافرەتێك بۆ ئەوەی ئارەزوی بکات لە دڵەوە زینا بکات(٥٦) پیاوان پێش مەسیحایەتی لەسەر شەریعەتی یەهودییەتی دەڕۆیشتن، کەوا مافی تەڵاق دەداتە پیاو بێ دیاریکردنی هۆیەکان، کە مەسیح دەرکەوت هەندێ کەس چوونە لای لێیان پرسی، چی دەڵێیت لە بارەی ئەوەی شەریعەتیان ڕێی پێداون ژن تەڵاق بدەن، لە ئینجیلید هاتووە (مەتتی): هەندێ لە فەرسییەکان هاتنە لای بۆ ئەوەی ئەموونی بکەن لێیان پرسی: ئایا پیاو بۆ هەیە بۆ، هەر هۆیەك بێت ژنی خۆی تەڵاق بدات. وەلاچمی دایەوە و گوتی: ئەوەی ژنی خۆی تەڵاق بدات مەگەر بە هۆی زینا نەبێت و ژنێکی دیکەی هێناوە ئەوا زینا دەکات، ئەوەی تەڵاقدراوێك بێنێت زینا دەکات"(٥٧). مەسیح لەسەر ڕێگەی یەهودییەتی ئەڕۆیشت، لە بەردباران کردنی زیناکار، تۆبەی لێ وەرگرتن و رازی نەبوو بەردبارانیان بکات، فریسییەکانی لەو کارە قەدەغە کرد، بە قسە بەناوبانگەکەی "ئەوەی لە ئێوە بێ گوناهە با سەرەتا بەردێکی لێ بدات".

مەسیحایەتی لەژێر سێبەری ئیمپراتۆرییەتی رۆحی دەرکەوت دەوڵەتی سەردار و کۆیلەکان و دەولچەتی سیستەمی باوکسالاری، کە تیایدا پیاو خاوەنی ئافرەتە وەك چۆن خاوەنی چێڵەکانییەتی و مافی ژیان و مردنی لەسەر هەنە، هەروەها مافی ژین و مردنی بەسەر کۆیلەکانیەوە هەیە، پیاوەکان سەردار و فەرمانڕەواکانی مافی چێژوەرگرتن و بینینیان هەبوو، لە جوانی و سێکس و چێژەکانی دنیا و پاش دنیاش، پیاوی لەوانە دوای مردنی بەرز دەکرایەوە بۆ ئاستی خوداوەندەکان.

مەسیح سەرکردەی شۆڕشی کۆیلە و هەژاران بوو دژی دەوڵەمەندە یەهودییەکان، لە نەتەوەی خۆی ئەوانەی هاوکاری دەسەلآتی رۆمانیان کرد. دژی سەرکردە رۆمانییەکان بوو کۆیلە و هەژارانی سەرکردایەتی کرد، لە شۆڕشێکی هزری دژی هەموو ئەوانە بە هەموو ئەو شتەی کە هەیان بوو ئەو کاتی، لە گەندەڵی ئاکار و چەوساندنەوەی ئابووری. لەبەر ئەم هۆیە بوو مەسیحایەتی لە سەرەتای سەرهەڵدانی لایەنی ئاکار و گیانگەرایی گرتە بەر و دژی خۆشایەتییەکانی ژیانی سێکس بوو کەسێکیشی لەگەڵدا بوو. لەبەرئەوەی کۆیلە و ژنەکانیان قوربانی ئازادی سێکسی رۆمانییەکان بوون. بە ناڕەوا دانانی زینا بۆ پیاوان وەك ئافرەت سودی هەبوو بۆ کۆیلە و هەژارەکان، ئەوانەی رێنوێنییەکانی مەسیحیان وەك رزگارکەر هاتە بەرچاو لە دەستەلآتی سەردار و دەوڵەمەندەکان. گیانگەرایی مەسیحایەتی بووە هۆی رێگرتن لە فرە ژنی و گۆمانکردن لە ژنە یەك لە دوای یەکەکان، بەلآم دواتر مەسیحایەتی رێگەی پیاوی دا سیستەمی "ژن بە نهێنی" پەیڕەو بکات.

هەرچەند بە شێوەی گشتی ئازادی سێکسی لە سێبەری مەسیحایەتی سنوردار کرا، بەلآم ئافرەت لە پلە و پایە هەر لە پیاو نزمترین بوو، بەهۆی سیستەمی باوکسالاری باو لەو کاتیدا، ئەوەشیان بە هۆی دەرکەوتنی سیستەمی دەرەبەگایەتی پتەوتر بوو لە کۆتاییەکانی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی، کلێسە لە سێبەری دەرەبەگایەتیدا لە رێنوێنییەکانی بەرایی مەسیحایەتی دورکەوتەوە، پیاوانی کلێسە و کاهینەکان پەیوەست بوون بە دەستەلآت و خاوەن زەوییەکان.

نەریتە ئایینییەکان لاگری چینایەتی و دەرەبەگایەتی بوون، بە تایبەتی لە چاخە تاریکەکانی ناوەند، پەروەردگار بوو دەرەبەگی خاوەن زەوی، لەبەرئەوەی ئەم پەروەردگارە کاهینەکانی کردوون بە نوێنەری خۆی لەسەر زەوی، کەواتە تەواو خاوەن زەوین. بێ هیچ گەشگەشەیەك. لەگەڵ توندبوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی باوکسالاری، دابەزینی بەها و پایەی ئافرەت

توندتر بوو و زیاتر چەوسێندرایەوە و تاوانبار کرا، کە نوێنەری شەیتانە و هۆی کارەساتەکانە و پیاو بڕیاریدا لە ماڵ و لە دەرەوە، یاساگەلی توندی بەسەردا بسەپێنێت.
هەندێ جار دەگەیشتە کوشتن و سوتاندن بۆ بچوکترین هۆ، یان بۆ هۆگەلێك سەردارەکان دروستیان دەکرد. هەرچەندە مەسیحایەتی لە سەرەتادا دژی فرەژنی بوو، بەلآم دەرکەوتنی دەرەبەگایەتی و ئارەزووی زێدەکردنی نەوە، بۆ زێدەکردنی دەستکار لای خاوەن خێزانی باوکسالاری و بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕێژەی بەرزی مردوان یاریدەی ئەوەی دا فرەژنی رەها بکریچت و ڕێی پێبدرێت.
بەلآم یەکتایی لە هاوسەریدا تەنیا بەسەر ئافرەتدا سەپا بوو، دڵسۆزیی هاوسەری بەسەریدا سەپا بوو تاوەکو سیستەمی باوکسالاری و خێزانی باوکسالاری نەڕوخێت. هزرەکان پاکیزە گیان پەسەند دەکرد و کچی پاکیزەیان بە باشی دادەنا، نازناوی خوداوەندی ئاسمان و زەوییان دایە مەریەمی پاکیزە، ئەوەشیان نازناوێکی خوداوەندی کۆنی مێیەیە پێش دەرکەوتنی ئایینی یەهودی.
ئافرەت لە مەسیحایەتیدا وەك لە یەهودایەتیدا لە پێشدا، بووە بە قۆچی قوربانی کەە کەوتە نێوان دوو کەڵبەی دڕی ململانێی نێوان گیان و جەستەن یان نێوان چاکە و خراپە، گوتیان خودا پیاوی لە شێوەی خۆی دروست کرد، خودا گیانە، بەلآم ئافرەت جەستە و سێکسە.
تیرتولین Tertulian فەیلەسوفێکی گریکی بوو گوتی: ئەو دەقەی ئەوان کە دەڵێچن ئافرەت سەری داپۆشێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی کەوا حەوا بەرپرسی یەکەمی هەموو گوناهەکانە، لەبەرئەوە پێویستە سەری داپۆشێت وەك دانەواندنی ئەو سەرە پیسە گوناهبارە.
تیرتولین دەڵێتە حەوا: تۆ ئەو دەرگایەی دەمانگەیەنێتە شەیتان". تۆ بووی ڕێگات کردەوە بۆ ئەو دارە قەدەغە کراوە. تۆ بووی یەکەم کەس لە فەرماندەیی خودا یاخی بووی. تۆ بووی (ئادەم)ت تەفرە دا کە شەیتان نەیتوانی تەفرەی بدات. تۆ بە ئاسانی وێنە خوداوەندییەکەی پیاوت شکاند، تۆ هۆی مردنی. بەهۆی تۆوەش کوڕی خودا دەمرێت"(٥٨).
ئەم هزرانە لە بارەی ئافرەت لەسەر زمانی بیرمەند و نووسەر و عەرەبەکانیدا باوبوو، وەك: مەعەری و ئیبن خارز و حەلاج و سەهرەوەردی و عەقاد و کەسانی دیکەش، تا ئەم چاخانەمان لەوانەش زەکی موبارەك کە دەڵێت: "ئارەت بنجەکانی هەوەسی هەیە، دەرگای وێرانی و شکستییە، ئافرەت دۆزەخە بەلآیە، خودا بەسەر بەندەکانیدا دەباریچنێت. شەکەتی

خێرا کراوەن نەهامەتی پێش مردنە، ئافرەت لە هەموو حاڵەتەکانیدا سەرچاوەی گەندەڵییە، چەندان دەروی هەیە بۆ فیتنە، کە ئیبلیسیش پێیان نازانێت".(٥٩).
ئیسلام دوای مەسیحایەتی دەرکەوت، محەمەد لە گەشتە بازرگانییەکانیدا لە دەرەوەی حیجازدا چاوی بە کەسانێك دەکەوت، لەبەردەمیدا ئایەتەکانی تەورات و ئینجیلیان دەوتەوە.
لە سەرەتای ژیانیدا شوانێکی هەژار بوو، کۆمەڵگەی عەرەبی ئەوکاتی لەسەر بنەمای سەردار و کۆیلە دامەزرا بوو. شۆڕشی محەمەد لە سەرەتادا دژی ئەم سیستەمە چینایەتییە کۆیلەتییە بوو، لە ئاخاوتنەکانیدا بەرگری لە هەژار و ئافرەت کرد، بەڵام بارودۆخی هۆزە عارەبییەکان لەو کاتیدا لەسەر زاڵبوونی پیاو دامەزرابوو لە زۆربەی هۆزە عەرەبییەکاندا (دگە لە هۆزە ئەمەوییەکان) لەبەرئەوە ئەم بەها پیاوەکیاینە لە ئیسلامدا مانەوە، هەروەها کۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامی پێویستی بە زێدەکردنی ئەوە هەبوو بۆ ئەوەی بەهێز بێت، لە رووبەڕووبوونەیەوەی دوژمنانی و بۆ ژمارەی ئافرەتە بەدیل گیراوەکانی جەنگ و کەنیزەکان و لەبەر زۆری مردنن ئیسلام فرەژنی رێپێدا لەو ماوە بەراییانە و ئازادی سێکسی بە فرەوانی بە پیاو دا، لە روی جوتبوون لەگەڵ کەنیزە و کچە کۆیلەکانی و ئەو کچانەی بندەستی بوون، ئەوەشیان ئازادییە کە لە روی پراکتیکەوە پیاوانی چینی بازرگان و دەولچەمەندەکانی دەگرتەوە، ئەوانەی توانای خەرجی ژنهێنانیان هەبوو بە ژنێك زیاتر و ئەوانەی توانای کڕینی کۆیلە و کەنیزەی ژنیان هەبوو.
کۆمەڵگەی عەرەبی لە چاخی جاهیلیدا لەسەر بەندەی و کۆیلەیی دامەزرا بوون ئافرەتە دیلەکانی جەنگ وەك ئیسلام بە بندەستی پیاو دادەنران. ئیسلام جوتبوون لەگەڵ کچە بەندەکانی خەڵاڵ کرد بێ ئەوەی ناویان بنێن هاوسەری، بەڵکو ناویان نا (هەوەسکاری) و پیاو هیچ پابەند نەبوو بە دان نان بەو منداڵەی لە یەکێك لە کەنیزەکانی دەبوو، گەردانی پێدا نابا، منداڵەکە ئازاد دەبوو و دایکیشی دوای مردنی سەردارەکەی ئازاد دەبوو.
بێگومان کۆیلە و کەنیزەکان لە سێبەری ئیسلامدا، چەندان مافیان دەستەبەر کرد لە پێشدا نەیان بوو، ئیسلام دژی بەندەیی و زۆرداری و گەندەڵی و لەشفرۆشی و مەی خواردنەوە و یاری مەیسەر و ریبا وەستا، بەڵام پیاو لە ئیسلامدا هەر خۆی سەردار بوو، هەر خۆی لە ئافرەت باشتر دادەنرا، هاوسەریش لە ئیسلامدا وەك گرێبەندی بە خاوەنکردن دەچوو، پیاو خاوەن ژنەی خۆیەتی بە پێی "مارەیی" و رێکەوتن. ئەرکی ژنەکە ملکەچی و گوێڕایەڵی.

پیاوی موسڵمان لەبەر هەر هۆیەك كە خۆی بە راستی دەزانێت، بۆی هەیە ژنەكەی تەڵاق بدات مافی فرەژنیشی هەیە. بەم شێوەیە ئافرەتی عەرەبی موسڵمان، بوو بە بەشێك لە كەلوپەلی پیاو. هەتا ئێستاش بە میسریشەوە بەم یاسایا زۆرداریيانە بڕیار لەسەر ئافرەت دەدرێت.

نوسەرێكی عەرەبی بەناوبانگ لە ئەدەبی هاوچاخمان، عەباسی مەحمودی عەقاد دەنووسێت و ئەم زۆردارییە باوكسالارییە هۆزەكییە پەسند دەكات، پێیدا هەڵدەڵێت و دووپاتی باری ئافرەت دەكاتەوە وەك كەلوپەلێكی پیاو كە دەڵێت: "لەبەرئەوەی پەنادانایە مینعە" پێویستییەكە لە پێویستییەكانی ژیانی دەوارنشینی، دەبێ بە پەنادانی ئافرەت بەناوبانگ بێت لەنێو دوژمنان و هاوچاواندا، یەكەم ئافرەتی كە بپارێزێت هاوسەرەكەیەتی(٦٠).

- ساڵی ١٩٣٩ پارێزگای منوفیە پارێزگایەیك روی دەریایە لە میسر.

٣- وشەی (زون) بەو واتایە دێت لە زمانی عەرەبی. بیتخانە پەرستگەی بتەكانە، كە دەڕازێندرێتەوە، لە كتێبی (الافصاح في فقه الله، ل٦٩٧).

٤- ئیزیس و ئوزوریس، لەیۆنانییەوە (حسن صبحی البكری) وەریگێڕاون، (الالف كتاب)، ٢٣٥، (دارالقلع)، قاهیرە، لاپەڕە، ٩٣).

٥- تەورات، "تەكوین"، ئیسحاقی سێیەم، ئایەتی (٢٢- ٢٤).

٦- Plutarchos، پلوتاركوسن ئیزیس و ئوزوریس، وەرگێڕانی لە یۆنانییەوە حەسەن سوبحی ئەلبەكری، (الالف كتاب ٢٣٥)، (دار القلع)، قاهرە، لاپەڕە ١٠٨).

٧- (مصر الفرعونیە، جان یویوت، وەرگێڕانی سەعد زەهران، هەزار كتێب (وەزارەتی فێركردنی باڵا لە قاهرە) ١٩٦٦، ل١٢٩).

٨- (ثروت الاسیوطي) خێزان لەنێوان ئایین و ئابووریدا، دار النهضة العربیة، قاهرە ١٩٦٦، ل١٨.

٩- بڕوانە سیستەمی دایكسالاری كارەكانی بكومنین (١٨٦١)، موری و دافی (١٩٢٣)، ئەدوارد ویسترمارك (١٩٢٥) فردریك ئەنگلیز، مورگان، بریغوات.

١١- بڕوانە ولیەم نەزیر، ئافرەت لەمێژووی كۆنی میسری، دار القلم، ١٩٦٥، ل٢٤.

١٢- جواد علی، مێژووی عەرەب بەر لە ئیسلام، ج٥، بەشی ئایینی چاپەمەنی كۆمەڵەی زانیاری عێراقی ١٩٥٥، ل٣٥٨ و ئەوانی دواییش.

١٣- بڕوانە نورتكوت و تۆماس، رێكخستنی ناسیاری و هاوسەری بەكۆمەڵ لە ئوسترالیا، كیمبردج ١٩٠٦، چاپەمەنی جامعە ل٢٢.

١٤- ليتۆرنو، گروس، روبرس لوی (ڕێڕەوێك بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای شارستانی نیویۆرك ١٩٤٧.
١٥- بگەڕێوە بۆ (لویس مەرجان، فریزر، گروس و ئەوانی تر).
١٦- بڕوانە (ثروت الاسیوطي) سیستەمی خێزان لەنێوان ئایین و ئابووری، دار النهضة العربیة، قاهرة ١٩٦٦، ل١١٠.
١٧- لیورنو، خاوەنیەتی ل٤٩، ٣٦٦، ٣٦٧، ثروست الاسیوطي، سیستەمی خێزان لەنێوان ئایین و ئابوری، دار النهضة العربیة، قاهره ١٩٦٦، ل١١٢.
١٨- فریدیك ئەنگلند، بنجی خێزان و خاوەنەتی تایبەت و دەوڵەت.
١٩- گروسی، علی بدوی، لێکۆڵینەوە لە مێژووی شەریعەتەکان، گۆڤاری (القانون و الاقتصاد) ١٩٣١ ل٧٣١، ٧٤٦، ثروت الاسیوطي، سیستەمی خێزان لەنێوان ئایین و ئابووری ١١٥٧.
٢٠- ر.س. رانزی، ئالاشانتی، ئەکسفۆرد ١٩٢٣، ئارنست گروس، شێوەکانی خێزان و شێوەکانی ئابووری ١٨٩٦، جیمس جۆرج فرندر، تەوتەمی و هاوەسری لە دەرەوەی لەندەن، ر.س. رانزی، یاسای ئالاشانتی و دەستوورەکانیان، لەندەن ١٩٥٦.
٢١- ثروت الاسیوطي، سیستەمی خێزان لە نێوان ئایین و ئابووری، قاهره ١٩٦٦، ل١١٦.
٢٢- ثروت الاسیوطي، سیتەمی خێزان لەنێوان ئایین و ئابووری، دار النهضة العربیة، قاهره ل١١٦، ١١٧، بڕوانە سەرچاوەکانی تری پەراوێزی ئەم دوو هۆزانە (داریل فۆرد، لێژبوونەوەی جووت لەلایەن هێزی یاکۆی (س.ف. نادل)، لێژبوونەوەی جووت لە گردۆڵکەی نوبە.
٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٢٤- ئافرەت لە مێژووی کۆنی میسری، دار القلم، قاهره، ١٩٦٥، ل٢٨.
٢٥- (سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠).
٢٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.
٢٧- عادل احد سرکیسی، دار الکتاب العرفي، قاهره ١٩٦٧، میسری فرعەونی دانانی جان یویوت، وەرگێڕان (سعد زهران) هەزار کتێب بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری لە وەزارەتی فێرکردنی بالاً، ١٩٦٦.
٢٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.
٢٩- فوشیل دی کولانج، شاری تەنگ، چاپی هاشیت.
٣٠- (ثروت الاسیوطي) سیستەمی خێزان لە نێوان ئایین و ئابووری، ل١١٩.

٣١- بڕوانە: v- Givavd: Droit Romain, p. 18. et suiv. Et

v. Glats: Lasolida vite de la Famille en Grecep31 et suive.

٣٢- ليفی خێزان ل٧٩، دی فو، سيستەمی سەردەمی كۆن، ج١ ل٣٩.

٣٣- هەواڵەكانی يەكەم رۆژی ئيسحاح٧، ئايەتی٧.

٣٤- سەفەری دروست بوون ئيسحاح٣٨، ئايەتی٢٤.

٣٥- سەفەری دروست بوون ئيسحاح٤٨، ئايەتی ١٤ ئەوانی دواتريش.

٣٦- (سفر التكوين) ئيسحاحی ئايەتی (٧) دواتريش.

٣٧- (سفر التكوين) ئيسحاحی (٤٢) ئايەتی (٣٧).

٣٨- (سفر التكوين) ئيسحاحی (٢٢) ئايەتی (١٠).

٣٩- (سفر التكوين) ئيسحاحی (٣٨) ئايەتی (٢٤).

٤٠- (سفر التكوين) ئيسحاحی (٢٠) ئايەتی (١٧).

٤١- (سفر التكوين) ئيسحاحی (٢١) ئايەتی (٣).

٤٢- (سفر التكوين) ئيسحاحی (١٨) ئايەتی (١٢).

٤٣- (سفر التكوين) ئيسحاحی (٢٥) ئايەتی (١٧).

٤٤- (سفر التكوين) ئيسحاحی (٩) ئايەتی (٣٠- ٣٨).

٤٥- (سفر التكوين) ئيسحاحی (٢٩) ئايەتی (١٥) دواتريش.

٤٦- (سفر التكوين) ئيسحاحی (٢١) ئايەتی (١٤).

٤٧- سموئيلی يەكەم، ئيسحاحی (١٨) ئايەتی (٢٧)، ئيسحاحی (٢٥) ئايەتی (٣٩- ٤٣)، سموئيلی دووەم ئيسحاحی (٣) ئايەتی (ئيسحاحی (٥) ئايەتی (١٣).

٤٨- هەواڵەكانی رۆژانی دووەم، ئيسحاحی (١١) ئايەتی (٢١).

٤٩- هەواڵەكانی رۆژانی دووەم، ئيسحاحی (١٣) ئايەتی (٢١).

٥٠- پاشايانی يەكەم، ئيسحاحی (١١) ئايەتی (٣).

٥١- پاشايانی يەكەم، ئيسحاحی (٢) ئايەتی (١٣- ٢٥).

٥٢- (سفر التثنية) ئيسحاحی (٢٢)، ئايەتی (١٣- ٢٥).

٥٣- (سفر التثنية) ئيسحاحی (٢٢)، ئايەتی (١٩- ١٩).

٥٤- (سفر التثنية) ئيسحاحی (٢٤) ئايەتی (١- ٤).

٥٥- (سفر التكوين) ئيسحاحی (٣٨)، (سفر التثنية) ئيسحاحی (٢٢) ئايەتی (٢١).

٥٦- ئینجیل مەتنی، (٢٧- ٢٨).

٥٧- ئینجیل مەتنی، ئیسحاحی (١٩) ئایەتی (٣- ٩)، ئیسحاحی (٥)، ئاەتی (٣٢).

٥٨- Terullian, De Lultu Frem, 1,1

٥٩- (مصطفی النهیري)، رۆشنبیرەکان مێیە لە شارستانیەت (دار الكتاب بالدار البیضاء)، ١٩٧٥، ل١٤٧.

٦٠- (عباس العقاد) جەمیل بوسەینە، ل١٨.

بەشی دووەم

- سەرچاوەکانی لەبارێتی ئافرەتی عەرەب

- خۆشەویستی و سێکس لای عەرەب

- ئافرەت لە ئەدەبی عەرەبی

- رق و خۆشەویستییەکی هەڵاویساو

- فێڵ و جادوو و ئاژاوە لە هەزار و یەك شەوەدا

- ئافرەت لە داستانە میلییە عەرەبییەکاندا

- ئابڕوی و خوێن لە چاخی ئەمڕۆماندا

- حەو، مێینە، لەشفرۆش و مریەمی دایك پاکیزە

سەرچاوەکانی لەبارێتی ئافرەتی عەرەب

ئافرەتی عەرەبی پێش ئافرەتی ئەوروپی و ئەمەریکی، بەرهەڵستی سیستەمی چینایەتی باوکسالاری کردووە. ئەم ساڵانەی دوایی ئافرەتی ئەمەریکی سەدەی بیستەم ئاگاداری ئەوە بوو، کە زمانی باو زمانی پیاوە و وشەی (پیاو) واتە مرۆڤ، یان مرۆڤایەتی هەموو رێژە نێرینەکەی واتە پیاو و ئافرەت بە یەکەوە. ئەمڕۆ هەندێ بزوتنەوەی ئازادکردنی ئافرەت لە ئەمەریکا و ئەوروپا هەوڵ دەدەن زماان بگۆڕن. ژنی عەرەبیش پێش چوار سەدە ئەوەی کردووە. لە قورئاندا رێژەی نێر بە ژن و پیاو دەوترا، ژنە عەرەبەکان بەرهەڵستی ئەوەیان کرد و گوتیان: ئیسلام بووین وەك چۆن ئێوە ئیسلام بوونە و ئەوەی ئێوە دەیکەن، ئێمەش دەیکەین لە قورئان باستان دەکرێت بۆ ئێمە باسمان ناکرێت" خەڵك ناو دەنران (مسلمین) (واتە موسڵمانان بە رێژەی نێری وشەکە لە زمانی عەرەبیدا).

خودا لە قورئاندا ئایەتی نارد "المسلمین و المسلمات و المؤمنین و المؤمنات"(٦١). واتە "موسڵمانە پیاوەکان و موسڵمانە ئافرەتەکان و ئیماندارە پیاوەکان و ئیماندارە ئافرەتەکان".

سەرم سوڕ دەما کە مێژووی عەرەبم پێشی ئیسلام و لە قۆناغەکانی بەرایی ئیسلام و دەخوێندەوە، سەبارەت بەو ژمارە زۆرە لەو کەسایەتییە ئافرەتانەی لەنێو کۆمەڵگەدا دەرکەوتبوون هەروەها لەو گرنگییە گەورەیەی ژنانی عەرەبی هەیانبوو چ لە ئاداب، یان رۆشنبیری، یان هونەر، یان خۆشەویستی سێکس، یان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بەڵکو لەواندا هەندێکیان بەرچاو بوون، لە سیاسەت و جەنگ و کوشتار چ پێش ئیسلام، یان دوای ئیسلام لە ژیانی محەمەد پێغەمبەر خۆیدا.

مێژووی عەرەب ژمارەیەکی زۆری لەو ئافرەتانە تێدایە، وەك (نەسیبە کچی کەعب) کە لە تەك محەمەد پێغەمبەر لە شەڕی (ئوحود) بە شیر جەنگا و تا لە سێزدە جێ بریندار بوو وازی لە شەڕ نەهێنا، هەتا محەمەد سەبارەت بەو وتویەتی پێگەی ئەو لە پیاوان باشترە(٦٢). لەوانەش (ام سليع) کچی (ملحان) کەوا خەنجەرەکەی لەبەر کەمەر ناو لە تەك محەمەد و هۆزە موسڵمانەکەی شەڕی کرد. ئەو ژنانەی کە دژی محەمەد و موسڵمانان شەڕیان کرد لەوانە (هیند بنت ربيعە)ی ژنی ئەبو سوفیان بوو، کە سوپەری ئاسنی دەبەرکرد و (زەرد)ی لە خۆ بەستا لە شەڕی (ئوحود)و دەمامکی شەڕی لەسەر ناو شیری هەڵگرت و لە سینەی پیاوانی دەدا(٦٣). (هند) ژنێکی عەرەب بوو، ئازادی و ویستی بە دەستە خۆی بوو بە باوکی وت: "من ئافرەتێکم خاوەن ویستی خۆمم بە شووم نەدەیە هیچ پیاوێك هەتا پێشانی منی نەدەین باوکی پێی وت: ئەوەت بۆ دەکەم"(٦٤). لە وەڵامدانەوە (هند) خاوەن بەڵگەی دروست و خێرا بوو، هەتا لە وەڵامی محەمەد پێغەمبەری (د.خ) موسڵمانانیشن کە لەگەڵ ژنانی دیکەدا هاتە لای بۆ ئەوەی بەیعە بۆ ئیسلام بکەنن پێغەمبەر بنەماکانی ئایینی نوێی بۆ باسی کرد کە پێی وت: "ولا تقتلن او الدكن" (واتە رۆڵەکانتان مەکوژن) هند وەڵامی دایەوە (انت قتلتهم) تۆ ئەوانت کوشت(٦٥). مەبەستی هیند ئەوە بوو (محەمەد)و پیاوانی زۆریان لە جەنگی (بدر) کوش، کە تیایدا موسڵمانان سەرکەوتن بەسەر قورەیش، لەو کوژراوانەش باوکی هیند (عبە بن ربيعە)و برایەکەی (شيبە)و کوڕەکەی (وەلید بن عتبە) برای هیند. دوای کوژرانی ئەوانە هیند سوێندی خوارد تۆڵەیان دەکاتەوە، هەتا ئەو کاتیش بۆن لە خۆی نەدات و لە مێردەکەی نزیك نەبێتەوە و لەگەڵی جووت نەبێت. هیند سوێندەکەی بە جێهێنا و دواتر لە جەنگی ئوحد بەشداری کرد، کەوا خۆیی و هۆزەکەی بەسەر موسڵماناندا زاڵبوون. بەرچاوترین ئافرەتە عەرەبەکان خاتو خەدیجەی یەکەم خێزانی محەمەد پێغەمبەرە (د.خ)، ئافرەتێکی عەرەبی خاوەن کەسایەتی و سەربەخۆیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئازادی خۆی بوو، لە هەڵبژاردنی ئەو پیاەی دەیەوێت،

خۆی ویستی شوو بە (محەمەد) بکات، لەوکاتدا پازدە ساڵ لەو گەورتر بوو، ئافرەتێکی ناردە لای کە ناوی نەفیسە بوو، شوپێکردنی خۆی بۆ باس بکات. لە کتێبی (الطبقات الکبری) (چینە گەورەکان)ی محەمەد کوڕی عەسددا هاتووە کە یەکەم مێژووی نەتەوەییە بۆ عەرەب.
نەفیسە گوتی منی بە دزییەوە نارد بۆ ئەوەی ئامادەیی شوپێکردنی ئەوی پێڕابگەیەنم، ئەویش ڕازی بوو"(٦٦).
خەدیجە لە ڕێگای بەکاربردنی (محەمەد) لە بازرگانی و وەبەرهێنانی پارەکانی ناسی. کۆمەڵگەی عەرەبی پێش ئیسلام لە چەندان هۆزی جیاجیا پێکهاتبوو، لە بارودۆخی ئابووری جیاوازدا لە بیابان و شاردا دەژیا. هەندێ لەو هۆزانە دایکسالاری بوون، منداڵەکانیان دەدایە پاڵ دایکیان وەك هۆزی (خەندەق)و (جدیلە)(٦٧).
لە پادشایەتی عەرەب کەسانێك هەن پێش ئیسلام دراونەتە پاڵ دایکیان وەك (عمر بن هند). هەتا محەمەد (د.خ) خۆی شانازی بەوە دەکرد خۆی بداتە پاڵ ئافرەتانی هۆزەکەی لە بارەی خۆی دەیوت: "انا بن العواتل من سلیم" واتە من کوڕی خێزانەکانی لە (سلیم)م، مەبەست (عاتکە) کچی هیلال و (عاتکە) کچی (مورە)و (عاتکە) کچی (ئەلئەوقەسی)بوو. کۆمەڵگەی عەرەبی پێش ئیسلام لەو کۆمەڵگەیانە بوو، کەهەردوو ڕژێمی دایکسالاری و باوکسالاری بەیەکەوە بینیوە، ئەم سیستەمەی دایکسالارییە ئابوورییەکان و زاڵبوونی پیاو بەرەبەرە و دەستگرتن بەسەر ئابووری و ئایینە- ئافرەت لە چۆڵنشینیدا- (بادیە) ئازادتر بوو لە ئافرەتی شار، بەهۆی هاوبەشی کردنی لەگەڵ پیاو لە کار و کۆششی بۆ بژێو پەیداکردن. ئافرەتی عەرەبی دەوارنشین (حجاج)ی نەبوو لەگەڵ پیاوانیش تێکەڵ بوو.
عەرەبی سەردەمی جاهیلی پێش ئیسلام خوداوەندیان لەنێر و مێ هەبوو، باوەڕیان وا بوو خوداوەندی هەر هۆزێك لەگەڵ ئەو هۆزەدا دەبوو، لە شەڕدا تا سەرکەوتن لە بەراوە هەر هۆزە و پەیکەر، یان وێنەی خوداوەندەکەیان لە شەڕدا لەگەڵدا بوو. ئەبوسوفیان وای کرد کەوا (لاتی)و (عوزا)ی لە جەنگی (ئوحود) دژی محەمەد و موسڵمان هەڵگرتبوون "لات"و "عوزا" دوو خوداوەندی ئافرەت بوون، لەم جەنگەدا ئەبوسوفیان و خێزانەکەی (هند) بەسەر موسڵمانان سەرکەوتن، ئەوەشیان وای کرد زیاتر خوداوەندە مێیەکانیان دڵنیا بن و بیانپارێزن. زۆر جاران هۆزە دۆڕاوەکە وازی لە خوداوەندە بێهێزەکە دەهێنا و خوداوەندی گەورەتر دەگرت. خوداوەندی هۆزە سەرکەوتووەکە بوو، یان گەواهی کە بەهێزە و سەردەکەوێت لە جەنگدا، لەبەرئەوە پەرستنی هەندێ خوداوەند زیاتر بوو لە هەندێکی دیکە(٦٨).

بوونی خوداوەندی(٦٩) وەك (کاللات)و (عوزا) نیشانەی بەرزی پایەی ئافرەت بوو لەو هۆزە عەرەبییانەدا. رەنگدانەوەی کۆمەڵگەی دایکسالاری بوو کە ئەو کاتی باو بوو. لەبەرئەم هۆیەیە کە مێژووی عەرەبی چەندان ئافرەتی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، کەسایەتی بەهێز لەبار لە ژیانی تایبەتی و گشتیدا، هەندێکیان لە ئابووری بەرهەمهێناندا کاریان کردووە. لەبەرئەوەی ئافرەت لە هەندێ حاڵەتدا خاوەن سەربەخۆیی ئابووری بوو، چونکە بڕیاری بە دەست بوو هەتا لە هاوسەرگرتنیشیدا. لە پێش ئیسلامدا ئافرەت فرە پیاو بوو دەیتوانی مێرد بە چەندان پیاو بکات، بەم هاوسەرییە دەوترا هاوسەری هاوبەشیکردن. بە مەرجێك لە دە پیاو زیاتر نەبوایە دەنا دەبوو بە لەشفرۆش.

لە خاتوو عائیشە دەگێڕنەوە لەبارەی جاهیلی وتویەتی: "دەستەیەك کە دە کەس کەمتر لەگەڵ ئافرەت جووت دەبن، گەر سکی لە یەکێکیان بکردبا بەدوایدا دەناردن، دەبوا هەموویان ئامادەبن و کەس لای نەدەبوو، کە کۆ دەبوونەوە پێی دەوتن ئێوە دەزانن چیمان لەنێواندایە، ئەوا کوڕەکەم بووە هی تۆیە فلاًن.. ناوی یەکێکی دەهێنا کوڕەکەی دەبووە هی ئەو پیاوەکەش نەیدەتوانی ئینکار بکات(٧٠).

ئەسفەهانی دەنوسێ و دەڵێت: "ئافرەتە دەوارنشینەکان کە مێردەکەیان تەلاًق دەدەن، گەر خێوەتەکەیان بۆ لای رۆژهەڵات بوایە دەیانگۆڕی بۆ لای رۆژئاوا، یان لە باکور دەیانگۆڕی بۆ لای باشور(٧١). تەنیا ئەگەر ئافرەتەکە دەرگای خێوەتی بگۆڕیبا واتە تەلاًق.

عەرەب پێش ئیسلام جۆرێك لە ژنهێنانیان هەبوو پێیان دەوت: هەندگری بوون، هاتوو عائیشە لە ئاخاوتنەکەی سەبارەت بەوە دەڵێن، ئەگەر ژنەکە لە زەیستانی دەرچووبوایە، پیاوەکەی پێی دەوگوت: "بنێرە بۆ فلاًن هەندێکی لێبگری" مێردەکەی لێی دوور دەکەوتەوە لەگەڵی جووت نەدەبوو، تا سکەکەی بە دەرکەوت کە هەندێکی لێ خواستوە (زۆربەی جاران لە پیاوە ناودار و مەزنەکان دەبوو، لەبەرئەوەی پیاوەکە نەوەیەتی دەویست لە رەچەڵەکێکی باش، گەر سکی دەرکەوت، مێردەکەی دەتوانێت لەگەڵی جووت بێت، ئەگەر بیویستایە" ئەو منداڵەی کە هەبوو کوڕی مێردی رەوای ژنەکەیە کە لە تۆوی ئەویش نییە. هاوسەری هەندگری، شێوەیەکە لە سیستەمی فرە مێردی کە لەنێو عەرەبدا هەبوو، هەتا ئێستاش لە حاڵەتی هەندێ نەزۆرکدا هەیە تا منداڵیان ببێت(٧٢).

کە منداڵ بووم زۆرجاران دەمبینی ئافرەتە نەزۆرکەکان دەچنە لای شێخی لادێ، بۆ ئەوەی پەردەیان بەسەردا بدات و منداڵیان ببێت، دواتر زانیم ئەو پۆشاکە کە هەندێ جار پارچە

خورییەكە ئافرەت دەیخاتە نێو ئەندامی مێینەی، بە پرسیارکردن زانیم هەندێ لەو شێخانە پارچە خورییەکەی بە تۆوی خۆی دەکرد و لە نێو زێی ئافرەتەکەیان دادەنا. هەندێ جار لەبەر تاریکی ژوورەکە ئافرەتەکە نەیدەزانی شێخ چی دەکات، هەتا ئەگەر لەگەڵیشی جووت با ئەو دەیویست هەرچۆنێك بێت منداڵی ببێت، با لە شێخیش بێت. هەندێ لە شێخەکان ئەو کارەیان بۆ چارەکردنی نەزۆرکی(٧٣)، یان بۆ تێرکردنی ئارەزووی خۆیان دەکرد، یان بۆ هەردووکیان. بێگومان هاوسەری هەندگری، لای عەرەب و پارچە خوری پێشوو جۆرێکن لە پیتاندنی ناڕاستەوخۆ کە وەك بیرۆکەی ئێستا وان، واتە وەك پیتاندنی دەسکرد وایە، لە بری ئەوەی لە لولەیەکی پاککراودا تۆوەکە هەڵگرن، لە نێو پارچە خورییەك هەڵیدەگرن. رۆژئاوا زۆر لە بارەی پیتاندنی دەستکرد بانگەشەی دەکرد و بە تازەترین کاری بۆری سیکسۆلۆژی دادەنا، یان ئازادی کەچی پیاوانی عەرەبی جاهیلی ئەو بیرۆکەیەیان دەزانی و لە هاوسەریی هەندگری پەیڕەویان دەکرد، یان باوك وازی لە خۆخوازیارییەکەی دەهێنا و رازی دەبوو ژنەکەی لە تۆوی پیاوێکی دیکە سکپڕ بکرێت و منداڵەکە دەدرا پاڵ مێردە رەواکەی، ئەویتر تەنیا رۆڵی پیتاندنی هەبوو Fertiliser ئەوەشیان رێکە لەگەڵ بیرۆکەی (لیستروود lester ward) سەبارەت بەوەی کە، نێرینەی مرۆڤ لە سەرەتای مرۆڤایەتی تەنیا ئەرکی پیتاندنی مێینە بووە.(٧٤) ئەوەشیان لەگەڵ نیگارەکانی ئەشکەوتەکانی ئیسپانیا Cogul یەك دەگرێتەوە، کە تیایدا نیگاری ئافرەت بە تەواوی کێشراوە و پیاویش لە شێوەی ئەندامی زاوزێ.

عەرەب پێش ئیسلام جۆرێکی دیکەیان لە هاوسەری هەبوو بەناوی هاوسەری (متعە- خۆشی) کە جۆرێکە لە هاوسەری کاتی، تەنیا بۆ خۆشی کاری سێکسییە، پیاوەکە بۆ سێ رۆژ، یان کەمتر بەرامبەر بڕە پارەیەك بە پێی رێککەوتن لەگەڵ ئافرەتەکە دەبنە هاوسەر و بۆ ماوەیەك سنوری دیاری کراوە. پیاو ناچار نییە ئەو منداڵەی لەم بارەیەدا پەیدا دەبێت بیداتە پاڵ خۆی. ئافرەت لەو حاڵەتەدا منداڵەکەی دەدایە پاڵ خۆی.

هەروەها جۆرە هاوسەرییەکی دیکە هەبوو، هاوسەری (پێبەخشی) تیایدا ژنەکە بە پیاوی دەگوت "خۆم پێتبەخشی" دەیهێنێت بێ ئەوەی هیچ مافێکی هاوسەری هەبێت، پیاوەکە ناچار نییە منداڵەکان بداتە پاڵ خۆی، بەڵام ئافرەتەکە مافی ئەوەی هەبوو منداڵەکان بداتە پاڵ خۆی وەك پاشماوەی دایکسالاری.

ئیسلام دژی ئەم دوو جۆرە هاوسەرییە وەستا.

کۆمەڵگەی عەرەبی وەك کۆمەڵگەکانی دیکەی مرۆڤایەتی، بەرە بەرە لە سیستەمی دایکسالاری بەرەو سیستەمی باوکسالاری دەچوو، بە زێدەبوونی دەستەڵاتی پیاو و گلدانەوەی چالاکییە ئابورییەکان و سنوردار کردنی ڕۆڵی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ، یان کاروباری بەرهەمهێنان، بە یارمەتی ئایینی ئیسلامی بۆ سیستەمی باوکسالاری.

ئافرەتی عەرەبی لە باریی خۆی لەناکاو لە دەست نەدەدا، بەڵکو بۆ پاراستنی مافەکانی بەرهەڵستی دەکرد. هەندێ جار ئافرەت سەردەکەوت و هەندێ جار دەیدۆڕاند، تا بە یەکجاری کەوتە ژێر دەسەڵاتی سیستەمی باوکسالاری. ئافرەتی عەرەبی لە سەردەمانی بەرایی ئیسلام، مافی هەڵبژاردنی هاوسەری هەبوو، بەڵکو خۆی دەچوو دەیخواست. مێژووی عەرەبی لەو ژنانەی "لیلی بنت حطیم" چووە لای محەمەد کە پێغەمبەری موسڵمانان بوو و پێی وت: بمهێنە. محەمەدیش گوتی: ئەوا تۆم هێنا. بەڵام کە گەڕاوە ناو خزمانی پێیان وت شتێکی خراپت کرد، تۆ بە ئیرەیی و خۆناگری لە ناو هەوێکانت و خودا ڕێیداوە پێغەمبەر بە هەوەسی خۆی چەندە ژن بێنێت بە هەوەسی خۆیەتی. لەیلا گەڕاوە لای پێغەمبەر و پێی وت: من ژنێکم زمان درێژ و خۆناگرم لەگەڵ هەوێیان، ڕەهام کە گوتی: ڕەهامکردی.(٧٥).

نازانم چەند لە ژنانی عەرەبی ئەمڕۆ دەتوانێت ئەوەی (ليلي بنت الحطيم) پێش سێزدە سەدە کردی بیکات؟! نازانم کێ لە پیاوانی عەرەب، یان ئەمڕۆ ئازادی هەڵبژاردن، یان ئازادی ڕەتکردنەوە دەداتە ئافرەت وەك محەمەد پێغەمبەری موسڵمانان کردی. ئەگەر ژیانی (محەمەد) نموونەی باڵای پیاوانی موسڵمان بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە چاو لەو نموونە بەرزە ناکەن لە ئازادی دانە ئافرەتن یان ئەوان لە ڕێچکەی پێغەمبەری ئیسلام لایان داوە، کە ملکەچی و گوێڕایەڵیان سەپاندۆتە سەر ئافرەت بە ناوی ماڵی گوێڕایەڵی "بيت الطاعة".

چەندان ئافرەتی عەرەبی، بە ناوی گوێڕایەڵی پۆلیس بە زۆری ڕاپێچی ماڵی مێردەکانیان کردوون، بەڵکو دەیتوانی وازی لێ بێنێت گەر هەڵەی کرد، یان لێی تووڕە بێت و سەر جێی نەکات، هەر چ پایەیەکی هەبێت هەتا ئەگەر پێغەمبەریش بێت.

وەك لەم چیرۆکەی عومەری کوڕی خەتاب دەیگێڕێتەوە دەردەکەوێت، عومەر گوتی: ئێمەی قوڕەیشیان زاڵبووین بەسەر ژنەکانمان، کە هاتینە لای ئەنسارەکان، هەندێکیان ژنەکانیان بەسەریاندا زاڵن، ژنانی ئێمەش لە ئەدەبی ئەنساران فێربوون، جارێکیان بەسەر ژنەکەم هاوار کرد ڕەتی دامەوە، لێی ناڕازی بووم چۆن وەڵامم دەداتەوە، گوتی: بۆ ناڕازیت منیش هاوار بکەم،

بەخوای خێزانەکانی پێغەمبەر (د.خ) وەڵامی دەدەنەوە و هاواری بەسەردا دەکەن و هەیانە رۆژ هەتا شەو پشتی تێدەکات. ئەوەم لا زۆر گران بوو گوتم: ئەوەی وا بکات لە دۆڕاندایە. جل و بەگەکەم لەبەرکرد و چوومە لای حەفسەی کچی عومەر پێم وت: ئایا کەس لە ئێوە لە بەرامبەر پێغەمبەری خودا خۆی تورە دەکات و هاواری بەسەردا دەکات و هەتا شەو پشتی تێدەکات گوتی: بەڵێ. وتم: دۆڕاو شکستیت نواند. چۆن لەوە دڵنیا بوون کە خودا بۆ تورەبوونی پێغەمبەر خودا تورشە نابێت و لە ناو بچن، هیچ شتێك بە زۆر مەزانە بۆ پێغەمبەری و لە هیچ شتێك وەڵامی مەدەوە و پشتی تێمەکەن لەناو جێی رامەکە(٧٦).

بێگومان زۆرینەی پیاوەکانی عەرەب لە زاڵبوون بەسەر ئافرەتدا. لەسەر رێچکەی عومەری کوڕی خەتاب رۆیشتوون، لە ئاخاوتنی عومەردا دەردەکەوێت شانازی بەوە دەکرد، کە لە هۆزێکە زاڵن بەسەر ئافرەتان و پێی شەرمە بۆ پیاوانی دیکەی عەرەب کە ئافرەتەکانین بەسریاندا زاڵن. ئەو مافە بەخۆی دەدات بەسەریدا هاوار بکات، بەڵام ئەو مافە بەو نادات، بەڵکو خۆی دەکاتە بەرپرسی و پارێزەری مافی پیاو، لەوەی ژن بەسەریدا هاوار نەکات و خێزانی محەمەد رادەسپێرێت کەوا نەکات، بەڵکو هەڕەشەی لێدەکات گەر وا بکات خودا توشی نەهامەتی دەکات. ئەوە باشتر بوو کە مێردەکەی خۆی وا بکات، کە لە عومەری کوڕی خەتاب بەرزتر بوو پێغەمبەر و یاسادانەر بوو.

بەڵام (محەمەد) (د.خ) ئەو مافەی دەدایە خێزانەکەی، ئەگەر هەڵەی کرد راستی بکاتەوە، هەتا ئەگەر پێغەمبەر خۆشی بێت.

لێرە ئەوە رون دەبێتەوە، کەوا چۆن عومەری کوڕی خەتاب و هاوشانەکان، لە پیاوانی عەرەب ئەوانەی رێچکە باوکسالاری و زاڵبوونیان هەبوون جێ پەنجەیان لەسەر ئەو بڕیارانە هەیە، کە دەبێ پێبندرێنە سەر ئافرەتانی عەرەب بە ناوی ئیسلام، کەچی لە ئیسلامدا نین، وەك محەمەد ویستویەتی و پەیڕەوەی کردووە.

ئافرەتی عەرەبی بەهەڵستی ئەم گوشارەی کە هەندێ پیاوانی عەرەب دەیانسەپاند، وەك عومەری کوڕی خەتاب. ئافرەتی عەرەب لە بەرهەڵستی شەرمانە دەکرد هەتا لە ناسکترین بابەت کە چێژی سێکسییە. ئەم چیرۆکە لە بارەی (أم سلمە) خێزانی پێغەمبەر محەمەد (د.خ)، ئەوەمان پێشان دەدات چۆن ئافرەت هەندێ جار ئەوەندە بوێر بووە و لە بار بووە لە ژیانی سێکسیدا، ئەم چیرۆکە عومەری کوڕی خەتاب گێڕایەوە، دەڵێت چوومە لای (پێغەمبەری خوا) (د.خ) دەستی خستبووە سەر رومەتی و خەمبار بوون پێم وت ئەی پێغەمبەری خودا لە منت

نەكەوێت خەڵك وات ببینن چی دەڵێت؟ گوتی: ئەوانە شت گەلێكم لێ داوا دەكەن نیمە (واتە ژنەكانی)، هەر لەبەرئەوەشە خەمبارم.

ئەی پێغەمبەری خودا كە جەمیلەی كچی سایت داوای شتێكی لێكردم و نەمبوو، زللەیەكم لێی دا رویم بە خاكەوە نوساند، تۆش ئەی پێغەمبەر خودا بەڵێنی پێداویت و لە دوای دژواری خۆشی دێنێت.(٧٧) عومەری كوڕی خەتاب لەلای پێغەمبەر دەچێتە دەرەوە و دەچێتە لای ئەبی بەكری سدیق، دواتر هەردووكیان دچنە لای ژنانی پێغەمبەر، عائیشە و حەفسە و ئوم سەلمە. بەلآم ئوم سەلمە رازی نابێت كە خۆیان تێكەڵ بكەن و پێیان دەڵێت: "ئێوە چین، پێغەمبەری خودا خۆی لێرەیە، لە ئێوە باشتر شارەزای ئێمەیە، ئەگەر ویستی نەهیمان لێبكات دەیكات، ئێمە داواتان لێناكەین لە نێوانماندابن، پرس بە كێ بكەین ئەگەر بە پێغەمبەری خوا نەبێت، ئایا كەس دەكەوێتە نێوان ئێوە و خێزانەكانتان "لە لای وی دەرچوون، ژنەكانی پێغەمبەر گوتیان ئەی ئوم سەلمە خودا جەزای خێرت بداتەوە كەوات كرد، ئێمە نەماندەتوانی دژیان بوەستین(٧٨).

(ئوم سەلمە) ئەوەندە لەبار و بەڕێز پارێزگاری لە مافی خۆیی و خۆشی سێكسی و تا ئەو رادەیەی رێی نەدا پیاوانی دیكە خۆیان بخەنە نێوان ئەو و مێردەكەیی و بسەپێننە سەر مێردەكەی كە ئەركەكەی بە چاكی ئەنجام بدات. هەتا ئەگەر هەڵوێستەكەی بگاتە رادەی تەلآقدان لە محەمەد (پێغەمبەر) (د.خ). ئەوەتا ئەو ئافرەتەی ناوی (العاسریە)یە خێزانی محەمەد كە لەبەر ئەم هۆیە تەلآقی دا. (محەمەد) ئەو ژنەی كە بیویستبا لێی جیا بێتەوە ناچاری نەدەكرد لەلای بمێنێتەوە. "محەمەد" ئازادی مانەو لەلای، یان لێ جیابوونەوەی پێدابوون بەتایبەتی لەبارودۆخێكدا كە نەیدەتوانی پێداویستی سێكسیان دابین بكات.

تێبینی (الطبقات الكبي) بكە، دەگێڕێتەوە كەوا (محەمەد) (د.خ) چووە لای ژنەكانی لەو كاتیدا بۆ ئەوەی پێیان رابگەیەنێت ئەوان ئازادن لە هەڵبژاردنی تەلآق، یان مانەوە بێ ئەوەی خۆشایەتی دنیا و ئاڵووالآییان بۆ دابین بكات.

هەورەها لە كتێبەكەدا هاتووە: (جابر گوتی: خودا لەم بارەیەوە ئایەتی قورئانی نارد: ئەی پێغەمبەر بە خێزانەكانت بڵێ ئەگەر ژیانی دنیاتان دەوێت و جوانی و رازاوەییەكەی، وەرن با رەهاتان بكەم رەهاكردنێكی جوان، واتە تەلآقدان، ئەگەر ئێوە خودا و پێغەمبەرەكەیی و خانەی دواییتان دەوێت خودا و پێغەمبەرەكەی هەڵدەبژێرن، دوای ئەویش مێرد بە كەسی دیكە ناكەن. پێغەمبەری خودا بە عائیشە دەستی پێكرد و گوتی: خودا فەرمانی پێداوم رێگاتان بدەم بە

خۆتان هەڵبژێرن، خودا و پێغەمبەر و رۆژیی دوایی، یان جیهان و رازاوەییەکەی، بە تۆم دەست پێکردووە تۆ خۆت لایەکیان هەڵبژێرە"(٧٩).

عائیشە خودا و پێغەمبەر و رۆژی دوایی هەڵبژارد، بەهەمان شێوە ئوم سەلەش وایکرد، بەلأم (العامریە) دنیا و جوانییەکەی هەڵبژاردن، لەبەرئەوەش محەمەد گێڕایەوە و ناردیەوە ناو خێزمەکی خۆی، ئەم هەڵوێستەی (عامریە) ژمارەیەك لە پیاوان لێی ناڕازی بوون، ئافرەتێك چۆن وا بێهۆش دەبێت، کە دنیا هەڵبژێرێت و پێغەمبەر هەڵنەبژێرێت، لەو کەسانەش (ابن مناح) کە گوتی (هەموویان پێغەمبەریان هەڵژارد جگە لە (العامریە) نەبێت، هۆزی خۆی هەڵبژارد هەتا مرد هەر کەم هۆش بوو)(٨٠).

بە هەمان شێوە زۆر لە پیاوانی عەرەب، رێچکە زۆردارییەکەی عومەری کوڕی خەتابیان هەڵبژارد، لە زاڵبوون بەسەر ئافرەت و لە ئافرەت دان تا ەئو رادەیەی رومەتی ئافرەتەکەی خۆی بە زەویوە نوساندبوو، وەك عومەر بە خێزانەکەی خۆی کرد. هەروەها زۆر لە پیاوان بۆ چوونەکەی (أبن مناح)یان لە بڕیاردان بۆ مایەوە سەبارەت بە ئافرەت، کە دەیگوت ئافرەت بێ هۆش و شێتن، سۆزدار و هیستریایین، ئەگەر هاتوو داوای ئارەزووی سێکسیان کرد، یان داوای تەلأقیان کرد، یان ئەگەر پیاوەکەیان هەڵەی کرد داوای پەشیمانی لێبکەنەوە. پیاوان لە دیدگای عومەر کوڕی خەتاب و ئیبن مناح و کەسانی دیکە لە پیاوان، لە چاخی ئەوان و لە چاخی ئێمەشدا وا دەزانن لە هەڵە بەدەرن تەنیا لەبەرئەوەی پیاون، هەر پیاو خاوەن هۆش و داناییە، مافی ئەوەی هەیە قسەی لەسەر ئافرەتەکەی بڕوات، ئافرەتانی کەم هۆش بە پێی شەرع و یاسا پێویستە لە سەریان گوێ رایەڵ و ملکەج بن، بەلأم محەمەد کە یەکەم کەسە شەرعی داناوە لەو پیاوانە نەبوو، ئەوەشیان خاڵێکی گرنگە پێویستە هەموو ئەو کەسانەی مێژووی عەرەبی ئیسلامی، کە توێژینەوەی لەسەر دەکەن بەرچاوی بخەن، لەبەرەئەوەی ئەو هەڵە گەورەیە پێشان دەدات، کە خەلیفەکانی محەمەد سەبارەت بە مافی ئافرەت، هەروەها چۆن ئەو هەڵە و گوناهە بوو بە بڕیار و یاسایی شەرعی، کەوا ئافرەتانی میسری و عەرەبی ئەمڕۆکەی پێ دەدەنە دادگا. ئەو یاسایەی کەوا دەسەپێنێتە سەر ئافرەت بە زۆر بە شوو بدرێت و لە چەندان ئازادی بێ بەش کردووە، کە لە ژیانی محەمەدا هەیبووە، محەمەد پێغەمبەری موسڵمانان بۆ لەوەش دواتر چوو کە دانان ببێت لە ئازادی هاوسەرگرتن، بەڵکو لە هەندێ ئاخاوتنی دا بۆ پیاوەکانی شیکردۆتەوە کەوا دەستگەمەی سێکسی بۆ رازیکردنی ئافرەت گرنگی خۆی هەیە. پیاوی پەك

کەوتە ئەوەی، کەوا تەنیا پێداویستییەکانی بۆ سێکسی پڕ دەکاتەوە نەك پێداویستی ئافرەت تێر بکات.

غەزالی دەگێڕێتەوە، کە محەمەد دەڵێ یەکێك لە سیفەتەکانی پەککەوتەیی ئەوەیە (پیاو لە کەنیزەکەی، یان لە خێزانەکەی نزیك بێتەوە و لەگەڵی جوت بێت، پێش ئەوەی ئاخافتن و دەستگەمەی لەگەڵدا بکات و سەرجێی لەگەڵ بکات و خۆی لێ تێر بکات، پێش ئەوەی پێداویستی ئەو تێر بێت)(٨١).

بەم شێوەیە دەبینین محەمەد (د.خ) لە زۆر لە پیاوانی چاخی ئەمڕۆمانی بردۆتەوە، لە تێگەیشتن لە کار و باری سێکسی (هەمان کات توانای دانانی هەبوو بە شتگەلێك، کەوا زۆر لە پیاوە رۆشنبیرەکانی عەرەب دانیان پێدا نەناوە، یان شەرم دەکەن دانی پێبنێن، لەوانەش دەستگەمەی سێکسی. ئینجا غەزالی ئەم فەرموودەیە لە پێغەمبەر دەگێڕێتەوە(٨٢). پێغەمبەر دوا و گوتی: "کەس لە ئێمە وەك ئاژەڵ نەکەوێتە سەر خێزانەکەی با پەیامێکتان لە نێواندا هەبێ، لێیان پرسی، پەیامەکە چییە ئەی پێغەمبەری خودا؟ گوتی: ماچ و ئاخاوتنە، غەزالی و فەیلەسوفەکانی دیکەی عەرەب، لە کتێبەکانیاندا فەرموودەکانی پێغەمبەریان راڤە کردووە، لێشیان زیاد کردووە. تا ئەو رادەیەی لە فەلسەفەی ئیسلامیدا ئەوە چەسپاوە، کەوا تێرکردنی پێداویستییە سێکسییەکانی ئافرەت و پیاو زۆر گرنگە.

لێرەدا جیاوازی نێوان روکاری فەلسەفەی ئیسلامی بۆ سێکسی و نێوان فەلسەفەکانی تری رۆژئاوایی دەردەکەوێت، کە لە بۆچوونەکانیاندا پشتیان بە بنەمای گوناە زانینی سێکسی بەستووە، لەگەڵ ئینکارکردنی چێژی سێکسی بەتایبەت چێژی بینینی ئافرەت، کەسایەتی محەمەد پێغەمبەر (د.خ) و فەرموودەکانی سەرچاوەی بنەڕەتی ئەو فەلسەفەیەن، لەگەڵ ئەوەی محەمەد (د.خ) لەبەر پێغەمبەرایەتییەکەیی و سەرۆکایەتییەکەی وەك سەرکردەی نەتەوە و دەوڵەت دەیتوانی خۆی گران بکات، یان بایەخ بەکار و باری ئافرەت نەدات، تەواو دڵنیا بوو، ئەوەندە بڕوای بە خۆی هەبوو سەبارەت بە خۆی دەیگوت منیش مرۆڤم و بۆنی خۆشی ئافرەتم خۆش دەوێت" بەڵکو خۆشەویستی خۆی بە شێوەیەکی سروشتی بۆ ئافرەت دەردەبڕی.

عومەر کوڕی عاس لێی پرسی: کێ خۆشەویسترین کەسە لای تۆ؟ پێغەمبەر پێی گوت: عائیشە.

عومەر کوڕی عاس گوتی: مەبەستم لە پیاوەکان.

محەمەد گوتی: باوکی(٨٣).

یەکێك لەو هزرە گرنگانەی زانینە ئیسلامییەکان بەسەر زانستە ڕۆژئاواییەکاندا لە پێشتر بوو، سەبارەت بە سێکس ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت: تێر بوونی سێکسی یارمەتی کارکردن و خۆتەرخانکردن بۆ کاروباری جیهان و ئایین دەدات، نەك خەفەکردنی سێکسی. غەزالی دەڵێت: هۆش گرنگترین نیعمەتە، کە خودا بە مرۆڤی دابێت، خودا هۆشی بە مرۆڤ داوە بۆ زانینی ژیان و زانستەکان و زەوی و خەڵك و خودا. زانینی لە پێشتریش چاکترین شێوەکانی پەرستنە لای موسڵمانە ئیماندارەکان، بۆ ئەوەی هۆشی تەرخان بێت بۆ زانینی، پێویستە وزەی سێکسی ڕەها بکات و تێری بکات، تاوەکو ژیان دانەگرێت و هزر خەریك نەکات دوور لە زانینی پەرستنی خودا. غەزالی دیسان دەڵێت لە سودەکانی تێربوونی سێکسی: (دەروون هێمن دەکات، بە دانیشتن و ڕوانینی و دەستگەمە ئاودەی دەکات، دڵ پشوو دەدات و بەهێز دەبێت بۆ پەرستنی دەروون کلۆڵ دەبێت، دەشێ لە ڕاستی جیاواز بێت. لەبەرئەوەی جیایە لەگەڵ سروشتەکەی، ئەگەر هاتوو ناچار کرا بەردەوام بێت لەسەر شتێك جیاواز بێت، لەگەڵ سروشتەکەی یاخی دەبێت و دەپەڕێت، ئەگەر هاتوو لە چێژ وەرگرتن پشووی پێدرا لە هەندێك کاتدا بەهێز و چالاك دەبێت، خۆشی ئافرەتیش پشوو دانێکە شەکەتی لا دەبات و دڵ ئاسودە دەکات)(٨٤).

غەزالی لێرەدا لەگەڵ بار و هزرە نوێیەکانی دەروونزانی ڕێك دەکەوێت کە دەڵێت: تێربوونی سێکسی پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی هزری ڕۆشنبیری و داهێنان، لەوەشدا لە پێشترە لە فرۆید و هاوڕێیەکانی ئەوانەی بۆ ئەوە چوون (کەوا باڵاگری)، یان خەفەکردنی سێکسی پێویستە بۆ پێشکەوتنی ڕۆشنبیری، یان بنیاتنانی شارستانییەت.

هزرە نوێیەکانی دەرونزانی ئەو شتەیان ڕەتکردۆتەوە، کە وزەی سێکسی نابێتە کاری بەرهەمهێنەر، یان کاری ڕۆشنبیری، یان هزری داهێنەر، بەڵام لە ڕەگوتی سروشتی خۆی لا دەدات بۆ ئەوەی چەندان شێوەی لادانی سێکسی و دەردە دەمار و گیروگرفتی دەروونی وەربگرێت، بێگومان داننانی محەمەد فەلسەفەی ئیسلامی بە مافی ئافرەت لە ژیان و سێکسدا، ئاکامێکی پایەبەرزی ئافرەتی عەرەبی بوو لەو کاتیدا، هەروەها هاوبەشی کردنی بڕیاری ئافرەت بوو لە بوارەکانی ژیان، لە دەرەوەی ماڵ و لە ناو ماڵدا. کە بووە هۆی دەرکەوتنی چەندان کەسایەتی ئافرەتی بەهێز.

خۆزیا ئافرەتە عەرەبییەکانی فەلسەفەی ئیسلامی، لە سەرچاوە ڕاستەقینەکە ژیانی ئافرەتانی عەرەبی و ژیانی ژنانی پێغەمبەر دەخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بزانێ فەلسەفەی ئیسلامی پشتی بەهێز ئافرەت و لەباربوونی ئافرەت بەستووەن لەبەرئەوەی ئافرەت لەو کاتیدا ئازا و لەبارتر

بوو لەوەی ئەمڕۆ کە هەیە. ئەم نالەبارییەی کە بەسەریاندا سەپاوە لە ئافرەتی عەرەبدا بنجی نییە. ئەم گوێڕایەڵییەو ملکەچیبوونە بۆ هاوسەرەکانیان هیچ چاکەیەکی ئایینی، یان ئاکاری نییە، ئەم شەرمە، یان ترسە لە دانان بە مافەکانیان سیفەتێکی نوێیە رەگ و ریشەی نییە. با ئافرەتی عەرەبی نوێ ئەوانەی رۆشنبیری رۆژئاوایی و ئەدەبی فکتوری وشك کاری تێکردوون، سەبارەت بەو ئافرەتانە بخوێننەوە کە هیچ شەرم دای نەگرتن لە دانان لە ماف خۆیان، لە سێکس و خۆشایەتی سێکسی. با ئەو ئافرەتە عەرەبییە لاساییکەرەوە لە مێینەیی نالەبار و بێ هێز بۆ ئەو قالبەی کە فرۆید دایناوە بۆ مێینەکەی. با سەبارەت بە لە باری ئەکتیڤبوون و بەهێزی ئەو ئافرەتە عەرەبانە بخوێننەوە، کە چەند بە توانا بوون لە رەتکردنەوە و ناڕەزایی دەربڕین، ئەگەر هاتوو هەستیان کرد دژی شکۆمەندی ئەوانە، ئایا ئافرەتی عەرەبی نوێ گوێبیستی باسی (زەینەب کچی جەحشی) یەکێك لە ژنانی محەمەد کە لە مێردەکەی توڕە بوو، ئەو دیارییەی کە بۆی هێنا بوو رەتی کردەوە، لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەریش بوو، هەتا لەو کاتەی دیارییەی کردە سێ ئەوەندە دیسان هەر رەتی کردەوە؟! لە عائیشە دەگێڕنەوە گوتی: (پێغەمبەری خودا قوربانییەکی سەربڕی و دابەشی کرد لە نێوان ژنەکانی، بەشی زەینەب کچی جەحش نارد ئەو رەتی کردەوە، پێغەمبەر گوتی: سێ ئەوەندەی بدەنێ. دیسان رەتی کردەوە. پێم گوت روشکێنی کردین کە دیارییەکەی بۆ گەڕاندینەوە)(٨٥).

بەڵام عائیشە ژنی پێغەمبەر، کەس نییە نەزانێت ئەم ژنە چەند کەسایەتییەکی بەهێز بوو. خاوەن بەڵگە و جوانگۆیی و زیرەك بوو، ئەگەر ێردەکەی هەڵەی بەرامبەر کردبا دەیتوانی لەڕووی وەستابا (هرچەندە پێغەمبەریشە) ئەگەر هاتوو هەڵەیەکی بەرامبەر کردبا، تا ئەو رادەیەی (حەفصە) دەیویست وەك عائیشە ئەو مافەی هەبێت و وەك عائیشە وەڵامی مێردەکەی محەمەد بداتەوە، بەڵام یەکێك لە یارانی پێغەمبەر ناڕەزایی دەربڕی و گوتی: دەشێ بتەوێت وەك عائیشە بکەیت.(٨٦) عائیشە نەك هەر داوای هەڵە راستکردنەوەی لە مێردەکەی دەکرد، بەڵکو لە پیاوەکانی دیکەشن هزر و بیرەکانی ئازایانە دەردەبڕی، بە ئازایی و هۆشمەندی و تێگەیشتنی تا ئەو رادەیەی محەمەد کە لە نێو پیاواندا دانیشتبوو پێی گوت، لەوکاتەی ئاماژەی بۆ عائیشە دەکرد نیوەی ئاینتان لەو سۆرکەڵەیە وەرگرن (٨٧).

عائیشە لە جەنگ و کوشتاری موسڵمانان هاوبەشی کرد، چالاکی زۆری هەبوو لە سیاسەت و رۆشنبیری و ئەدەب، تا ئەو رادەیەی (فقەزانی) موسڵمانان عروە کوڕی زوبێر دەڵێت: "کەسم نەبینیوە زاناتر لە عائیشە لە فقە و پزیشکی و شیعر"(٨٨).

کە محەمەد مردن ئینجا تەمەنی عائیشە گەیشتە ١٨ ساڵ.

عائیشە لە بارەی هەموو شتێك توانای گفتوگۆی لەگەڵ محەمەدا هەبوو، عائیشە نارەزایی دەردەبڕی و لێی تورە دەبوو، کە ژنێکی دیکەی بەسەر دەهێنا لێی یاخی دەبوو، هەندێ جار ژنەکانی دیکەی هان دەدا لێی یاخی بن، بەسەرهاتی (هەنگوین)(٨٩). جۆرێك بوو لەو پیلانگێڕانەی عائیشە، بوێری گەیشتە ئەو پلەیەی لە گفتوگۆکردن سەبارەت بە ئایەتەکانی قورئان گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرد، بەتایبەتی لەو ئایەتانەی کە خودا رێی دا محەمەد (د.خ) بە ویستی خۆیەتی هەر ژنێك بێنێت، عائیشە نارەزایی دەربڕی و گوتی: تۆ چیت بوێ خودا بە خێرایی بۆت جێبەجێ دەکات. (لە محەمەدی کوڕی عەمر کوڕی عەلی ئەبی تالیب) دەگێڕنەوە کە گوتویەتی: پێغەمبەر نەمرد، تاوەکو خودا رێی پێدا چەندی بیەوێت ژن بێنێت کە دەفەرموێ: (ترجي من تشاء منهن). واتە کێت بوێت لە خۆتی مارە دەکەیت، لە عروە دەگێڕنەوە ئەویش لە باوکی دەگێڕێتەوە، کە عائیشە گوتویەتی: کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کێت بوێ لە خۆتی مارە بکە، عائیشە گوتی: خودا بەخێرایی ئەوەی بتەوێ جێبەجێی دەکات.(٩٠)

ئێمە نکوڵی لەو شتە ناکەین کەوا کۆمەڵگەی عەرەبیمان ئافرەتی وای تێدایە، کە لە عائیشە و هاوشێوەکانی هێز و لەباری و ئازایەتیان بۆ ماوەتەوە. لە هەمان کاتدا نکوڵی لەوەش ناکەین، کە ئافرەتی وامان هەیە لە جەمیلەی کچی سابت ژنی عومەری کوڕی خەتاب، لێدان و ملکەچییان بۆ ماوەتەوە وەك چۆن وای لێدەدات رومەتی بە زەوییوە نوساند، بەلأم زۆرینەی هەرە زۆری ئافرەتانی عەرەبی، لە رێگای بڕیاری باوکسالاری راهێنراون و ملکەچ کراون، کە حیجاب سەپاندنە سەر و خۆ لە ماڵ حەشاردان، هاوبەشی نەکردن لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

**خۆشەویستی و سێکس لای عەرەب**

لای پیاوانی عەرەب پێش ئیسلام و دواتریش وا باو بووە، ئازادییەکی فرەوانیان هەبوو لەڕووی سێکسییەوە چ لەگەڵ هاوسەرییدان یان لە رێگای فرەژنی و ئازادی تەڵاقدان، یان دەرەوەی هاوسەری لە رێگای رەهاکردنی پەیوەندییە سێکسییەکان لەگەڵ کەنیزەك و کچە بندەستەکان.

ئەم خەسڵەتە تەنیا عەرەب نەیبوون بەڵکو پیاوان لەکۆمەڵگاکانی دیکەش هەیانبوو، پیاوان هەر لە سەرەتای پەیدابوونی سیستەمی باوکسالاری و پەیدابوونی خێزاین باوکسالاری. ئەم ئازادییە سێکسییەیان بە خۆیان دا، ئازادییەکە پەیوەست بوو بە سیستەمی باوکسالاری زیاتر

لەوەی پەیوەست بێت بە جوگرافیای وڵاتێك، یان بە شوێنێ لە رۆژهەڵات، یان رۆژئاوا، یان پەیوەست بێت بە رگەزی ئەو نەتەوەیە چ عەرەب بن، یان نا عەرەب بن.

بەڵام ئەوانە لە بارەی عەرببیان نووسیوە، ئەم راستییەیان پشتگوێ خستووە، چ بە مەبەستی خۆیان، یان بە نەزانی. ئازادی سێکسی عەرەببیان وا پێشانداوە کە تاکە ئازادی سێکسییە لە جیهاندا. وەك ئەوەی ئایینی ئیسلام تاکە ئایینە رێی بەم ئازادییە دابێت، وەك ئەوەی پیاوانی عەرەب یەکەم کەسانێکن لە جیهاندا فرەژنیان تێدا بێت، یان سێکسی لە دەروەی هاوسەری دەکەن. لەگەڵ ئەوەی پیاوان لە هەموو کات و ساتێکدا هەر لەگەڵ دروستبوونی خێزانی باوکسالارین لە دەروەی هاوسەری سێکسیان بە نهێنی، یان ئاشکرا کردووە، یان هەردوو بەیەکەوە.

هەرچەندە مەسیحایەتی لە هەموو ئایینەکان زیاتر سنوری بۆ ئازادی سێکسی داناوە، تا ئەو رادەیەی پاکیزەتی نەك هەر بەسەر مەسیح و دایکی سەپاوە، بەڵام لە ماوەیەك لە ماوەکاندا لەسەر هەندێ پیاوانی کلێسە سەپێندراوە. لەگەڵ ئەوەشدا مێژوو گەواهیدەرە، کەوا پیاوانی کلێسە لەم ماوەیەدا بە نهێنی سێکسیان دەرکرد. لەو ماوەیەدا لەشفرۆشی زۆر تەشەنەی کرد. "وسەر"(٩١) هەوڵی دا باری کلێسا چاك بکاتەوە، سەرنجی دا کە زۆربەی داهاتی کلێسا لەو باجانەیە کەوا لە خانەکانی لەشفرۆشی دەست دەکەوت، زۆر بەوە دڵتەنگ دەبوو کەوا ببینێت کلێسە دەست بۆ شەیتان درێژ دەکات و خواردنی لەو دەست دەکەوێت، ئەم داهاتە پیسە شەیتانییە سەرە گەورە شکۆدارە پیرۆزەکان دروست دەکات. ئەوەی زۆر ئازاری دەدا ئەوە بوو کە دەیزانی داهاتی سەرەکی سندوقی نەزر لە کلێسەکاندا لە رێگای ئەو پیاوانە بوون کە دەچوونە خانووی لەشفرۆشین پێش ئەوەی بچن بۆ رابواردن هەندێ پارەیان دەخستە سندووقەکەوە. بۆ ئەوەی خودا لێیان ببورێت بەرامبەر بەو گوناهەی بۆی دەچوون.

لەمێژوودا زانراوە کەوا لەشفرۆشی ئەو کاتە دەستی پێکرد، کە سیستەمی باوکسالاری دەستی پێکرد.(٩٢) ئەم سیستەمە هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە پەیوەست بوو بە لەشفرۆشی. لەبەرئەوەی لەشفرۆشی تاکە چارەیە بۆ سیستەمێك یەك مێرد دەسەپێنێتە سەر ژن، کەچی ئازادی سێکسی بە پیاوان دەکات لەگەڵ ژنانی دیکە بیکەن جگە لە خێزانەکەی. تاکە چارە ئەوەیە، بۆ ئەم سیستەمە دەستەیەك لە ئافرەتان هەبێت، پیاوان بە ئازادی لە دەرەوەی هاوسەری سێکسی لەگەڵدا بکەن. ئەگەرنا پیاوان ئازادیان لەگەڵ کێ جێبەجێ بکەن.

بەم شێوەیە سیستەمی باوکسالاری دەزگای لەشفرۆشی دروست کرد، وەك پێویستییەك بۆ مانەوەی لە تەك دەزگای لەشفرۆشی، دەزگای منداڵە ناڕەواکانی دامەزراند، واتە ئەو منداڵانەی لە ئاکامی جوتبوون لەگەڵ لەشفرۆشان پەیدا دەبوون.

لەشفرۆشان و منداڵە ناڕەواکان، بوونە قۆچی قوربانی ئەم سیستەمە باوکسالارییە، بۆ مانەوەی ئەم سیستەمەش، باجەکەی لە ژیان و سەرفرازیی و شکۆمەندی خۆیان بدەن. پیاوەکانی خاوەن ئەم سیستەم و دام و دەزگایانە تەنیا خۆشایەتی و چێژ و ئازادی سێکسیان پێبڕا. دەشێ پیاوانی عەرەب لەوانی دیکە راشکاوانە تر و راستگۆتر بوو بن، کە پەردەیان بەسەر ژیانی سێکسیان دانەداوە، لە زۆر لە ئەدەب و شیعر و چیرۆکە میلییەکانیان ئەوەیان دەربڕیوە. بە ناوبانگترینی ئەو چیرۆکانەش هەزار و یەك شەوەیە، (ألف ليلة و ليلة) کە هەندێ لە داگیرکەران و رۆژهەڵاتناسان وەك سەرچاوەی عەرەبی دەژمێردرێن. لە هەندێ رووداوی سێکسی ناو ئەم چیرۆکانە کلیلی کەسایەتی عەرەب دەبینین، لە هەندێ رووداوی دەگمەنی بەوە بڕیار لەسەر سروشتی مرۆڤی عەرەب دەدەن. وا باشتر بوو ژیانی عەرەب بە ژیانی پیاوانی ئەوروپا لە سەدان بەراورد بکەن،(٩٣) یان بەلای کەم لە سەدەکانی ناوەڕاست لەو کاتەی کاهینە دادوەرەکانن ئەو ئافرەتانەی بە جادو تاوانبار کرابوون، چەندان دەستەواژەی وروژێنەری سێکسیان پێدەگوتن، ئەم ئافرەتانەش (لەبەر ئەشکەنجەدان) هەر ئەوەیان بۆ دەمایەوە کەوا دان بە تاوانە سێکسییەکانیاندا بنێن، کە دادوەرەکان پێیان دەڵێن.(٩٤)

ئەم وێنەیە سەبارەت بە عەرەب تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، هیچ فیلمێکم نەبینیوە کە عەرەب وا نیشان نەدات بەدوای ئافرەتان کەوتوون و پارەیان لەبەردەم دەڕێژن، بۆ هێنانە دی ئارەزووە سێکسییەکانیان و مەیخۆری و هەوەسبازی.

هەتا ئافرەتی عەرەبیش لەم فیلمانەدا وا دەردەکەوێت(٩٥). کەوا بە لارولەنجە دیارە و سەما دەکات و بە سکی رووتەوە، بە هەمو هونەرێکی سەرنجڕاکێش هەوڵ دەدات پیاو راکێشێت، وەك گۆرانیبێژانی هەزار و یەك شەوە و شەوانی کەنیزەکەکانی هارونە رەشید لەو کاتیدا.

بێگومان ئەم وێنانە پیاو و ئافرەتانی عەرەب لە چاخی ئێستادا نانوێنێت، بەڵکو لەو باوەڕەدام ژیانی پیاو ئافرەتانی سەردەمی هارونە رەشیدیش نانوێنێت، دەشێ لە سەردەمیدا ژیانی کەرتی پادشا و کەنیزەکەکانیان بنوینێت.

ئەوانیش کەرتێکی بچوك بوون بە هیچ شێوەیەکی زۆرینەی هەرە زۆری گەلی عەرەبی، لەو سەردەمان نانوێنێت، لە هەمان کات بێدەستووری سێکسی و ناسێکسی پادشایان لە رۆژئاوا و رۆژهەلأت و باکوور و باشوور زانراوە.

کەواتە بڕیاری رەهادان لەسەر سروشتی پیاوی عەرەبی کە وای دابنێین، لە پیاوانی دیکە زیاتر کەوتۆتە دوای چێژی سێکسی بڕیاری نادروستە، تەنیا وێنەی گەلانی عەرەبی پێ دەشێوێندرێت، کە دژی وڵاتە داگیرکەرە بیانییەکان دەوەستا، هەر ئەوەش مەبەست بووە، لەوانە نییە ئەوانەی لەو باوەڕەدان گەڕان بە دوای سێکسی بە گوناهـ بزانم، بەو چاوەش تەماشای ئەو پیاو و ئافرەتانەی پێداویستیان بۆ سێکسی تێر دەکەن، بە لادەریان نازانم.

بەڵکو لەو باوەڕەدام لادان ئەو رێچکە مەسیحییە و فیکتۆرییە توندەیە، کە وایکردووە چێژی سێکسی بە گوناهـ و هەڵە بزاندرێت. ئەم رێچکەیە توند گیرا تا ئەو رادەیەی لە ماوەیەك وا دادەنا ئەو منداڵەی تازە دەبێت پیسە، تا پاك دەکرێتەوە بەو نەریتە مەسیحییە باوەی ناوی دەبەن بە باپتیزم (تەعمید) Baptism ئەو رێچکەیەی تا ئەمڕۆ بەهای توند و رەقی لەدوای خۆی جێهێشتووە، هەر لە سەرەتای رەبەنایەتی تا پاکدامەنی تا پاکیزەیی تا بە گوناهدانانی سێکسی. ئەم بەهایانە لە هەموو سەردەم و چاخێکدا تەنیا بۆ فەرمان پێکراوان بووە، نەك فەرماندەکان بۆ ئافرەتان بووە، پیاو، هەژارەکان نەك دەوڵەمەندان. ئەم بەهایانە بە کۆت و بەندەکانی لەسەر جەستە و هۆش زۆربەی هەرە زۆری گەلانی دنیا بە پیاو و ژن، ملکەچی فەرماندار و دیکتاتۆرەکان و داگیرەکەر بن. هەروەها هەر لەسەرەتاوە یاریدەی سیستەمی باوکلاساری دا چینێکی نوێ پەیدا بێت، لە ەردار و کۆیلە و دروستبوونی ئیمپراتۆرییەکان و کۆلۆنییەکان (وڵاتانی داگیرکراو)، ئەم بەها رەقانە لە تەك هۆکارگەلی دیکە یاریدەی ملکەچکردنی گەلانی داوە، چەندان جار بەکارهات و ئێستاش بەکاردێت، گەر پێویست بوو بۆ بەهەڵستی کردنی تۆرتی ئافرەتان و چینە رەنجکێشەکانی نیمچە کۆیلە لە تێکۆشانی بەردەوامیان، دژی سیستەمە دەرەبەگایەتییەکان و دواتر رژێمی سەرمایەداری، بە فرە شێوەکانییەوە و بەو داگیرکارییەی لەگەڵیدا هات لە کۆن و نوێدا.

مێژوو، پەیوەندی پتەوی نێوان ئابووری و ئایین، یان پێداویستی ئابووری و بەهای ئاکاری و سێکسی بۆ دەرخستووین. ئەم بەها سێکسیە ئاکاری و ئایینییانە لە چاخێکەوە بۆ چاخێکی دیکە دەگۆڕێت، هەروەها لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە بە پێی پێداویستیە ئابوورییەکان و ئەو پێداویستییە سیاسییانەی بە دوایدا دێن، کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان و عەرەبییەکان

جیاواز نین لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان، لەوەی کە پێداویستیە ئابوورییەکانە، کە بەها ئاکاری و سێکسییەکان ئاراستە دەکات. پێداویستیە ئابوورییەکان لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بۆ زێدەکردنی نەوە پێویستی بە ئازادییەکی سێکسی گەورە هەبوو بۆ پیاوان. زانراوە کەوا فرەژنی بۆ پیاو نەوە زیاد دەکات، بەڵام فرەمێردی بۆ ژن نەوە کەم دەکات. کۆمەڵگەی عەرەبی رووبەڕووی بەرزبوونەوەی توندی رێژەی مردن هاتبۆوە، لەبەرئەوە پێویست بوو قەرەبووی ئەوە بکاتەوە بە بەرزکردنەوەی رێژەی لەدایکبوون، هەروەها هێزی هۆزەکان لەڕووی ئابووری و کۆمەلایەتی و کوشتار پەیوەست بوو بە هێزی ژمارە، لە کۆمەڵگەیەك ئامێر و چەکی نوێی نەبوو، لەو کۆمەڵگە بیابانییە هەژارەدا منداڵ بارگرانی نەبوو، بەڵکو ئامرازی بەرهەمهێنان بوو بۆ کارکردن لە وشترەوانی و وڵسات لەوەڕاندن.

ئەم هۆزانە وەکو هۆزەکانی دیکە جەنگیان زۆر بوو، ئەم جەنگانە بە دەرکەوتنی ئیسلام زۆرتر بوون، هەوڵدانی خاوەن ئایینە کۆنەکان دژی ئایینی نوێ وەستان، جگە لە بەرگری خاوەن ئایینی نوێ لە ئایینەکەیان، دواتر سەرکەوتنی موسڵمانان و دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی و بلاوکردنەوەی ئیسلام و هەڵمەتکردنە سەر ولاتانی دیکە. هەموو ئەوانە وایانکرد پیاوانی زۆر لە عەرەب بکوژرێن و ژمارەی ئافرەتان زۆرتر بێت لە ژمارەی پیاوان، سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی ئافرەتە دیلەکان کە پیاوانی سەرکەوتوو لە جەنگەکانیان دەیانهێنانەوە.

چارەی سروشتی لای کۆمەڵگە لەو کاتیدا ئەوە بوو، کە پیاو لە ژنێك زیاتر بێنێت و لە کچ و دیلە جەنگییەکان بە پێی توانا ژن و کەنیزە و بندەست هەڵبژێرێت.

دیارە توانیا هەر پیاوێك وەك ئەوەی دی نەبوو. بەڵام لەم بارودۆخەدا پیاوانی عەرەب خۆیان بە تواناکانیان هەڵدەکێشا، لەم بوارەدا لە دڵکێشکردنی ئافرەتان و هێنانیان، یان تەنیا ئەویندارببوونیان. هەروەها ئافرەتیان هان دەدا هاوچاوی بن، لە بۆ خۆڕاکێشانی پیاو و خستنە داوی خۆشەویستی و سێکس. ئافرەتی عەرەبی مەیلی لەباربوونی هەبوو لە خۆشەویستی و سێکسی زیاتر لەو نالەبارییە نوییە، بە هۆی کەلتووری ئەمەوی لە کۆمەڵگەی دایکسالاری نزیك.

هەروەها بە هۆی ئەوەی ئایینی ئیسلام بەرەو بەگوناهدانانی سێکس نەچوون وەك مەسیحییەتی وای دانا، بەڵکو خۆشایەتی سێکسی بە رازاوەیەکی دنیا دانا و خۆشییەکی بە هەشتی دانا لە رۆژیی دوای، لە ئاکامی ئەوەشدا ئافرەتی عەربی رارا نەبوو لە دەرخستنی لە باریی سێکسی و توانستی لە پیاو خستنە نێو تۆڕەکەی. دەشێ دەیویست ئەوە دووپات کاتەوە

که دەتوانێ لاسایی دایکە حەوا بکاتەوە، لە هەڵخەڵتاندنی ئادەم و خستنە نێو (دڵکێشییە)کەی لە ئاسمانەوە بۆ زەوی.

وشەی (فتنە) (دڵکێش) لە زمانی عەرەبی واتای (سەرنجراکێشانی توند).

وشەی (ئافرەت) لای عەرەب، پەیوەست بوو بە وشەی (دڵکێش)، پتەوی لە باریی ئافرەتی عەرەبی گەیشتە رادەیەك، فەلسەفەی ئیسلامی لەسەر هێزی سێکسی ئافرەت و سەرنجکێش و دڵکێشییەکەی دامەزراوە کە بۆ ئەوە چوو، دەشێ ئاشوب بگێڕێت لە کۆمەڵگەدا و ئەو رژێمە، تێك بدات خودا رۆیناوە.

بۆ ئەوەی ئاژاوە لە کۆمەڵگە رونەدات و ژیان راستەڕێ بێت، سیستەمی کۆمەڵگە نەکەوێتە بەر هەڕەشەن پێویستە پیاو ئارەزووە سێکسییەکانی خێزانەکەی بێنێتە دی و ناموسی بپارێزێت. ناموسی ئافرەت ئەرکی پیاوە، پیاو لەسەریەتی پێداویستی سێکسی ئافرەت تێر بکات بۆ ئەوەی ئاژاوە روو نەدات و پیاو دڵنیا بێت لە چاکەگەری ئافرەت، لەوەشدا غەزالی دەڵێت: "بەڵێ دەشێ زێدە بێت، یان کەم بە پێی پێداویستی بۆ خۆپەنادان، پەنادانی ئەرکی سەر شانیەتی"(٩٦).

بەلأم ئیمام غەزالی دیسان دەڵێت: تێرکردنی پێداویستی سێکسی ئافرەت زۆر سەختە: "لەبەر دژواری داوا و دەستبەرکردنی"(٩٧) لێرەدا غەزالی نزیکە لەوەی رێك بێت لەگەڵ هەندێ لە راوبۆچونە نوێیەکان، سەبارەت بە هێزی سێکسی ئافرەت و سەختی تێرکردنیان، رێکە لەگەڵ پێزانینی سەرەتایی ئەم هێزە و ترسی لەو، هەر زۆر لە کۆنەوە و ئامادەکی بۆ گەمارۆدانی بە کۆت و زنجیران. بەڵکو رێکە لەگەڵ ئەو بیرە نوێیانەی رەخنە لەو هزرە زانستیانەش دەگرێت، کە دەڵێت ئافرەت لە سێکسدا نالەبارە و هەمیشە چاوەنواڕی پیاو دەکات، تەنیا وەلأمی ئەو دەداتەوە و خۆ دەداتە دەست و دەگاتە چێژ، بەلأم بێ فرێدان، غەزالی دەڵێت: ئافرەت وەك پیاو دەرپێژێت، بەلأم بە جۆرێکی دیکە و ئافرەت لە فرێدانی لەسەر خۆترە لە پیاو.(٩٨) دەڵێت: کە جووت بوو با خۆی دوا بخات بۆ ژنەکەی (هاوسەرەکەی) تاوەکو ئەویش تێر دەبێت، دەنا فرێدانی دوا بکەوێت و ئارەزووی هەستێت، وازهێنانی زیان پێگەیاندنیەتی، جیاوازی لە سروشتی فرێدان لای ئافرەت چێژی زیاترە". غەزالی دەڵێت کۆرپەلە لە سکی دایکیدا تەنیا لە تۆوی پیاو درسوت نابێت، بەڵکو لە یەکگرتنی ئاوی پیاو و هێلکەی ژن، ئاوی ژن یەکلاکەرەوەیە(٩٩). هەروەها دەڵێت: منداڵ تەنیا لە تۆوی پیاو درسوت نابێت، بەڵکو لە هەردوو هاوسەران بەیەکەوە، یان لە ئاوی پیاوەکە و ئاوی ژنەکە.. هەر چۆنێك بێت ئافرەت

لاینێکە لە پەیوەندییەکە، هەردوو ئاو لە ئاست (ئیجاب) لەباری و (قبول) ڕەزامەندی دایە لە بوونی بڕیار لە گرێبەندا. وەك چۆن تۆو لەە گازەرە پشت منداڵی لێپەیدا دەبێت، بە هەمان شێوە دوای هاتنە دەرەوە لە میزکێشدا (چوك) مەگەر تێکەڵ بە ئاوی ئافرەت و خوێنی بێت، ئەوەیە پێوانەی رون و ئاشکرا".

بەم جۆرە دەبینین کە فەلسەفەی ئیسلامی، چۆن پشتی بە چەندان هزری پێشکەوتوو تر لە فەلسەفەکانی پێش خۆی بەستووە و چۆن دانی ناوە بە لەباری ئافرەت، لە سێکسی و لە پرۆسەی پیتاندندا بەوەش نەك هەر بەسەر فەلسەفەی ئەرستۆ کەوت، کە بۆ ئەوە چووە (کۆرپەلە تەنیا لە تۆوی نێرینە پەیدا دەبێت تەنیا پێویستی بە بۆشاییەك هەیە ناوەکی (منداڵ) بۆ فرژاوبوون. بەڵکو بەسەر تیۆرییە بایۆلۆجی و هاڕونییەکانیشدا سەرکەوت (فرۆید و قوتابیانی) کە باس لە ئافرەت دەکەن و دەڵێن: وەلأمدانەوەیەکی نەرێی و نالەباری هەیە، بەلأم پیاو کارای لەبارە. فرۆید لە بارەی ئەم نالەبارییە دەڵێت: "تۆوی نێرە بە چالاکی دەجوڵێچت و بە دوای تۆوی مێیەدا دەگەڕێت، هێلکەی مێینە جێگیرە ناجوڵێت و بە نالەباری چاوەنوارە"(٩٩).

بەلأم ئیسلام وەك ئایینەکانی دیکەی پێش خۆی بۆ ماوەتەوە کە هزرە کۆنەکەی، کە تاوانی شەیتانییەتی داوەتە پاڵ حەوا و دواتر هەموو ئافرەتان. یەکێك لە چەندە باوەکانی عەرەب ئەم دەستەواژە بەناوبانگەیە، کە دەڵێت "پیاو و ئافرەتێك لەگەڵ یەك کۆ نابنەوە، سێیەمیان شەیتانە". بەڵکو (محەمەد) پێغەمبەر (د.خ) دڵکێش و بەهێز و سەرنجڕاکێشی ئافرەتی وا دانا کە شەیتانە، لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئافرەت کە بێت روت تێبکات، لە وێنەی شەیتانی رووت تێدەکات، ئەگەر یەکێکیتان ئافرەتێکتان بینی جێی سەرنەجی ئەوە بوو با بچێتەوە لای خێزانەکەی، ئەوەی لای ئەو هەیە لای خێزانەکەشی هەیە"(١٠٠).

غەزالی و فەیلەسوفەکانی دیکەی ئیسلام ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەریان وا لێکداوەتەوە، کە تیایدا پێغەمبەر ئاماژەی بەوە کردووە، کە سەرنجڕاکێشی ئافرەت بەرگەی ناگیرێت، خودا لە گیانی پیاوی داناوە، ئاماژە بەو چێژە دەکات کە پیاو هەستی پێدەکات، کە دەروانێتە ئافرەت و ئەو چێژەی کە هەستی پێدەکات بەرامبەر هەموو شتێکی پەیوەندار بە ئافرەت. ئافرەتیش لە هێزدا وەك شەیتان وایە بەرامبەر مرۆڤ، کە بەگەر ناگرێت. ئەم هزرە بە گشتی لە فەلسەفەی ئیسلامیدا باو بوو، ئافرەت و ئەو چێژەی هەستی پێدەکات بەرامبەر هەموو شتێکی پەیوەندار بە ئافرەت. ئافرەتیش وەك پیاو لە بەردەم ئەم دڵکیشییەدا دەستەوەستان و

نالەبارە. هزرێکی کۆنە، بەڵام لە فەلسەفە و رۆشنبیری ئیسلامیدا دەرکەوتەوە و بە فەرموودە و بڕیار پشتگیری کرا.

ئا لێرەدا ئافرەت بووە جێی مەترسی بۆ پیاو و کۆمەڵگە، بۆیە ناچار بوون لە ماڵەوە گۆشەگیری بکەن دوور لە پیاو و کۆمەڵگە، یان پیاوان لەوان بپارێزن گەر لەو بەندیخانەیە چووە دەرەوە، ئەویش بە لولدانیان و داپۆشینیان بە (عەبا و حیجاب) وەك چۆن بۆمبە ترسناکەکان دادەپۆشرێن. لە هەندێ کۆمەڵگەی عەرەبیدا داپۆشینی ئافرەت بە تەواوی گەیشتە رادەی دەرکەوتنی ئەنگوستێکی دەستی، یان پێی تا زەوی دەنایەوە لە کۆمەڵگەدا. وشەی عەرەبی (فیتنە) (دوو واتای هەیە یەکیان دڵکێشی و ئەوی دیکە ئاژەوە) لێرەدا بە واتای (دڵکێشی توندی ئافرەت) ناگەیەنێ، لێرەدا مەبەست "ئاژاوە" و شڵەژانت و پادشاگەرانییە و داڕوخانی کۆمەڵگە و سیستەمەکەیەتی. کەواتە دەتوانین بڵێین ئیسلام فەیلەسوفە موسڵمانەکانی لەبەردەم دوو راستی (لێکدژ) دانا:

١- سێکس خۆشی و رازانەوەی دنیاییە و پێویستە بۆ زاوزێ و بەهێزکردینی کۆمەڵگە.

٢- ملکەچبوون بۆ ئەم سێکسە دەبێتە هۆی ئاژاوە و شڵەژان و پشێوی لە سیستەمی کۆمەڵگەدا.

هیچ رێگاچارەیەکی دیکە لەبەردەم ئەم دوو جەمەسەرە لێکدژەدا نەبوو، جگە لە دانانی سیستەمێکی دیاریکراو بۆ سێکس کە نەگاتە ئاژاوە و زاوزێ و خۆشایەتی، لەوو سنورەدا کە خودا دایناوە رێك بخات، یەکەم شتیش ترسە لە خودا، وەك سەرکردەیەکی فەیلەسوفی موسڵمان دەریبریوە، واتە ئیمام غەزالی کە دەڵێت(١٠١): "ژنهێنان بەهۆی لابردنی گوشاری ئارەزووی سێکسی لە ئایندا گرنگە، بۆ هەموو کەسێك کە توشی پەککەوتەیی نێرەموکی نەهاتوون کە زۆرینەی خەڵکین، ئەگەر ئارەزوو زاڵ بوو هێزی خۆپارێزی بەسەریدا زاڵ نەبوو. روو لە داوێنپیسی دەکرێت، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لەمبارەیەوە لە خودا دەگێڕێتەوە کە ئاماژەیە: "گەر بیکەن دەبێتە هۆی ئاژاوە لە سەرزەوی و گەندەڵییەکی زۆر". "الا تفعلوە تکن فتنة في الارض و فساد کبیر". غەزالی دیسان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "ئەم ئارەزووە سێکسییە و تێرکردنی چ چێژ و خۆشایەتی هەیە، یەکێکە لە خۆشایەتییەکانی بەهەشت، کە خودا بەڵێنی پێداوین و بۆچوونە بەهەشت پێویستە ئەم وزەی سێکسییە وا ئاراستە بکەین، بۆ خوداپەرستن و کاری چاکە و ئایین، دیسان دەڵێن: "دە بزانە ئارەزوو پەندێکی دیکەی تێدایە نەك هەر شەکەتی، کە جێبەجێکردنی چێژێکی زۆری تێدایە و وریاکرەرەوەیە بۆ چێژەکانی بەڵێنپێدرا و لە چۆنییەتییەکەی دیار نەبێت ناشێت، ئەگەر نێرەموك ئارەزووی چێژی جوتبوون و منداڵ

به دوای چێژی پادشایەتی و دەسەڵاتدا گەڕا، بەڵێندان بەو شتانە لە جێی خۆی نییە. یەکێك لە سودەکانی چێژی دنیا ئارەزووی بەردەوامیەتی لە بەهەشتدا وەك هاندەرێك بۆ پەرستنی خودا"(١٠٢) ئەم چێژەی کورتە و پەیوەستە بە خێرا رەتبوون و بزوێنی ئارەزووی چێژی تەواو و بەردەوامە، هاندەرە بۆ پەرستنی بەردەوام بەوەش بەندە سودمەند دەبێت لەبەر ئارەزووی ئەو شتە،(١٠٣) بە ئاسانکاری بەردەوامبوون لەسەر ئەوەی دەیگەیەنێتە خۆشی بە هەشتی".(١٠٤)

سەبارەت بە سودی هاوسەری دوای زاوزێ غەزالی دەڵێت: خۆ پەنادان لە شەیتان و شکاندنی ئارەزوو، لابردنی مەترسییەکان و چاوپۆشی و دامەن پارێزی ئاماژەی فەرموودەی پێغەمبەرێتی (د.خ) لەم بارەیەوە "ئەوەی هاوسەری گرت نیوەی دینی خۆی پاراست، با لە نیەکەی دیکە لە خۆ بترسێت".

فەلسەفەی ئیسلامی دان بە هێزی ئارەزووی سێکسی دەنێت لای ئافرەت و پیاو، فەیاز کوڕی نەجیح لەم بارەیەوە دەڵێت: گەر چوکی پیاو رەپ بوو دوو لە سێی هۆشی نامێنێت، هەندێکیان دەڵێن سێیەکی دینی نامێنێت. لە سەیر و سەمەرەکانی راڤەکردنی قورئاندا هاتووە لە ئیبن عەباس (ر.خ) لە پێغەمبەر (د.خ) دەگێڕنەوە "لە خۆونکارێك گەر دەرکەوت" دەڵێ مەبەست کێر رەپبوونە، ئەوەش نەهامەتییە، گەر وروژا نەهۆش و نە دین ناهێڵێت.(١٠٥) ئەوەیان لە ئامێری شەیتان بەهێزترە بۆ مرۆڤ، پێغەمبەر (د.خ) ئاماژەی پێکردووە بە فەرموودە... لە کەم هۆشی و کەم دینان زاڵتر من بەسەر ئێوەی پیاوانی خاوەن عەقڵ نەبینیوە "ما رأیت من نقصات العقل و دین الغلب لژوی الالباب منکن"(١٠٦).

پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: "مەچنە لای ئەوانەی مێردیان لەوێ نییە (لا تدخلوا علی المغیبات). ئەوا شەیتان وەك خوێن لە جەستەتاندا دەگەڕێت (فان الشیطان یجری من احدکم و جری الدم..) وتمان هەتا تۆش (فلنا و منك قال و منی) گوتی: بەڵێ منیش، بەڵام خودا یاریدە دەدات و دەمپارێزێت (ولکن الله أعاننی علیه فأسلم)(١٠٧).

ئا لێرەدا دەردەکەوێت کەا عەرەب، چۆن گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد (د.خ) دەکەن و وەك مرۆڤ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن، گەر پێیان شەیتان وەك خوێن لە جەستەتان دەگەڕێت پێشی دەڵێن لە جەستەی تۆش.. محەمەد (د.خ) دان بەوەدا دەنێت، کە ئەویش وەك ئەوان وایە، جگە

لەوەی خودا یاریدەی داوە و بەسەر شەیتان اڵە و شەیتانەکە (اسلم) واتە موسڵمان بووە، واتە شەیتانی محەمەد (د.خ) موسڵمان بووە.

محەمەد (د.خ) ئەم واتایەی دووپات کردۆتەوە، کە دەڵێت: من لە ئادەم بە دوو خەسڵەت باشترم... هاوسەرەکەی یاریدەی دا لە سەرپێچیکردن، هاوسەرەکانم یارمەتیم دەدەن بۆ ملکەچی و پەرستن، شەیتانی ئەو کافر بوو، شەیتانی ممن موسڵمانە تەنیا فەرمان بە خێر دەکات.(١٠٨)

لەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن ئیسلامەتی، روانینی گوناهبارانەی بۆ حەوا بە پاشماك بۆ ماوەتەوە، کە سەرپێچی لە خودا کرد و سێکسی بە شەیتان و بە ئافرەت لە بنجدا پەیوەستکراوە. پیاو هەرچەند ئارەزوویەکی سێکسی زۆری هەیە، بەڵام گوناهکە ناکات و تەنیا بە هۆی دڵکێشی و شەیتانی و فێڵ لێکردنی ئافرەت نەبێت، لەبەرئەوە پێویستە ژن بێنێت بۆ ئەوەی لە خراپەی شەیتان و دڵکێشی و ئاژاوەی ئافرەت رزگاری بێت.

ئیسلام بانگەوازی پیاوان دەکات کە موسڵمان بن، محەمەد (د.خ) پێغەمبەری موسڵمانان دەڵێت: "هاوسەرگری رێچکەی منە ئەوەی سروشتی منی خۆش دەوێت با لەسەر رێچکەی من بڕوات". "النکاح سنتی فمن حب فطرتي فلبيستن بسنتی".(١٠٩)

هەرچەندە ئیسلام دان بە ئارەزوو و سێکسی دەنێت لەلای ئافرەت و پیاو، بەڵام کاتێك کۆت و بەندەکانی دانا تەنیا خستنیە سەر ئافرەت.

بەهێزی ئارەزووی ئەوی لە یاد کرد. ئیسلام پیاوی لە یاد نەچوو و ئارەزووی سێکسی بەهێزی هەیە و چارەی بۆ دانا، کە تێرکردنی دابین دەکات و رێی پێدا سێکسی لەگەڵ زۆران بکات و لەگەڵ هەر ژمارەیەك بێت لە ئافرەتان، لە رێگای فرەژنی و جوتبوون لەگەڵ ئافرەتی بندەستکراو و کەنیزەك و بە ئاسانی تەڵاقدان. مێژووی عەرەبە موسڵمانەکان ئەم جۆرە پیاوەی لە خۆگرتووە، کەوا هەبوو و سەدان و سەدان ژنی هێناوە...

غەزالی دەڵێت: "دەگوترێت حەسەنی کوڕی عەلی ژنی زۆری هێناوە، کە زیاتر لە سەد ژنی هێناوە... دەشێ زۆر جاران بە یەکجار چواری لە خۆی مارە دەکرد، یان چوار ژنی بە یەك جار تەڵاق دەدا، ئیدی مارەی دەکردەوە. پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی: حەسەن بە من دەچێت لە دروستکردن و لە ئاکاردا "اشبهت خلقی و خلقی".(١١٠)

محەممەد لە بارەی خۆی دەیوت، هێزی چل پیاوم پێدراوە لە جوتبوون (١١١). غەزالی دانی بەوە ناوە کە ئارەزووی پیاو بەهێز و هەندێ سروشت هەیە، ئارەزوو بەسەریدا زاڵ دەبێت بە رادەیەك یەك ئافرەت ناییارێزێت، وا چاکە کە لە یەك ژن زیاتری هەبێت تا چوار".(١٠٢)

هەندێ خۆپارێز لە یاوەران هەبوو، رۆژوی دەشکاند و جووت دەبوو پێش ئەوەی نان بخوات، یان پێش ئەوەی نوێژی رۆژئاوابوون بکات ئینجا خۆی دەشوشت و نوێژی دەکرد، ئەوەشیان بۆ دڵتەرخانکردن بۆ خواپەرستی و دەرهێنانی لووی شەیتان لە دڵدا.(١١٣)

غەزالی دیسان دەڵێت: لەبەرئەوەی ئارەزووی سێکسی بەسەر میزاجی عەربیدا، رێدراوە جووت بێت لەگەڵ کچی بندەستکراو نەوەك توشی گوناه بێت، لەگەڵ ئەوەی بە کۆیلەکردنی منداڵی تێدایە، کە جۆرە زیانێکە پێشی دەگات، کە قەدەغەیە بۆ هەر کەسێك بتوانێت ئازادێك بخوازێت، بەلاّم بە کۆیلەکردنی کورِ ئاسانترە لە تێبردنی ئایین(١١٤).

وەك ئەوەی ئایین داری لەسەر بەردی نامێنی تەنیا ئەگەر پیاو چەند ئافرەتی بوێت لەگەڵێدا جووت نەبێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی منداڵەکان. لێرەدا دەبینین فەلسەفەی ئیسلامی لەگەڵ پیاوان زۆر ئاسانکاری کردووە، بۆ تێرکردنی ئارەزووی سێکسی، هەرچەند لەسەر پێشێلکردنی مافی منالّیشی بێت بە کۆیلەکردنی منداڵ بێت، هەتا گەر لەسەر زۆرداری کردن بێت لە بێتاوانێك، هەتا گەر پێشێلکردنی مافی ئافرەتی کۆیلە بێت، بە عەرەبی (الامە) واتە ئەو ئافرەتە کۆیلەیەی مافەکانی هاوسەری نییە، منداڵەکانیش مافی منداڵی ئافرەتی ئازادیان نییە. پرسیارەکە لێرەدایە ئایا ئایین بۆ چ ئەوەندەی لەگەڵ پیاو بە ئاسانکاری جووڵاْوەتەوە، ئایا بۆ چ ئایین داوای لە پیاو نەکرد، جلەوی ئارەزووە سێکسییەکانی بگرێت و تەنیا یەك هاوسەری بەسە وەك ئافرەت، کچی یەك هاوسەری سەپاندووە بەسەر ئافرەت، هەرچەندە دانی بەوە دانا کەوا ئارەزوویەکی سێکسی توندی هەیە وەکو پیاو، یان لەویش زیاتر. ئایین بۆ چ ئاسانکاری بۆ پیاو کرد تارِادەی بەسەرگەردانی کردنی بەرژەوەندی منداڵ و خێزان ئافرەت، کەچی بەرامبەر ئافرەت توندترە تا رادەی کوشتن، ئەگەر بینرا ئافرەت دەروانێتە پیاوێك جگە لە مێردەکەی.

ئیسلام ئافرەتی کرۆدتە تاکە دامودەزگای کەسێکی تێدا بکرێت، لەنێوان پیاو و ژندا. هەر شتێك لە دەرەوەی ئەم دەزگای تاوان و گوناه و داوێنپیسییە، بەڵکو ئەو لاوە، یان ئەو پیاوەی کە کۆمەڵگە رێی پێ نەدا هاوسەر بگرێت، یان ناتوانێت کچە بندەستێك بکرِێت، کەنیزە، یان کۆیلەیەك لە بازارِی کەنیزەکان بکرِێت، ناتوانێت وزەی سێکسی خۆی بە شێوازێك دەربکات، یان

به دەستی خۆی کە بە دەستپەڕ ناسراو، یاھ خوی نهێنی. لە ئیبن عەباسیان پرسی لە بارەی دەستپەڕ گوتی: ئۆی... تف! جوتبوون لەگەڵ (ئەمە) باشترە و زینا باشترە.. ئەوەیان ئاگادار کردنەوەیە کەوا لاوی پێگەیشتوو لەنێوان سێ خراپەدایە، هەرە نزمەکەیان جوتبوونە لەگەڵ کچە کۆیلەی ناسراو بە (ئەمە) لەوە تاوانتر، دەستپەڕە و لەوەش تاوانتر زینایە.(١٥) لەگەڵ ئەم سێ خراپەیە کە جوتبوون لەگەڵ کچە کۆیلە و کۆیلەکردنی منداڵ تێیدا بە ڕەوا دانرا، دامودەزگای هاوسەری بۆ پیاوان جیا بوو لە دامودەزگای هاوسەری بۆ ئافرەتان، مافی پیاو جیابوو لە مافی ژن.

ڕاستی هەڵەیە بڵێیت، مافەکانی هاوسەر لەبەرئەوەی ئافرەت وەك مرۆڤ هیچ مافی نییە، لە سێبەری سیستەمی هاوسەری مەگەر بڵێین کۆیلە مافی هەی لە سێبەری بەندەکی و سیستەمی کۆیلایەتی. هاوسەری بۆ ئافرەت دەقاو دەق وەك بەندەیی وابوو. فەیلەسوفی موسڵمانان ئیمام غەزالی ئەەی دەربڕی کە گوتی: لە ژێر ناونیشانی مافەکانی پیاو لەسەر ژن: "قسەی بە جێ ئەوەیە هاوسەری جۆرە بەندەییەکە، بەندەی ئەوە و لەسەریەتی گوێڕایەڵی بکات بە ڕەهایی و لە هەموو شتێك داوای لێبکرێت".(١١٦)

محەمەد پێغەمبەری موسڵمانان گوتی: هەر ئافرەتێك مرد و مێردەکەی لێی ڕازییە دەچێتە بەهەشت.(١١٧) مافی ژن لە ئیسلامدا ئەمەیە، پیاوەکەی یەکسان بێت لە جوتبوون لگەڵی و لەگەڵ ژنەکانی دیکەی، وەك قورئان ئاماژەی پێدەکات ئەو دادپەروەرییەی کردنی نییە.(١١٨) هەرچەند بتانەوێت یەکسانی لە نێو ژنەکانتاندا بکەن ناتوانن (ولن تعدلوا بين النساو ولو حرصتم..). هەتا پێغەمبەر خۆی هەندێکی لە ژنەکانی زیاتر خۆش دەویست لەوانی دیکە. هەندێ لەوانەی دژی فرەژنی وەستان دەڵێت، مەرجی فرەژنی پەیوەستە بە شێتك کردەنی نییە، ئەویش مەرجی دادپەروەرییە لەبەرئەوەی پیاو، ئافرەت بکوژن، گەر لە یاسا سێکسی و ئاکارییەکانی سەپا و بەسەر ئافرەتدا دەربچێت. لە (سەیدی میسر) هەتا ئەمڕۆکەش هەواڵی وا دەبیستین کەوا باوك، یان مام کچی خۆی کشتووە، لەبەرئەوەی لە شەوی بەزاوابوون پاکیزەیی دەرنەکەوتووە، یان ئەو پیاوەی گوللە بە ژنەکەیەوە دەنێت گەر لەگەڵ پیاوێکی دیکەیدا بینی. ئیسلام هانی ژنهێنان دەدات، بەڵکو بە ئەرکێکی ئاینی داناوە، یەکێك لەو پەندە عەرەبییە باوانە دەڵێت: "هاوسەری نیوەی ئایینە". هەروەها ئیسلام فرەژنی و فرەپەیوەندی سێکسی لە دەروەی هاوسەری بە ڕەوا داناوە، لە ڕێگای جووتبوون لەگەڵ کەنیزەك و ئافرەتی یندەست و هەوەسبازان و بەهێزی سێکسی خۆیان بنازن.

هێزی سێکسی لای پیاوانی عەرەب، پەیوەست کراوە بە پیاوەتی و نێرایەتی. نەنگییە سەبارەت بە پیاو بزاندرێت کە لەڕووی سێکسی بێهێزە. کەس نەبوو بتوانێت ئافرەت نەبێت، ئا لێرەدایە نهێنی هێزە شاراوەکەی ئافرەت و هەوڵی کۆمەڵگە بۆ پاراستنی پیاو لە ئافرەت.
ئەویش لە رێگای چاوبەستەکردنی ئافرەتان و داپۆشینی رویان و داخستنی هۆشیان، بۆ ئەوەی نەزانن کێ بەهێزە و کێ بێهێزە. لەبەرئەوەشە بەهای پاکیزە زۆرترە لە بەهای شووکردوو. پاکیزە نەزانە پیاو ناناسێت و سێکس نازانێت، شووکردو شارەزای پیاو و سێکسە لە پێشدا و دەتوانێت بەهێز لە بێهێز جیا کاتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە بەهای بێوەژن، یان تەڵاقدراو کەمترە لەوانی دیکە. محەمەد (د.خ) پێغەمبەری موسڵمانان لە ژنهێناندا لەسەر ئەم رێسا باوە نەدەڕۆیی، چواردە ژنی هێناوە هەموویان شووکردوو، یان تەڵاقدراو بوو، یان بێوەژن بوون، تەنیا یەك ژنیان نەبێت ئەمیش عائیشە بوو، کە هێشتا پاکیز بوو.(١٢٩)
محەمەد (د.خ) زۆر پێشکەوتووتر و ئازادتر بوو لەو پیاوانەی، لە دوای ئەودا هاتن و لە زۆر لە پیاوانی ئەمڕۆش، ئەوانەی پاکیزە پەسند دەکەن، بەڵکو لەشەوی زاوایەتیدا بە دوای خوێنی پاکیزەگیدا دەگەڕێن. لە لادێکانی میسردا ئەو نەریتە باوە ماوە، کە بە ئەنگوست پەردەی کچێنی بووك بەربووك (دایە) دەیدڕێنن، یان (پارچەیەکی سپی) (پشگیر) دواتر پێشانی خەڵکی دەدەن، وەك بەڵگەیەکی ماددی لەسەر ئەوەی کچەکە و بنەماڵەکە بە ناموسن.
بۆمان روون بووەوە، چۆن حاڵ ئافرەتی عەرەبی لە فەلسەفە و رۆشنبیری ئیسلامیدا بەرەو لێژی چوو، نزمتر لە ئاستی حاڵەتی ئافرەت لە سەردەمی محەمەد پێغەمبەری موسڵمانان، یان لە کاکڵی ئیسلام خۆی. لە جیاکردنەوەی جیهانی پیاوان لە جیهانی ئافرەتان و بەندکردنی ئافرەتان لە نێو ماڵەوەدا، دابونەریتی ناموس و شانازی پێکردن لە کۆمەڵگە عەرەبییەکان، پەیوەست کرا بە پاکیزەگی و گلدانەوەی ئافرەتان لە نێو ماڵدا. لەو پەندە میللیە باوانەی لە کۆمەڵگەی فەلەستینی باو بوو، هەتا نیوەی سەدەی بیستەم، ئەو پەندە بوو "خێزانەکەم، بەدرێژایی تەمەنی ماڵی جێنەهێشتووە، مەگەر بە هەڵگیراوی" واتە مەگەر کە هەڵگیرابێت بۆ لە گۆڕنان(١٣٠)
لە بارەی داپیرەم دایکی دایکم بیستووە، بە درێژایی تەمەنی تەنیا دوو جار چۆتە سەر شەقام، جارێکیان کە لەماڵی باوکی چووە ماڵی شووەکەی، دووەم جاریش و دواجاریش کە شووەکەی بردراوە بۆ گۆڕستان، لەم دوجارەشدا هیچ شوێنێکی جەستەی لە کەس دیار نەبوو.(١٣١) جیاکردنەوەی دنیای پیاوان و دنیای ئافرەتان، ئەوەندە توندکرا گەیشتە رادەی ئەوەی ئەو

ئافرەتەی لە ماڵەوە بهاتبایە دەرەوە، لەلایەن پیاوانەوە توشی زیان پێگەیاندن دەهات. دەشێ بە چاوێکی سوك تەماشاکردن بێت، یان پەلاری سێکسی پووچ بێت، یان دەستی پیاوێك، یان هەرزەکارێکی بۆ درێژ دەکرێت، یان سەمتی دەگرێت، یان هەندێ جار هەرزەکاران لە کۆڵانەکاندا بەردیان تێدەگرن، یان هۆیهایان لێدەکرد، یان وشەی میللی سێکسیان پێدەوت بە ئاشکرایی جوێن بە ئەندامی سێکسی ئافرەت دەدات.

هەتا ئێستاش لە یادمە چۆن دەترسام لە هەندێ گەڕەکەکانی قاهیرە بە تەنیا بڕۆم، کە قوتابی ئامادەیی بووم (١٩٤٣- ١٩٤٨) هەندێ جار هەرزەکاران و مێردمنداڵان بەردیان تێدەگرتم و بە وشەی عەرەبی میللی جنێویان پێدەدام وەك (نەعلەت لە کوسی دایکت)، یان (کچی قەحپەی) لە کۆمەڵگەی دیکەی عەرەبیشدا، ئافرەتان تووشی زیان پێگەیاندن هاتوون لە شەقامەکاندا، تەنیا لەبەرئەوی ئەنگوشتی دەستیان دیارە." (١٣٢)

ئەم زیان گەیاندەی پیاوان بە ئافرەتان، کە هاتوونەتە دەرەوە لەو سنورەی بۆیان داناوە کە ماڵە، یان دەستدرێژی کردۆتە سەر جیهانی پیاوان بەوەی هاتۆتە دەرێ و تیایدا دەڕوات، ئەوەیان بەڵگەیە کە پیاو نەك هەر وەك بونەوەرێکی نالەبار- پەیف و بێهێز روانیویەتییە ئافرەت، وەك دەستدرێژیکارێك کە شایانی سزا بێت روانیویەتییە ئافرەت، بۆ ئەوەی خێرا بچێتە دەستووری خۆی. ئەم روانینە بۆچوونەکەی پێشووی تیایە کە ئافرەت بەهێزە، پیاو ویستی خۆی لە ئافرەت بپارێزتبە هەر شێوازێك بێت، نەك هەر لە ماڵەوە بەندی کرد، بەڵکو جیهانەکەی پڕ کرد لە چقڵ و رێگ و تۆپ و سەنگەر، هەتا ئەگەر ئافرەت یەك هەنگاوی نا بەرەو ئەم جیهانەی پیاوان بە روویدا بتەقێتەوە، هەرچەند بەرد بێت، یان جنێو بێت بە دایك و رەگەزی. بەڵام جیهانی ئافرەتان بە دیدی پیاوان شتێکە بە تەلسیم و نهێنی دەوردراوە، لێڵ و ون لێڵی جادو و شەیتانی و دێوەکان. جیهانێکە وا پێویست دەکات کە پیاو ناچار دەبێت بچێتە ناویەوە و پەنا بە خودای کە هێز و توانای هەر لەوەوەیە بچێت و هەموو ناوە مەزنەکانی خودا بڵێتەوە، پیاوی عەرەبی هەتا ئەمڕۆش لەلادێی دەچێتە ماڵێك ئافرەتی تێدا بێت دەڵێت: یا سەتار، یا لەتیف، خودایە هەر ئەتۆ پشت و پەنای یا کەریم.

ژنەکەی دوایی زیاتر خۆش دەوێت لە ئەوانی دیکە دەنا نەی دەهێنا، ئەو دادپەروەرییەی باس کراوە دادپەروەرییە لە خۆشەویستی و بێ مەیلی بۆ ئافرەتێك زیاتر لەوەی دیکە.(١٣٣)

هەندێ لە راڤەکاران دەڵێن، مەبەست لە دادپەروەری لەم دوو ئایەتەی دواییدا، چەندی پێتان خۆشە ژن بێنن دوو سێ و چوار گەر ترسان لەوەی دادپەروەر نەبن (لە دابەشین و خەرجی)

ئەوا یەك بەسە" (فانحکو ماطاب لکم من النساء مثنی و ثلاث و رباع فأن خفتم الا تعدولوا فواحدة) (ولن تستطیعوا ان تعدلوا بین النساء ولو حرصتم)(١٣٤) واتە هەرچەند بتانەوێت دادپەروەر بن لە نێو ژناندا ناتوانن. ئەوەیشیان یەك نییە لە بەدابەشین (سەرجێی)و خۆشەویستی ناوەوە.(١٣٥)

ئەو پرسیارەی لێرەشدا دەکرێت، کامیان گرنگترە بۆ ئافرەت، یان مرۆڤ ئەوەی مرۆڤییەکەی پەسەند دەگرێت و ڕێزی دەگیرێت، یان یەکسانی لەدابەشکردنی هەندێ پارە، یان دادپەروەری و یەکسانی لە خۆشەویستی و دڵ و هەڵسوکەوتی مرۆییانە، ئایای هاوسەری تەنیا ئەوەیە ژن چەند فلسێك لە مێردەکەی وەرگرێت، یان ئاڵوگۆڕی قوڵی هەست و نەستە لە نێوان ژن و پیاودا.

گەر گریمان کاری نەکردەنی روویدا و یەکسانی لە نێوان ژنەکان هاتە دی، کە دادپەروەرییە لەنێوان ژنەکاندا، ئەم مافە پێویست نییە ناوی بنرێت ماف، لەبەرئەوەی یەکەم سیفەت لە مافدا ئەوەیە، دادپەروەرانە و یەکسان بێت لەنێوان تاکەکاندا، فرەژنیش لەگەڵ جێبەجێکردنی سەرنجی دادپەروەری واتە بەشی ئافرەتەکە چارەکە پیاوێکە کەچی بەشی پیاوەکە (٤) ئافرەتە. یەکسان بوونی ئافرەتان لە زۆرداری ئەوەیان وەك یەکسان بوونی کۆیلەکانە لە سێبەری سیتەمی زۆرداریی کۆیلایەتی، ئەەشیان بە دادپەروەری دانانرێن.

وەك چۆن سیستەمی کۆیلەیەتی بۆ بەرژەوەندی و سودی سەرداری کۆیلەکان داندراوە، ئەوا سیستەمی هاوسەرگری باوکسالاری بۆ بەرژەوەندی پیاو و سودی ئەو داندراوە، دژی بەرژەوەندییەکانی ژن و منداڵەکان.

لە سودی هاوسەری بۆ پیاو ئیمام غەزالی دەڵێت: "دڵ والآکردن لە بەڕێوەبردنی ماڵ و لە ئەستۆگرتنی کاری چێشتخانە و ماڵین و ڕاخستن و پاککردنەوەی دەفرەکان و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی بژێوی مرۆڤ، گەر ئارەزووی سەرجێی نەبوایە نەیدەتوانی لە ماڵدا بە تەنیا بژی، گەر هەموو کاروبارەکانی ماڵی لە ئەستۆگرتبا، هەموو کاتەکانی لە دەست دەچوو و تەرخان نەدەبوو بۆ زانست و کار. ئافرەتی چاك ئەوەیە ماڵ چاك رابگرێت و یاریدەر بێت، بۆ پتەوکردنی ئایین شێوانی ئەم هۆکارانە بیر خەریککردنە و پشێو ببە بۆ دڵ و ژیاان وەرسکارە. لەبەرئەوە سلێمان دارانی وتوویەتی: ئافرەتی چاك دنیای نییە، ئەو بۆ رۆژی دوایی کار دەکات خەریکی ڕێکخستنی ماڵ و ئەنجامانی ئارەزووەکانە(١٣٦).

لەوەشدا وا تێدەگەین کە هاوسەر (پیاو) ناتوانێت خۆی بۆ ئایین تەرخان بکات، یان زانست مەگەر ژنێکی هەبێت تەرخان بێت بۆ کاروبارەکانی ماڵەوەیی و خزمەتکردنی و ئامادەکردنی خۆراك و شوشتنی و پاکڕاگرتنی جلوبەرگەکانی، پرسیارەکە لێرەدایە: ئەی ژنەکە...؟ ئەم ژنە چۆن خۆی بۆ ئایین و زانست تەرخان بکات، لێرەدا بۆمان رون دەبێتەوە، کەس بیری لەوە نەکردۆتەوە کە دەبوایە ژن (هاوسەر) لە بواری ئایین و زانستدا هیچ ئەرکی نەبوایە، تاکە ئەرکی ئەو لە ژیاندا گەسکدان و چێشتلێنان و شوشتنی جل و بەرگ و پاککردنەوەی قاپ، ئەو کارانەی غەزالی ناوی ناون مرۆ، خەریك کەرەکان و پشێویکاری دڵ و ژیان وەڕسکار، گەر پیاو ئەو کارانە بکات هەموو کاتی بەسەر دەچێت و ناتوانێت لەە بوارەکانی زانست و ئایین کار بکات.

لێرەدا دەبینین، چۆن هۆشی ئافرەت و خوازیارییەکانی هزری و زانستی و رۆشنبیری وەلا نراون، بۆ ئەوەی پیاو لەم بوارانەدا خۆی تەرخان بکات، پیاوان کاری ماڵەوە دەسەپێننە سەر ئافرەت، واتە ئەو کاروبارانەی خەریك بوون پێشوی و وەرسکاری تێدایە و هۆشی دەوەستێنێت و ئینجا پێی دەڵێن کەم هۆشی ئایین.. ژن هەموو ئەو کارانە بێکرێ دەکات تەنیا خواردنەکەی نەبێت. پیاو نەك هەر ئەوەندە هۆشی ئافرەت لە رێگای وەلانانی و بایەخ پێنەدانی بە زانست و زانیاری دەچەوسێنێتەوە، نەك هەر قوربانی کەسێکی دیکەی دەکات بە بێکرێ، لەگو لە تێرکردنی ئارەزووی سێکسی دەیچەوسێنێتەوە، بەرامبەر بەو خۆراکە و ئەوەندەی ئەو بیەوێت، ئەوەشیان دەخاتە دوو توێی ئەرکەکانی هاوسەر. پێویستە هاوسەر ئارەزوەکانی مێردەکەی دابین بکات لە هەر کاتێك بیەوێت، ئەگەر نەیتوانی، یان نەخۆش کەوت، یان توڕە بوو، یان رێی پێنەدا، یان خزمانی رێیان پێنەدا بۆی هەیە تەلاقی بدات و خەرجی ناکەوێت.

لە ئەرکەکانی ژن ئەوەیە، بە تەواوی گوێڕایەڵی مێردی بێت. مافی ئەوەی نییە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، یان لێی بپرسێت، یان دژی ئەو بێت. کەچی پیاو گوێ بە ژنەکەی نادات، بەڵکو وا چاکە پیاو بە گوێی ژنەکەی نەکات.

عومەری کوڕی خەتاب دەڵێت: "بە پێچەوانەی ژنان رەفتار بکەن، لە کاری پێچەوانە ویستی ئەوان بژێوی هەیە (خالفو النساء فأن في خلافهن برکة)، هەروەها وتراوە راوێژیان پێبکەن و بە پێچەوانەی رای ئەوان کار بکەن (شاورهن و خالفوهن) یان پرسی پێدەکەیی و بە گوێی ناکەی (تسأله و تخالفه). پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: "نالەبارە کۆیلەیی ژن" "نحس عبد الزوجة" حەسەنی کوڕی عەلی فەرمویەتی: "بە خودای هەر پیاوێك بە گوێی ژنەکەی کرد، ملکەچی

رایەکانی بوو لەوەی ژنەکەی دەخوازێت، خودا دەیخاتە ئاگرەوە". "والله ما أصبح رجل يطيع أمراتة فيما تهوى الاكبة اللة في النار"(١٣٧)

یەکێك لە مافەکانی ژن ئەوەیە، پیاو هەندێ پارەی بداتێ ناو نراوە (العهر) (مارەیی) کە دەیهێنێت و هەندێ پارەی دی (نەفەقە)، کە تەلاّقی دەدات و لە ژیانیدا تا لەگەڵیدا خواردن و جل و بەرگ و شوێن خوانوو دەبێت، ژن بۆی نییە چۆنیەتی ئەم خانووە دیاری بکات دەشێ هێلانیەك بێت، یان زنجێك. بە پێی توانای دارایی پیاوەکە و هیچ مەرجی مارەیی، یان نەفەقە، یان جۆری خۆراك، یان جل و بەرگ لە ئارادا نییە، هەموو ئەو شتانە بە پێی توانیا داراییان پیاو دیاری دەکات. دایك بۆی هەیە پارە (کرێ) گرێت لە بەرامبەر شیری خۆی کە داوییەتیە منداڵەکە.(١٣٨)

باوك لەسەریەتی لە ماڵی خۆی پارەی دایکەکە بدات، گەر منداڵەکە پارەی نەبوو، دایك ناچار ناکرێت شیر بە منداڵەکە بدات، بەڵکو مافی ئەوەی هەیە پارە وەرگرێت گەر داوا بکات و گەر ئافرەتێك نەبوو شیری بدات و باوکەکە رازی بوو، دەنا ئەگەر ئافرەتێکی خۆبەخشیی هەبوو باوکیش رازی بوو، دایك بۆی نییە لەسەر شیردانی رێگە لە دایك بگرێت لەوەی شیر بداتە مداڵەکە، گەر داوای پارە بکات و شتێکی دیکە بێنێت کرێی کەمتر بێت، یان بێ پارە شیر بدات (خۆبەختی بێت).

دایك بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکەی مافی پارە وەرگرتنی هەیە (واتە شیر پێدان، یان پەروەردەکردن و خزمەتکردنی) مەگەر خۆبەخشێك هەبێت بە بێ پارە لە خۆی بگرێت، کەواتە لەم حاڵەتەدا بۆی نییە داوای کرێ بکات گەر ویستی لە خۆگرتنە کە خۆی بیکات. ئەم مافە زۆر بچوکانەی مەرجداری بەدیهێنان هیچ دژوار نییە، بەڵکو ئەو مافە بە پیاو دەدات گەر دایك پارەی شیردان و بە خێوکردنی منداڵان بە بێکرێ دەسەپێنێت. زۆرینەی هەرە زۆری ژنان، بە هۆی پەروەردەی باوکسالاری توند و گەوەرەکردنی ئەرکی دایکایەتی و بە پیرۆزدانانی، ناتوانن قوربانی نەدەن بۆ منداڵەکانیان هەتا بە ژیانیان نەك تەنیا پارە چەوساندنەوەی ژن و دایك لەوەدایە، هەندێ ئەرکی گرنگ دەکات بەبێ کرێ، چێشت لێدەنێت جل دەشوات خزمەتکارە شیردەرە منداڵ بەخێوکەرە پەروەردەکارە، سەرەڕای کاری سێکسی و خۆشی گەیاندن بە مێردەکەی. هەموو ئەم کرانەش بێ کرێ، مەگەر خۆراك و جل و بەرگ واتە نزمترین کرێ کە دەشێ کرێکار دەست بکەوێت.

چەوساندنەوەی ئافرەت لەوەدایە پیاو هیچترین کرێی دەداتێن پیاوەکەشە ئەوە دیاری دەکات چی بداتێ، دەشێ چەند دینارێك بێت، دەشێ تەنیا خۆراك، یان جل و بەرگ بێت، بەلاّم شتێکە و پیاو دەیدات و سەروەری خۆی لەسەر ئافرەت بێ رەوا نیشان دەدات، پیاو بالاّترن لە ئافرەتان بەو پارەی خەرجی دەکەن. بە هۆی چەند دینارێك سەروەری پیاو سەپێندرایە سەر ئافرەت، کە دەیداتە ئافرەت و یەك پیاو سەپیچندرایە سەر ئافرەت، بۆ پاراستنی دینارەکانی پیاو لەوەی منداڵی کەسانی دیکە پاشماکی بگرن. پاراستنی پارە، یان پاشماك لە پشت ئەو یاسا توندانەدایە کە خوازیارە ژن دڵسۆز بێت بۆ مێردەکەی، بۆ ئەوەی رەچەڵەك خێڵەك نەبێ، نەك بۆ خۆشەویستی نێوان هاوسەران.

لەبەرئەوەی ئەگەر خۆشەویستی بنچینەی دڵسۆزی نێوان هاوسەران بوایە، ئەوا دەبوا ئەم دڵسۆزییە بە یەکسانی لە هەردوو هاوسەر داوا کرابایە.

بەلاّم تەنیا داوای دڵسۆزی لە پیاو بکەیت و یەك پیاوی بسەپێنیتە سەر، کەچی مێردەکەی بۆی هەیە فرە پەیوەندی هەبێ، ئەوەیان بەڵگەی ئەوەیە دڵسۆزی هاوسەری بەهایەیك ئاکاری مرۆیی نییە، بەلاّم ئامرازێکی خەفەکردنی کۆمەلاّیەتی ژنە بۆ ئەوەی رەچەڵەك تێکەڵ نەبێت. رەچەڵکێش لێرەدا تەنیا رەچەڵەکی پیاوە. نا دڵسۆزی ژن بۆ مێردەکەی یەکسەر رەچەڵەکی باوکسالاری تێدەدات و پاشماکگرێ تێکدەدات.

واتە پارە ئاکار دەسەپێنێت، کەچی لە ئایینەکان و لە ئیسلامدا وا رەچاو دەکرێت ئاکار لەسەر بنەما مرۆییەکان دامەزراوە نەك لەسەر پارە. لە قورئان وا هاتووە: "ماڵ و منداڵ لە ئێمەتان نزیك ناکاتەوە- وما اموالكم والا أولادكم بالتى تقربكم عندنا زلفى"(١٣٩)و چاکترینیان لای خودا خۆ پارێزیتانە "و ان اكرمكم عند الله اتقالكم".

لە پێشدا زانیمان چۆن کۆمەڵگە ئاگای لە سورشتی بایۆلۆژی سێکسی بەهێزی ئافرەت بوو، کە بە هێزی شەیتانی چواند، ئا لێرەوە بوو کۆمەڵگە نەیتوانی دڵسۆزی ئافرەت و داوێنپاکی بسەپێنێتە سەر، تەنیا بەوە نەبێت کە پیاوی بسەپێنێتە سەر و لە پیاوانی دیکەی دروخاتەوە، ئەو پیاوانەی لێ قەدەغەکردنی تێکەڵ بوونی پیاو بە ئافرەتان، ئەویش بە بەندکردنی ئافرەتانە لە ماڵەوەدا. قەدەغەکردنی دەرچوونی ئافرەتان لە ماڵەوە لە یەك کاتدا سێ ئامانج دەپێکێت ئەوانیش ئەمانەن:

١- دڵسۆزی و داوێن پاکی ئافرەت دابین دەکات، بەوەی تێکەلاّوی پیاوێکی نامۆ نەبێت.

٢- ئافرەت بە تەواوی خۆی تەرخان دەکات بۆ خزمەتکردنی پیاو و منداڵ و بە تەمەنەکان.

٣- پیاوان له مەترسی ئافرەتان و دڵکێشی وێرانکەری بەهێزیان دەپارێزێت، دەشێ دوو له سێ هۆشیان ببات و رێی نەدات بیر له خودا و ئایین و زانست بکاتەوە، وەك هەندێ له فەیلەسوفانی ئیسلام بۆی چووین.

فەیلەسوفانی ئیسلام، له ئەفسانەی ئادەم و حەوا زۆربەی هزرەکانیان هەڵدێنن، بۆ ئەوە دەچن کە ئافرەت وەك حەوا هێزێکی وێرانکەری تێدایە بۆ پیاوان و کۆمەڵگە و ئایین، شارستانییەت لەسەر ململانێی دژی ئەم هێزە دامەزراوە، بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر رکێفی خۆی بۆ پاراستنی پیاو لەو هێزە و خەریك نەبوونی پیاو بەو شتە و له بیکردنی ئەرکەکانیان بەرامبەر خودا و کۆمەڵگە. بۆ پارستنی کۆمەڵگە و ئایین پێویست بوو هەردوو رەگەز لەیەك جیا بکرێتەوە، ئافرەت بە ئاگر و ئاسن وەك دەڵێن ملکەچ بکەن، تەنیا ئاگر و ئاسن دەتوانن کۆیلەکان بخەنە ژێر بڕیاری زۆردارانە چەوساندنەوە، باری ئافرەت له هاوسەریدا له کۆیلە خراپترە لەبەرئەوەی لەیەك کاتدا، لەڕووی سیکس و ئابورییەوە دەچەوسێندرێتەوە، سەرەڕای زۆر لێکردنی ئاکاری و ئاینی و کۆمەلایەتی، کۆیلەکان بەرامبەر ئەرك و کۆششیان هەندێ کرێ باداشت وەردەگرن. دەشێ کۆیلە ڕەها بکرێت و دەبنە پیاوی ئازاد، هەمان مافەکانی پیاوە ئازادەکانیان هەیە و له پێشەوەی هەموانەوە پیاو هۆش و ئاینی هەیە. لەبەرئەوەی پیاو له ئافرەت بە هۆشترە و خاوەن بڕیارترە ئەوا مافی پیاوە بە تەنیا (نە ئافرەت) ببێتە فەرماندار و پێشەوا و یاسادانەر و ئوستاندار، یەکەم مەرجی پێشەوایی له ئیسلامدا، یان له ئوستانداریدا "نێر" بوونە(١٤٠) دواتر خواپەرستی و زانست و تەواوی. لەو هەمووەی رابرد دەتوانین ئەو هزرانەی کە هەندێ فەیلەسوفانی ئیسلام سەبارەت بە چارەسەری گیروگرفتی سێکس و ئافرەت بەم شێوەیەی خوارەوە پوختە بکەینەوە:

١- پیاوان ئاڕاستەکاری ئافرەتانن، لەبەرئەوەی له دارایی خۆیان خەرجیان دەدەن و لەوان هۆش و خواپەرستی و زانست و ئایینیان زیاترە، مێرد سەروەری هەیە و ژنیش پێویستە گوێڕایەڵی بێت.

٢- وزەی پیاوان تەرخان کردنە بۆ پەرستن و ئایین و زانست، له رێگای تەرخانکردنی ژنان بۆ خزمەتکردنی پیاوان، له مانەوە لەڕووی خواردن و خواردنەوە- جلشۆری و بەخێوکردنی منداڵان و بە ساڵاچووان.

٣- تێركردنی ئارەزووە سێكسییەكانی پیاو، بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئایین و خودا و زانست و كۆمەڵگە تەرخان بكات، ئەوەشیان لە ڕێگای هاوسەرگرییە- جوتبونە- بۆ نەوە نانەوە و چێژوەرگرتن لە خۆشایەتییەك، بۆ كێبڕكێ كردن بۆ چوونە بەهەشت.

پیاوان مافی ئەوەیان هەیە بە تەواوی ئارەزووكانیان تێر بكەن، بە هەر ژمارەیەك بێت لە هاوسەران و كەنیزەك و (ئەمە)، بەڵام دەسبپەڕ ئەوەیان خراپە و لەویش خراپتر زینایە. ئەو نێرینانەی هیچ شێوازێكیان نییە بۆ كوژانەوەی ئارەزووە سێكسییەكەیان تەنیا لە ڕێگەی دەستپەڕ نەبێت (هەرزەكارە بچوكەكان)، یان زینا (پیاوە هەژارەكانی نەیانتوانیوە ژن بكرن، یان (ئەمە) یەك بكرن ئەوانە لە مافی تێربوونی سێكسی قەدەغە كراون (داوێن پاكیان لەسەردا سەپاوە). "ئەوانەی ژنیان دەست ناكەوێت با داوێنپاكی خۆیان راگرن تاوەكو خودای گەورە بە بەخششی خۆی بە توانایان دەكات" "و لیستعفف الذین لا یجدون نكاحا حتی یغنیهم الله من فضله.)" ئەوەی لە ئێوە توانی ژن بێنێت با ژن بێنێت، ئەوەی نەیتوانی پێویستە بەرۆژو بێت ئەوە لای خودا پاداشتی هەیە و دەیپارێزێت (و من استطاع منكم الباءة فلیتزوج و من یستطع فعلیة بالصوم فانة له وجاء).

٤- مەترسی ئافرەت و دڵكێشییەكەی بەهێز و وێرانكەرە و پێویستە پیاوانی لێ بپارێزێت، ئەویش لە ڕێگای بەندكردنی ئافرەتان لە ماڵەكاندا، پیاو ڕووبەڕووی وێرانبوون دەبێتەوە گەر ملكەچی ئافرەتان بوو. ئیبراهیم كوڕی ئەدهەم دەڵێت: "ئەوەی لە رانی ئافرەتان راهات هیچی لێبەدەر نایەت" "من تعود أفخاذ النساء لم یجیء منه شیء".

٥- قەدەغەیە ئافرەت لە ماڵ بچنە دەرەوە بۆ دنیای پیاوان، تەنیا بۆ پێویستی هەرە لە پێشی نەبێت. لە حاڵەتی دەرچوونی ئافرەتان، پێویستەوە لەسەریان هیچ جوانی و دڵكێشییەك پێشان نەدەن ئەویش بە داپۆشینی جەستەیان و پاراستن و دەرنەخستنی جوانی و رازاوەییان.

لەوەوە هۆی سەرەكی و راستەقینەی حجاب دەزانین، كە نە سەرەتای ئیسلام و نە لە ژیانی محەممەددا نەبووە، بەڵام دواتر لە كۆمەڵگە عەرەبییەكاندا بڵاوبۆوە، تا ئێستاش هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی ئافرەتانیان بە تەواوی دادەپۆشن وەك شانشینی سعودی.

پۆشاك بۆ پاراستنی پەیدا نەبووە، بەڵكو لە بنجدا پۆشاك بۆ پارستنی پیاو دروست بووە. ئافرەتی عەرەبی لە ماڵەوە بەند كراوە بۆ پاراستنی ئافرەت پارستنی ئاكاری نەبووە، بەڵكو بۆ پارستنی پیاو بۆ ئاكاری پیاو بەند كراوە. وەك ئەوەی كۆمەڵگە لەم ڕێیەوە دەڵێت ئاكاری پیاو

له ئاكاری ئافرەت بێهێزتره، توانستی پیاو بۆ خۆپاراستن کەمتره له توانستی ئافرەت. کەچی کۆمەڵگه وا باڵو دەکاتەوه ئافرەت بێهێزه و توانستی بەگری هەڵخەڵەتاندنی نییه، لەلایەن پیاوەوه. رۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی له ناوەرۆکدا نەك له رۆواڵەتدا دان بەوەدا دەنێت که ئافرەت بەهێزه و بێهیز نییه، لەباره و نالەبار نییه، ترسناکه و ترسی لەسەر نییه. گەر کەسێك هەبیچت شایەنی پاراستنی بێت بێگومان پیاوه. ئەم هێزەی ئافرەت بوو پیاوی بەرایی ترساند و ناچاری کرد، به هەموو ئامرازێکی ئایینی و یاسایی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و ئاکاری خەفەی بکات.

هەروەها پێویست بوو هەموو ئەم ئامرازانه به توند و تۆڵی بەیەکەوه کار بکەن، بۆ ملکەچکردنی ئەو سروشته بەهێزەی ئافرەت. ئەوەشیان شتێکی لۆجیکییه. هێزی شتەکه ئەو هێزه دیاری دەکات که پێویسته بۆ کۆنترۆڵکردنی. لەبەرئەوه توندترین یاسا و پتەوترینیان ئەوانەن، که پەیوەستن به نارەواکراوەکان و قەدەغەکانی سەر ژیانی سێکسی ئافرەت. هەندێ جار کوشتن و سوتاندن سوکترین سزا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ زانا لەو باوەرەدان هێزی بەرایی ئافرەت بەهێزتر بوو لەو یاسایانەی پیاو داینان، سەرەتا بەرهەڵستی سیستەمی باوکسالاری کردەوەی بەرگری سروشتەکەیی و ژیانی ئازادی پێشی زۆرداری، له سەردەمی سیستەمی دایکسالاریدا، یەکێك له هۆیەکانی رەگوتی شارستانییەتی باوکسالاری نێرینەی یەك خست، بۆ زێتر له شەش هەزار ساڵ ئەو سروشته سێکسییه بەهێزەی ئافرەتی سەرەتایی بوو. دەتوانیت پەی بەو شته ببەیت لەبەر چ هۆیەك هەتا ئەمرۆش، هەندێ پیاو له هەندێ کۆمەڵگەی عەرەبیدا دەشێ پیاو بڵێت: "دەستوور" به واتای (رێگەم بدەن) ئەم وشەیەش لەلای لادێییەکان زۆر باوه بۆ دەرکردنی ئەجنده و دێو و درنج له شوێنێکدا. پەیوەستی ئافرەت به دێو و درنج و ئەجندان و گیانی خراپ هزرێکه، تا ئێستاش لەهەموو رۆژهەلأت و رۆژئاوا باوه، ئەوەشیان له چیرۆکی حەوا ماوەتەوه و له باوەر بوون به له بارێتی ئافرەت له خراپه و پەیوەندی به شەیتان. دەرکەوتنی سۆفیگەری له ئیسلامدا بواری رەخساند و دەرفەتێکی به ئافرەت درا، بۆ گەیشتنه پایەی پیاوچاکان (وەلییەکان)، بەلأم رێژەی ئافرەتان بەگوێرەی پیاوەوه وەلییەکان زۆر کەمه، لێکۆڵینەوەیەکی عەرەبی دەڵێت رێژەی گیانه مێیینەییەکان له نێو گیانه خراپەکاندا ٨٠٪ زۆربەی بەڵگەکان له مێژووی پیاوانی عەرەب ئاماژه بەوه دەکەن، ئافرەت ئەوەنده له پیاو نەترساوه ئەوەندەی پیاو لێی ترساوه. بەلأم تراژیدیای پیاوی عرەبی و ناعەرەبی لەوەدایه هەم لێی دەترسێ و هەم دڵی دەیخوازێ، دەتوانم بڵێم پیاوی عەرەبی زیاتر

له پیاوی رۆژئاوایی بەسەر ترسەکەی زاڵبووە، دەشێ ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بارودۆخی هەر یەکەیان و دانانی ئیسلام بە چێژێکی سێکسی، بە پێچەوانەی مەسیحایەتی.

ئەوەشیان سروشتانە بوەتە هۆی ئەوەین کاروباری سێکس و خۆشەویستی بوارێکی گەورەتر لە ژیانی عەرەبی و شیعر و ئاداب و هونەرەکەیان بگرێت. لەبەرامبەر ئەوەشدا قسە و پەندەکانی فەیلەسوفانی عەرەب و ئەدەبین بلاٌوبوویتەوە، سەبارەت بە زێدەرۆیی لە چێژ و خۆشایەتی سێکس، یان جڵەو بۆ شۆڕکردن، وریاکردنەوەی پیاوان لە ئەویندارى ئافرەتان و کەوتنە نێو تۆڕی جادویان. لە دەستەواژە بە ناو بانگەکانی ئیبن موقەفەع کە گوتویەتی: "بزانە زیاندارترین شت بە ئایینن شەکەتدارترین و وێرانکارترین شت بۆ دارایی، زیاندارترین شت بۆ هۆش، داهێزترینیان بۆ پیاواتی و خێراترینیان بۆ لابردنی شکۆمەندی و رێز، ئەویندارىی ئافرەتانە". لەو باوەڕەدام ئیبن موقەفەع ئامۆژگارییەکەی تەنیا بۆ ئەو پیاوانە بوو، کە شکۆداری و رێز و داراییان هەیە، کە وریایان دەکاتەوە لەوەی لە دەستیان نەچێت بە هۆی دڵداریی ئافرەتان. بەلاٌم ئەو پیاوانەی نە دارایی و نەرێز و نەشکۆدارییان هەیە، ئەوا ئامۆژگاریی ئیبن موقەفەع نایانگێڕێتەوەن لەبەرئەوەی دارایی و شکۆداری و رێزیان نەبوو کە ئامرازی دەستخستنی ژن بە رەوایی، بتوانێت مارەیی بدات و خەرجی خۆیی و منداڵەکانی بدات، نەخوازە بتوانێت لە جیهانی ئەوینی ئافرەتان بێو بچێت، لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا وەك هەموو کۆمەلگە باوکسالاری، چینێك لەسەر جیاوازی گەورەی نێوان چینەکان دامەزرا و ئازادی سێکسی، یان ژیانی سێکسی و خۆشەویستی و خۆش بەسەربردن، بەشی ژژمارەیەکی کەمی خەڵکن، ئافرەتان بەشیان سوتان بوو بە هۆی بێبەش و ملکەچکردن بۆ دابونەریت و یاساکانی، کە سێکس قەدەغە دەکات، تەنیا بۆ ئەوانە بە رەوا دادەنێت کە نرخەکەی دەدەن.

عەرەب وا ناسراون بە هۆی سەختی ژیان و گەران دەسکەوتنی بژێو لە کۆمەڵگەی دواکەوتوودا و بەهۆی چەوساندنەوە، یان لەلایەن فەرمانداراناەوە لە ناوەوە و لە دەرەوە، خۆڕاگرتن و بەرگەی بێبەشی دەگرن چ بێبەش بوون لە خۆراك، یان خواردنەوە، یان بێبەشی سێکسی، بەلاٌم گەلی عەرەبی وەك گەلانی دیکە لە هەموو کات و شوێنێکدا دەتوانێت ئەم بێبەشبوونە بە شتی دیکە قەرەبوو کەنەوە. دەشێ ئەوەش هۆی ئەوە بێ گەلی عەرەبی رووی کردۆتە گوێگرتن، لە چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەوە و هەموو ئەو چیرۆکە سێکسییانەش کە تێیدایە.

ئەم روکردنە گوێگرتن، یان وتنەوەیە تەنیا قەرەبووکردنەوەی بێبەش بوون بوو لە ژیانی بەرچاودا. ئەم چیرۆکانە وەك د.سادق جەلال عەزم لە بارەیانەوە دەڵێت: "روداو گەلی

پەیوەندییە ئەوینداریی‌ەکان دەگێڕێتەوە، وروژێنەرن لەبەرئەوەی نەساز و دژە لەگەڵ دابونەریتی ئاگارداری باو و شەریعەت، کە زاڵە بەسەر ژیانی کۆمەڵگە و چەمکەکانی ڕەوا ناڕەوای کاری پێدەکرێت. لەبەرئەوە دەبینین ژنان لەگەڵ دۆست و ئەویندارەکانیان دەگەن، یان کۆیلەکانیان، ناپاکی بەرامبەر پیاوەکانیان دەکەن، کچەکانیش بە نهێنی بە لاوە دڵدارەکانیان، پیاوانیش لە هاوسەرکانین دوور دەکەونەوە و بە نهێنی ڕوو لە دۆستەکانیان دەکەن، هەمووشیان هەوڵدەدەن بە هەر شێوازێك بێت ئارەزووە بە گوڕە توندەکانیان بێننە دی، هەتا بە فێڵ و تەڵەکە و درۆ و وریاکردنەوە و ڕاکردنیش بێت...هتد.

بێگومان بابەتگەلی ئەم چیرۆکە میللیانە، لەگەڵ ئارەزووی قوڵی دەروونی هەموو مرۆڤێك دەگونجێت، کە لە ژیانی یەك نەوانی کۆمەڵگە دابێت و ئارەزووی ئەزموونی سۆزداری توندی هەبێت.

ئایا چی بکات کە هەموو شتێك لە دەوروبەری دژی بوەستن، بۆ ئەوەی ڕێی لێبگرن لە ڕەتبوون بۆ ئەم روکارە پڕ کۆسپ و مەترسییە، لەم چیرۆکانەدا جێگرەوەیەك دەبینێت بۆ ئەو ئەزمونەی قەرەغەیە بە دابونەریت".

ئەم دابونەریتە باوەی کۆمەڵگەی عرەبی، لە راستیدا کۆتی دەخستە سەر ێکس، زیاتر لەوەی ڕێی پێبدات، بەرەو جیاکردنەوەی خۆشەویستی و سێکس دەچوو، جیاکردنەوەی گیان لە جەستە، ئەو ڕێچکەیەی مرۆڤایەتی لە یەهودییەتی و ئەو هزرەوە بۆی ماوەتەوە، کە باو بوو سەبارەت بە گوناهـ دانانی سێکسی. عەرەب خۆشەویستی و گیانیان پەیوەست کرد، باوەڕیان بەوە بوو کە خۆشەویستی روکاریچکی گیانی پوختە، وەك خۆشەویستی بەرز پێس نەکات. وەك چۆن خۆشەویستی رومانتیکی لە رۆژئاوا پەیدا بوو، خۆشەویستی پاکیزەگی لای عەرەبیش پەیدا بوو.

رادەی جیاکردنەوەی خۆشەویستی و سێکس ئەوەندە زۆر بوو، عەرەب خۆشەویستی و هاوسەریان لە یەك جیاکردەوە، وای لێهات ئەو پیاوەی ئافرەتێکی خۆش بوێت نەتوانێت بیهێنێت.

لە مێژووی عەرەبدا زۆر چیرۆکی خۆشەویستی پاکیزەگی هەن، وەك چیرۆکی (جەمیل)ی کە (بوسەینە)ی خۆشویست، خۆشویستییەکی بەگوڕ، بەڵام خزمەکانی بوسەینەیان ناچار کرد مێرد بە کەسێکی دیکە بکات ناشیرین و کۆرە. ئەوەتا چیرۆکی (قەیس)ی شاعیری عەرەبی بەناوبانگ، کە ئاسمان و زەوی پڕ کرد لە خۆشەویستی (لەیلا) هاوسەریان لێ قەدەغە کرد و

ناچاریان کرد مێرد بە کەسێکی دیکە بکات. ئەوەتا (عەفرا)ش کە (عروەی کوڕی حزام) خۆشی ویست و نەیهێنا. ئەدەبی عەرەبی و شیعرەکانی چەندانی تر تراژیدیای خۆشەویستی پاکیزەگی تێدایە، عەرەب ئەو ئێش و ئازارانەی خۆشەویستی بەخۆشیەوە دەڵێنەوە و چێژ لە ئازارەکانی جیابوونەوە و تاسە و بێبەش بوون دەبینن. لە قسەکانی ئیبن حەزمدا هاتووە: "خۆشەویستی دەردێکە شەکەتکار و پێگەیەکە جێژ و بنۆسێکە خوازراو، ساخوکەی جیابوونەوە ناخوازێت و نەخۆشەکەی چاك بوونەوە.

بەو نەهامەتییەی لە تۆوە تووش بووم

خۆشحاڵم و هەتا هەتایە لێت دوور ناکەومەوە

ئەم رێچکەیەی چێژوەرگرتن لە ئازار، یان (ماسۆشییەتی) سیفەتی عەرەبان نییە بە تەنیا، بەڵکو خەسڵەتێکی مرۆییە هەر لە رۆژی دروستبوونی هزری جیابوونەوەی گیان و جەستە و بە گوناه دانانی سێکس.

مرۆڤ بە گەورەیی قەوارەی مێشکی و پەرەسەندنی بەردەوامی، هۆشی جیا دەکرێتەوە بۆ زاڵ بوون بەسەر، مەترسییەکانی زەوی و باو بۆرانی سروشت و ئەو کارەساتانەی لە ژیانیدا رووبەڕوویان دەبێتەوە. بە رای من یەکێك لەو کارەساتانەی رووبەڕووی مرۆڤایەتی بووەوە لە ژیانیدا ئەو هزرەیە، کە جیاکردنەوەی گیانە لە جەستە و بە تاواندانانی سێکس. بە رای من ئەم هزرە دەشێ خراپتر لە دڕندەکانی دارستان، زیان بە مرۆڤ بگەیەنێت گەر مرۆڤ توانای هۆش و توانی خۆگونجاندنی بەردەوامی نەبوایە. هەر ئاژەڵێکی بێهۆش بەرامبەر ئەم هزرە تەنیا دوو رێگای لەبەردەم دەمایەوە، یان بە یەکجاری واز لە سێکس بێنێت کە لە ناوچوونی ئەم ئاژەڵەیە، لەسەر رووی زەوی، یان سێکس کردن و لە خەمان مردن لەبەر ئەم گوناهە گەورە و تاوانەی کە کردوویەتی، هەر دوو رێگاش بەرەو مردن دەچوو. بەڵام هۆشی مرۆڤ تاکە چەکییەتی، توانی بەسەر ئەم هزرە زاڵ بێت وەك چۆن بەسەر شێر و پڵینگان زاڵ بوو، گەر بزانین سەرکەوتنی بەسەر ئەو شێر و پڵنگانە بە رووبەڕووبوونەوە و زۆرانێ و ئازایەتی نەبووە، بەڵکو بە بلیمەتی و زیرەکی و لە تەنگانە هەڵاتن بووە بە خۆشاردنەوە لەسەر داران. لەوەوە دەانین مرۆڤ بە زۆرانێی ئازایانە رووبەڕووی ئەم هزرە نەبۆتەوە، بەڵکو بە هەڵاتن و خۆ حەشاردان بۆ خۆپارێزی و رزگاربوون لە تەنگانە. (ماسۆشییەتیش)، یان چێژ وەرگرتن بە ئازار، ئەویش جۆرە خۆپارێزییەك بوە مرۆڤ هەوڵی داوە هەستی توندی بە گوناهکردنی پێ چارەسەر بکات. وەك ئەوەی بە خۆی بڵێت: بەڵێ من تاوانبارم بەوەی کاری سێکسیم کردووە،

بەلاّم قوربانی دەدەم لەبەر ئەم هەلّەیەم بەوەی ئازاری توند ببینم، کە بە خۆراگرییەوە تەحەمولی دەکەم، بەلّکو چێژێکی لێوەردەگرم.

فرۆید چەند بە هەلّەدا چووە کە تیۆرییەکەی سەبارەت بە سایکۆلۆژیای ئافرەت دانا و ماسۆشییەتی کردە ستونێکی بنچینەیی، لەو تیۆرییەدا کردییە بەشێك لەو سروشتەی هەر لە دایك بوونەوە هەیەتی. ئافرەت بە تەنیا ماسۆشی نییە، پیاویش ماسۆشییەن هەردووکیان قوربانی ئەو هزرەن کە جیاکردنەوەی نێوان گیان و جەستەیە، لەبەرئەوەی تاوانی جەستە و سێکسی زیاتر بە ئافرەتەوە لکێندراوە، دەتوانین بلّێین هەستی ئافرەت بە گوناهکردن توندترە لە هەستی پیاو واتە سڕینەوەی ئەم گوناهە. پێویستی بە ئازاری زیاتر هەیە لە پێداویستی پیاو، تەورات ئاماژەی بەم ئازارە کردووە بۆی، کە پێی وت لە ئازار و بێنەوایی مندالّت دەبێت".

وا باشتر بوو بۆ فرۆید، لە هۆکارەکانی ماسۆشییەتی ئافرەت لە مێژوو و کۆمەلّگەدا بۆی بگەڕێت، لە بری ئەوەی بیداتە پالّ سروشتی ئافرەت و پێکهاتەی بایۆلۆژی و دەروونی ئافرەت وەك مێینە. کەواتە گرنگە لێرەدا باسی ئەوە بکەم هەندێ زانای عەرەب هەولّیان داوە، دژی ئەم هزرە جیاکارەی نێوان جەستە و گیان بوەستن.

هەندێکیان هەولّیان دا جەستە وگیان پێك بێننەوە. یەکێك لەو زانا و بیرمەندە کۆنانە، شێخ ئەبو عەلی حەسەن کوڕی عەلی کوڕی سینا (ناسراو بە ئیبن سینا)بوون کە لە سالّی ٤٢٨ی کۆچی مردووە. ئیبن سینا پێش زانا و فەیلەسوفانی رۆژئاوا کەوتووە و لە روانینی زانستییانە، سەرتاپا گرەی بۆ مرۆڤ و رێزی بۆ جەستە و هەستە جەستەییەکانی. ئیبن سینا لە بەرایی ئەوانە بوو لە هەموو جیهان، کە داوای جیانەکردنەوەی نێوان جەستە و دەروونی کرد و داوای گێڕانەوەی پەیوەندی بنجی کرد، کە لە نێوان سێکس و خۆشەویستیدا هەیە، لە مرۆڤدا مرۆڤ یەکە یەکە پاژ پاژ ناکرێت.

دەزانین چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەو چیرۆکی هەندێ کەرتی کۆمەلّگەی عەرەبی دەگۆڕێتەوە، پێش زیاتر لە دە سەدە، کەس بە تەواوی نازانێت ئەوروپا لەو کاتیدا چۆن بوو، مێژوو دەلّێت لە رۆژهەلاّت و رۆژئاوا خراپتر بوو. بەلاّم هەندێ ئەوروپی، یان رۆژئاوایی بە مەبەست، یان بە نەزانی ئەم راستییەیان پشتگوێ خست کە رۆژهەلاّت و رۆژئاوایان بەراورد دەکرد، بەلّکو هەندێکیان بەراوردی کەسایەتی عەرەبی لەو ماوەیەدا لەگەلّ کەسایەتی رۆژئاواییان لە سەدەی بیستەمدا دەکرد، یان لە سەردەمی ڤیکتۆری(٩٣) کە توندگری ئاشکرا بوو.

ئافرەت لە ئەدەبی عەرەبیدا

ئەو وێنەیەی ئەدەبیە عەرەبەکان، کۆن و نوێ بۆ ئافرەتیان کێشاوە، لەو وێنەیە جیاواز نەبوو کە دەیبە رۆژئاواییەکان سەبارەت بە ئافرەت هەیانبوو، تەنیا لە چەند وردەکاری، یان هەندێ جیاوازی نەبێت کە جیاوازی بارودۆخ و پێشوانی، یان دواکەوتن لە بوارێك لە بوارەکانی پێویستی دەکات. هەموو جیاوازی روکەشن کاکڵی وێنەکە سەبارەت بە ئافرەت ناگۆڕیچت، وەك بە خاوەنبونێکی پیاو بە پێی سیستەمی باوکسالاری چ کشتوکاڵ، یان پیشەسازی، یان دەرەبەگایەتی، یان سەرمایەداری، پێشکەوتوو، یان دواکەوتوو لە رۆژهەلاّت، یان رۆژئاوان یان مەسیحی، یان ئیسلامی.

ئەگەر هونەرن یان ئەدەب لە ناوەڕۆکیدا پشت بە ململانێ دەبەستێت، چ ئەو ململانێیە شکست بێنێت، یان سەرکەوێت ئەوا لە جۆری دراما، یان تراژیدیایە، کە پێویست بە گێڕانەوە دەکات.

شایانی نوسینەیە چ جێی گریان، یان پێکەینین بێت، چ تراژیدیا، یان کۆمیدیا بێت، زۆر لە ململانێ و رێکەوت لە ژیانی مرۆڤدا بە یەکەوە دەبێتە هۆی پێکەنین و گریان. دەشێ گرنگرتین ئەم ململانێیانەش ململانێی نێوان پیاو و ئافرەت بێت، لەوکاتەوە کە مافی (سروشتی و لۆجیکی) لە رەچەڵەك و دانەپاڵی منداڵیان لێ زەوت کرد و دایانە پاڵ پیاو، ئەوەشیان کارێکی ناڕەوایە لە نالۆجییکییە، ململانێی نێوان پیاو و ئافرەت هەر لە سەرەتای سیستەمی باوکسالاری تا ئەمرۆ بەردەوامە. پیاو هەتا ئەمڕۆش لەوە دەترسێت ململانێکە، بە سەرکەوتنی ئافرەت کۆتایی بێت و ئەستاندنەوەی ئەو مافە سروشتییەی بەرایی، بەڵگەش بۆ ئەوەی پیاو لە ئافرەت دەترسێت ئەەیەن کە تا ئێستاش بە کۆت و بەند دەورەی داوە، کە دەشێ یاسای توندی پیرۆز بن، یان تیۆری زانستی دەروونی و ئاکاری دیاریکراو، یان سۆزی بە رواڵەت خۆشەویستی و چاکە و پاراستنە و لە ناخەوە ئیرەیی و دەستبەسەردا گرتن و زاڵ بوون و بە خاوەنبوونە.

هەرچەندە پیاو زۆر هەوڵی داوە کۆت و بەند بۆ ئافرەت دابهێنێت هەر لە پێنج، یان شەش هەزار ساڵەوە تا ئەمڕۆ، بەلاّم هێشتا لە ترسی ئافرەت رزگاری نەبووە و هەر پێویستی بە کۆت و بەندکردنی هەیە، واتە ترسەکەی سروشتییە و لۆجیکییە و هۆکاری خۆی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە پیاو هەست دەکات شتێکی ناسروشتی دەسەپێنێتە سەر سروشت، ئافرەت هەر لە ملیۆنان ساڵەوە کە بووە منداڵەکانی بە ناوی خۆی دەکرێت، پیاو ئەگەر تازە نهێنییەکانی زانستی سکپڕی و منداڵبوون دەزانێت، بەلاّم ماوەیەکی زۆر نەیدەزانی و نەزانیش ترس پەیدا دەکات، پیاو هەمیشە لە ئافرەت دەترسا، لە هەموو دیاردەکانی سکپڕی و لە دایکبوونی دەترسا.

ئەم ماوە کورتە بە گوێرەی تەمەنی مرۆڤ، نەیتوانی لە یادگەی پیاودا وێنەی ئافرەتی دایك ئەفرێنەری ژیان و خوداوەندە کۆنەکان بسڕێتەوە.

چیرۆکی ئادەم و حەوا ئەو ترسەی دەردەبڕی، ئەو ترسە نەبوایە خراپە و گوناھ و شەیتانی نەدەدرایە پاڵ حەوا. ئافرەتی شەیتان بەجەستە کردنی ترسی پیاوە. ئەو ئافرەتەی ئەوەندە بەهێز و تەلیسمە، پیاو لە بەهەشت دادەبەزێنێت بۆ سەر زەوی و وێرانی دەکات و دەیکوژێت، هەر دەبێ جێی ترس و تۆقاندن بێت.

دەروونزانی ترس و رق لە یەك دەبەستێتەوە، لە دەروونی مرۆڤ ترس و رق پەیدا دەکات و رقیشی پەرە بە ترس دەدات و بە مانەوەی یەکیان ئەوی دیش دەمێنێت.

فرۆید دانی بەوە ناوەن کە پیاو رقی لە ئافرەت دەبێتەوە، وەك سەرچاوەیەکی مەترسی دەبینێت، لە کتێبەکەیدا تابۆی پاکیزەگی The Taboo of riginity(١٤١) فرۆید دەڵێت: "...پیاو نەریتی بەوە گرتووە رقی ناوەوەی بخاتە ئەستۆی جیهانی دەرەکی، واتە دەیخاتە پاڵ هەر شتێك رقی لێدەبێتەوە، یان هەر شتێك نائاسایی بێت لای، پیاو وا دەنواڕێتە ئافرەت ك سەرچاوەیەکی مەترسییە، یەکەم پەیوەندی سێکسی نێوان ئافرەت و پیاو لە یادگەیدا دەپارێزرێت پڕ لە مەترسییە."

ترسی فرۆید لە ئافرەت لە ترسی ئە پیاوە ئەفریقییە جیاواز نییە، کە هێشتا لە هەندێ هۆزەکانی ئەفریقیا باوەڕی وایە، ئافرەت ئەگەر هێڵ بکێشێت لەسەر لاقی پیاوێك توشی پەککەوتنی سێکسی دەبێت. یان ئە پیاوەی دەست لە ئافرەت بدات لە کاتی زەیستانی دەمرێت. ئەوەندەی زانست ترسی پیاوی تێدایە لە ئافرەت ئەدەبیش ئەو ترسانەی تێدایە، ترسی فرۆید لە ئافرەت جیا نییە لەترسی برناردشو، یان لە ترسی (توفیق الحکیم)، یان عەباس مەحمود عەقاد.

بیرۆکەی فرۆید سەبارەت بە نالەباربوونی ئافرەت لە ئەدەبی تولستوی دەردەکەوێت. هەروەها چیکۆف بە نالەبارییەکانی ئافرەتی هەڵگوت لە چیرۆکی: "خۆشەویستەکە" عەباسی مەحمود عەقاد نالەبارێتی ئافرەتی لە غەزەلدا پێشاندا: ئەوەتا دەڵێت: ئافرەت خۆی لە گلدانەوەی سێکسی پەنا دەدات، لەبەرئەوەی سروشت کردویەتییە خەڵات بۆی لە پێشینەی بە چاکزانراوەی نێر چاوەنوارە تا یەکێکیان پێش ئەوی دەیگاتێ، کە شایانی بێت و رازی دەبێت، رازی بونێك ناچاری و ئازادی لە هەڵبژاردنی تێدا یەکسانە، بەهەمان شێوە مێیەی مریشك چاوەنواڕی کۆتایی شەڕی کەڵەبابان دەکات، یان چاوەنواڕی ویستیان دەبێت، بێ ململانێ"(١٤٢)

خۆشگۆیی سەبارەت بە نالەباریتی ئافرەت وەك بەشێك لە سروشت و رەمەکی ئافرەت، واتە خراپگۆیی سەبارەت بە لەباری و هێزی ئافرەت لەبەرئەوەی گوایە لە سروشتی ئەودا نییە و لارۆیە، پێویستی بە رق و بێزەوەری، یان بەلای کەم گاڵتە و پلارە. ترسی پیاو ئەوەندە بەهێزە لە ئافرەتی لەبار، هەموو ترسی کۆنی خۆی خستۆتە ئەستۆ، هێزی ئافرەت رێکە لەگەڵ خراپە و مەترسی و لێلی و فێڵ و مەرایی و درۆ و لاری و پێچ و فریودان و دڵکێش و جادو و شەیتان. ئەگەر ئافرەت نالەبار بێت و چاوەنواڕ ویستی پیاو بکات و بۆی جێبەجێ بکات، جێبەجێکردنێکی نالەبارانەش کە تیایدا زۆری و هەڵبژاردن یەکسان بێت، وەك عەقاد دەڵێت، کەواتە چۆن هەر ئەویش ئەو شەیتانە بێت، کە پیاو لە بەرزترین پایە بخاتە خوارەوە، بۆ پانی هەرە ژێری وەك زەکی مبارەك دەڵێت: یان هۆش و پارە و مەندی پیاو دەبات.

ئەم نالەبارییە چۆن لە ناکاو دەبێتە لە باری، لە هەڵوێستی ژنی عەزیزی میسر لە چیرۆکی یوسف، ئەو ئافرەتە جوانەی داوای رابواردنی لێکرد یوسف گوتی: پەنا بەخوا، خودا چاکەی لەگەڵ کردووم، مەگەر نیشانەکانی خودای دیبوو و لەبەرئەوە نەبێت کە لە پەستکارە دڵسۆزەکان، وەڵامی دەدایەوە و رازی دەبوو و دەکەوتە خراپە و هەوەسبازی.(١٤٣) ئەم تەنگژەیەی پیاو تێیکەوت لە دەست ئەو ئافرەتە نالەبارە بێهێزە، هیچ چارەیەکی نییە، ئەوە نەبێت لە یارییەکەی جۆێك بێت لە فێڵ و تەڵەکە مەرایی.. ئەدەبی عەرەبی پڕیەتی لەو ئافرەتە فێڵبازە بە مەکرانە، ئەوانەی هەزاران فێڵ و تەڵەکە دەزانن.. هەتا عەقادیش دژی خۆی دەوەستێت و دوای ئەوەی بڕیار دەدات ئافرەت بە سروشت نالەبارە، دیسان دەگەڕێتەوە و بڕیار دەدات کە خاوەن فێڵ و تەڵەکەیە و مەراییکارەن ئەم رواڵەتبازییەش بەشێکە لە سروشتی ئەو، دەڵێت: "رواڵەتبازی مێینەیی کە دەکرێ بڵێین رواڵەتبازی ئافرەتە، بە تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی مێینە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیەتی، ئاداب و شەریعەت نایسەپێنێتە سەرین بە ویستی خۆی، یان پێویستی خۆی ناتوانێت وازی لێبێنێت".(١٤٤)

هەرچەندە پیاو هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی لە باری ئافرەت و هێزی کەم بکاتەوە. هەروەها هەوڵی بەردەوامی بۆ ئەوەی کە بە نزمتری داناوە و لەو کەمترە و شایانی هیچ بایەخێك و گرنگییەك نییە، بەڵام ئافرەت لە هزری پیاودا شوێنێکی زۆری گرتووە، هەرچەند کە توانی لە زۆربەی بوارەکانی کۆمەڵگەی دورخاتەوە، بەڵام وەك مۆتەکە هزری داگیر کردووەن ناتوانێت لە هزری خۆی دەرکات، ناتوانێت لێی راکات بۆ هەر کوێیەك بچێت، ئەوەی

بەرهەمی ئەدیبان لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا بخاتەڕوو لە کۆن و نوێ، سەری سوڕ دەمێنێت لەو رادە زۆرەی چیرۆك و شیعر و رۆمانانەی باسی ئافرەت دەکەن.

هەرچەندە زۆربەی ئەم نوسینانە بە شێوەیەکی هەڵە، یان هەساز باسی ئافرەت دەکەن، بەلاّم ئەوە نیشان دەدەن، کەوا پیاو نەیتوانیوە لەو ترسەی خۆی رزگاری بێت کە لە ئافرەتی هەیە. ئەم ترسەش رق و کینەی بەرهەم هێناوە، ئەم رقەش بووەتە جۆرە خۆشەویستییەکی هەلاّپساو.

ئەو شتەی لە رادەی خۆی زێدەتر بوو، دەبێتە دژی خۆی وەك پەندی عەرەبی کۆن وا دەڵێت، یەکێك لەو شێوازانەی مرۆڤ بۆ خۆپاراستن لە دژی ئەوەی رقی لێیەتی، ملکەچبوونە و خۆشویستنیەتی.

دەشێ ئەمە هەندێ لەو هۆکارنەمان بۆ روون بکەنەووە، کەوای کردووە پەیوەندی پیاو و ئافرەت پەیوەندییەکی خۆشەویستی و رق بێت بەیەکەوە، چێژ و ئازار، رگوتیکردن و روو لێوەرگێڕان، ئاسودەیی و ئازار، توندوتیژی و سۆز، ساکاری و فێڵ تا دوا نەسازییەکانی، کە ئەم سۆزە باوەی نێوان پیاو و ژن دیاری دەکات، ئەوەی بەدرێژایی رۆژگار ناوی نراوە "خۆشەویستی" کە ناوێکی هەڵەیە، لەبەرئەوەی خۆشەویستی لە نێو پیاو و ئافرەتدا بە درێژایی ئەم رۆژگارە "خۆشەویستی" نەبوو، بەڵکو ئارەزووی (بەخاوەنبوون)بوو. وەك چۆن نەسازی جەوهەری خۆشەویستییە لە ئەدەبی عەرەبیدا، ئافرەتیش لە کاکڵدا نەسازی تێدایە، لەبەرئەوەی خۆشەویستی لای پیاو هێما بۆ ئافرەت دەکات و ئافرەت هێمایە بۆ خۆشەویستی، هەردووکیان لە دیدی ئەودا یەکن.

مێژووی ئەدەبی عەرەبی زۆر لەو نوسەرانەی تێدایە، کە بە دوژمنداری و رق و قینەیان بۆ ئافرەت ناسراون، لەوانەش: مەعەری و عەقاد و حەکیم و کەسانی دیش. عەباس مەحمود عەقاد لە ئەدەبی عەرەبی بە "دوژمنی ئافرەت" ناسراوە، رقی لە ئافرەت و دوژمنداری بۆ ئافرەت لە زۆر لە نوسینەکانی رەنگی داوەتەوە، بە شێوەیەك لەم بوارەدا لە مامۆستاکەی (شوبنهور)ی بردۆتەوە، ئەو مامۆستایەی سەبارەت بە ئافرەت پەسندی رایەکانی کرد لە زۆر بۆنەدا ئاماژەی پێداوە، کە وتویەتی: ئافرەت منداڵێکی تەن گەورەیە لە هەموو سوڕەکانی ژیانیدا، لە ئاکاری منداڵیشدا سەرەڕۆیی و کورتی لە هۆشی و لاسایی کەسانی دی، پشتبەستن بە کەسانی دین رارایی و درۆ و مەرایی هەیە، ئەو ئاکارەشی لە دەروونی ئافرەتدا پاشماوەی دڕندەیی و نەزانی و ساکارییەن سالاّن نەیانتوانیوە بیگۆڕن، یان سروشتی ئاڕاستەی بکەن(١٤٦)

بەلاًم عەقاد ئەوەندە نابات دژی خۆی دەوەستێت، دەبینین ئەو بونەوەرە ناکامڵە وەك منالّ، یان نالەبار وەك مریشك، لە ناکاو دەبیچتە هێزێك، بەلاًم چ هێزێك، لە رۆمانەکەی بە ناوی سارە لە بارەی ئافرەتدا دەڵێت: "رواڵەتی هێزە، ئەو هێزەی هەموو شتێکی لەدەستدایە لە بووندا و هەموو شتێك لە مرۆڤدا".(١٤٦)

ئەم هێزە لە توانا و زەبر و زۆرداریدا وەك دەوڵەتێکی دیکتاتۆی لێدێت. لە شیعرەکانیدا لەم بارەیەوە دەڵێت"

ظالمة أنتي و يأويلتي- من دولة تطغى ولا تفصح

تۆ بۆ من زۆردارتری و وای- لە دەوڵەتێکی زۆردار و کپ

و اكبر ظلم لمن ذاقه- ظلم بة مظلومة يسمح

گەورەترین زۆرداری لای ئەو کەسەی چەشتویەتی- زۆرداری زۆرلێکراوێکە رێدەدات

قاسية أنت و لكنني- أقبل الكف التى تجرح

تۆ دڵڕەقیت بەلاًم من- ئەو دەستە ماچ دەکەم کە بریندارم دەکات

و أعظم العسوة تلك التي- يلهو بها المجروح بل يفرح

مەزنترین رەقیشی ئەوەیە کە- بریندار یاری پێدەکات و پێی خۆشحاڵە

لێرەدا بۆمان رون دەبێتەوە، چۆن رق و کینە دەبێتە خۆشەویستییەکی هەلاًیساو، دەبێتە خۆشەویستییەکی نەخۆشی زۆرداری و برین و ئازار بە خۆی دەزانێت، خۆشەویستییەکی ماسۆشیانەیە شکستی و سوکارەتی ریسواکردنی تێدایە، تاڕادەی دەست ماچکردنی ئەوەی توندە بەرمبەری و لێیدەدات و برینداری دەکات.

دەڵێت دەبێت پیاو فەرمانداری ئافرەت بکات و ملکەچی بکات و جوانی دڵکێشی کاری تێنەکات، جوانی ئافرەت لای عەقاد جوانییەکی رەسەن نییە، ئەم جوانییە لە رەهابوونیدا، سەربەخۆ نییە، ئازاد نییە، لەبەرئەوەی پێزانینی ئەم جوانییە پەیوەستە بە پیاو، پیاو ئازادە لەبەرئەوەی سەربەخۆیە، کەواتە جوانی بەرای ئەو جوانی پیاوە، بەلاًم جوانی ئافرەت ناشیرینییە(١٤٧). ئازاری بدات و خۆی پابەند نەکات و لێی دوور کەوێتەوە، بەلاًم وای ل خۆی کردووە لەم بوارەدا ببێتە دەنگدێرێك، پیاوانی دیکە هان بدات لێی دوورکەونەوە و خۆ پێ پابەند نەککردن و لە شیعرەکانیدا بەو بەهایانە هەڵدەڵێت:

انت المعوم اذا اردت لها- ما لم يرده قضاء باريها(١٤٧)

تۆ دەکەویە بەر لۆمە گەر شتێکی وات بۆ بوێت ئەوەی لە فرانددویەتی بۆ نەویستووە

خنها والا تخلص لها ابدا- تخلص الى اغلى غواليها

خۆی پێ پابەند مەکە هیچ بۆی دڵسۆز مەبە- دەگەینە باهادارترین شتی

واتە بەڕای ئەو خۆ بە ئافرەت پابەند نەکردن، دەبێتە هۆی ئەوەی بگاتە دڵ و خۆشەویستییەکەی. ئافرەت بەرای عەقاد دڵسۆز نییە تەنیا بۆ ئەو کەسە نەبێت، کە خیانەتی لەگەڵدا دەکات، تەنیا ئەو کەسەی خۆشی دەوێت، لێی دوورکەوێتەوە و رقی لێیەتی، ناڵی بەڵێ ئەوکاتە نەبێت کە دەیەوێت بڵێ نا، بە پێچ و پەنایە، فێڵبازە، درۆزنە، لە هەوری فێڵ و تەڵەکەبازی فرێندراوە، "فێڵ و تەڵەکەیان زۆ مەزنە" (كيدهن عظيم) لە قورئاندا هاتووە.

کە بڕیار دەدات فێڵ و تەڵەکەبارزی سروشتی ئافرەتە و چەکی دەستی ئەوە لە دژی پیاوان، ئەوانەی رقیان لێیەتی، یان خۆشیان دەوێت بە یەکسانی.

خل الملام فيلس يثنيها- حب الخدام طبيعة فيها(١٤٨)

واز لە لۆمە بێنە، خۆشەویستی و ملکەچی واناکت واز بێنیت- لەبەرئەوەی بەشێکە لە سروشتی ئەو.

هوسترها و طلاء زينتها- و رياضة للنفس تحييها

پەردە و بۆیەی رازاندنەوەیەتی- وەرزشییەتی تا دەروونی ببوژێنێتەوە

و سالحها فيما تكيد به- من يصطفيها أو يعاديها

چەکی دەستیەتی فێڵ پێدەکات- بەرامبەر ئەوەی هەڵیدەبژێرێت و خۆشی دەوێت، یان ئەوەی دوژمنداری دەکات.

دیارە روی دووهەمی سادییەتی ماسۆشییەتییە، لە ئەدەبی عەقاد و شیعرەکانی رادەی زر لە هەردووکیان هەیە، بەڵام ئەو هەوڵ دەدات زێدەڕۆیی بکات لە سادییەتی و دوژمنداری، بە پشتبەستن بەوەی لە قورئاندا هاتووە هەوڵدەدات بیکاتە جۆرێك لە زاڵبوون و کۆنترۆڵکردن، لەو بارەوە کە دەڵێت پیاوان بەسەر ئافرەتیانەوە هەیە، (الرجال قوامون على النساء) و پلەیەك لەوان بەرزترن، بە رای ئەو ئافرەتان لە پیاوان بێ تاوانترن لە سودوەگرتن لە هۆش و بە دوای راداچوون و بەهێز (١٥٠)، ئافرەت خۆشبەختیان تەنیا لە ملکەچی دایە و لەو هیوا بالآتر نییە، پیاو ئەو کەسی گوێڕایەڵی بێ خۆشی دەوێت، با پیاو توند و رەق بێت بەرامبەری، یان بە بەزەیی بێت لەگەڵی، یان ئازاری بدات ئەو خۆشبەختە بە گوێڕایەڵی، ئەگەر کەسێکی دیتەوە گوێڕایەڵی بێت و ئازارەکانی وەرگرێت و پشوو و شکۆی و شکستی وەرگرێت(١٥١).

له ئاكامدا عەقاد دەگاتە ئەو رایەی دەڵێت: ئافرەت ئەفرێندراوە پیاوی خۆش بوێت، پیاو نەفرێندراوە خۆی خۆش بوێت لە خۆشەویستی ئەودا.

ئەوەشیان لە شێوازی هزری ایینی یەهودی و مەسیحییە کە دەڵێت: ئافرەت لە وێنەی پیاو دروست کراوە، پیاویش لە وێنەی خودا، یان پیاو سێبەری خودایە لەسەر زەوی و وێنەی ئەوە، ئافرەتیش سێبەری پیاوە.

لای ئێمە پەندێکی میللی هەیە لە عەرەبیدا دەڵێت: سێبەری پیاوێك نەك سێبەری دیوارێك، واتە پیاو سێبەر لە ئافرەت دەکات، بە بێ پیاو ئافرەت ناتوانێت بژێ. نموونەی ئافرەتی زاڵ بەسەر لاپەڕەکانی عەرەبی و زۆربەی بابەتەکانی داگیر کردووە، بێگومان نموونەی ئافرەتی "لەشفرۆش"، یان "دۆست- دڵدار"ە، بەرامبەر بەوەش نموونەی دایکی پاکیزە، یان هاوسەری پاك و پاکدامەنە.

ئەم هزرەی ئافرەتانی کردۆتە دوو جۆر: لەشفرۆشی، یان دایك، عەرەب لە باپیرە کۆنەکانیان وەرگرتووە، ئەوانەی سیستەمی باوکسالاریان دەست پێکرد و دابەشکردنی ئافرەتانیان دەستپێکرد، بۆ هاوسەر و دایك لەلایەك و داوێنپیس وو دۆست لە لایەکی دیکە- دواتر بەستنەوەی داویچنپیسی بە تاوان و گوناه و کەوتن و گەندەڵی، لەبەرئەوەی لەشفرۆشی سێکس بەرجەستە دەکات، سێکسیش کاری شەیتان، یان حەوایە.

لێرەدا ناڵێم هەموو ئەوەی چاپ کراوە لە جیهانی رۆژئاوا، یان عەرەبی لە ئەدەبم خوێندۆتەوە، لەو خوێندنەوانەم، بەلأم بۆ ئەدیبانی رۆژئاوا، یان رۆژهەلأت نەمبینی وێژەوانێك لەم هزرە کۆنە رزگار بوو بێت، هەرەچند نوسینەکانی بە ناوبانگ بن لە بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و دادپەروەری و بەرهەڵستی زۆرداری. ئەوەتا وێژەوانی روسی بەناوبانگ تۆڵستۆی دەنووسێت و دەڵێت: "ئافرەت داردەستی شەیتانە، لە زۆربەی جاران گێلە، بەلأم شەیتان مێشکی خۆی دەداتێ، کە لە خزمەت ئەودا کار دەکات".(١٥٢)

ئەدەبی عەرەبی پڕیەتی لە نموونەی ئافرەتی شەیتانی، فرە روو... جارێك دەبینین لەگەڵ ی منداڵێکدا بێ ئاگا هەردوو چاوە بێتاوانەکانی دەکاتەوە، لە سەر سوڕمانی منداڵی و ساکاری سروشتی بە بێ رونوێنی و مەرایی، پاش دەمێك دەبینین، یان لە هەمان رۆژ دەبینین لەبەردەم پیرەژنێکی فێڵباز دژی پیاوان ژیانی خۆی لە تەڵەکەی ئافرەتان بەسەر بردووە، پێکەنینێك پێدەکەنێ بە ئاشکرا پێی نیشان دەدات تەنیا ئارەزووکێشە، پێکەنینێکی دیکە- دەشێ هەر لە دوای ئەوەی پێشوودا بێت- ئەوەیان هۆش لە پشتە و گاڵتەکارە، وەك چۆن هۆش فەیلەسوفان و

دڵی پیرە بلیمەتەکان گاڵتە دەکەن"(١٥٣) ئەوەشیان وشەکانی عەقاد خۆیەتی کە دژی خۆی دەوەستێتەوە کە دەڵێت: ئافرەت هۆشی نییە پێی بیر بکاتەوە، لەسەر پیاوە لەماڵەوەدا لەنێوان چوار دیوار بەندی بکات و فەرمانی بەسەردا بدات، ئافرەت هۆش و ئایین و ئاکاری کەمە، بتپەرستە هیچ ئایینی نییە!".(١٥٤)

لێرەدا عەقاد دەیەوێت لەباری لە ئافرەت بسەنێتەوە، لە مەکر و رواڵەتیا زیاد وەك چۆن فەیلەسوفانی پێشە خۆی لەباری خەوایان لێ سەند، لە خراپە و گوتیان خراپە، بە ویستی ئەو و هەڵبژاردنی ئەو نەبووە، بەڵکو بە ویستی ئادەم، یان ویستی خوداوەند بووە.(١٥٥)

فێڵ و جادو و دڵکێش لە هەزار و یەك شەوەدا

عەقاد و هاوشانەکانی لە ئەدیبانی چاخی نوێ، ئەدیبانی کۆمەڵگەی عەرەبی کۆن لە بۆچوونیان سەبارەت بە ئافرەت، جیاواز نین، هەورەها جیاواز نین لە گێرەڕەوی چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەو. ئافرەت لە زۆربەی هەرە زۆری ئەم چیرۆکە میللیانە لە شێوەی کەنیزەی دڵگیری بە لەنجەولار، ئەهریمەنی لە یارییەکانی، زانا لە فێڵ و تەڵەکەبازیدا، ئەوینداری دڵگیر لە ئەوینەکەیدا، لەبار لە بابەتی خۆشەویستی و سێکسی وەك لەباری ئەهریمەنەکان و ئەجندان. "ئافرەت لە هەموو وێنەکانی ئەم سەردەمە کەنیزەکە، چ شاژن بێت، یان کەنیزەکی لە بازاڕدا کڕاو.

کچە پادشایە شەڕ دەکات خۆشەویستەکەی ترساو دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بانگی دەکات بە گەورەم، خزمەتی دەکات وەك خزمەتکردنی مریەمی زناریە بۆ نورەدین، لە زۆر چیرۆکەکاندا دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن، سفاتەکانی کەنیزەك و هەڵسوکەتەکانی نزیکترن لە هەڵکەوتەکەی"(١٥٦).

چیرۆکەکان هەزارو یەك شەو ئەم جۆرە ئافرەتە جادوکارانەی تێدایە، ئەوانەی جادویان وەك ئامرازێك بەکار هێنا، بۆ جێبەجێکردنی پلانی ئافرەت بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی. ئافرەت جادو لە مێردەکەی دەکات تا خۆشەویستیەکەی نەوەستێت. تێبینی ئەوە دەکرێت کە جادو لە هەزار و یەك شەوەدا تەنیا لە رێگەی ئافرەت فێڵباز و ئەوانەی لە هەوڵی چوونە لای دڵدارەکانیان، مێردەکەی سڕ دەکات تا بچێتە لای دڵدارەکەی. ئەم دیاردەیە لە هەزار و یەك شەوەدا دووبارە دەبێتەووە، هەر لە چیرۆکی سوڵتان مەحمود خاوەن دورگەکانی رەش لە بەشی یەکەم، تا چیرۆکی قەمەری زەمان و دڵدارەکەی لە بەشی چوارەمدا.

فێڵ و تەڵەکەبازی لە هەزار و یەك شەوەدا، پێبەستە بە ئافرەت و خۆشەویستی و سێکسی و دلگری. فێڵی ئافرەتان ئەم چیرۆکانەی دەوڵەمەند کرد، کە نیشانەی کاریگەری چیرۆکی حەوایە لە دەروونی عەرەباندا لەو رۆژگاریدا، سەرەڕای قورئان کە چیرۆکێکی هاوشێوەی تێدایە، کە چیرۆکی یوسف و ژنی عەزیزە، دەستەواژەی قورئانی "فێڵیان گەورەیە" "أن کیدهن عظیم" ئەوە دووپات دەکاتەوە کەوا فێڵی ئافرەتان راستییەکی جەوهەرییە و فێڵێکی گەورەشە. لە چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەوەدا هاوشێوەی حەوا زۆر دەبینین، کە ئادەمی لە بەهەشت دەرهێنا، ئەم ئافرەتانە دەبنە هۆی لە ناوچوونی پیاوان، یان زیان پێگیاندنیان وەك لە چیرۆکەکانی بەرگدرو و پەیامهێن و نەسرانییەکە هاتووە. هاوشێوەی ژنی عەزیز دەبینین کە بە هۆی ئەو یوسف کەوتە زیندانەوە، لە چیرۆکی قەمەرِی زەمان کوڕی پادشا شەهرەمان، کە دوو کچی خۆشویستبوو "بەدر"و "گیانی دەرونان" دوو کوڕی قەمەڕی زەمان ئەو دوو کوڕەی لە باوکیان بوون، کە بڕیاری کوشتنیان دەدات و روداوی شێرەکە و مەملوکەکە رزگاریان دەکات. لە پێشەوەی ئەم چیرۆکەدا ئەو ئافرەتەی لە رۆژی گواستنەوەیدا دێوەکە هەڵبگرت و لە سندوقێکدا بەندی کرد و لەسەر سەری خۆی دانا، تا ناپاکی لەگەڵد نەکات:

بحیث یوسف فاعتبر     محذرا من کیدهن

لە باسی یوسف پەند وەرگرە- وریا بە لە فێڵەکانیان

أو تری ابلیس     رج أدما من أحلهن

ئایا نایبینیت ئیبلیس- ئادەمی دەکرد بۆ ئەوان

لەم چیرۆکانەدا دەبینین چەندان ئافرەت تەنیا بۆ گزی فێڵ و تەڵەکە دەکەن، بۆ گاڵتە بە پیاوان کردن ئەوانەی خۆشیان ویستن، وەك لە چیرۆکی شەشەم وەزیر لە چیرۆکەکانی حەوت وەزیر. دەشێ لە تەك ئەوەدا فتنەگێڕی تێدایە بێت، وەك لە چیرۆکەکانی سەرتاشی سەبارەت لە حەوت خوشکەکەی (یەکەم و دووەم) لە چیرۆکی سەرتاشی بەغداد.

نموونەی پیرەژنی جادوکەر و فێڵباز لە ئەدەبی میللیدا زۆرە، بەرچاوترین کەسایەتی لەم جۆرە "شواهی"یە کچە پاڵەوانی چیرۆکی (عمر النعمان وولدیه) (عومەری نوعان و هەردوو کوڕەکەی)، ئەم ئافرەتە نەك هەر مەکر و فێڵ و تەڵەکەباز و فیتنە و دڵکێشی خۆیی و سێکسی بەکارهێنا، بەڵکو لە جەنگ و سیاسەتیشدا بوو، سەرکردایەتی سوپای کرد و لە چەندان پادشای بردەوە و چەندان شانشینی لەرزاند، جلوبەرگی دەروێشانەی لەبەرکرد و گاڵتەی بە موسڵمانە نەیارەکان کرد، پادشا عومەری نوعمان و کوڕەکەی کوشت، لە پێناو فێڵ و تەڵەکەبازی و

پیلانەکانی خۆی چەندان ساڵ خۆی ڕاگرت. شەواهی لە جەنگدا لە ناوەندی شەڕە لە نێوان موسڵمانان و مەسیحیان، هەردوولایان بە یەکەوە فریو دەدات، دەبێتە هۆی وێرانی و نەهامەتی بۆ هەمووان، لە دوا کایە فێڵێکی لێدەکەن بە لە سێدارەکانی شەواهی کۆتایی دێت لەسەر دەرگای بەغداد، ئەم جۆرە چیرۆکانە چەند رق و کینەی قوڵی پیاوانی بۆ ئافرەت هەڵرشتووە، لە کۆتایی چیرۆکەکە چەند هەست بە ئاسودەیی دەکەن کاتێك دەبینن شەواهی و هاوشێوەکانی لە سێدارە دراون.

کەسایەتی شەواهی و هاوشێوەکانی لەم چیرۆکانەدا، کەسایەتی لەباری ئافرەتی عەرەبی دەنوێنن، کە هاوبەشی لە سیاسەت و جەنگ دەکرد و زرێی لەبەر دەکرد و لە یەکەم ریدا دەجەنگا، وەك "هند بن ربیعە" کە لە شەڕی (ئوحد)دا بە شیری خۆی زۆر پیاوی لایەنگرانی محەمەد (د.خ) کوشت، بەڵکو چوو بۆ بکوژێك، کە (حمزة ابن عبدالمطلب) (لە جەستە کوژراوەکەی دڵ و جەرگی دەرهێنا، جەرگی هەمزەی بە هەردوو دەستی دەکوشی و دەیجوی و خوێنەکەی فڕێ دەدا و بە هەوەش بوو و لەسەر تەرمەکەی سەمای دەرکد".(١٥٧) لەبەر ئەم هۆیەیە ئافرەتی جەنگاوەر لە چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەودا، وەك ئافرەتی موسڵمان دەرناکەوێت. وەك جادوکەرێکی شەڕخوازی پیر، یان ئافرەتی مەسیحی دەردەکەوێت، بەلاّم ئەم ئافرەتە مەسیحییە پیاوێکی موسڵمانی خۆش دەوێت، لە کۆتاییدا دێتە ریز سوپای موسڵمانان و لەتەك ئەواندا شەڕ دەکات و دوژمنانیان دەکوژێت، ئەوەتا "ئەبریزە"ی مەسیحی "شەریکان"ی موسڵمانی خۆشدەوێت و لەگەڵ (عومەر نوعمان) دەبێتە هاوسەر و "رەمەزان"ی دەبێت و دەچێتە ریزی سوپای موسڵمانان و بۆ ئیسلام بەرامبەر باوکی و برای دەجەنگێت و دەیانکوژێت، لە کۆتاییدا لەبەرئەوەی موسڵمانە رەشید پارێزگاری لێدەکات.

ئەم ئەدەبی میللیە لە سەرەتادا خواستی موسڵمانان دەردەخات، بۆ ئەوەی ئەم ئافرەتە بە هێزانەی وەك "هند بنت ربیعە" ببنە موسڵمان، ئەوەش لە مێژووی ئیسلامدا روویداوە، لە هەمان کات ئەو وێنە بەهێزەی ئافرەتی عەرەبی تیادا بووە دەردەخات و هاوبەشیکردنیان لە جەنگ و سیاسەت و ئایین و کۆمەڵگەی گەورەن چی پێش ئیسلام، یان لە ژیانی محەمەددا (د.خ).

لە هەمان کاتدا پەیوەستی دڵکێش بەهێز و لەباری ئافرەت دەردەخات لای عەرەب، زۆربەی ئەو ئافرەتانەی لە چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەوەدا هاتوون دڵکێشن، جوانیان لە ئافرەتەکانی دیکە زیاترە، هەرچی بن گوێندەبێژ دەنگبێژ دڵدار، لە زۆربەی ئەم چیرۆکانەدا ئافرەتەکە

روپۆشەکەی خۆی تا دوا چرکە لا نابات، کە هەمیشە تروکەیەکی ناسکە، تیایدا هەموو شتێك دەوەستێت، شکست، یان بردنەوەی بەرچاو. ئافرەت لەم تروکەیەدا، ئەوا سوارچاکی چالاکە، زۆر جاران ئافرەتی عەرەبی جل و بەرگی لاو چاکانی لە جەنگدا دەبەر دەکرد، وەك هەندی کچی رەبیعە کردی لە شەڕی (ئوحد)، کە رووی خۆی بە دەردەخات و دوا جەنگ دەباتەوە، وەك ئەوەی تیرێکە کاراتر لە تیرەکانی جەنگ، هەر بەم شێوەیەن زۆربەی پاڵەوانانی جەنگاوەر بردویانەتەوە وەك (دنماء) لە چیرۆکی دووەم، کەنیزەك لە رۆژی حەوتەم لە کۆمەڵە چیرۆکی حەوت وەزیر. وەك چۆن ئافرەتی عەرەبی لە کجەنگدا و لە سیاسەتدا و لە دڵکێشیدا بەرچاو بوون، لە هونەرەکان و لە ئاداب و لە زاسنتەکان بەرچاو بوون. هەندێ کەنیزەك لەم بوارانەدا گەیشتنە ئاستی زۆر بەرز لە ژیانی بەرچاوی عەرەب، تا رادەیەك رەشید خۆی هەندێ لەم کەنیزەکانەی هێنا لەبەرئەوەی وەلآمی پەندێکیان داوەتەوە، یان بەیتە شیعرێکیان بۆ تەواو کردووە، یان هەندێ کۆپلە شیعریان وتووە و پێی سەرسام بووە، لە چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەوەدا هەندێ لەم رووداوانە دەبینین، کە لە کتێبە ئەدەبییەکانەوە لە شێوەی هەواڵ گوازراونەتەوە، سێ ئافرەتی شاعیر هەن "ئەسمەعی" یان راگرت لەبەر توانای شیعر گوتیان. روداوێکی دیکە باسی رەشید دەکات لەگەڵ کچە شاعیرێك. هەزار و یەك شەو چەندان چیرۆکی لە ژیانی "ئیسحاقی موسڵی"و کەنیزەکە گۆرانیبێژەکانی تێدایە، ئەوانەی خۆشیان لە دەنگەکەیان دەبینی. چەندان هەواڵ دەدرێتە پاڵ ئەبی نەواسی شاعیر، کە لە ئەدەبی عەرەبیدا بە مەیخۆری و هەوەسبازی بەناوبانگە.

ئافرەت چەند بەهێزەن کە لە چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەو لە شێوەی (ئەجندە) وێنەی دەکەن کە پیاو دەکەویچتە ئیشق و جادووی، بەلآم شەکەت دەبێت بە دوای، وەك شەمسە لە "چیرۆکی جانشاه" "مەنارول سەنا" لە چیرۆکی حەسەنی بەسری. ئافرەتی ئەجندەی کە لە دەریا دەژێت و بەرەیەکی لە ئەجندانی لە بن دەستە، وەك گوڵنار لە چیرۆکی پادشا "بدر باسم"، یان کچە "ئەجندە"ی کە پادشایەتی شارێك دەکات خەڵکەکەی خۆر، یان ئاگر دەپەرستن، هەروەها کەسایەتی شاژنی بەهێز "لاب" هەیە، کە خەڵکی بۆ تێرکردنی ئارەزوەکانی بەکاردێنێت و بۆ بەکارهێنانی جادو دژی دوژمنانی، دەتوانێت بە جادوو خۆی بکاتە باڵندە گەر بیەوێت و دیسان خۆی بکاتەوە مرۆڤ. "گوڵنار" دەتوانێت بچێتە بن دەریا و لە قووڵایی بڕوات و لەگەڵ خەڵکەکەی بدوێت و توڕە بێت و سەرکەوێت، وەك چۆن لەسەر زەوی بە هەمان شێوە بکات. ئافرەتە ئەجندە شوێنێکی گەورەی گرتووە لە هەزار و یەك شەوەدا،

ئەوەیان بەهێزی ئافرەت دەردەخات لە ویژدانی گەلی عەرەبی، بەردەوام پەیوەست بووە بە ئەجندە و دێو و شەیتان، هەر لە کۆنەوە هەتا سەدەکانی ناوەند و تا چاخی ئەمڕۆمان.

**ئافرەت لە داستانە میللیە عەرەبییەکاندا**

ئافرەتی عەرەبی رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە داستان و ژیاننامە میللییەکاندا. باوترین ئەم داستانانەش ژیاننامەی میرزادەی لاو چاك(١٥٨). كە تیایدا ئافرەتێك رۆڵی پاڵەوانێتی تیادا دەگێڕێت، ئەویش فاتیمەی کچی مەزلۆمە. ئافرەتان لەم داستانەدا هەموو سوارچاك و جەنگاوەرن جەنگدا لە پیاوان ئازاتر و بە تواناترن ئەو خەسڵەتە باشە، دووبارە دەبێتەوە کە "بکوژی ئازایان"ە و لە شەڕە شیردا بەسەر ئازاترین پیاو دەکەوێت. تەنیا مێرد بەوە دەکات کە ئەو هەڵیدەبژێرێت و دەتوانێت لە شەڕدا لەبەردەمیدا بوەستێت. بێگومان چیرۆکبێژی میللی هەڵکەگوتیکی عەرەبی ئەو کاتی دەگوتەوە. پوختەی ئەم چیرۆکی میرزادەی خۆشڕەفتار ئەوەیە، کەوا باوکی هیواخواز بوو کوڕ بێت بۆ ئەوەی پاشماکی خۆی بۆ جێبێڵێت لە تەختدا، کەوا برایە زۆردارەکەی لەسەر دانیشتووە لەبەرئەوەی نێر بووە.

كە مزگێنیان پێدا کچیان بووە، باوکەکە زۆر زویر بوو خەمبار بوو "روی رەشهەڵگەڕا و قین لە دڵ پەنگاوە بوو، ئەوەیان واتای وایە سوڵتانی و پادشایەتی و دەوڵەمەندی لەدەست دەدات. باوکەکە پشتی لە کچەکە کرد بە کچی خۆی دانەنا و هەوڵی دا بیکوژێت، بە دایەنەکەی وت بیکوژێت، بەڵام ئەو پێی وت با بیداتە دەست کەنیزەیەکی بە ناوی"سوعدا"بوو. سوعدا شیری دایە ئەو منداڵە و ناوی نا فاتیمە و لەگەڵ بەخێوکەرەکەیدا پەروەردە دەبێت، کە کەیزەکە هیچ لە بارەی باوکی و خزمانی نازانێت. لە یەکێك لە جەنگەکاندا فاتیمە و سوعدا بە دیل دەگیرێن و دەفرۆشرێن، فاتیمە دەبێتە کەنیزەکێکی بەنی تەی کە هۆزێکی بیانییە بۆ ئەو. بووە بەشی پیاوێك لە ناوی حارس، ناوی گۆڕی و وایکرد کارە نزمەکانی کەنیزەکان بکات. فاتمە، یان خاوەن ورە بەم ژیانە ژێر دەستەییە رازی دەبێت، بە ناچاری و هیواخوازە هۆزێکی هەبێت بێن رزگاری بکەن، بەر بەرە هەستی کرد کە دەبێت خۆی رزگار بکات، خۆی فێری هونەرەکانی جەنگ و سوارچاکی کرد دوای ئەوەی زانی هێز هێزی شیرە. سوارێك هەوڵ دەدات دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەر لەبەرئەوەی کەنیزەکە، بەڵام ئەو رەتیدەکاتەوە و راوەدووی دەنێت تا بە شیرەکەی دەیکوژێت. لێرەوە خاوەن ورە ژیانی خۆی وەك سوارچاکی جەنگاوەر دەست پێدەکات، سەردارەکەی لە توانایی و ئازایەتی دڵنیا دەبێت، لە جەنگ و هەڵمەتەکانیدا دژی هۆزەکانی دیکە پشتی پێدەبەستێت. خاوەن ورە لە هەموو جەنگەکانیدا سەردەکەوێت و سامان و

سەربەرزی و شکۆمەندی و سەروەری بۆ خاوەنەکەی دێنێتەوە، ناوی نرا (بلیمەتی بەنی تەی) بەم جۆرە خاوەن ورە بووە پارێزگاری بەنی تەی بە پیاو و ژنەوە. لە یەکێك لە هێرشەکانیدا دژی هۆزەکان کە هۆزی بەنی کیلاب بوو، کە باوکی سەر بەو هۆزە بوو بەسەر هۆزەکەدا زاڵ دەبێت و بەسەر باوکیدا زاڵ دەبێت و بە دیلی دەبات بۆ بەنی تەی. بەنی تەی رۆژێکی گەورەدا بڕیاری کوشتنی دەدەن، بەڵام سوعدا باوکەکە دەناسێتەوە، خاوەن ورە باوکی رزگار دەکات و دەیگێڕێتەوە هۆزەکەی خۆی، بەم شێوەیە لە هۆزەکەیدا پایەی بەاریی دەبێت، ئەو سەرکەوتوو و بەهێز و جەنگاوەرێکی ئازایە. باوکی لە رێگای ئەوەوە دەوڵەمەند دەبێت و سەرکەوتنی زۆر دێنێتەوە، کە هەڕەشە لە دەستەڵاتی براکەی زاڵم و کوڕەکەی دەکات، کەوا کچی برای (مێ) سەڵماندی لەو بەهێزترە و لەو ئازاترە.

بۆ لە خۆگرتنی خاوەن ورە، مامە زۆردارەکەی لە کوڕی خۆی مارەی کرد، لەبەرئەوەی وایدەبینین کەوا گەر ببێتە ژنی کوڕەکەی مەزنییەکەی دەشکێ و چالاك نامێنێت و هێزی نامێنێت. ئەم دەستەواژە راستەقینەیەی ئەو هاوسەرییە دەردەخات کەوا هێز و چالاکی لە ئافرەت دەبڕێت و توانای دەشکێنێت. بەڵام خاوەن ورە بە زیرەکییەکەی لە فێڵی مامی دەگات و رازی نابێت شوو بە کوڕە مای بکات و دەڵێت: "من هیچ شوێکم ناوێت ئەم شێرەم نەبێت". واتە خاوەن ورە پێی باشتر بوو هاوسەرەکەی شێر بێت لەوەی شوو بە پیاوێك بکات.

شێر هێزی پێدەبەخشێت و سەرفرازی پێدەبەخشێت و بە ئازایەتی و توانسیتی دەیخاتە سەروی پیاوان. بەڵام بوونە هاوسەری پیاوێك واتە بوونە مێ و ملکەچ و بندەستی پیاو. بە هۆی باوەڕی تەواوی خاوەن ورە بە توانستی شەڕ و سوارچاکی، بەوەی زانی کەوا هیچ پیاوێك ناتوانێت لێی بباتەوە لەبەرئەوە ئەو دروشمەی هەڵگرت".

مێرد بە کەس ناکەم تا لە شەڕدا لێم نەباتەوە "پسمامەکەی دێتە پێشەوە و لە خۆبایی بە ئازایەتی خۆی، بەڵام خاوەن ورە لێی دەباتەوە و لەبەردەم هەموو هۆزەکەی خراپ دەیشکێنێت، هەست بە ریسوایی و توڕەبوون دەکات، لە خەلیفە دەپاڕێتەوە لەوی مارە بکات.

خەلیفە تێکەڵ دەبێت و خاوەن ورە لە پسمامەکەی مارە دەکەن، بەڵام لێناگەڕێت سەرجێی بکات. ئەویش جۆرە دەرمانێکی بێهۆشکەری بۆ لە خواردنەوە دەکات و کە بێهۆش دەبێت سەرجێی دەکات، کە بە ئاگا دێت هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی لێدەکات، بەڵام لەو جوتبوونە سکی پڕ دەبێت و کوڕێکی لێدەبێت ناوی دەنێن عەبدولوەهاب.

جەنگ لە نێوان عەرەب و رۆمیان پەیدا دەبێت، هێزەکانی مەنسور خەلیفەی عەباسی ناتوانن خۆ لەبەردەم هێرشەکانی رۆم راگرن، خەلیفە داوای یارمەتی لە بەنی کیلاب دەکات کە خاوەن ورە لەوانە.

موسڵمانان بەهۆی لێهاتووی و مەند و هێزی شیرەکەی خاوەن ورە لە جەنگدا سەردەکەون. تا ئەو رادەیەی گەر خاوەن ورە دیار نەبا موسڵمانان لە جەنگدا دەیاندۆڕاند، گەر ئامادە بایە دەیان بردەوە، تا ئەو رادەشە چارەنوسی دەوڵەت پەیوەست بوو بە بوونی و لە چاو عەرەب و رۆم ناویان نابوو "نیوەی ئیسلام".

سوپای ئیسلامیش بە سەرکردایەتی ئافرەتێك بوو، مەڵتیە کچی پادشای رۆم بوو، کە پاڵەوانانی موسڵمانانی شکاند، کە خاوەن ورە لەو شەڕە ئامادە نەبوو و توانی قەلاَکانی ئیسلام بگرێت.

بەلاَم خاوەن ورە سەرکەوت و قەلاَکەی سوتاند و شاری مەڵتیەی گرت کە بە ناوی خۆی کردبوو.

ئەم داستانە هێزی ئافرەت دەردەخات، چ لەلای موسڵمانان، یان لە لای رۆمییەکان، بە جۆرێك مەزنترین لەشکر لە ژێر سەرکردایەیت ئافرەتاندا بوو، نەك پیاوان. چیرۆك گێڕەرەوەی میللی لە وەسفی کەسایەتییە ئافرەتەکان کە بە هێز و لە بارییان دەردەکات، لە کۆمەڵگە و ژیانی سیاسیدا بە گشتی.

نموونەی پاڵەوانییەتییەکانی ئافرەتان زۆرن و داستانەکان پڕن لەوانە وەك "میرونە" کچی بەتریق و زنانیر کچی شاپولس و قەنناسە کچی مزاحم و شاژنە مەیمونە کە هەموویان ئافرەتن. لە پاڵەوانیەتی و ئازایەتی خاوەن ورە دابوون، بەلچکو هەندێکیان لە مەیداندا لە سەروی ئەویشدا بوون. هەموو ئەم نموونانەی ئافرەتان توانستی ئافرەت دەردەخات، لەو کاتیدا توانا و ئیمکانیەتەکانی کە بێ سنور بوون. ئەم نمونانە لە زۆربەی داستانە میللیەکاندا دووبارە دەبنەوە، نەك هەر لە داستانی میرزادەی خاوەن ورە، ئەوەشیان نیشانگەلێکن بۆ دەرخستنی ئەو راستییە، کە پاڵەوانییەتی ئافرەت و هاوبەشیکردنی لە ژیانی گشتیدا رێسا و یاسا بوو، نەك ناوبەناو، یان هەلاَواردە.

چیرۆکگێڕەرەوەی میللی، پاڵەوانییەتی ئافرەت و بەرگی لە ئیسلام بە یەك دەبەستێتەوە. ئافرەت دەکاتە پارێزەری ئیسلام، بەرگریکار لە ئیسلامن ئافرەتێکە مکوڕە لەسەر ئایینی ئیسلام و پارێزگاری لە موسڵمانان دەکات".

چیرۆك گێڕەرەوە هەوڵ دەدات، لایەنی ئاکاری ئایین بسەلمێنێت، لە هەموویان گرنگتر پاکیزەیی ئافرەتە و بەرگری کردنیەتی لە ناموس و سەرفرازی خۆی تا ئەو رادەی رازییە بمرێت، بەلاَم

بێناموسی ناکات. له زۆربەی حاڵەتەکاندا بایەخ به سێکسی نادات. له بری پیاو مێردی به شیر کرد، یان ژیانی خۆی کرده قوربانی ئاین مێردی به ئیسلام کرد و یان کوڕەکەی دەبەخشێت، یان بەهادارترین شت له ڕێگای ئایینداا. هەرچەنده داستانه میللییەکانی توانستی کوشتاری ئافرەت دەردەخات و هاوبەشیکردنی له جەنگ و سیاسەتدا.

بەڵام هەمیشه ئافرەت وا پیشان دەدات پاکیزەیه، سەربەخۆیه، به تەنیا دەژی بێ هاوسەر، خۆپارێزه، پەرستیاره، جەنگاوەره، بەڵام کەسایەتی ئافرەتی هاوسەر، یان خۆشەویست ئەوا کەسایەتی ئافرەتێکه له ڕێگای مێردەکەین یان کوڕەکەی دەژیت.

گەر مێردەکەی پاڵەوان بێت ئەوا ئەو یارمەتی دەدات، بۆ سەرکەوتن خزمەتی دەکات. دڵسۆزییەتی و تاڕادەی مردن له خزمەتیدایه. ئەوەشیان وەك داستانی عەنتەره کوڕی شەداد و ژنەکەی عەبله، که خۆڕاگر بوو لەبەردەم کۆسپ و تەگەرەکان، تا سەرکەوتن پشتی مێردەکەی بره نەدا و عەنتەره بووه سوارچاکی سوارچاکان.

له داستانی هەمزەی عەرەبی، ئافرەتێك له پشت پاڵەوانییەتی هەمزەدا بوو، مەهەردکار واته خۆری رۆژ کچی کیسرا ئەنوشیروان.(١٥٧)

ژیاننامەی میللی جیایه له هەزار و یەك شەو، لەوەدا که ئافرەتی جەنگاوەر و ئازای نەکردۆته ئەجنده، یان جادوکەر، یان شەیتان، بەڵکو ئافرەتێکی راستەقینەی سروشتییه، جگه لەوەی له زۆربەی جاران خۆ دەپارێزێت له سێکس و هاوسەریی.

ئەدەبی عەرەبی نوێ، هەموو ئەو ئەدەبەی پێشووی کاری تێکردووه. بەڵام وێنەی وەك هاوسەر و خۆشەویست زاڵه بەسەر وێنەی ئافرەت، وەك سوارچاك و جەنگاوەر له شەڕدا و هاوبەشی له سیاسەتدا.

نالەباری ئافرەت به زێدەبوونی شارستانییەتی زێدەبوو، هاوکات لەگەڵ پتەوبوونی سیستەمی باوکسالاری و بنج داکوتانی سیستەمی چینایەتی.

هاوکات لەگەڵ زێدەبوونی جیاوازی نێوان چینێك و چینێکی دیکه، ڕەگەز و ڕەگەزێکی دیکه، ڕەنگ و ڕەنگێکی دیکه.

له هەزار و یەك شەوەدا، ئافرەتی بەهیچزی لەبار به (ئەجنده) ناوبراوه، یان جادوکەر، یان شەیتان، ئەدەبی ئافرەتی له باری وا وێنه کێشاوه وەك ئەجنده و دێو. بەڵام له ئەدەبی عەرەبی نوێدا ئافرەت شێوەی "ئەجنده"ی وەرنەگرتووه، له شێوه و جەستەدا وەك له هەزار و یەك

شەوەدا، بەڵكو تەنیا بە گوازارە و جەستە و شێوەی مرۆیی پاراستووە وەك مرۆیەكانی دیكە، بەلاّم بە ناچاری هەر سەر بە ئەجندانە زیاتر لەوەی سەر بە مرۆڤ بێت.

ئەو روكارەش زەكی موبارەك دەری بڕیوە، كە دەڵێت ئافرەت لە تێبردنی پیاو لە شەیتانەكان و ئیبلیسەكان بە تواناترە.

عەقادیش هەمان واتای دەربڕیوە، بەلاّم توانستی لە لەناوبردن و فێڵ و دڵكێشی گێڕایەوە بۆ سروشتە بێهێزەكەی. بە رای ئەو، حەوا لە دارە تابۆكراوەكەینەخوارد، یان ئادەم هاندات بیخوات، تەنیا لەبەر ئەوە نەبێت ئافرەت بە سروشت پەیوەستدارە بە شتی قەدەغەكراو، دەرونە لاوازەكەی دنە دەدات بۆ لەرێ لادان و دڵكێش كردن.

واتە ئەم دارە (ناونیشانی ئەوەی لە ئافرەتدایە لە ملكەچی دەیگەیەنیچتە چێژی یاخی بوون، لارولەنجی دەیگەیەنێتە چێژی خۆبەدەستەوە نەدان، بەدگومانی و رق و بێهێزی، پەیدۆزی نەزانی، پەككەوتەیی لە ركابەری، پەككەوتەیی لە سەركەوتن بە بێ دەستەندووی مێزكردنەوە و خۆنیشاندان و خۆنواندن).(١٦٠)

توفیقی حەكیم ئەویش بە نازناوی "دوژمنی ئافرەت" ناوزەند كراوە، لەم باوارەدا هزری نزیك لە هزرەكانی عەقادی هەیە لەگەڵ هەندێ جیاوازیڤن لە چیرۆكەكەی "الرباط المقدس" پێبەستی پیرۆزن حەكیم باسی ئافرەتێكی یاخی دەكات، یاخی بونەكەی بۆ خوازیاریی هزری لە ژیان كۆمەڵگەدا نییە، بەڵكو خوازیارییەكەی بۆ پركردنەوەی بۆشایی سۆزدارییەتی لە ژیانیدا. توفیق حەكیم (كە لە چیرۆكەكەدا بیرمەندە) بانگەواز بۆ ئەوە دەدات، كە ئافرەت هاندەری ئایینی ئەوەندە نەماوە و لەسەر بیرمەندە كەوا ئەم هاندەرە ئایینییەی لا بەئاگا بێنێت. حەكیم وەك عەقاد ئافرەت وا پیشان دەدات كەوا تەنیا دڵسۆزی غەیزەكەیەتی، دڵسۆزە بۆ ئارەزووەكانی. جەستەی وەك سارەی عەقادی هەڵسوكەوت دەكات بەبێ بەهای ئایینی، یان هزری، یان كۆمەلاّیەتی.

خوێنەر هەست دەكات عەقاد و حەكیم لەناخەوە ترسێكی بەرهەست، یان بن هەستیان لە ئافرەت هەیە، لەو بونەوەرە مێینەیەی رەمەككارە بەهێزە لە رەمەكی سێكسیدا، ئەوەی گوێ بە ئایین، یان ئاكار، یان كۆمەڵگە نادات. ئافرەت لای (حەكیم) هەوەسبازی و بێهودەیی بە مافی رەوای خۆی دادەنێت، لەمبارەیەوە بە شێوازێك دەدوێت "دڵنیا و بەرەنگاری بوونەوەوە دەڵێت ئەوەیان مافی رەوای خۆیەتی".(١٦١)

ئابڕوو و لە چاخی نوێماندا

ئەدەبی عەرەبی نویٚ روانینی کۆمەڵگەی باوکسالاری باو، بۆ شەرەف پەیوەستکردنی بە پاکیزەیی کچی تێدا رەنگ دەداتەوە، لە رۆمانی (دعاء الكروان) تەها حوسێن ئەم چەمکە نەریتییەی شەرەف دەردەبرێت و کچە بچکۆڵەکە "هنادی" بە چەقۆی خاڵی و بە هاوکاری دایکی سەردەبڕدرێت، ئەو ئافرەتەی نوسەر وای وێنەکرد، کەوا پەککەوتەیە و ناتوانێت بەرگری لە کچەکەی بکات، بەڵکو هاوکاری خەڵەکەشیەتی لە کوشتندا.

خاڵە بکوژەکە ئازاد و بەرەڵا دەمێنێت و بە تاوانبار ناژمێردرێت، وەك ئەوەی ئەرکی خۆی وەك پیاوێکی بەناموس بەجێهێنابێت، بۆ پاراستنی ناموسی خێزانەکەی "نەنگی تەنیا خوێن پاکی دەکاتەوە" پەندێکی باوی عەرەبییە. لاوە ئەندازیارەکەی ناموسی هەنادی برد، ئەو لەسەر دەستی نوسەر سزا نادرێت، ەڵکو لە کۆتایی چیرۆکەکە ئامینەی خوشکی هەنادی خۆشی دەوێت: سەرەتا چیرۆکەکە کە لەو تەوەرە دەخولێتەوە، ئامینە نیازی وایە تۆڵە لەو لاوە بکاتەوە کە بووە هۆی سەربڕینی خوشکەکەی. ئامیە دەڵێت: "هەر دەبیٚ ململانێیەکە لە نێوان من و ئەودا بێت، بۆ ئەو بزاندرێت زوو و درەنگ کە خوێنی هەنادی بە فیڕۆ نەچووە، هێشتا کەسێك هەیە لەسەر ئەم زەوییە توانای تۆڵەسەندنەوەی هەیە".(١٦٢) ئامینە بە هیچ شێوەیەك بیر لە سزادانی خاڵی ناکاتەوە کە خوشکەکەی سەربڕی، لەبەرئەوەی تەها حوسێن لە چیرۆکەکەی سەبارەت بە ئافرەتان دەڵێت: "نەنگین پێویستە داپۆشرێن، قەدەغەیش دەبێت رەچاو بکرێت، پێویستە ناموس بپارێزرێتەوە". ململانێکە لە نێوان ئامینە و ئەو ئەندازیارە دەست پێدەکات، ململانێیەکەی نابەرامبەر لە هەموو لایەکەوە، ئەندازیارەکە فێرکراوە و لە چینێکی باڵاترە لە ئامینە، ئامینە تەنیا ئافرەتیچکی نەزان و نەخوێندەوارە، بەلاٚم لە ململانێیەکەدا مێینەیی و دلٚکێشی خۆی بەکاردێنێت. ململانێیەکە نە هزری و نە کۆمەلاٚیەتی و نە رۆشنبیرییە، ئەو زۆردارییە دەکاتە روو کە دژی ئافرەت دەکرێت، بەلاٚم ململانێیەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە چەکی ئافرەت لە ژیاند، تەنیا مێینەیی و لارولەنجی و دلٚکێشی رووکردن و پشتتێکردنییەتی و ئەم جۆرە یارییە شەیتانییانەیەتی. ئەندازیارەکە هەولٚ دەدات وەك خوشکەکەی فریوی بدات، بەلاٚم فێڵی کچەکە بەسەر فێڵی کوڕەکە دەکەوێت، خۆی لێدەگرێت و ئارەزووی دەوروژێنێت، بەلاٚم رێی نادات دەستی لێبدات، دەزانێت پیاو کە لە رووی سێکسی گەیشتە ئافرەت لێی بێباك دەبێت و وەك ناوکە خورما فڕێی دەدات، وەك چۆن لەگەلٚ خوشکەکەی وایکرد.

پلانی ئامینە سەردەکەوێت و ئەندازیارەکە دەکەوێتە خۆشەویستی ئەو. ئەم خۆشەویستییەش "بەرای من" تەنیا لە سەرچاوەوە هەلٚقولاٚوە، کە بێبەش بوونی سێکسییە و خوازیاریی

مێینەیەی کە لەبەردەستیدا نییە، ئەوەشیان لە خۆشەویستی راستەقینە دوورە. وەك ئەوەی ئەم بۆچوونە دووپات بکاتەوە کە پێویستە، ئافرەت پێچ و پەنا و فێڵ و تەڵەکە بکات و پیاو بێبەش بکات لە رووی سێکسی بۆ ئەوەی خۆشی بوێت. هەستی ئامینەش ئەوە نیشان دەدات کەوا لە فێڵکردنەوە دەبێتە خۆشویستنێکی راستەقینە. تەها حوسێن خۆشەویستی ئامینە وا دەردەبڕێت: "ئامینە هەرچەند تەنیا لەگەڵ خۆی بیری دەکردەوە، دەیڕوانییە ویژدانی خۆی وێنەی ئەوی تێدا دەبینی، کە چاوی دەگێڕا هەر ئەوی دەهاتەوە بەرچاو، گوێدێری هیچ نەدەبوو تەنیا دەنگی ئەو نەبێت. ژیانی لە هەموو لایەکەوە لێداگیر کرد. وای لێهات لە هەموو شتێکی لا گەورەتر بوو، لە هەموو مرۆڤێك، هەتا لە خوشکە خوۆشەویستەکەیی و تارماییە سوورەکانی".(١٦١)

تەها حوسێن لەم رۆمانەیدا بۆ ئەوە دەچێت، کە ئافرەت پەکی دەکەوێت کاتێك پاکیزەیی لەدەست دەدات. کە بڕیاری تۆڵەسەندنەوە دەدات پەککەوتەیە لە تۆڵەسەندنەوە، پەککەوتەیە لە خۆشەویستی کە بڕیاری خۆشەویستی دەدات، هەمیشە لە خولگەی پیاودایە، هیچ فێڵ و هێزێکی نییە، هەمیشە لەلایەن پیاوەوە کوژراوە، لەبەر زۆر هۆ کوژراوە، بە ناموس کوژراوە، بە خۆشەویستی کوژراوە، بە رق و تۆڵە کوژراوە، بە پەککەوتەیی و پێشێلکراوی لە ژێر پێی پیاو لە روی ماددی و دەروونی و سۆز و ئاکاردا کوژراوە. هەندێ جار تەها حوسێن لاگری ئافرەت دەکات، بەلاّم لاگرییەتی پیاوی ئاسایی عەرەبییە، بەزەیی نێری بەهێز و بالاّ بەرامبەر مێیەی بێهێز و نزمتر، چەندی پێخۆشە بای ئەو ململانێیە سێکسییەی نێوان ئامینە و ئەندازیارەکە بکات، ململانێی پیاو بە هەموو چەکەکانی دژی مێینە بە بێهێزی و شکست و ملکەچی، پەیوەندییەکە لە هەردوو لاوە نزیکە لە سادییەتی ماسۆشیی.

بە پێچەوانەی زۆربەی ئەدیبە عەرەبەان، محەمەد عەبدولحەلیم عەبدولاّی نوسەر، مەیلی بۆ سزادانی ئافرەت نییە، کە دەیەوێت واتە شەرەف و ناموسی لە دەست دەدات واتە پاکیزەیی-کچێتی لە دەست دەدات، هۆیەکەشی بۆ ئەوە نییە روانینێکی دیکەی سەبارەت بە چەمکی ناموس هەیە، بەڵکو لەبەرئەوەیە ئافرەت لە وشیارییەکەی جیا دەکاتەوە، ئافرەت وای دادەنێت لەو گوناهە وشیار نییە، کەواتە نابێت سزا بدرێت وەك چۆن ناکرێت سزای شێت، یان بێهۆش بدرێت، لەم بارەیەوە لە رۆمانی خۆری پایز لەسەر زمانی پاڵەوانەکەی دەنوسێت "ئافرەت لەکاتی کەوتندا لەسەر هۆشی خۆی نییە، بەڵکو لە ژێر جادوو دڵگری و جادووی شەیتان نامۆ کراوە، بۆیە پێویستە کۆمەڵگە لێی خۆش بێت، لەبەرئەوەی نابێت بیر لەسەر خەوتوو بدرێت،

بەرپرسیارییەکە دەکەوێتە سەر ئەو پیاوەی فریوی داوە"(١٦٤) لێرەدا عەبدولحەلیم عەبدولاّ جیا دەبێتەوە لەوانەی، حەوا بە بەرسی کەوتنی ئادەم دادەنێن لەبەرئەوەی ئەو فریوی دا، لەگەلّ ئەوانە رێك دەکەوێت، کە بە تەواوی لەبەرپرسیارەییەتی رەهای دەکەن. دەشێ عەبدولحەلیم عەبدولاّ بۆ ئەوە چوو بێت لاگری ئافرەت دەکات، وەك تەها حوسێن دلّی پێدەسوتێت، بەلاّم لەوە زۆر بە کەمتری دانا لە کەسانی دیکە لەبەرئەوەی ئەو شانازییەی نەدا پالّ کە بەرپرسیارییەتی ئەو کارەیە کە خۆی دەیکات، وای پێشان دا بونەوەرێکی پەککەوتە و کەمهۆش، یان گێلّە، بەلّکو لە هەلّوێستێکی دیکەدا وەك نەخۆش، یان مردوو پێشانی دا، لەسەر زمانی پالّەوانەکە دەلّێت خاتوو (ف) ئافرەت "گەر لای دا چی لەسەر نییە و بەرپرسیار نییە، چونکە وەك خەوتوو، یان نەخۆش، یان مردوو (بە پێکەنینەوە) وایە بەرپرسیارییەتی لەسەر ئەو کەسەیە، کە هێرشی دەکاتە سەر لەبەرئەویە شایانی بەرگری نییە".(١٦٥٣)
عبدولحەلیم عەبدولاّی هیچی نەکەوتە بەرچاو تا ئافرەتی پێ برازێنێتەوە تەنیا پاکیزەیی نەبێت، یان (گەوهەری پاکیزەیی) پێشکەشی مێردەکەی بکات و دەلّێت: "بەبێ تۆ کەسایەتیم قەوارەیەکی سەربەخۆ نییە و هەست ناکەم هەم". نوسەر بۆ ئەوە دەچێت ناموسی کچ وەك دەنکە شخارتە وایە، تەنیا یەکجار دادەگیرسێت، ئەوەشیان پەندێکی باوە لە کۆمەلّگەکەمان. ئەکتەرێکی بەناوبانگی شانۆ یوسف وەهبی زۆر جار دووبارەی دەکردەوە، عەبدولحەلیم عەبدولاّ بۆ ئەوە دەچێت، ئەگەر پیاو ل کچ بدات، وەك دەفری پیس وایە، کەسێکی دیکە چێشتی تیا خواردبێت، وەك ئەوەی پالّەوانەکەی لە رۆمانەکەدا لە باسی کچە دلّدارەکەی دەلّێت: (دلّدارەکەی نازی لەسەر دەکات لەوە دەترسا سەروچاوەکە پیس بێت و کەس لێی نەخواتەوە).(١٦٦) ئافرەت لە زۆربەی رۆمانەکانی عەبدولحەلیم عەبدولاّ نالەبار و بێهێزە و لە رێگای پیاو نەبێت بوونی نییە، ئەگەر پیاو نەبێت ئافرەت دەمرێت، یان بە مردنی جەستەیی راستەقینە، یان بە خەم بۆ خۆشەویستەکەی، خەمی عەبدولحەلیم عەبدولاّ خەمێکە توند و رەقی تێدایە، بێزەوەری تێدایە زیاتر لەوەی سۆز و رێز و بەزەیی، وەك خەمباری مەنفەلّگوتیە بۆ پالّەوانەکانی. عەبدولحەلیم عەبدولاّ بڕیاری مردنی بەسەر هەموو پالّەوانەکانی دا، لەیلا لە (لقیط)دا مرد، زەینەب لە (شجر اللبلاب)دا مرد، خاتوو (ف) لە (شمس الخزیف)دا مرد، سەمیرە لە رۆمانی (من اجل ولدی)دا مرد. ئەوەی نەشمرێ دوور لە پیاو پێشێل دەکرێ و پوچ دەبێت.
ئافرەت لە ئەدەبی "نەجیب مەحفوز" هەمان ئافرەتە، لە هەژاری و لە دەولّەمەندی و لە نەزانی و لە فێربووندا، هەر ئەو ئافرەتەیە، کە شەرەفە و شکۆمەندی لە ژیانی سێکسی و لە

پاكیزەییەكەیدا چڕ دەبێتەوە. زۆربەی جاران بە هۆی هەژاری ناموسی لەدەست دەچێت. پێش نەجیب مەحفوز ئەدەبیان بۆ ئەوە دەچوون، كە ئافرەت بە هۆی ڕەمەكی سێكسی دەكەوێت، یان ئارەزوو و هەوەس، یان بێهێزی وەك مێینە، یان بێهێزی هۆش.

نەجیب مەحفور هۆكاری ئابووری وەك هەژاری دێنێتەوە بۆ كەوتن، بەلاّم چەمكی شەرەف لەلای ئەو هەمان واتای هەیە، ناموسی ئافرەت لای ئەو لەو ناوچە سنوردارەی جەستەیدایە (ئەندامە سێكسییەكان). هەرچەند نەجیب مەحفوز هاوچاخانە دەڵێت ئافرەت ڕۆڵێكی نوێی هەیە، كار دەكات و پارەدارە و دەتوانێت وەك پیاو لە خێزانی خەرج بكات، بەلاّم لە ژیانی ئاكاریدا یەكسانی ناكات بە پیاو. لە یەكێك لە ڕۆمانەكانیدا باوك بە كچەكەی دەڵێت، كە لەبەر دەستی لاوێكی دەوڵەمەندا ناموسی چوو: تۆ بەرپرسی لە هەمووومان بەتایبەتی حەوت براكەت" پیاو چ باوك بێت، یان مێرد بەرپرسیاریەتێكی ئابووری نوێ دەخاتە سەر ئافرەت، بەلاّم هەر بڕیاری كەوتنی دەدات گەر لە ژیانی تایبەتی خۆیدا ئەوە بكات كە پیاو دەیكات.

ئەو تەنیا دەكەوێت، زۆربەی جاران لە زۆربەی هەڵوێستەكاندا سزای نوسەری بەردەكەوێت.

هەرچەند نەجیب مەخفوری ڕۆڵی هەژاری، یان بارودۆخی كۆمەلاّیەتی لە لادانی ئافرەت، یان كەوتنی دەخاتە ڕوو، وەك: جەنگ بە شوێنەوارە ماددی و كۆمەلاّیەتییەكانیەوە. یەكەم بزوێنەری تراژیدیای كۆلاّنەكە بوو، كەوا حەمیدەی گەیاندە لادان"(١٦٧)، بەلاّم لەسەر زمانی پاڵەوانەكەی "ئیبراهیم فەرەج" كچەكە "بەمگێز لەشفرۆشە" واتە "سەرچاوەی ئیبلیسانە".

هەرچەند نەجیب مەحفوز هەوڵ دەدات وێنەیەكی بێلایەنی یەكسان بۆ ئافرەت بكێشێت، بەلاّم تەنیا وەك وێنەیەكی هۆشەكی دەمێنێتەوە، نەجیب مەحفوز هەوڵ دەدات وێنەیەكی بێلایەنی یەكسان بۆ ئافرەت بكێشێت، بەلاّم وەك وێنەیەكی هۆشەكی دەمێنێتەوە، نەجیب مەحفوز كە لە ویژدانی خۆیدا، وێنەی ئافرەتی ئاسایی باو دەكێێت وەك پیاوێك خاوەن كەلتورێكی باوكسالاری درێژە لە دەربڕیندا دەكەوێت. نەجیب مەحفوز ئافرەت بە نالەباری ئاسایی وێنە دەكات. هەرچەند هەندێ لەباریی ڕواڵەتی بخاتە سەر، ئەوەندە نابات لادەچێت و ئافرەتەكە دەكەوێتە خراپەكاری بە چەمكی باو. لە ڕمۆانەكەیدا "بدایە و نهایە" وەسفی نەفیسە دەكات و دەڵێت: "باوكی مردووە و كۆمەڵگە نەیتوانی بۆی ببێتە باوك، بۆ ئەوەی یارمەتی خێزانەكەی بدات، دەستی بە بەرگدروویی كرد، بەم جۆرە گیروگرفت هەموو لایەكی داگرت، هیچ جێی سۆزێك نەماوە، ڕەمەكی مێینەییەكەی بوو كە لە كەسوكورتی و بێهێزی بەدەر بوو، پێگەیشت و

گەرم بوو، سلێمان جابر یەکەم کەس بوو دڵنیایی کردەوە، کە ئافرەتە وەك ئەوانی دیکە، یەکەم جار کە لەگەڵ پیاوێك بە تەنیا بوو کەوت.

کەوتنی بە هۆی بارودۆخی گشتی بوو کە وایکرد "هەبوونی و بەخت و پیشە باشەکان لە وڵاتی ئێمە بە پاشماك بمێنێتەوە" ئا لێرەشدا ئافرەت تەنیا چەکی مێینەیی و سەرنجڕاکێشەکەی بۆ دەمێنێتەوە. نوسەر دژی خۆی دەوەستێت، کە بەرگری لە ڕەمەکی مێینەیی دەکات و دیسان دژی دەوەستێت کە دەڵێت: هۆکاری کەوتنی ئافرەتە، ئافرەتیش تەنیا دەکەوێت، نەجیب مەحفوز بڕیاری خۆکوشتنی پاڵەوانەکەی نەفیسەی دا، لەبەرئەوەی هیچ چارەیەکی دیکەی بۆ کەوتوو نەدۆزیەوە تەنیا مردن نەبێت".

لە رۆمانێکی دیکەدا زمانی کەسایەتییەکیدا دەڵێت: "ئافرەت لە بنجدا هەویرێکی تەڕە، پێویستە خۆت دەوێت وای پێکبهێنیت، بزانە ئاژەڵێکی کەمهۆش و ئایینە، بە دوو شێواز لە گەڵی بدوێ بە سیاسەت و بەدار".(١٦٨)

هەرچەند نەجیب مەحغوز لە نوسینەکانیدا لە رووی دادپەروەری کۆمەڵایەتی روانینێکی پێشکەوتووی هەیە، بەڵام روانینی بۆ ئافرەت زۆر لەوانەی پێشە خۆی جیاوازتر نەبوو، بواری ئازادی خوێندن و کارکردنی دا، بۆ یارمەتی دانی باوك، یان مێرد لەبەرپرسیارییەتی خەرجی، بە مەرجێك لە سنووری ئایین و ئاکار نەچێتە دەرەوە، ئاکار لێرەدا ئاکاری خێزانی و باوکسالارییە، یان دوانەتی ئاکاری لە رووی ئەوەی ئافرەت بە تەنیا دەکەوێت. دەشێ هەندێ جار نەجیب مەحغوز لەسەر زمانی پاڵەوانێکی پشتگیری توند لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بکات، خەون بە کۆمەڵگەیەکی باشتر ببینێت. خۆشتر (خۆشبەخت بوو بەو هیوایەی لە هێنانە دی ئەندێشەکانی، بێ ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر باوەڕەکان).(١٦٩) نەجیب مەحغوز هەر دەبا بکەوێتە نەسازییەوە ئەو رێ بە ئافرەت دەدا، کار بکات و داهاتی ماددی دەسکەوێت، بەڵام رێ بە ئازادی کەسی نادات. رێی دەدات خۆشەویستی بکات، بەڵام گەر خۆشەویستی بکات بە کەوتن سزای دەدات. مەرجی هاوسەری بۆ دادەنێت وەك تاکە رێگای رەوا و رێپێدراوە، بەڵام کە ئافرەت مەرجی هاوسەری دادەنێت بەوە تاوانباری دەکات، کە خۆگرە و هەست بە خۆشەویستی ناکات.

ئەوەتا پاڵەوانێکی، کە ناوی (حەسەنێن)ە لەبارەی کچە دۆستەکەی کە مەرجی هاوسەری بۆ دانا بوو دەڵێت: دەیەوێت شووم پێبکات نەك منی خۆشبوێت، ئەوەش نهێنی ساردی و خۆگرییەکەیەتی".(١٧٠) هەندێ جار وا وەسفی دەکات و دەڵێت: "ئاژەڵێکە کەم هۆش و ئایینە،

دیکەش دەڵێت: "رواڵەتی ئەو هێزەیە، کە هەموو شتێکی بوونی لە دەستدایە" هیچ جوڵەیەك لە نێوان پیاواندا نییە ئافرەتێکی لە پشتەوە نەبێت، ئافرەت لە ژیانی ئێمەدا رۆڵی هێزی راکێشانی نێوان هەسارە و ئەستێرەکان دەگێڕێت".(١٧١)

نەجیب مەحفوز زۆر پێشکەوتووترە لە عەقاد و ئەوانەی پێشە خۆی، لە نوسینەکانی باسی زۆر کێشەی کۆمەلأیەتی کردووە، بەلأم لە باسی ئافرەتدا بە ورد و بە پەرێز بوو، باوەڕەکانی نەدەگرتەوە و بەها ئاکارییەکانی ناگۆڕێت، کە لە یاساکانی هاوسەر هەڵقولأون، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی پاڵەونە کوڕ کچەکانی دەکەونە خۆشەویستییەوە. ململانێی خۆشەویستی و هاوسەری، بابەتێکی بەپیرۆز و زۆر لە ئەدەبی عەرەبی کۆن و نوێدا.

ئەحمەد شەوقی لە شیعرەکانیدا چەند بە مەجنون لەیلای هەڵگرت و چۆن عەرەب خۆشەویستی پاکیزە گیان لە هاوسەری و سێکسی جیا کردۆتەوە. محەمەد حوسێن هەیکەل لە چیرۆکەکەی زەینەبدا باسی ململانێی کچە پاڵەوانەکە دەکات، لە نێوان دڵسۆزی بۆ خۆشەویستەکەیی و دڵسۆزی بۆ هاوسەرەکەی. زەینەب بۆ خۆشەویستە ونبووەکەی دەمرێت، پێش ئەوەی دواهەناسەی بدات بە دایکی دەڵێن: "دەمەوێت بمرم هەمووی لە دەست ئێوە، دەگریام دەمگوت دایە مێردم ناوێت، دەتگوت هەموو خەڵك باوکیان بە شوویان دەدەن هەرچەند بە ئارەزووی ئەوانیش نەبێت، دواتر لەگەڵ هاوسەرەکەیان دەبنە هەنگوین. بەلأم وا ەمرم و ژیانی نێوانمان نامێنێت، بەلأم خوشکەکانم بە زۆر بە شوو مەدەن ئەوە حەرامە".(١٧٢)

محەمەد حوسێن هەیکەل لە نێوان ١٨٨٨- ١٩٥٦ لە میسر ژیا، ئەم ماوەیە بانگەواز بۆ ئازادی ئافرەتی بەخۆوە بینی ئازادی لە حجاب و نەزانی، قاسم ئەمین داوای فێرکردنی ئافرەتانی کرد بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەرێك و دایکێکی لێهاتوو، ئەوەشیان لە ئەدەبدا رەنگی دایەوە، چەندان کەسایەتی نوێی ئافرەتان پەیدا بوون وەك (عەزیزە) لە چیرۆکی محەمەد حوسێن هەیکەل، کچێك بوو خوێندن و نوسین و بەرگدرووین و نەخش فێر بوو بوو، بەلأم هەر لە دوازدە ساڵیەوە حجابی بەسەردا سەپێندرابوو وەك لەو کاتیدا باو بوو. "حیجابیش خستیە جیهانی ئافرەت بە کۆت و بەندە جەستەیی و هزرییەکەیەوە، لەبەرئەوە ناوی دەنا (جلکی رەش) جلکی خەم و پەژارە. عەزیزە داخ هەڵدەکشێت بۆ خۆیی و هاوتەمەنەکانی کە لە چیرۆکەکەدا دەڵێت: "ئێمە خەڵکی شاراوەکان چیمان لە خۆشەویستی داوە، بۆ ئێمە تەنیا لە شەودا چێژی لێوەردەگرین و بوونیان نییە". عەزیزە دەڵێت نەخشی سەر دیواریان بۆ کچان دانابوو، تەنیا بەوە چێژ لە ژیان و لە خۆر وەرگرن، چی لە ژیان و هەتاودایە و هاوار دەکات و دەڵێت: "ئەی

دادپەروەری ئاسمان: ئایا بۆ ئەو ساکارانە ئاوا بوونت ئەفراندووە نەك بۆ ئێمە".(١٧٣) هاوسەرێك بەسەر عەزیزە دەسەپێنێت، نەدەیەوێت و نەخۆشی دەوێت، لە گرتوخانەی باوکایەتی دچێتە گرتووخانەی هاوسەری و لە نێوان چوار دیوارەکەیدا سەرگەردانترە، لە فرمێسکی چاوی خەمباردا" بە کوڵ دەگرییێت، فرمێسك بۆ گەنجێتی دەرێژێت کە کەوتۆتە بەردەست شەیتانەوە" بەلاّم حاڵەتی عەزیزە باشتر بوو لە حاڵەتی ژنی حەسەنێن ئەبو مخێمر، کە مێردەکەی زۆر دڕندانە و بە بێ هۆ لێی دەدا بە بێ هێز، گەر بگریایەوایە لێدان و جوێندان زیاتر دەبوو (تەنیا خەڵك لەبەردەستیان رزگار دەکرد کە لە بەرهاواری ئەو کۆ دەبوونەوە)".(١٧٤)

محەمەد حوسێن هەیکەل ئەم چیرۆکەی ئەم چیرۆکەی لە چاپی یەکەمیدا، لە ساڵی (١٩١٤) بلاّو کردەوە و ترسا لەوەی بە ناوی خۆی بیچت نەوەك کار لە پیشەکەی بکاتن کە پارێزەر و سیاسەتوان بوو، بە ناوی جوتیارێکی میسری (مصری فلاح) بلاّوی کردەوە.(١٧٥) محەمەد حوسێن هەیکەل لە پێشەنگەکانی ئەدەبی عەرەبی هاوچاخ بوون و لە بەرایی ئەوانە بوو، کە زۆرداری سەر ئافرەتی لە کۆمەڵگەی عەرەبی نیشان دا، بەلاّم نەیتوانی چارەیەك بۆ گیروگرفتی جیاکردنەوەی نێوان خۆشەویستی و هاوسەری بدۆزێتەوە، جگە لە مرۆڤی کچە پاڵەوانەکە.(١٧٦)

حەوان مێینە، لەشفرۆش،

مەریەمەی دایك و پاکیزە

جیاکردنەوەی نێوان خۆشەویستی و هاوسەری ئاکامێکی بیرۆکە کۆنەکەیە، کە خۆشەویستی پاکیزەیی، یان گیانی بەرز رادەگرێت، هاوسەری کەسێکی تێدایە بە جۆرە گوناه و تاوانێك دادەنێت، ئەوەشیان بووە هۆی ئەوەی ئافرەت بکرێنە دوو جۆر: مێینە، یان خاوەن دڵکێشی، یان ئارەزووی سێکسی... دایکی پاکیزەی بێخەوشی بێ سێکس، یان بێ ئارەزوو.

ئەدەبی عەرەبی چەندان نموونەی تێدایە بۆ ئەم جۆرە دژیەکە لە ئافرەتان، دایك هێمایە بۆ خۆشەویستی مەزن و بەرز، مێینەیی هێمایە بۆ خۆشەویستی نزمتری پیس. بە پیرۆزگرتنی دایك لەلایەن پیاوی عەرەبی، لە رۆشنبیری و گۆرانی و شیعر و لە رۆمانی ئەدەبیان لەوانەش (مازنی) کە بە دایکی وت: "تۆ خاتوونی منی.. من خۆشم دەوێی، بەرز راتدەگرم، من قەرزاری تۆم بە هەموو ئەو شتانەی کە منیان کردە، من".(١٧٧)

مازنی خۆشەویستییە پاکیزەکەی بۆ دایکی دەخاتە سەر ئافرەتی خۆشەویست و دەڵێت، مرۆڤ ناتوانێت "لە ژیاندا خۆشبەخت بێت، تەنیا لە سێبەری ئافرەتێکی خۆشویستراو، گەشاوە وەك بەیانی، جوان وەك کۆشك، پاك وەك خۆر، شکۆمەند وەك سوپای بەهێزە".(١٧٨)
لێرەدا مازنی کەوتۆتە نەسازیی زۆرەوە، یان هەندێ وەسفی لێکدژی دوور لە راستی و هۆشی بە خۆشەویست داوە، گەشاوەیە دڵکێشە، بەڵام پاکیزەیە، پاکیزەیە بە هەموو واتاکانی، پاکیزەگی لە ناسکی و پاکی و نەرم و نیانی و نەرێی و بێهێزی، بەڵام جێی ترسە وەك سوپا بە هەموو ئەو هێز و مەترسییەی سوپا هەیەتی. ئەوەشیان بە رای من دەروونی پیاو دەخاتە روو لە پەیوەستکردنی پاکی بە جوانی و ترس، وەك دەروونی منداڵ وایە کە لە دایکی دەترسێت و لە هەمان کات خوازیارییەتی، بەڵام بە چاوێکی پاکیزەی قەدەغە کراو، خۆشی دەوێت و لە ژیانی ئەودا بەهێزترین خۆشەویستییە، هەر بە هۆی ئەوەش ئافرەتی مێینە لە دیدی مازنیدا وەك مەتەڵێکی هەڵناهاتوو نازاندرێت، ئافرەتان (جگە لە دایکی) جێی سەرسوڕمانن ناتوانیت بگەیت "ئەو ئافرەتانە سەیرن، ئەوەی هێشتا دروست نەکراوە بتوانێت تێیان بگا".(١٧٩)
مازنی لە وەسفی ئافرەتدا پەل بۆ ئەم لاو ئەولا داوێت، جارێك وەك ئامرازێکی منداڵبوونی و پاراستنی جۆری دەبینێت. جوانی و دڵکێشییەکەی بە جۆرە کفرکردنێك بەە خوای دادەنێت: "ئامرازی پاراستنی جۆرە و جوانییەکەی هاوبەشی پەیدا کردنە (بۆ خوا)".(١٨٠)
جارێکی دیکە لە بارەیەوە دەڵێت: "وەك گشتێك لە جیهانی ناگات، ناتوانێت لە کۆمەڵ بتوێتەوە".(١٨١) بەڵام دژی خۆی دەوەستێتەوە و دەڵێت: "ئافرەت هەموو شتێکە لە ژیان، بەڵکو "ژیانێکی کورتکراوەیە".(١٨٠)
مازنی ئافرەتی رۆژئاوا پەسند دەکات، کە بە ئازادی و هەڵبژاردنی خۆی پیاوی خۆش دەوێت، گلەیی لە کچی میسری دەکات کە ناتوانێت بە ئازادی و هەڵبژاردنی خۆی خۆشەویستی بکات.
لەبەرئەوەی هاوسەری لە میسردا بە رای ئەو "هیچی وای تێدا نییە خزمەتی ئاداب و هونەر بکات، یان یاریدەی پێشکەوتن بدات".(١٨٣) بەڵام سەرسامی بەم نموونەیەی ئافرەتی ئازادی ئەوە دەردەخات سەرسامییەکی راستەقینە نییە، لەبەرئەوەی هێندەی نابات بێزاری بەرامبەر "لەیلای" ئازاد بوو دەردەبڕێت، لەبەرئەوەی "ئابووری- شەرەف"ی خۆیی و داوێنپاکی خۆی کردە قوربانی ئازادییەکەیی و دەڵێت ئازادییەکەی پیسی کردووە
مازنی فێرە تەنگژەی پیاوی عەرەبی بوو، دەردەبڕێت کە لە پاڵەوانی رۆمانەکەیدا ویستی بەندێتی داب و نەریت بشکێنێت بۆ ئەوەی ئەو کچەی دەسکەوێت کە خۆشی دەوێت، بەڵام لە

هەمان کات ئافرەتی ئازادی لەم داب و نەریتانە رەتدەکاتەوە کە خۆی دەیویست ئەم دابونەریتانە نەهێڵێت.

پاڵەوانەکانی مازنی سەرسام و نالەبارن بەرامبەر نموونە جیاجیاکان، ئافرەتی مێینەی ئازاد رەتدەکرێتەوە و دژە لەگەڵ هۆشپەسندی پیاوی عەرەبی پارێزگاری چەمکی شەرەفی کچ و پاکیزەیی. ئافرەتی کێکاری رەنجدەر، درشتە هەژارە پێیان رازی نابێت، لەبەرئەوەی لە ئافرەتی نەرم و بێ کار لە ماڵەوەدا راهاتووە، ئافرەتی پاك کە ئەو لێی رازییە ئافرەتی نەریتپارێزە، کە دیارە داب و نەریت لێناگەرێت بە یەك بگەن. ئەوپەڕی هیوای کچانی پاڵەوان لە ئەدەبی مازنی بە هەموو جۆرە جیاجیاکانیانەوە ئەوەیە، بوونی خۆیان بە هاوسەربوون دەربخەن. جیهانی ئافرەت لای ئەو تەنیا پیاو خەونەکانی دەسختنی هاوسەرە. دوای هاوسەری ئافرەت هەر خەریکی هونەرەکانی پارستنی هاوسەرەکەیەتی. داکی مەشقی ئەم هونەرانەی پێدەکات، دەڵێت: "پێویستە هەموو رۆژێك بۆی ببیتە ئافرەتێکی نوێ، رووبەڕووی دەبێتەوە و دڵکێشی دەکات و سەرنجی رادەکێشێت".(١٨٤)

ئافرەت لەسەر دڵکێشکردنی پیاو لەسەر دەستی دایکی مەشق دەکاتن یان پلکی وەك چۆن ئافرەتەکانی هەزار و یەك شەو مەشقی لەسەر دەستی "شەواهی"و "تەودود"و "دەواهی". فێڵ و دڵکێش و جادوویان دەکرد و مەشقیان دەکرد.

بەلاَم ئەوەی ئافرەتێکی بەهیچز لە کەسایەتی و دڵنیا لە خۆی دێنێت، وا پیشان دەدرێت پیاوێکی بێهێزە کە دەکەوێتە بەر ویستی ژنەکەی(١٨٥). بەرهەڵستی دایکی دەکات کەوا هانی دەدات دژی دەرچوونی ژنەکەی بێت بۆ کارکردن. نەجیب مەحفوز لەبارەی ئەم جۆرە پیاوە دەڵێت هاوسەرێکی شکستەیە، لەبەرئەوەی لە ژیانێك راهاتووە ئافرەت تیایدا خاوەن ویستە، جڵەو بەدەستە، وا باش بوو ئەو جڵەوە بەدەست بوایە و دەستپێشخەر بوایە کە بووە بە هاوسەر، بەلاَم وای نەکردووە، لەبەرئەوە وەك هاوسەر شکستی هێناوە "لە نامەی هاوسەریی مەزندا یەك پیتی نەنووسیوە".

نەجیب مەحفوز ئافرەت "رەباب" وا وەسف دەکاتن کەوا خۆشی لەم جۆرە هاوسەرییە نایەت، بەلاَم ئەویندار پیاوێکی دیکەیە، رەباب داوێنپیسی لەگەڵ ئەویندارەکەی دەکاتن نوسەر لەوەی نابورێت و وای لێدەکات لە کاتی منداڵ لەبەرچووندا بمرێت.

ئافرەتە مێینە مەترسییەکی کۆنە پەیوەست بە سێکسی، لەبەرئەوەی دەیەوێت پاکیزە بێت وەك دایکی، یان مێینەی دیکە، هەروەها وەك پەری بێهێز و داماو بێت. بەلاَم لە هەمان کات

ئارەزووی مێینە دەکات و ئارەزوی دڵکێشی و جوانی و ئەفسونی دەکات، بەلاَم لەم دڵکێشییە زەندەقی چووە، کە لەبەردەمدا خۆی بێهێز دەبینێتەوە.

تۆفیق حەکیم سەبارەت بەو نەسازییەی کە پیو تیایدا دەژیت کە لە (عودە الروح- گەڕانەوەی گیان) دەنوسێت و وەسفی پاڵەوانەکەی دەکات (سەنییە)و دەڵێت: "ئافرەت لە جادوو و ئەفسونی جەستەیی و گوزارەییدا، گەر جارێك پێڵوە درێژە جوانەکانی داگرت کە لەگەڵ "موحسین" دەدەوێت، پێکەنینێکی ئافرەتیانەی نەرم و ناسك پێکەنی لە ئەوپەڕی مێینەییدا، چاوی گرت لە روانین، مەگەر بە ئەدەب و خۆپارێزی نەبێت. هەموو ئەوانەی لەبەرئەوە نەبوو بە سروشت وایە، بەڵکو شەرمێکی دروستکراوە، ساختەیە، دەشێ ناسکتر جادو بێت کە ئافرەتی میسری هەیەتی، لە راستیدا میسری بەتواناترین ئافرەتە کە بە خۆڕسك دەزانێت یەك روانین چ کاریگەرییەکی هەیە. لەبەرئەوە زۆر نارِوانێتە ئەوەی لەگەڵی دەئاخاوێت، روانینەکانی هەرزان کات و بە فیڕۆ ئەملاوئەولای پێناکات، وەك ئافرەتی رۆژئاوایی بوێری سەرەڕۆ دەیکات، روانینەکانی لە ژێر پێڵوە خاوەکانی دەپارێزێت وەك چۆن شیر لەکالاندا دەپارێزرێت، تا کاتی پێویست دێت و سەری بەرز دەکاتەوە و یەك جار دەڕوانێت کە هەموو شتێکە".(١٨٦)

ئەم وەسفە وەك ئافرەتانی هەزار و یەك شەوە وایە، وەك شارەزایی و راهاتوویی لەسەر ئامرازەکانی جادوو و دڵکێش و چۆنیەتی پیاوان خستنە تۆڕەوە. هەچەند پیاوی عەرەبی ئەم مێینەییە جادووییەی جادووی شەیتانییەی حەز لێیە، بەلاَم بۆ خۆشایەتی، یان ئەوین حەزی لێیە.

بەلاَم ئەو ئافرەتەی دەیەوێت ببێتە هاوسەری و دایك بۆ منداڵەکانی، ئەوا یەکێکی پاکیزەی وەك دایکی هەڵدەبژێرێت و دەیەوێت بە ناموس و داوێنپاك بێت نەك مێینە، یان بوێر وەك ئافرەتی رۆژئاوایی ئازاد.

زۆربەی نوسەرانی عەرەبی هاوچاخ کینەی خۆیان بەرامبەر ئافرەتی بوێر و ئازاد دەردەبڕن. پاڵەوانی "عەبدولحەمید جودە سەحار" بێزی دەبێتەوە کە "کەوسەر"ی خۆشەویستەکەی بە "مایۆ" یان پۆشاکی دەریا دەبینێت، دەوروژێت و خوێن بە گوڕ لە دەمارەکانی دەگەڕێت، هەست بە بێزبوونەوە و تەنگژەیی دەکات و هیچ و پوچ و ناشیرینی دێتە پێش چاو".(١٨٧)

شتێکی سروشتی بوو پاڵەوانەکە هەست بە دڵکێشی ئەو ئافرەتە بکات کە خۆشی دەوێت، بەتایبەتی کە جەستەی جوانە، ئەم بێزبوونەوەیەی توشی هات لەبەر ناشیرینی کچەکە نییە، بەڵکو هەستێکی بەرگری کردنە پیاوی پارێزکاری دابونەریتەکانە پەنای بۆ دەبات. لە بڕی

ئەوەی دان بەوەدا بنێت کە سروشتی (نۆرماڵ) نییە، تاوانباری دەکات بەوەی، کە سروشتی نییە و جێی قین لێبوونەوەیە. ئەم جۆرە پیاوە پارێزکارە، لە زۆربەی چیرۆك و رۆمانەکاندا بەدەردەکەوێت، خۆی لەو ئافرەتە بەدور دەگرێت، کە خوێندەوارە و تێکەڵ پیاوان دەبێت سامایان لەگەڵ دەکات، هەروەها خۆی بەدوور دەگرت لە ئافرەتی سەرپۆشدار و هەژار کە زۆر جاران لەبەر هەژاری دەکەوێت، ئافرەتی خوێندەوار و ئازاد زیاتر دەکەویچت و نزم دەبێتەوە بەهۆی بەرەڵاییەکەی، پیاو سەرسام و بێ ورە دەکات: "ورەی نەما و لە رێگایدا سەرگەردان دەرۆیشت، لە ناخەوە هەستی دەکرد لەم ژیانە نامۆیە". (١٨٨)

سەرسورمانی پیاوی عەرەبی، روو لە زێدەبوندایە لە بەرامبەر دەرچوونی ئافرەتی عەرەبی بۆ کار و هاوبەشیکردن لە کۆمەڵگە، بەتایبەتی دوای هەڵمەتی هزری سۆشیالیستی بۆ سەر رۆژهەلاتی عەرەبی، ئەوەشیان لە ئەدەب رەنگی داوەتەوە. هەرچەند پیاو پشتگیری ئافرەت دەکات بۆ کار بچێتە دەرەوە، بەلام تاکە ئامانج لەو کارەیدا یارمەتیدانی پیاوە لە خەرجی خێزان، کارکردنی لە دەرەوە بە شتێکی لاوەکی دادەنێت، ئەرکی بنچینەیی و بەرایی لە ژیاندا کاروباری ماڵەوەیە و خزمەتکردنی پیاو و پەروەردەکردنی منداڵە. بەم شێوەیە ئافرەتی نموونەیی لە راستیدا و لە رۆمانەکاندا، ئەم ئافرەتە جوانە نەرم و نیانە و گوێڕایەڵ و نەوێر و بێ خوازیارییە، بە دەستەواژەیەکی دیکە ئافرەتی پاکیزەی پیرۆز. ئافرەتی بوێر، یان خوازیار، یان چاوکراوە و ئازا و بەهێز ئاماژە بە ناشیرینی، یان داوێنپیسی، یان بێئەدەبی دەکات، واتە ئافرەتی لەشفرۆش، یان داوێنپیس.

ئەم دابەشکردنەی ئافرەتان بۆ ئەم دوو جۆرە لە کارەکانی "نەجیب مەحفوز" ئاشکارەی و بەتایبەتی لە "سیانیية- ثلاثية" بەناوبانگەکەی، ئافرەتی تێدا بوو پارێزگاری پاکیزە "ئامینە" لە بەرامبەر ئەویشدا داوێنپیسی تێدا بوو، "هەنیەی لەشفرۆش، کە دایکی یاسینە"و "عائیشەی جوان و بە شەرم و لەنجەولار، لە بەرامبەریشدا (خەدیجە)ی بوێر و سەرەڕۆ و ناشیرین. خۆشەویستیی پاکیزەگی هەبوو، کە پاکی بەسەریدا زاڵە و بەرامبەر بەویش سێکس و چێژی بە ناڕەوا داندراوی گوناه هەیە، لە ژیانی لەشفرۆە داوێنپیسە سۆزانییەکان.

ئەوەیە هەمان دابەشینی کە سیستەمی باوکسالاری پەیدا کرد، ئافرەتن یان ئەوەتا دایك و پاکیزە و پارێزکارە، یان هاوسەری داوێنپاکی دڵسۆزی سارد و بەڕێزە، یان لەشفرۆشە، یان دۆستی گەرم و دڵکێش و بە هیچ داندراوە. خۆشەویستی، یان ئەوەتا پاك و پیرۆز، یان ئەوەتا سێکسی و داتەپیوە.

نەجیب مەحفوز هەوڵیدا دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ئافرەتن وەك هێمایەیك بۆ دەستدرێژی گەلێك بخاتەڕوو، لەو شەوەی "یاسین" دەستدرێژی کردە سەر نوری کەنیزەك و هاوسەری، ئینگلیز دێنە گەڕەکەکە، لەگەڵ ئەم هێمایەش هەرچەندە لەسەر ئاستی ژیانی تاکەکەسین ناموسی ئافرەت لای نەجیب مەحفوز جیاواز بوو لە ناموسی پیاو، ئەم ناموسە لە رۆمانەکانیدا پەیوەستە بە رەفتاری سێکسی ژن زیاتر لە هەر شتێکی دیکە. مێینەی داوێنپیس لە ئەدەبی عەرەبیدا رۆڵێکی گەورەتر دەبینێت، لە رۆڵی ئافرەتی پاکیزەی داوێنپاك، وەك ئەوەی پاکیزگی و داوێنپاکی لەو شتانە بێت سەرنجڕاکێشانی تێدا نەبێت چ لە راستیدا، یان لە ئەندێشەدا، یان وەك ئەوەی داوێنپیسی هێمای ئافرەتی راستەقینە بێت، کە رۆپۆشی لەسەر نەبێت.. "م-ی لەشفرۆش" ئافرەتی راستەقینەیە و روپۆشی مەرایی لەسەر خۆ لادەبات، پێویستی بەوە نییە ناژاربێ بڵێت خۆشەویستی و دڵسۆزی و وەفا و پاکیزەیە".(١٨٩)

چەندان نموونەی ئافرەتی داوێنپیسی، یان لەشفرۆش لە ئەدەبی هاوچاخی عەرەبیماندایە و بەتایبەتی ئەدەبی نەجیب مەحفوز، کە زۆر جار هەوڵ دەدات وێنەی ئافرەتی لەشفرۆشی، لە نێو چوارچێوەیەکی مرۆیی پێشان بدات کە زۆر بەزەیی تێدا بێت، هاوکات بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخەکەی وەك قوربانییەکی دەستی کۆمەڵ، بەلاَم قوڵ نابێتەوە بۆ ناخی ئەم تراژیدیایە، هۆکارە راستەقینەکانیان دەرناخات، تراژیدیای راستەقینەی ئاکاری و سێکسی ئافرەت، ئەوە بوارە کە زۆربەی ئەدەبیانی عەرەبی کۆن و نوێ بایەخیان پێی نەداوە و لەم دەرگایەیان نەداوە.(١٩٠)

سەرچاوەکانی بەشی دووەم

٦١- بڕوانە (محەمەد بن سعد) بەشی ٨، ل١٤٥، هەروەها لە قورئان سورەتی (الاخراب) ئایەتی (٣٥٤).

٦٢- (محەمەد بن سعد) چیە گەورەکان، ج٨، (دار التحریر) قاهیرە، ١٩٧٠، ل٣٥٢.

٦٣- (عبدالرحمان شرقاوی) موحەمەد پەیامنێری ئازادی، (کتاب الهلال) قاهیرە، ١٩٦٧، ل٢١٧.

٦٤- (محەمەد بن سعد) چینە گەورەکان، ل١٧١.

٦٥- (محەمەد بن سعد) چینە گەروەکان، ل١٧٢.

٦٦- (محەمەد بن سعد) چینە گەروەکان، بەشی هەشتەم، (داار التحریر) بۆ چاپکردن و بلأوکردنەوە، قاهیرە ١٩٧٠، ل٩.

٦٧- (عبدالله عفيفى) ئافرەتى عەرەبى لە نەزانينى و ئيسلاميدا چاپەمەنى (دار احياء الكتب العربية) ميسر، ١٩٢١، ١٩٥٠.

٦٨- بڕوانە (جواد على) مێژووى عەرەب بەر لە ئيسلام، ج٥، العسم الديني مطبوعات المجمع العلمى) عيراق، ١٩٥٥، ل٦٧ دواتريش.

٦٩- لە تەفسيركردنى مێيە لە سەر زمانى عەرەب هاتووە، بەشى٢، ل٤١٦ (الانثى خلاف الذكر، التنزيل العزيز ان يدعون من دونة اناثا، تقول العرب الملات و الغزي و اشباهها من الالهة (المؤنثة).

٧٠- (ابو خرج الاصفهانى) گورانييەكان، بەشى ١٦، ل١٠٢.

٧١- هەمان سەرچاوە ١٠٢.

٧٢- (عادل احم سركيس) هاوسەرى و پێشكەوتنى كۆمەڵگا، (دار الكتاب العربى) قاهيرە ١٩٦٧، ل١٠٨.

٧٣- ئەم جۆرە كارانە هێشتا باون لە نێو پەرستگاكانى هەندێ ناوچەى هيند، كە ئافرەتە نەزۆكەكان سەردانى ئەوێ دەكەن، بۆ ئەوەى لەسەر دەستى كاهينەكان نەزۆكيان چا بێتەوە، يەكێك لە ئافرەتە نووسەرە هينديیەكان بەناوى (ئامريتا برتيام) باسى رۆمانەكەى بۆ كردم بە ناوى (ئەو پياوە) That Man، كە پەردە لەسەر ئەم كرانە هەڵدەداتەوە كە بە نهێنى ئەنجام دەدرێت، كەسيش پێى نازانێ تەنيا كاهينەكە و ئافرەتەكە نەبێ.

٧٤- Lester ward, pare sociologie Macmillan ،١٩١٤ ، p. ٣٥٣

٧٥- (محمد بن سعد) چينە گەروەكان (دار التحرير) قاهيرە ١٩٧٠، ل١٠٧.

٧٦- (محمد بن سعد) چينە گەورەكان (دار التحرير) قاهيرە ١٩٧٠، ل١٠٧.

٧٧- (محمد بن سعد) چينە گەروەكان (دار التحرير) قاهيرە ١٩٧٠، ل١٢٩.

٧٨- هەمان سەرچاوەى پێشوو ل١٢٩.

٧٩- هەمان سەرچاوەى پێشوو ل١٣٠.

٨٠- هەمان سەرچاوەى پێشوو ل١٣٨.

٨١- (الامام الو حامد الغزالى)، زيندووكردنى زانستى ئايينى (دار الشعب) قاهيرە، ١٩٧٠ بەشى سێيەم، ل٧٣٤.

٨٢- هەمان سەرچاوەى پێشوو.

٨٣- (محمد بن سعد) چینه گەورەکان، ل٤٦.

٨٤- (ابو حامد الغزالی) دار الشعب، قاهیره، ١٩٧٠، ل٦٩٨.

٨٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

٨٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨٧- عائیشه به ناوی (حمیراء) واتا سۆرکەڵە ناوی دەرکرد، چونکه ڕەنگی سوور روخساری داپۆشیبوو، بڕوانه (أحمد حیرت) پێگەی ئافرەت لە ئیسلام، دار لمعارف، میسر ١٩٧٥، ل٦٤.

٨٨- (الشیخ عبدالله عفیضي) ئافرەت لە نەزانین و ئیسلام بوونیدا بەشی دووەم، ل١٣٩.

٨٩- (محمد بن سعد) چینه گەورەکان، ل٥٩.

٩٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠- ١٤١.

٩١- Enarrationes in I Mose 43. 344, 24-35.

٩٢- T.E, james, Prostitution and the Law, w. Heinemann, Ellis Prost and Shurtz.

٩٣- P.H Newby A selection From the Arabian Nigts Enter Tainments Translated by sir Rcinard Borton, Iutroodoction From P.VII to XVII poket books N.Y. 1954

٩٤- Franz G. Alexander and Sheldon T. selecnick The Itistiry of psychiatry P. 68.

٩٥- لە یەکێك لە کۆنگرەکانی، ڕێگربووم لەسەر نمایشکردنی ئەو وێنە ناراستەی زۆرینەی ئافرەتی عەرەبی، لە کۆنگرەی (المراه و التنمیه) کە لە ساڵی ١٩٧٦ بەسترا لە زانکۆی ویلزلی لە بۆستنی ویلایەتە یەکگرتووەکان، فیلمێك نمایش کرا لەو جۆرە، هەندێك لە ئافرەتە عەرەبییەکان ڕاپۆرتێکیان پێشکەش کرد کە ئەو دیاردەیە شی دەکاتەوە و هۆیەکەشی ئاشکرا دەکات.

٩٦- (ابو حامد الغزالی) زیندوکردنی زانستی ئایینی، (المکبه التجاریه البکری) قاهیره، ل٥٠.

٩٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٩٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٩٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

١٠٠- Borren, p. 199

١٠١- Sigmund freund, New Introductory Lectures on Psychou nalysis College edition, New York: Norton oud co, 1965. P.114.

١٠٢- (ابو حامد الغزالی) (دار الشعب) قاهیره، ١٩٧٠، ل٦٩٦.

١٠٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٤.

١٠٤- (القران) سورەتی (سبأ) ئایەتی ٣٧.

١٠٥- (الغزالی) (دار الشعب)، قاهیره ١٩٧٠، کتێبی ئادابی جوتبوون، ل٦٠٤.

١٠٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٠٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨٩.

١٠٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٣.

١٠٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٥.

١١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٦.

١١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٠.

١١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨٣.

١١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٧.

١١٤- (محمد بن سعد) چینە گەورەکان، بەشی هەشتەم (دار التحریر) قاهیره، ١٩٧٠، ل١٣٩.

١١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩٦.

١١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١١٨- (ابو حامد الغزالی) زیندوکردنی زانستی ئایینی، (دار الشعب) قاهیره، ١٩٧٠، ل٦٩٧.

١١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤٦.

١٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٢١- (القرأن) لە سورەتی (النساو) ئایەتی ١٢٩.

١٢٢- (الذمخشري) بەشی یەکەم، ل١٤٣، بەشی پێنجەم، ل٤٠٧- ٤٠٨.

١٢٣- (القرأن) لە سورەتی (النساو) ئایەتی ٣-١٢٩.

١٢٤- (القطبي) بەشی پێنجەم، ل٢٠-٢٢ (الجلالیین) بەشی یەکەم ل٢٧، (الحصاص احکام القرأن).

١٢٥- (الغزالی) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٩.

١٢٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٦.

١٢٧- الشيخ محمد مهدى شمس الدين، ئیسلام و سیستەمی باوكایەتی یەكێتی بۆ سیستەمی بوكایەتی (المكتب الاقليمي للشرق الاوسط و شمال افريقيا) ١٩٧٤ بەشی دووەم، ل٨٤.

١٢٨- (القرأن) لە سورەتی (سبأ) ئایەتی ٣٧.

١٢٩- الامام ابو حامد الغزالى، دار الشعب، قاهیرە ١٩٧٠، بەشی سێیەم، ل٢٠٢.

١٣٠- (القرأن) سورەتی (النور) ئایەتی ٣٣.

١٣١- (أبو حامد الغزالى) زیندوكردنی زانستی ئایینی (دار الشعب) قاهیرە، ١٩٧٠، ل٧٠٦.

١٣٢- Mary Jane sherfey, The Natere and Evolution of female Sexualiti, Vintage Books, 1974, P. 137-140.

١٣٣- (توفيق كنعان) یاسای نەنووسراو دەسەڵات بەسەر پێگەی ئافرەتی فەلەستینی دەسەپێنێ، گۆڤاری (التراث و المجتمع) (مطبعة التقدم)، القدس، ژمارە٢، یولیو ١٩٧٤، ل٣٩.

١٣٤- داپیرەم، دایكی دایكم لە قاهیرە دەژیا، لە ساڵانی (١٨٩٨- ١٩٤٨) هیچ كارێكی نەبوو جگە لەكارەكانی ماڵەوە و پەروەردەكردنی مێرد و ماڵ، لە خێزانێكی مامناوەندی، یان سەرووی مامناوەند بوو، بەڵام دایكی باوكم كە لە هەمان ئەو ماوەیەدا دەژیا لە گوندەكان (كفر طحلة) حیجابی نەزانیوە، هەموو رۆژێك بۆ كاركردن دەچووە دەرەوە، كاركردن لە كێڵگە، یان كڕین و فرۆتن لە بازاڕ.

١٣٥- (توفيق كنعان) یاسای نەنووسراو دەسەڵات بەسەر ئافرەتی فەلەستین دەسەپێنێ، ل٤٠.

١٣٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

١٣٧- لە گوندەكەی خۆمان، ئەو قسانەم زۆر دەبیست لەسەر زمانی ژن و پیاوە جوتیارەكان، لە ئاهەنگەكانی (زار)یان كاتێك ناوی جنۆكە و دێو و درنج دەهات، یەكێك هاواری دەكرد (دەستوور)، واتای خوایە جنۆكەكان لەسەر رێگایان لادە، هەمان ئەو وشەیە بە پاراستنی یاسا دێت، هەروەها یاسای دانراوە، یان یاسا دەستورییەكان.

١٣٨- "(توفيق كنعان) (الينابيع) المسكونة و شياطين الماء)" فەلەستین، گۆڤاری (التراث و المجتمع) مطبعة التقدم، القدس ژمارە ٢، یولیو ١٩٧٤، ل٣٨.

١٣٩- (أبن المقفع) ئەدەبی گەورە و ئەدەبی بچووك (مكتبە البيان)، بەیروت، ١٩٦٠، ل١٢٧.

١٤٠- (صادق جلال العظيم) فى الحب و الحب الذري، بلاْوكراوەكانی (نەزار قەبانی) بەیروت ١٩٦٨، ل٣٩.

١٤١- (أبن حزم) گوق الحماقە، ل١١.

١٤٢- Sigmund freud, The Taboo of Virginity (1918), In Standard Edition Vol.II, London: Hogarth press. 1957.

١٤٣- (عباس محمود عقاد) ئافرەت لە قورئاندا، دار الهلال، قاهیرە، ل٣٥.

١٤٤- تەفسیری (المطبری) المگبعە الیمنیە، میسر، بەشی چوارەم، بەشی دوانزەم، ل٩٨-١٠٣.

١٤٥- (عباس محمود العقاد) ئافرەت لە قورئاندا، دار الهلال، قاهیرە، ل١٧-١٨.

١٤٦- (عباس محمود العقاد) مرۆڤی دووەم، ل٨-٧.

١٤٧- (عباس محمود العقاد) سارە، زنجیرەی بخوێنەوە، ژمارە ١٠٨، ل١٢٩.

١٤٨- دیوانی (العقاد) ل٣٠٢.

١٤٩- (عباس محمود العقاد) ئەو دارە، ل ٤٢-٥٠، خوێندنەوەی کتێب و ژیان، ل٦٧.

١٥٠- (عباس محمود العقاد) زریانەکانی مەغریب، ل٥٧.

١٥١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٥٢- (عباس محمود العقاد) ئافرەت لە قرئاندا، ل٢٢-٢٣.

١٥٣- (عباس محمود العقاد) کاتژمێرەکان، ل٢٠-٢١.

١٥٤- تۆلستۆری لەنووسینی رۆژانەکانی لە مێژووی ٣ئەگستس ١٨٩٨ وەك لە کتێبی (ئەودارە)ی (عباس محمود العقاد) هاتووە، ل٨٨.

١٥٥- (عباس محمود العقاد) سارە، ل١١٥.

١٥٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.

١٥٧- (سهیر القلماوی)، هەزار و یەك شەو، دار المعارف، لە میسر ١٩٧٦، ل٣٠٣.

١٥٨- (عبدالرحمن الشرقاوی) موحەمەد پەیامنێری ئازادی، کتاب الهلال، قاهیرە، ١٩٦٧، ل٢١٩-

١٥٩- (نبیلە ابراهیم) بەسەرهاتی شازادەکە (دار المکاتب العربی) بۆ چاپکردن و بلاّوکردنەوە، قاهیرە.

١٦٠- بڕوانە کتێبی بەسەرهاتە میللیەکان، وەکو بەسەرهاتی شازادە عەنتەر کوڕی شەداد، مکتبە الجمهوریە العربیە (عبدالفتاح مراد) قاهیرە، بەسەرهاتی شازادە هەمزەی پەهلەوان، مکتبە الجمهوریە العربیە (عبدالفتاح مراد)، رووناکی خستنە سەر بەسەرهاتە میللیەکان (فاروق خورشید) المکتبة الثقافیة، ژمارە ١٠١ یەنایر ٦٤، قاهیرە، (عبدالحمید یونس) بەرگری لە فۆلکلۆر، الهیئە المصریە العامە لمکاتب ٧٣، قاهیرە.

١٦١- (عباس محمود العقاد) ئەودارە، ل١٥.

١٦٢- (توفيق الحكيم) گرێبەندی پیرۆز، طبعة الاداب، ل١٧٢.

١٦٣- (طه حسين) دوعای کەرەوان، طبعة دار المعارف، قاهيره، ل١٣٥.

١٦٤- (طه حسين) دوعای کەرەوان، طبعة دار المعارف، قاهيره، ل١٥١.

١٦٥- (محمد عبدالحليم عبدالله) خۆری پاییز، مكتبة مصر، ١٩٥٤، ل٢٠٦.

١٦٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦.

١٦٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.

١٦٨- (نجيب محفوظ) قاهيرەی نوێ، مكتبة مصر، ل٢١.

١٦٩- (نجيب محفوظ) کۆڵانی مەدلەق، ل١٣٠.

١٧٠- (نجيب محفوظ) سەرەتا و کۆتایی، ل١٩٩.

١٧١- (نجيب محفوظ) خانی خەلیل، ل٤٩.

١٧٢- (نجيب محفوظ) سەرەتا و کۆتایی، ل٣٠٢.

١٧٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٨.

١٧٤- (نجيب محفوظ) تەم، مكتبة مصر، ل٣١٠.

١٧٥- (محمد حسين الهيكل) زەینەب، ل٢٣٩.

١٧٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.

١٧٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

١٧٨- چیرۆکی ژیانی مازنی، كتب ثقافية، ژماره ٩٨، ل٣٢.

١٧٩- مازنی (ابراهيم الكاتب)، ل١٥٢.

١٨٠- مازنی (إبرهايم الثاني) كتب ثقافية، ژماره٨٠، ل١٦٣.

١٨١- مازنی (ابراهيم الكاتب) طبعة مصر، ل٢٤.

١٨٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

١٨٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

١٨٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٤.

١٨٥- مازنی (إبراهيم الثاني)، ل٥٢.

١٨٦- (نجيب محفوظ) تەم، ل٢٤٩.

١٨٧- (توفيق الحكيم)، گەڕانەوەی گیان، بەشی یەکەم، ل١٤١.

١٨٨- (توفيق الحكيم)، گەڕانەوەی گیانن بەشی یەكەم، ل١٤١.

١٨٩- (عبدالحمید جودة السعار)، كاروانی زەمان، مكتبە مصر، قاهیرە، ل٣٢٥.

١٩٠- رۆمانی (نجیب محفوظ) كە لە سێ بەش بڵاّوبۆتەوە، (قصر الشوق و زقاق المدق و السكرية).

بەشی سێیەم

- پێشەنگەكان لە ئافرەت و پیاوانی عەرەب.

- ئافرەتی شۆڕشگێری عەرەبی.

- ئافرەت و كار لە كۆمەڵگەی عەرەبیدا.

- ئافرەتی عەرەبی و سۆشیالستی.

- هاوسەری و تەڵاّق لە كۆمەڵگە عەرەبییەكاندا.

پێشەنگەكان لە ئافرەت و پیاوانی عەرەب

هەرچەند رۆژهەڵاّتی عەرەبی بە شارستانییەتە دێرینەكەی هەڵداوێردرێ لە میسر و لە عیراق و فەلەستین، ئەو ژیار و رۆشنبیرییانەی- بە تابیەتی ژیاری میسری كۆن كە بۆ رۆژئاوا و رۆژئاواییەكان گوازرایەوە، چەندان بنچینەی زانست و هونەرەكەیان لەوەە وەرگرت، هەرچەند ژیاری عەرەبی ئیسلامی كە بەرەو رۆژهەڵاّت و رۆژئاوا كشا و لەو كۆڵەكانە بوو، كە ژیاری رۆژئاوایی نوێ لەسەر دامەزراوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەش رۆژهەڵاّتی عەرەبی ئەمڕۆ، بۆتە یەكێك لەو وڵاّتانەی ناوی دەنێن "وڵاّتە دواكەوتووەكان" لەو بەشەی جیهان كە پێی دەڵێن "جیهانی سێیەم". داگیركەرانی میسر و وڵاّتانی عەرەبی توانیان لە وڵاّتە عەرەبییەكاندا، سامانی ماددی و رۆشنبیرییان ببەن و زۆر لە راستییەكانی مێژوو بشارنەوە، هەنێكی دیكەی بگۆڕن و ئەو رۆڵەی هەندێ لە بیرمەندە عەرەبەكان هەیان وو، لە دانانی بنچینەكانی هەندێ لە زانست و هونەرە نوێیەكان ئینكار بكەن، وەك ئیبن سینا و ئیبن خەلدون. داگیركاری بیانی و كۆلۆنیای سەربازی و ئابووری و رۆشنبیری خوێنی گەلانی عەرەبیان مژی، چ لە میسر، یان سوان، یان جەزائیر، یان تونس، یان لیبیا، یان ئوردن، یان سوریا، یان لوبنان، یان فەلەستین، یان عێراق، یان سعودیە، یان كوێت، یان قەتەر، یان بەرحرین، یان یەمەن، یان مەغریب، یان سۆماڵ. وڵاّتانی عەرەبی هەتا ئەمڕۆش لە ناوچە دەوڵەمەندەكانە لە جیهاندا، كە كۆلۆنیایی نوێ بە هەموو ئامراز و شێوەكانییەوە ململانێی لەسەر دەكات، هێشتا گرنگترین سامانی ناوچەی عەرەبی لە رێگای رژێمە كۆلۆنیاییەكان و

گلدەرەوە نوێیەکان داگیرکراوە، هێشتا زۆرینەی هەرە زۆری گەلانی عەرەبی رووبەڕووی هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی بوونەتەوە، کەچی ژمارەیەکی کەم لە پیاوانی ئەمەریکا و ئەورووپا و هەندێ لە فەرمانداره عەرەبەکان، ئەوانەی هاوکاری داگیرکەر و سەرمایەداری جیهانین سودی لێ دەبینن، مێژوو ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کەوا گەلانی عەرەبی، بە پیاو و ژنیانیانەوە لە هەر ولاتێکی عەرەبیدا هەرگیز ملکەچی ئەو هێزانە نەبووە.

مافی لە ژیانێکی سەرفراز و شکۆدار لێزەوت دەکات، زۆر لە گەلانی عەرەبی شۆڕشیان کرد و حکومەتی کۆنەپارێزەکەیان روخاند. چەندان ولاتی عەرەبی داگیرکەریان دەرکرد چ فارس بن، یان تورك، یان فەڕەنسی، یان ئینگلیز، یان ئەمەریکی، یان ئیدی.

ئێستاشی لەگەڵدا بێت میسر دڵی جیهانی عەرەبی و چرا هزرییەکەی بووە، لەبەر شوێن و ژمارە و مێژووی درێژی لە تێکۆشان دژی داگیرکەرە بیانییەکان.

میسر لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا لە چەندان سەردەمی تاریکیدا ژیا تا کۆتایی سەدەی نۆزدەدا.

تیایدا حاڵەتی گەلی عەرەبی لە پیاو و ژنیانەوە پاشەکشەی کرد. حکوومەتە دکتاتۆرەکان و داگیرکەری بیانی، توانی کۆت و بەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاکاری بخاتە سەر پیاو و ئافرەتان.

ئافرەتان بەشیان لەم کۆت و بەندانە زۆرتر و مەزنتر بوو، لەبەر سیستەمە باوکسالاریی چینییە باوەکە.

ورییایی هزری عەرەبی لە کۆتایی سەەی نۆزدەمەوە، لەسەر دەستی جەمالەدینی ئەفغانی و قوتابییەکانیەوە دەستی پێکرد، ئەحمەد فارسی شدیاق بیرمەندێکی عەرەبی بوو لە ساڵی ١٨٥٥ کتێبەکەی (الساق علی الساق)- (لاق لەسەر لاق)، لەو تێبانە دەژمێردرێت کە بانگەوازی فێرکدنی ئافرەت و ئازادکردنی ددا لە زۆرداری و کتێبەکەی "رێبەری ئەمین بۆ فێرکردنی کچ و کوڕان- المرشید الامین فی تعلیم البنان و البنین" ساڵی ١٨٧٣، دواتر کتێبی "تخلیص الابریز فی تلخیص باریز- رەهاکردنی ئەبری لە پوختەکردنی پاریس" ساڵی ١٩٠٥. ئەم پێشەنگانە رۆڵیان هەبوو لە هاندانی کۆمەڵانی خەڵك، لە بەرهەڵستی داگیرکەر و شکاندنی کۆت و بەندەکان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی هزرە رۆشنە نیشتمانییەکەیان، هانی دان بۆ زانینی ئەوەی کەوا کێشەی ئافرەت کێشەیەکی بنچینەییەن لە جەنگی دژی دواکەوتن و دژی داگیرکەری بیانی.

لەو پێشەنگانەش عەبدولای نەدیم و شێخ محەمەد عەبدە بوون، شێخ محەمەد عەبدە ڕەخنەی لە ئاستی نزمی ئافرەت گرت، دژی فرەژنی و تەلاق وەك تاکە مافی بەدەست پیاو وەستا، داوای نەهێشتنی ڕژێمی کەنیزەك و هەوەسکاری کرد و بانگەوازی دا، بۆ یەکسانی پیاو و ئافرەت و جێبەجێکردنی کاکڵی ئیسلام.

شێخ محەمەد عەبدە ڕوبەڕووی زۆر هێرشی پیاوانی ئایینی ئیسلام بوو- لەو کاتیدا- بەڵام هەر بەردەوام بوو لە بانگەوازەکەیی و ڕایگەیاندن کەیەکێك لە ترسناکترین هۆیەکانی دواکەوتنی موسڵمانان دواکەوتنی ئافرەتە، لەبەرئەوەی "ئافرەتان ڕێیان لێگیراوە بگەنە زانست وەك ئایین پێویستی دەکات، یان لە دنیادا پێویستە، ئەو ڕێگرتنەش بە پەردەیەکە کەس نازانێت کەی لادەبرێت". دەڵێت: "و لهن مثل الذي عليهن بالمعرف". (ئەوەندەیان هەیە، ئەوەندەی لەسەریشیان بە چاکە). زۆر ئایەتی دیکەش ئافرەت و پیاو هاوبەشی دەکات لە ئەرکی ئایین و دنیایی، بەڵام وازهێنان لە کچان بۆ نەزانی و گێلی تاوانێکی گەورەیە". (١٩١) گرنگترین ئەو کتێبانەش کە باسی کێشەی ئافرەت دەکات، کتێبی "تحرير المرأة- ئازادکردنی ئافرەت"بوو کە لە ساڵی ١٩٠٠ دەرچوو، نوسەرەکەی قاسم ئەمین بوو، دواتر کتێبی دووەمی "ئافرەتی نوێ" ١٩١١.

هەرچەند بانگەوازی قاسم ئەمین بۆ فێربوونی خوێندن و خوێندنەوەی ئافرەتان، بۆ پاراستنی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵان بوو، هەرچەندە لە بانگەوازەکەی پشتی بە بنەماکانی ئیسلام بەست و لێی لا نەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن پیاوانی ئایینی ئەزهەر بە توندی هەڕەشەی لێکرا، ئەوانەی کۆڵەگەیەك بوون فەرمانڕەوایی دیکتاتۆری و چەوسێنەری خدێوی لەسەر دامەزرا بوو، لە دژی گەلی میسری و بەهاوکاری لەگەڵ داگیرکەران. قاسم ئەمین ڕووبەڕووی توڕەبوونی خدێویش بووەوە، هەتا سیاسەتمەدارە پارێزکارەکان و لە پێشەوەیان (مستەفا کامل)یش هێرشی کردە سەر، کە لە ڕۆژنامەی (اللواء) (١٩٠١) هێرشی کردە سەر بانگەوازکردن بۆ ئازادی ئافرەت.

ڕۆژنامەی (اللواء) زمانحاڵی پیاوە توندگر و کۆنەپەرستکان بوو. عەبدولحەمید خەیری کتێبەکەی دژی ئازادی ئافرەت دەرکرد، پاڵنەری پتەو لە دژی قاسم ئەمین (الدفع المتين فى الرد على قاسم امين)، محەمەد ئەحمەد بولاقی کتێبەکەی (الجليس الأنيس في التحذير عما في تحرير المراة من التبليس- هاونشینی دڵخۆشکەر بۆ وریا کردنەوە لە نیازە شەیتانییە ونەکانی

له بانگەوازی ئازادی ئافرەتدا هەیە. ئەحمەد لوتفی سەید و هاوکارانی توانیان هزری پێشکەوتوو دەربڕن لە رۆژنامەکەیان (الجریدە- رۆژنامە)، لەم ماوەیەدا زۆر کەس پشتگیرییان لە بانگەوازی ئازادیی ئافرەت کرد وەك: سەعید زەغلول، لوتفی سەیدن وەلییەدین یەکن، محەمەد حوسێن هەیکەل، سەلامە موسا (١٩٢٠)، مەستەفا فەهمی، فەرەح ئەنتوان، ئەحمەد لزەیات، مەستەفای مەنفەلگوتی، هەروەها گۆڤارەکانی "المنار"ی رەشید عەلی رەنا و (المقتگف)و (الملا) لە ریزی بانگەوازکردن بۆ ئازادی ئافرەتدا وەستابوو.

ئافرەتی عەرەبی هەر لە سەرەتای ئەم هەڵمەتەوە لەم جەنگە، بۆ ئازادی ئافرەت بە خامەکەی هاوبەشی کرد، لەو ئافرەتانەش عائیشەی تەیموری، کە خامەکەی ئەدەبی عەرەبی و تورکی و فارسی لە شیعر و پەخشاندا کۆکردبۆوە، دوای ئەو زەینەب فەواز هات کە لە شعر و رەوانبێژیدا بلیمەت بوو. مەلەك خفنی ناسف کە بە ناوی (باحپە البادیە- توژماری دەوارنشینی) ناسرابوو، (١٨٨٦- ١٩١٨) بە خامە بەهێزەکەی لە ئازادیی ئافرەت هاوبەشی کرد و هاوچاخی قاسم ئەمین بوو، بیرو راکانی وەك تەواوکەری راوبۆچوونەکانی رەفاعەی تەهتاوی ژمێردرا، کە بە چاکسازی ناوی دەبا، کەچی قاسم ئەمین ناوی دەنێن ئازادیی ئافرەت.(١٩٣)

مەلەك حەنەفی ناسف ئەوەندە بلیمەت بوو لە کتێبدانانی، لوتفی سەید لەبارەییەوە دەڵێت نوسنەکانی نموونەی ئەو نوسینانەی ئافرەتانی عەرەبییە، کە لە زۆر لە نوسینەکانی هەندێ نوسەری پیاو باشترە(١٩٤).

مەلەك حەنەفی ناسف خەباتی لە پێناو فێرکردنی کچان دەکرد. لە ئافرەتە نوسەرە پێشەنگەکاانی دیکە "مەی زیادە" بوو ئەو ئافرەتە عەرەبەی هەرچەندە روانینی کۆمەڵگەی عەرەبی دواکەوتوو بوو سەبارەت بە ئافرەت، توانی "سالۆنی ئەدەبی" خۆی لە قاهیرە لە ساڵی ١٩١٥-١٩١٦دا دامەزرێنێت.

هەموو سێشەممانێك دەستەیەك لە ئەدیبان و هزرمەندە میسریی و عەرەبییەکانی ئامادەی دەبوون. بیست ساڵان بوو لەگەڵ ئەواندا توانی بە هزرە زیرەك و پێگەیشتووەکەی پیرانی ئەدەب و هزر لە میسردا لە خۆی کۆ کاتەوە.

مەی زیادە لە میسر دەژیا، بەڵام دایکی فەلەستینی بوو، باوکی خەڵکی لوبنان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا توانی کەسایەتی ئەدەبی خۆی بسەپێنێتە سەر کۆمەڵگەی ئەدەبی لە میسردا و تێکەڵ پیاوان بێت و لەگەڵیاندا بئاخڤێت و نامەیان بۆ بنرێرێت، لەو کاتەیدا حیجاب داپۆشەر هاوشانەکانی وی لە ئافرەتەکانی عەرەبی داگرتبوو.

ژیانی مەی زیادە بە تراژیدیایەك كۆتایی هات، كەوا دڵڕەقی و تاكایەتی و گیروگرفتەكانی كە ئافرەتی زیرەك و هونەرمەند رووبەڕوو دەبێتەوە، لە كۆمەڵگەی پیاوسالاری كە تەنیا ئەوەندە لە ئافرەت دەزانێت كە منداڵدانێكە منداڵی دەبێت، یان زێیە (كیلك) كە بۆ چێژی سێكسی بە پیاو بەخشینە. مەی زیادە توشی تەنگژەیەكی سۆزداری هات نوسەرێكی میسری وەك "عەباسی عەقاد"ی خۆشویست، خۆشەویستییەكەیان بە هۆی دواكەوتوویی روانینی عەقاد بۆ ئافرەت شكستی هێنا. مەی زیادە دوای ئەوە لە تەنیاییەكی بكوژدا ژیا، هەرچەندە پیاوان بە دواوەیەوە بوون، بەلاّم ئەو پیاوەی نەدۆزییەوە، كە دەتوانێت تێی بگات و وەك مرۆڤێكی خاوەن هۆش و ئاوەز پێش ئەوەی خاوەن زێ، یان منداڵدان هەڵسوكەوتی لەگەڵدا بكات. كەس لە تراژیدیایەكەیی و خەفەتەكەی نەگەیشت، لەبەر تەنیاییەكەیی خزمانی بە شێت تاوانباریان كرد و خستیانە نەخۆشخانەی عوسفور بیەی چارەسازیی دەمار (هۆش) لە لوبنان.

كە چووە نەخۆشخانە سەیری دەوروبەری خۆی كرد و گوتی: "ئایا بەندیخانەیەكی شایستەتریان بۆ من نەدۆزیەوە لەو بەندیخانە زێتر". (١٩٥) لە بەرپرسانی نەخۆشخانە دەپاڕایەوە دەریكەن لە نەخۆشخانە، چەندان جار مانی لە خخواردن گرت، بۆ چەندان مانگ لەسەر ئەو حاڵەتە مایەوە لە ەخۆشخانە، تا لیژنەیەك لە گەورە پزیشكان پشكنیان و بڕیاریان دا هیچی نییە، دكتۆر مارتان پزیشكی فەرەنسی راپۆرتێكی نوسی كە هیچ نەخۆشییەكی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆشخانە دەری نەكرد بە بەهانەی ئەوەی گەر لەوێ بمێنێەوە تەندروستی بەهێز دەكات(١٩٦) ژیانی مەی زیادە لە تاق لاوییەتیدا لە یەكێك لە ئەپارتمانەكانی قاهیرە كۆتایی هات.

بە تەنیایی مرد بێئەوەی كەسی لە تەكدا بێت، مرد دوای ئەوەی نوسین و شیعر و تابلۆكانی و وانەبێژییەكانی، كە لە بەیروت و میسردا سەبارەت بە ئەدەب و هونەر و سەربەخۆیی ئافرەت دا بووی.

"مەی زیادە" یەكێكە لە بلیمەتەكانی ئەدەبی عەرەبی، بەلاّم بەداخەوە هیچی لەم بلیمەتییە هزرییە دەست نەكەوت، تەنیا تەنیایی و تاوانباركردن بە شێت بوون و دواتر مردنی ناوادە نەبێت.

چارەنوسی مەی زیادەی پڕ ئازار، جیا نەبوو لە چارەنوسی هەر ئافرەتێكی دیكەی پێشەنگ، كە هەوڵی دا دیدی كۆمەڵگەی پیاوسالاری دواكەوتوو بۆ ئافرەت بگۆڕێت، چارەنووسی زۆر لەو

ئافرەتە زیرەکانە (جادوکارە پەندیارەکان) جیانەبوو، کە لە چاخەکانی ناوەند بە ناڕەوا بە جادوکاری تاوانبار دەکران، یان بە شێت، یان بە داوێنپیسن، هەتا چارەنوسەکەی جیا نییە لە چارەنووسی زۆر لە ئافرەتە زیرەکەکانی چاخی نوێمان، ئەوانەی لەو زیرەکییەیان تەنیایی کوشندە، یان تاوانبارکردنی بە هیستریا، یان لارۆیی زیاتر هیچی دیکەیان دەست نەکەوتووە.

ئافرەتی عەرەبی شۆڕشگێڕ

هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا لە کۆمەڵگەی عەرەبییە کشتوکاڵییەکاندا وەك میسر، زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتان لە کێڵگەدا شان بە شانی پیاوان کار دەکەن، ئابووری و بەرهەم پشت بە جوتیاری پیاو و ئافرەت دەبەستێت.

بەبێ چوونە دەری ئافرەتی جوتیار لە ماڵەکەی رۆژانە و پێش خۆرهەڵاتن، ئەوا ئەو پیاوانەی دژی ئازادی ئافرەتن (هەتا ئەوانەی بەرهەڵستکاریش نین) نەیاندەتوانی هەموو بەیانییەك، نان لەسەر خوانەکەیان ببینن و جلك و بەگ، بۆ خۆپۆشین و کاغەز بۆ نوسینی هزرە دواکەوتووەکانیان سەبارەت بە ئافرەت.

هەتا ئێستاش لە کۆمەڵگەی عەرەبیماندا ژمارەیەکی زۆر لەو پیاوانە هەن، دژی چوونە دەرەوەی ئافرەتە لە ماڵەوە بۆ خویچندن، یان کار، بە هەنجەتی پاراستنی مێینەیی، یان ناموس، ئەو پیاوانە ئەو ملیۆنان ئافرەتە جوتیارانە پشتگوێ دەخەن، کە هەموو رۆژێك لە ماڵوە بۆ کار دەچنە دەرەوە. دەشێ ئەو پیاوانە ل باوەڕەدا بن ئافرەتە جوتیارەکان ژن نین، یان کۆلهەلگر و خزمەتکارەکان مێینەیی و ناموسیان نییە، دەنا بۆ چ بێدەنگن سەبارەت بە دەرچوونی ئەم ژمارە زۆرەی ئافرەتان کە هەموو رۆژێك لە مالچەوە دەچنە دەرەوە؟ چۆن هەیانە دەڵێن چکۆس و غیرەتیان بەرامبەر مێینەی ئافرەت و ناسك و نازدارییان، وایان لێدەکات ئەو هەڵوێستەیان هەبێت، چۆن یەك داوە مووی لەشیان ناجولێت بۆ ئەو خزمەتکارە ئافرەتە بێهێز و بچوکەی، لە پشتییەوە دەڕوات و لە شەقامەکاندا جانتا گرانەکانی بۆ هەڵدەگرێت، کچەی بێهێز و ئەوی پیاوی بەهێزیش هیچ یەکێکیان ناجولێن بۆ ئەو دیمەنەی رۆژانە دەیبینێت، کاروانی ئافرەتە کۆڵهەڵگرەکان و رەنجکێشەکان لە کێڵگە و کارگە و کارخانەکان، کە ئافرەتان کاریان تێدا دەکەن دوو ئەوەندەی پیاو کاریان تێدا دەکات، لەبەرئەوەی ئافرەت لەناو ماڵ و لە دەرەوەی کار دەکات، بەڵکو ئەو پیاوە جوڵە ناکات لە ناو ماڵدا کە پاڵکەوتووە و لەسەر تەختەکەی راکشاوە و ژنەکەی خزمەتی دەکات، لە هاتووچۆ

ناکەویت لە نیو ماڵدا بۆ جیبەجیکردنی داواکارییەکانی و داواکارییەکانی خیزان و منداڵەکان.
ئەوەیان نیشانەیە کە داکۆکی ئەو پیوانە لە ناموسی ئافرەتان، یان میینەییان و بەرهەڵستیان بۆ چوونە دەرەوەی ئافرەت هەڵویستیکی مرۆیی، یان ئاکاریی نییە، بەڵکو هەڵویستیکی چینایەتی چەوسینەرانەیە.
حاڵەتەکە هەر ئاوهایە بۆ کاری ئافرەت لە کۆمەڵگەی باوکسالاریدا، ئەم کۆمەڵگەی ریناداتت ئافرەت لەدەرەوەی ماڵ کار بکات، تەنیا بۆ چەوساندنەوەی نەبیت بە پلەیەکی بالآتر، وەك کریکاری بیکریّ کار دەکات، وەك ئافرەتە جوتیارەکانی بۆ بەرژەوەندی باوك، یان هاوسەر و لە ژیر دەسەلآتی رەهای ئەودا کار دەکەن، یان بۆ پڕکردنەوەی دەستکار لە کارگەکاندا کە تیایدا ئافرەت (هەندیّ جار منداڵآن) بە کرییەکی کەمتر لە پیاو کار دەکەن، لە ژیر دەسەلآتی رەهای ئەواندا لە کاریان لە ماڵەوەدا.
ئافرەتی عەرەبی وەك کریکار لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بۆ کارکردن چووە کارخانەکان، لەوکاتەی دەستکاری پیاو کەم بوو، دەوڵەتانی عەرەبی وەك دەوڵەتەکانی دیکەی جیهان، پیویستی بە بەکارخستنی ئافرەتان هەبوو لە کارخانەکاندا، سەرەڕای زیدەبوونی چالاکی کارسازیی وارگەیی لەبەر نەهاتنی کەلوپەلی هاوردە بە هۆی جەنگ.
ئەم کارەش تەنیا هەژار و نەدارەکان لە کچ و ژنانی گرتەوە. لەم چینە هەژارە نەدارەدا کە نانی رۆژانەی بە هەر ۆیەك بیت کۆ دەکاتەوە، هەموو نەریتە ئاکارییەکان لەبەردەم پیداویستی خۆراك دەوەستیت. پیاو لەم چینەدا ناچارە نانیك بکڕیت بیخوات، لە بری ئەوەی بالآپۆشیك (حجاب) بکریت بۆ ژنەکەی، یان کچەکەی، هەژاری ناچاری دەکات ریبدات ژنەکەی، یان کچەکەی وەك خزمەتکار لە مالاچن کار بکات کە پیاوی تیدایە، یان لە کارگەیەکدا لە تەك پیاودا کار بکەن. بیئەوەی بیر لەو نەریتە ئاکارییانە بکاتەوە کە ریناداتت ئافرەت و پیاو تیکەڵ بن. لەبەر ئەم هۆیە بالآپۆشی، یان لە ماڵەوە مانەوە تەنیا لای ئەو ئافرەتانە هەیە کەوا لە چینی ناوەند، یان لەسەروی ناوەند، یان بالآ ئەوانەی پیویستیان بەکارپیکردنی ئافرەتانیان نییە لە دەرەوەی ماڵدا بە هۆی باری ئابووری. لە کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا چینە هەژارەکان زۆرینەی خەڵك پیکدینن، دەوڵەت ئەم پیداویستییەیان بۆ نان پەیداکردنی بە هەلزانیوە، چەندان کاری سەختیان دەخاتە سەر بەرامبەر کرییەکی کەم. ئافرەت و منداڵآن نزمترین کاریان پیدەسپیردریت کەمترین کریّ و خراپترین بارودۆخ. ئافرەتی کریکار

چەندان کاتژمێر لە پیاو زیاتر کار دەکات و کرێیەکی کەمتری دەست دەکەوێت. کەچی کرێکاری ئافرەت دێتەوە ماڵ بۆ خزمەتکردنی مێرد و منداڵ و نانداننیان. ئەو کرێکارانە لە نێوان کاری ناو ماڵ و کاری دەرەوەی ماڵدا لەت لەت بوون. کرێکاری خاوەن شوو هەردەم دەشیا توشی دەرکردن بوایە، بە هۆی سکپڕی و منداڵبوون، گەر خزمەتی مێرد و منداڵەکانی خۆی نەکردایە دەکەوتە بەر هەڕەشەی تەلاق، یان وەك پێویست لە ولاتێکی وەکو میسردا ئەم کرێکارە ئافرەتانەی لە پشەسازیدا کار دەکەن، لە یەکەم ئاماری ساڵی ١٩١٤دا گەیشتە بیست هەزار کرێکاری ئافرەت، بە رێژەی ٥٪ لە نێوان ژمارەی کرێکران و پیاوان. کچ و ژن لە چینە هەژارەکان ململانێیان بوو لەسەر کارکردن لە کارگە و کارسازییەکانی پەمۆ، لە رۆژێکدا زیاتر لە ١٤ کاتژمێریان کار دەکرد لە رۆژێکدا، بە رۆژانەیەکی کەم لە سێ قورش زێتر نەبوو، هەندێ جار دەگەیشتە ١٨ ملیم. بەلام ئەم کرێیە لەگەڵ ئەوەی هیچ نییە باشتر بوو لەو برسێتییەی هەڕەشەی لێدەکردن.

هیچ یاسایەك نەبوو خاوەن کارگە ناچار بکات ئاگای لە باری تەندروستی، یان کرێکارەکان بپارێزێ بە پیاو و ئافرەتەوە. بەشەکانی ئافرەتان زۆر خراپتر بوو لە بەشی پیاوان، لەبەر نزمی بەهای ئافرەتان و ملکەچییان، راهاتنیان لەسەر رازی بوون بە شکستی و ریسواکردن. لەبەر خراپی بارودۆخەکە و شەکەتی و کەمخۆراکی کرێکارە ئافرەتەکان، زۆر لەم کارەیاندا بەردەوام نەدەبوون، لە چوار، یان پێنج ساڵ زیاتر نەدەمانەوە، چونکە توشی شەکەتی و پککەوتەیی، یان نەخۆشی دەبوونەوە، خاوەن کارگە دەری دەکرد و وەك پارچە ئامێرێکی پەدەگ فڕێی دەدایە سەر شەقام.

لە لیستی ئەو ئافرەتانەی تامەزرۆی پەیداکردنی نانێك بوون کرێکارێکی نوێی دیکەی ئافرەتی دادەمەزراند. ئەو ئافرەتە بێنەوا و جەستە و دەروون شەکەتانە لە ناو ماڵ و لە دەرەوەیدا، یەکەم ئافرەتانێکی شۆڕشگێڕ بوون لە میسردا، ئەوانیش یەکەم ئافرەتانێك بوون مانیان گرت لە کارگەکاندا دەستیان لە کار هەلگرت، خۆپێشاندانیان لە شەقامەکاندا کرد، داوای رێزگرتنی مرۆبوونی ئافرەتی کرێکاریان کرد، داوای دانانی یاسایەکیان کرد کاتی کار دیاری بکات، و چانی بە مووچە بۆ ماوەی منداڵبوون، لەو کاتیدا ئافرەت لە کاتی منداڵبووندا هیچ کرێی وەرنەدەگرت، لەبەرئەوەی دوای منداڵبوون رۆژی دواتر دەگەڕایەوە سەر کار. هەندێ جار لە خاوەن کاری دەشاردەوە کە شوودارە بۆ ئەوەی لە کارەکەیدا وەریبگرێت (خاوەن کارەکان کچ، یان ئافرەتی بێ شوویان پێ باشتر بوو، ئافرەت کە سکی پڕ دەبوو

دەیشاردەوە وەك ئەوەی سكێكی ناڕەوا بێت، زۆربەیان سكی خۆیان لەبار دەبرد بەو شێوازە كۆنە لادێییە ترسناكە، (وەك داری ملوخیە خستنە ناو منداڵدان بۆ دەرهێنانی منداڵەكە)و لە زۆر حاڵەتدا ئافرەتە كرێكارەكە بە هۆی خوێنبەربوون، یان هەوكردنی كوشندە ژیانی خۆی لە دەست دەدا.

ئافرەتانی چینی باڵا لە میسردا لەو كاتیدا لە ساڵی ١٩٢٣ دەستیان بە یەكەم رێكخستن كردبوو، بەڵام لەبەر (دەوڵەمەندی و دووریان لە چینە هەژارەكاندا) شتێكیان لەبارەی ئەو ئافرتە كرێكارە چەوسێندراوانە نەدەزانی، كە بە خراپترین شێوە دەچەوسێندرانەوە. یەكێك لە خۆپیشاندانەكان چوونە بەردەم رێكخراوە ئافرەتییەكە، بەڵام ژنانی ئەرستۆكراتی هیچ بایەخیان پێنەدان، چونكە ئەوان ئەو كات گرنگیان بۆ داماڵینی سەرپۆشی بوو، ئەوەش زۆرینەی ئافرەتان بایەخیان پێنەدەدا، چونكە ئافرەتە كرێكارەكان و جوتیارە ئافرەتەكان بێ سەرپۆش بوون.

ئەم ئافرەتە رەنجدەرانە بوون (كرێكار و جوتیارە ئافرەتەكان) كە هاوبەشی شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ی میسریان كرد و لەگەڵ پیاون چوونە رێگا كشتوكاڵییەكان، تێلی تەلەفۆنیان دەبڕی و رێگای ئاسنیان تێك دەدا بۆ ئەوەی شەمەندەفەری دەستەڵاتدارانی ئینگلیز نەتوانن هاتوچۆ بكەن. هەندێ لەو ئافرەتانە هێرشیان كردە سەر بنەكەكانی پۆلیس، كە هەندێك كەسی شۆڕشگێڕی میسری لێگیرا بوون و هەندێكیان لەو ئافرەتانە بە گوللەی ئینگلیزەكان كوژران و بریندار بوون. ئەم رەنجدەرە هەژارانە بوون شەهیدی ئافرەتیان بەخشی لە شۆڕشی ١٩١٩، لەوانەش ژنە شەهید "شەفیقە محەمەد" كە ئینگلیز لە رۆژی ١٤ی مارت ١٩١٩ كوشتیان. هەروەها حەمدیە خەلیل لە كفرزغاوی لە جەمالییە(١٩٧)و خاتوو حەسەن و فەهیمە ریاز و عائیشە عومەر و چەندانی دیكە ل سەدان میسری هەژاری كەس نادایار.

پیاوانی چینی كرێكاری رەنجدەر و جوتیارانیش، رۆڵێكی گەورەیان لە شۆڕشی ١٩١٩ گێڕا، بەڵام وەك پیاوانی چینی باڵا رۆڵیان لە مێژوودا دەرنەكەوت، بە هەمان شێوە رۆڵی ئافرەتانی رەنجكێش لە شۆڕشدا دەرنەكەوت وەك ئەوەی رۆڵی ئافرەتانی چینی باڵا دەركەوت. چونكە ئەوەی مێژوو دەنووسێت ئەوانەن كە دارایی و دەستەڵاتیان هەیە. پیاوان، یان ئافرەتانی چینی رەنجكێش لە شۆڕشی ١٩١٩ هیچیان دەستنەكەوت، لەگەڵ ئەوەی ئەوان بوونە سوتەمەنییەكەی. دەسكەوتەكانی شۆڕش بوو بە بەشی چینی باڵا. بووتنەوەی ئافرەتانیش لە میسر هەمان شتی بەسەر هات كە بەسەر بزووتنەوەی كرێكاراندا هات، ئاكامەكەی ئەوە بوو

هاوكاری كۆشك و پارتەكانی كرد دژی بەرژەوەندییەكانی گەل. بزووتنەوەی ئافرەتان لە میسر بەكارهات بۆ خزمەتی كۆشك و حزبە كۆنەپەرستەكان بەكار هات، شەقڵی دووركەوتنەوە لە بواری كاری سیاسی وەرگرت و چالاكییەكەی تەرخان بوو بۆ بواری خزمەتی كۆمەڵایەتی(١٩٨).

هودا شەعراوی رێكخراو، یان یەكێتی ئافرەتانی لە ساڵی ١٩٢٣ دامەزراند. ئەم یەكێتییە توانی تەمەنی شوكردنی كچ لە ساڵی ١٩٢٤ بگەیەنێتە ١٦ ساڵ، بەڵام نەیتوانی یاسای باری كەسی بگۆڕێت، یان مافی هەڵبژاردن بە ئافرەت بدات، هەرچەندە لەم بوارەدا بە سەرۆكایەتی هودا شەعراوی و سیزا نەبراوی كۆششی كرد. سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە ٥٣ ساڵ لەسەر دامەزراندنی یەكێتی ئافرەتان رەت بووەوە و لەم بوارانەدا بەدڵ كار دەكەن، بەڵام بێسود بوو و شكستی هێناوە. لەبەرئەوەی یاسای ژنهێنان و تەڵاقدان لە میسر هێشتا هەتا ئەمڕۆ رێگا دەدات، پیاو كەی ویستی ژنەكەی تەڵاق دەدات و رێگای دەدات فرەژنی هەبێت. هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی لەم بوارەدا پێش میسر كەوتوون و پەرەیان بە یاساكە داوە، لەگەڵ باری نوێ دەڕۆن كە ئافرەتی عەرەبی دەستی كەوتووە. ئافرەتی میسری لە دەستووری ساڵی ١٩٥٦دا مافی دانگدانی وەدەست هێنا. تەنیا میسر نەبوو هاوبەشی ئافرەتانی بەخۆوە بینی لە شۆڕشی دژی داگیركاری بیانی، یان زۆرداری ناوەخۆ.

ئافرەتی عەرەبی لە شوێنە جیاجیاكانی جیهانی عەرەبیدا هاوبەشی لە ئازادكردنی نیشتمان لە شۆڕشی دژی ستەم و زۆرداری پیاوی كردووە. لە ساڵی ١٩١٤ ئافرەتی عەرەبی لە سوریا هاوبەشی كۆمەڵە نهێنییەكانی كرد بۆ بەرهەڵستیكردنی بە تورككردن، لە ساڵی ١٩١٩ لە دیمەشق یەكەم خۆپێشاندانی ئافرەتان دژی داگیركەری فەڕەنسی بەرپا بوو، تیایدا رووبەڕووی گوللەی فەڕەنسییەكان بوونەوە. ئافرەت لە شۆڕشی گەلی سووری لە ساڵی ١٩٥٢ هاوبەشی كرد. هەر لەگەڵ راگەیاندنی دابەشكردنی فەلەستین لە ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن دەستەی نەتەوەكان، ئافرەتی عەرەبی لە بەرهەڵستی میللیدا چەكی هەڵگرت.

لە عێراق ئافرەت شان بە شانی پیاوان دژی داگیركاری و پادشایەتی لە تێكۆشاندا بوون، هاوكاری كرد لە پرۆسەی ئازادكردنی عێراق، ئەو گۆڕان و پێشكەوتنەی بەسەر مافە سیاسییەكانیدا دەهات و گەیشتە پایەی وەزیری.

له ئوردن هەر چەند کۆت و بەندی سەر ئافرەت زۆرن، زۆر له خۆپێشاندانی ئافرەتان به شەقامەکانی عومان دەنگی دەدایەوە، پاڵەوانییەتی ئافرەتان و پیاوانی عەرەب دەنوێنێت هەتا له بەندیخانەکاندا و لەگەڵ جەنگاوەری خۆبەختکارە فەلەستینییەکانیشدا.
له سودانیش ئافرەتان دژی داگیرکاری ئینگلیزی تێکۆشان و یەکێتی خۆیانیان دامەزراند، که به چالاکی و پێشکەوتنی بەناوبانگ بوو و چەندان ئافرەتی پاڵەوانی پێشکەشکرد وەك فاتیمه ئیبراهیم. له لوبنان ئافرەته عەرەبییەکان، بۆ ڕەهاکردنی سەرۆکه لوبنانییه نیشتمانپەروەرەکان له ساڵی ١٩٤٣، له خۆپێشاندانێکی گەورەدا دژی فەڕەنسییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو.
ئافرەتانی جەزائیر لەگەڵ پیاوان هاوکار بوون له شۆڕشی دژی داگیرکەری فەڕەنسی، لەسەر خاکی ملیۆن شەهید زۆر ئافرەت شەهید بوون، هەندێکیان له بەندیخانەکاندا گیران و هەرە بەناوبانگەکەیان جەمیله بوحرید و جەمیله بوعزە بوون.
له یەمەین خوارو ئافرەتان و کچانی عەرەبی بۆ سەربەخۆیی له تەك پیاواندا له شۆڕشدا بوون، له سودانیش تێکۆشەر و جەنگاوەر له خزبی ئافرەتانی سودانیدا هەبوون. ئافرەتانی فەلەستینی نموونەی پاڵەوانییەتی بوون له هەڵمەتی خۆبەخشیدا له ناو خاکی داگیرکراودا چالاکییان هەبوو، له قودس و نابلوس و ڕەفەح و خەلیل و بیسان، چەندان ئافرەت و کچ له ناو ڕێکخراوەکانی ئازادیخوازی فەلەستین کاریان دەکرد و تێدەکۆشان، جیهان لەیلا خالد و فاتیمه بەرناوی و ئامینه دەحبور و شادیه ئەبوغەزاله و هاوشانەکانیانی ناسیوە، ئەوانەی ژیانی خۆیان خسته سەر لەپی دەستیان بۆ ئازادی خاك و نیشتمان. له کوێت و لیبیا و تونس و مەغریب و سۆماڵ، ئافرەتان هاوبەشی تێکۆشانیان دەکرد بۆ ئازادکردنی پیاو و ئافرەتان.
ئافرەتی عەرەبی له هەندێ لەم وڵاتانەدا، چەندان دەسکەوتی نوێی بەرکەوت له کۆمەڵگەدا و له نێو خێزاندا و چەندان یاسای نوێ دەرکەوتن ڕێگه له فرەژنی دەگرێت، پیاو و ئافرەت به یەکسان دەژمێرێت له مافی تەلاقدانا.
ئافرەتی عەرەبی مافی هەڵبژاردنی له زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا دەستکەوت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی ئافرەتانی هاوبەشی بواری سیاسی، یان هەڵبژاردن دەکەن به دەنگدان له ١٪ زێتر نەبوو له کۆی ژمارەی دەنگدەران له ساڵی ١٩٥٦. ئەم ڕێژەیه له ساڵی ١٩٧٢ گەیشته ١٢٪.
به گوێرەی ئافرەتانی ئەندام له ئەنجومەنی نەتەوەیی له ساڵی ١٩٧٦ له ٢,٥٪ زێتر نەبوو.

دەرکەوت دانىان بە مافى ئافرەتان لە دەنگدان، یان مافەکانی دیکەی سیاسی گۆڕانێکی ئەوتۆ ناهێنێتە ئاراوە لە باری ناهەمواری ئافرەت، ئافرەتان چ بچن بۆ دەنگدان، یان نەچن. هەندێکیان سەرکەون بۆ کورسی نوێنەرایەتی لە پەرلەمان، یان سەرنەکەون باری ناهەمواری ئافرەت زۆر ناگۆڕێت، هاوکار بێکارییەکەی بۆ پیاو دەستی لێنادرێت، یا پێکارییەکەی بۆ چینە کۆمەلأیەتییەکەی وەك خۆی دەمێنێتەو. لە هیچ ولأتێکی جیهاندا ئافرەت تەنیا بە دەستخستنی مافە سیاسییەکانی نەگەیشتۆتە یەکسانی راستەقینە لەگەلّ پیاو، هەرچەند ئەم دان پێدانە دەنگۆیەکی گەورەی لەگەڵدا دەبێت، سەبارەت بە دیموکراسی و وتار و دوانی گەورە گەورە سەبارەت بە ئازادی ئافرەت.

لە سێبەری سیستەمە دەرەبەگایەتییەکان و سەرمایەدارییە باوکسالارییەکان، دەرکەوتووە کە زۆر جاران دەنگی ئافرەتان دژی بەرژەوەندی راستەقینەی ئافرەتان بەکاردێت، وەك بەکارهێنانی دەنگی جوتیار و کرێکران دژی بەرژەوەندی جوتیار و کرێکاران.

هەرچەندە شۆڕشی میسری ساڵی ١٩٥٢ ٥٠٪ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نەتەوەیی بەخشی بە کرێکار و جوتیاران، بەلأم هیچ کورسیەکی بە ئافرەتان نەبەخشی.

هەرچەند جوتیار و کرێکاران بە تیۆری نیوەی کورسییەکنیان بوو، بەلأم رەنجکێشان و کرێکاران هیچ نەگەیشتنە کورسییەکانی ئەنجومەنی نەتەوەیی، بەڵکو پیاوانی چینی بالأتر پێی گەیشتن، خۆیان لە بەرگی جوتیار و کرێکار پێشاندا، پێناسەی کرێکار و جوتیار فشەڵ بوو رێگای دەدا خاوەن داهاتی زۆر، ئەوانەی زەوی ناکێڵن و بەدەستی خۆیان کار لە کارگەکان ناکەن بێنە ئەنجومەن. بێگومان باری ئافرەت لەوە زۆر جیاواز نەبوو، دەشێ ئەگەر چەندان کورسی بۆ تەرخان کرابوایە، پێنج، یان شەش ئافرەت بچوونایە ئەنجومەنی نەتەوەیی، بەلأم زۆرینەی هەرە زۆری میسرییەکان هەتا ئەمڕۆش نەخوێندەوار و کۆڵەوارن، بە درێژایی رۆژ کار دەکەن و بەشێك لە شەویشی لە کیلگەو کارگە و نوسنگە و مالأن بەسەر دەبەن (لە ساڵی ١٩٦٠ رێژەی نەخوێندەواری لە نێوان مێینە ٨٤٪بوو، لە ساڵی ١٩٧٦ کەم بۆوە بۆ ٧١٪، لە بارێکی زۆر خراپ دەژین لە شەکەتی جەستەیی و دەروونی لە ژێر کۆنترۆڵی مێرد، یان باوك، یان برا، یان هەر پیاوێکی دیکەی ئەندامانی خێزان. ئەم رێژەیە بچووکە لە ئافرەتانی کە خوێندنی ناوەندی، یان بالأیان دەستکەوت هێشتا بەندی دابونەریتن و لە ژێر دەسەلأتی پیاودان و ئەرکێکی دیکەشیان کەوتۆتە ئەستۆ، ئەویش کارکردنە لەدەرەوەی ماڵ. ئەوەشیان ئەم هەڵەیەمان بۆ دەستنیشان دەکات کە هەندێ لەو ئافرەتانەی کە سەر بە رێکخراوەکانی

ئازادی ئافرەتن، لەو باوەڕەدان ئافرەت دەشێ رزگار بێت بە دەستخستنی مافە سیاسییەکان و تێکۆشان لەم بوارەدا، یان هاوبەشیکردن لە دەستەلأت و فەرماندارى لەگەڵ پیاو.
هاوبەشیکردنی ئافرەت لە دەستەلأت، یان فەرمانداری لە نێو سیستەمێکی دەرەبەگایەتی چینایەتی، یان سەرمایەداری چینایەتی زۆر لە چەوساندنەوە ناگۆڕێت، لە سەر ئافرەت و پیاوان، چ ئافرەتێك لە ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فەرماندار بێت، لە جیاتی نیکسون، یان فوردیان، یان کارتەر ئەوا سیستەمەکە باوکسالاریی سەرمایەداری چینایەتییەن لەسەر جەنگی داگیرکارانە و چەوساندنەوە دامەرزاوە. سەرۆکایەتی گۆلدامائیر بۆ ئیسرائیل هیچی لە سیستەمی دامەزراو لەسەر چینایەتی سەرمایەداری و جەنگ نەگۆڕی، سەرۆکایەتی باندرا نایکا بۆ سریلانکا، یان ئەندێرا گاندی بۆ هیندی هیچی لە سیستەمی باوکسالری دامەزراو لەسەر کۆنترۆڵی پیاو بۆ خێزان نەگۆڕی، هێشتا زۆرینەی هەرە زۆری ئافرەتانی سریلانکا و هیند لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە شەکەتن، بە رەنجکێشان لە دەرەوەی ماڵچەوە و لە ناوەوەشدا و لە ژێر کۆنترۆڵی باوکن یان مێرد دان. ئازادکردنی ئافرەت ئازادییەکی راستەقینە لە رۆژهەلأتی عەرەبی، یان رۆژهەلأتی دوور، یان رۆژئاوا تەنیا بە رزگاربوون لە سیستەمی چینایەتی باوکسالاری چ سەرمایەداری بێت، یان دەرەبەگایەتی بێت دێتە دی. بە واتایەکی دیکە ئازادی ئافرەت تەنیا لە ژێر سێبەری کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی راستەقینە دێتە دی، ئەوەشیان تا ئەمڕۆ لە هیچ ولأتێك رووی نەداوە، هەتا لەو ولأتانەش کە بەرەو سۆشیالیستی دەچن. بەلأم لە پاشەڕۆژدا روو دەدات لەو کاتەیدا کە ئافرەتان دەبنە هێزێکی سیاسی بە توانا بۆ سەندنی مافەکانیان. وەك لە مێژوودا فێر بووین ئازادی دەسەندرێت نادرێت.

کار و ئافرەت لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا

جگە لە ئافرەتە جوتیار و کرێکار و خزمەتکار و کەنیزەکان، کۆمەڵگە نێو ماڵی سەپاندۆتە سەر ئافرەتان بۆ خزمەتکردنی شوو و منداڵ و خێزان، بە بێکرێ گەر پۆشاك و خۆراك و ماڵ نەبێت. ئەو ئافرەتانەش لەماڵ نەدەچووە دەرەوە، مەگەر بۆ کارێك زۆر پێویست وەك نەخۆشیی ترسناك، لەمبارەشدا بە سەرپۆشەوە و پیاوێك لە خێزانەکەی لەگەڵدا بێت ئەوکات دەچووە دەرەوە. هەندێ جار ئافرەتەکە دەمرد لەبەرئەوەی پیاوەکە رێی نەدەدا پزیشکی پیاو بیپشکنێت.

جیاکردنەوەی هەردوو رەگەز وایکرد هەندێ کاری ئافرەتانە دروست بێت، وەك ئاگاداربوون لە ئافرەتە سەرپۆشدارەکان لە خێزانە بالأ و ناوەندییەکان. یەکەم پیشەش پەرستاری بوون

که تەنیا کچە هەژارەکان رویان تێدەکرد، لەبەرئەوەی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ نەنگ بوو، بۆ ئەو خێزانانەی دەتوانن نان دابین بکەن بۆ ئافرەتانیان. فەرماندارانی عەرەب فێرگەی منداڵبوو و پەرستارییان بۆ خزمەتی ئافرەتانی چینی باڵا دادەنا. (محەمەد عەلی) کە فەرماندار بوو لە میسر، خانەوادە میسرییە باڵاکان پێویستیان بە ئافرەت هەیە، وەك مامان و پزیشك کار بکەن.

بۆ ئەو مەبەستە "محەمەد عەلی" هەندێ کەنیزەکی سودانی کڕین و داینە دەست "کلوت بەگ" تا فێری بنەماکانی پزیشکی و برینکارییان بکات، لەگەڵ (ئاغاکان) ئەوانەی کۆیلەی پیاو بوون و یەکەم قوتابی بوون، فێرگەی لە دایکبوونی سەر بە قوتابخانەی پزیشکی مرۆیی لە ئەبی زەعبەل بە خۆوەی بینین.

لەو رۆژگاریدا دەرکەوتنی ئافرەت لەسەر رێگادا بە کارێکی خراپ دەژمێردرا، مامۆستای منداڵبوون کچانی فێری شتێك دەکرد پەیوەندار بە پیچکهاتەی جەستە "تویکاری"(١٩٩٨)، پیاوە میسرییەکان نارەزاییان دەربڕی کچانیان شتێکی وا بخوێنن ئەو زانستەی دژی ئاکارە. لە ساڵی ١٨٤٢ یەکەم فێرگەی مامانان لە میسر کرایەوە، دواتر یەکەم فێرگەی سەرەتایی کچان (سیوفیە) لە ١٨٧٣ کرایەوە، قوتابییانی لە سەرەتادا لە کەنیزکە سپیپێستەکانی خزمەتگوزار لە کۆشکی خانەوادەی پادشایەتی بوون. پێش ئەو ساڵە قوتابخانەی تایبەتی کچان نەبوو، ئەوانە نەبن کە کچانی چینە هەژارەکانی و سێوی (هێج)یەکانی فێر دەکرد، بۆ دابینکردنی هەندێ پێداویستی خانەوادە باڵاکان، لەگەڵ هەندێ پێداویستی سوپا وەك جلدرو ئەوانەی جل و بەرگی سەربازانیان دەدروو.

دەوڵەتی میسری سەرەتا پەرستار و مامۆستایانی ناچار کرد شونەکەن، تا بۆ کارکردن خۆیان تەرخان بکەن، بە نووسراو بەڵێنی لێدەسەندن کە شوو نەکەن.

ئەم کچانە لەبەر زۆر پێویستیان بۆ بژێو بەو مەرجە رازی دەبوون، وایکرد چینێکی قەیرە کچ دروست بکات، تاك و تەنیا و خەمبار و دەرون نەخۆش، لەبەرئەوەی کاری سێکسی تەنیا لە نێو هاوسەریدا رێی دەدرا، یان بۆ ئافرەتانی داوێنپیس ئەوانەی کۆمەڵگە بەو چاوە دەنوارێ کە بێناموسن و سەرشۆڕ و شکەستەن.

نەنگی بوو خێزانێ کچی خۆی بنێرێتە ئەو فێرگەیە، ئەم کچانە لە ماڵان مانەوە تەنیا هۆکانی دڵکێشی سێکسی فێر دەبوون بۆ هێشتنەوەی هاوسەری، کە پیاو دەیتوانی بە هۆ و بێ هۆ ژنەکەی تەڵاق بدات، یان ئافرەتانی بندەستی لە کەنیزەکان.(٢٠٠)

تا ساڵی ١٩٠٠ فێرکردنی فەرمی ئامادەیی کچان نەکرایەوە، لەو کاتیدا بەشی مامۆستایانی بالاَ کرایەوە، (فێرکردنی ئامادەیی کوڕان ساڵی ١٨٢٥ کرایەوە واتە ٧٥ ساڵ پێش کچان) زانکۆی میسر دەرگاکانی لە ساڵی ١٩٢٩ بۆ ئافرەتان کردەوە و تەنیا چوار کچ ئەو ساڵی چوونە زانکۆ.

دواتر کچان زیاتر رویان لە خوێندن کرد بەتایبەتی دوای شۆڕشی ١٩٥٢، بەلاَم رێژەی ئەوانەی لە پیشەی زانستی و هونەری کاریان دەکرد گەیشتە ١٨,٩٪ لە کۆی کرێکاران لە ساڵی ١٩٦٩دا واتە زۆرینەی هەرە زۆری ئافرەتانی میسری ٨١,١٪ هێشتا لە کشتوکاڵ کار دەکەن، یان کاروباری ماڵەوە، یان کاری نوسەری بچووك.

لە ساڵی ١٩٦٠ کرێکارەکانی ئافرەت لە فێرکردن و پەستاری کاریان دەکرد گەیشتە ٧٢,٨، ٣٨,٧٪ یەك لە دوای یەك لە کۆی کرێکارانی ئافرەتی بواری پیشە زانستی و هونەرییەکان.(٢٠٠)

ئاماری دانیشتوانی میسر لە ساڵی ١٩٦٠ دەریدەخات کەوا ٨٩,٩٪ی کارگەرانی بواری خزمەتگوزاری ماڵەوە وەك خزمەتکار کار دەکەن.

(شاراوە نییە، کە ئەم خزمەتکارە ئافرەتانە لەڕووی ئابووری و کۆمەلاَیەتی و سێکسی بە چ جۆرێك دەچەوسێندرێنەوە).

ئەم ئامارە ئەوە دەردەخات کەوا نزیکەی (١٠) ملیۆن ئافرەت لە تەممەنی کارکردندان (کچە قوتابی و جوتیار، ئافرەتەکان و ژنی ماڵەوەش لەگەڵدا، دانیشتوانی شار لەوانە (٤)ملیۆن کەسن، ئەوانەی دیکە (٦) ملیۆن ئافرەتە جوتیارن).

لەسەرجەم کەرتەکان کۆی ئافرەتە کریچکارەکان بە کرێ و جگە لە ئافرەتە جوتیارەکان و ژنی ماڵەوە، ٦٪ی ژمارەی ئافرەتانی تەمەنی کارکردن دەگرێتەوە دەکاتە ٦,٥٪ لە هێزی کار لە میسر. لە ئاماری ١٩٧٦ ئەم رێژەیە گەیشتە ٩,٢٪.

بەم جۆرە زۆرینەی ئافرەتانی میسر، ئافرەتە جوتیارن بۆ بەرژەوەندی مێردەکانیان بە بێکرێ کار دەکەن یان خێزانەکانیان، ژنانی مالچەوە بۆ شووەکانیان، یان باوك، یان خێزان بە بێ کرێ کار دەکەن. ئەم قسەیەش زۆربەی ئافرەتانی ولاَتی عەرەبی دەگرێتەوە. بۆ نموونە لە سوریا هێزی کاری ئافرەت ١٪ی کۆی ئافرەتانە ١٦,١٪(٢٠٢). بەشی هەرە زۆری کرێکارە ئافرەتەکان کە ٨٨٪ لە کێڵگە وەك ئافرەتە جوتیار کار دەکەن، ئەوانی دیکە لە کارگێڕی دەوڵەت و دامودەزگاکانی کار و لە خزمەتگوزارییەکان و پیشەسازی و فرۆشتن و بازرگانی کار دەکەن. ئافرەتە جوتیارەکانی زۆرینەی ئافرەتانی عەرەبی کرێکار پێکدێنن، لەبەرئەوەی بێ کرێ کار دەکەن لە نێو هێزی کاری ئافرەت زۆر ئامار باسیان ناکات. لە ئامارەکاندا دیارە کە

هێزی کاری ئافرەت ٩,٢٪یە لە کۆی هێزی کاردا، گەر ئافرەتە جوتیارەکان بخرێنە سەر ئافرەتانی کارکەر بە کرێ، ئەوا رێژەی ئافرەتە کرێکارەکان لە میسردا نزیك دەبێتەوە لە نێوەی هێزی کاری لە ولآتاندا، دەبێتە رێژەیەکی بەرز لەسەر ئاستی جیهاندا.

تەنیا رێژەی ئافرەتە کرێکارەکانی یەکێتی سۆڤێتی لەو زیاتر دەبێت. کارکردن بە کرێ رۆڵی هەبوو لە ئازادکردنی هەندێ ئافرەتی میسری و بەتایبەتی، ئەوانەی رادەیەك خوێندنی بالآیان بەرکەوت، کە رێژەیان ٠,٣٪ لە هەزار، لە کۆی ئافرەتانی ساڵی ١٩٦٦، بە گوێرەی کۆی دانیشتوان ١,٢٪، ٠,٢٪بوو لە ١٩٦٠، بووە هۆی ئازادبوونی ئابووریان و هەندێ ئافرەتی شوودار، لەوانە مافە نوێکانیان دەسکەوت لە کۆمەڵگەن یان لە نێو خێزاندا هەرچەند یاسای هاوسەری چەوسێنەرە. هەندێکیان شووکردنیان رەتکردەوە تا نەکەونە بەر ئەم یاسا دواکەوتووە، هەندێکیان شوویان کرد و دواتر بۆ پاراستنی سەرەبەخۆیی و ئازادییان خۆیان تەلآقدا.

ئەمڕۆ لە یاسای میسریدا هیچ دەقێك نییە جیاوازی بخاتە نێوان هەردوو رەگەز لە خوێندن، یان دامەزران لە دامودەزگاکاندا.

یاسای ژمارە ٢١٠ی ساڵی ١٩٥٩ سەبارەت بە سیستەمی فەرمانبەرانی دەوڵەت، لە دامەزراندندا تەنیا ئەو مەرجەی دانا کە میسری بێت و رەوشتپاك بێت و مەرجی تەمەن و شیاوی و لێهاتووی دانا (ماددەی٦)، بەلآم جیاکاری رەگەزی لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دروست دەبێت.

بۆ نموونە لە یاسای دادوەری ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٥٢ دەقی ماددەی ٢ دەڵێت نابێت کەس لە ئەرکی دادوەر دابندرێت تەنیا دوای ئەوە نەبێت، کە لە لێهاتوویی و شیاوی بۆ دادوەری دڵنیا بوون. پیاوانی زاڵ بەسەر دادوەری تا ئەمڕۆ توانایان رێگا بگرن لەوەی ئافرەتی میسری ببێتە دادوەر، بە بیانووی ئەوەی ئیسلام گەواهی پیاوی یەکسان کردووە بە گەواهی دوو ئافرەت، ئەوەیان وا لێکداوەتەوە کە ئافرەت شیاوی دادوەری نییە، لەبەرئەوەی گواهیدان باسی روادوێکە کەچی دادوەری بڕیارە لە کێشەیەکدا، هەرەچەندە ئافرەتی میسری لە ساڵی (١٩٦٢)ەوە بوەتە وەزیر، بەلآم تا ئەمڕۆ رێی پێنەدراوە ببێتە دادوەر. پیاوان تا ئێستا گفتوگۆیان سەبارەت بە بیرۆکەی ئەوەی ئایا شیاوی دادوەری هەیە، یان نا. دوا وتاری کە لەم بارەیەوە خوێندومەتەوە لە رۆژنامەی (الاخبار) (هەواڵ)دا بوو لە ١٢ ینایر ١٩٧٦، کە نووسەر تیایدا دەڵێت پایەی دادوەر لە ئیسلامدا بۆ ئافرەت بە ناڕەوا داندراوە، لەبەرئەوەی (پێویستی بە رونکردنەوە نییە کە دادوەری دە مەرجی هەیە لە ئیسلامدا، دادوەری بە بێ ئەم مەرجانە

نایەتە دی، یان تەنیا بە وانەوە دێتە دی، ئەم مەرجانەش: ئیسلام، هۆز، نێرینەیی، ئازادی، پێگەیشتن، دادپەروەری و زانست و یەك بوون دواتر ساخی گوێ و چاو و زمان".(٢٠٣)
تا ئەمڕۆکەش ئافرەتی میسری بۆی نییە ببێتە خاوەن دەسەلاتێکی جێبەجێکردن، وەك کوێخا- العمدە لە لادێ.
ئەوەشیان ئەو نەسازییە دەردەخات کە کۆمەلگەی نوێی عەرەبی تێیدا دەژییت، لەو کاتەیدا کە رێدەدرێت ئافرەت ببێتە وەزیر و وەزارەتێك بەڕێوە ببات، هەزاران پیاو و ئافرەتی تێدایە و گەورەترین بڕیار و مەترسیدارترین بڕیار بدات، رێنادرێت لە دادگایەکی بچووك ببێتە دادوەر کە دەنوارێتە کێشەی هەندێ ناکۆکی و شەڕ و کێشەی کەسی، رێی نادرێت لە دێیەکی بچووك ببێتە کوێخا- العمدە کە بڕیاری چارەی هەندێ گیروگرفتی بچووك دەدات.
ئەوەشیان نیشانەی ئەوەیە، ئەوانەی بەرهەلستی ئەوە دەکەن ئافرەت ببێتە کوێخا- العمدە، یان دادوەر دژی خۆیان دەجوولێنەوە، نەمانبیست کەس دژی دامەزراندنی ئافرەت بێت وەك وەزیر. ئایا بەرپرسیارییەتی وەزیر بە رای ئەوان پێویستی بە سەلامەتی هۆش و نێرینەیی و دادپەروەری و زانست و سەلامەتی نییە؟ یان بڕیاری دامەزراندنی وەزیری ئافرەت سەرۆکی دەولەت دەردەکات و ئەوان، بڕیاری سەرۆکی دەولەت بە بالاتر دەزانن لە بڕیارە پیرۆزەکانی کە ئیسلام هەیەتی؟ ئافرەتی میسری کرێکار هەتا سالی ١٩٥٩ لە مۆلەتی مندالبوون بێبەش بوو، ئەو کاتە یاسای کار لەو سالەدا هەندێ بڕیاری تایبەتی تێکەگوتی سەبارەت بە کاری ئافرەتان، ئافرەت مۆلەتی پەنجا رۆژی بە مووچەوە بە ٧٠٪ی مووچەی بنچی. ئەم یاسایە کارکردنی ئافرەتی لە هەندێ کاردا بێبەشکرد، بە بیانووی ئەوەی زیانبەخشە بۆ تەندروستی.
ئەم قەدەغەکردنەش دژی ئافرەت بوو زیاتر لەوەی لە بەرژەوەندی ئەودا بێت. لەبەرئەوەی زۆر لە خاوەن کارەکان بە بیانووی ئەم بەندە زۆر داواکاری ئافرەتان بۆ کارکردنیان رەت دەکردەوە، یان کرێی کەمتریان سەپاندە سەر، یان کاری ناشایستەیان سەپاندنە سەر بەتایبەتی لە بواری بەرهەمهێنان و بەتایبەتی لە کەرتی تایبەتیدا.
فەرمانبەرە ئافرەتەکان لە فەرمانگە حکوومییەکاندا و لە کەرتی گشتیدا وەك پیاوان کرێی یەکسان وەردەگرن بۆ هەمان کار، بەلام دەرفەتی هاوشانیان نییە لە پلە پێدان، یان دامەزراندن لە پایەی سەرۆکایەتی، یان مەشق لە فەرمانی بالاتردا. لە یاسای مووچەدا جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوان ئافرەتی کارگەر مووچەی خۆیی و مووچەی، کە مافی ئەوە لە مێردەکەی وەرگرێت لە سنووری ٢٥ جونەیهی میسری وەك دواڕادە.(٢٠٤)

مادده ١٩ی دەستوور ینایر ١٩٥٦ دەڵێت: دەوڵەت ئەو بوارەە دەڕەخسێنێت کە کاری لە کۆمەڵگە و ئەرکەکانی لە یێزاندا لەگەڵ یەك بگونجێنێت. بەڵام دەوڵەت هەتا ئەمڕۆش ئەو کارەی نەکردووە. هێشتا زۆرینەی کرێکارەکان لەڕووی جەستەیی و دەرونییە، لە ژێر باری گرانی کاری دەرەوەی ماڵ و ناوەوەیدا پێشێك کراون.

میسر و وڵاتە عەرەبییەکانی دیکەش وا دەڕوانێتە ئافرەت، بۆ ئەوەی دروست کراوە رۆڵی دایك و هاوسەر ببینێت، لەوەی خزمەتکردنی ماڵ و پەروەردەی منداڵان. کۆمەڵگەی عەرەبی رێی بە ئافرەت نەداوە تەنیا بۆ دابینکردنی پێداویستی ئابووری زۆر توند نەبێت، لە کۆمەڵگە و ماڵەوەدا. لە دەرەوەی ماڵ کار دەکات بە مەرجێك کە دێتەوە ماڵەوە ئەرکەکانی بنچینەیی بەرامبەر بە مێرد و خێزان و منداڵەکانی بە باشی جێبەجێ بکات. هەرچەندە هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی، وەك میسر و سوریا و سودان و چەندانی دیکەش، دروشمی سۆشیالیستیان بەرز کردۆتەوە، بەڵام ئەم کۆمەڵگە عەرەبییانە چارەیان بۆ گیروگرفتی ئافرەتانی کرێکار نەدۆزیوەتەوە، لە پێشەوەش دابینکردنی پێداویستییەکان و دامودەزگا لە کۆمەڵگەدا، کە ئافرەت لە باری گرانی چێشتلێنان و پاککردنەوە و خزمەت و پەروەردەی منداڵان ئازاد بکات.

دابینکردنی ئەم جۆرە ئیماکنیات و دامودەزگایە، گرنگ و بەرایی پێنادرێت لای فەرماندار، یان سیاسەتمەدارانی عەرەب. هەروەها ئافرەتی کرێکاری عەرەب لە هەر وڵاتێکی عەرەبیدا، هیچ هێزێك پێکناهێنێت لەسەر ئەم فەرماندار، یان سیاسەتمەوانانە بۆ دابینکردنی ئەو شیانانە. هێشتا رێکخراوە ئافرەتییەکان لە وڵاتانی عەرەبی، یان کۆمەڵە ئافرەتێکن لە ئافرەتانی چینی باڵا کە خەریکی هەندێ کاری خێرخوازی روکەشن، یان چەند بەشێکن لە رێکخراوە سیاسییەکانی بەناو یەکێتی سۆشیالیستی، کە ناوەکەیان تەنیا لە سۆشیالیستیدا وەرگرتووە، کە تەنیا کۆمەڵێکی نەیاری ناڵەباری بیرۆکراتی لە پیاو و ئافرەتانی فەرمان لە دەسەڵات وەردەگرن. بێگومان ئافرەتی عەرەبی کە بە کرێ کاردەکات یاریدەی دەدات لەڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بێت، لە کاروباری دارایی پیاو هیچ دەسەڵاتێکی لەسەر سامانی ئەو نییە.(٢٠٥)، بەڵام دەشێ کاریشی ببێتە جۆرێکی نوێ لە چەوساندنەوەی ئافرەت، ئەگەر ئەم کارکردنە لە کۆمەڵگەیەکی چینایەتیدا بوو ئەندامی نایەکسان بن، یان لە سێبەری خێزانێکدا، کە پیاو زاڵ بێت بە عورف و یاسا و شەرع بەسەر جەستە و هۆشی ئافرەت. ئەو ئافرەتەی لەڕووی جەستەییەوە بەر فەرمان بێت، ئەوەی ئازادی هەڵسوکەوتی نەبێت لە جەستەی خۆیدا، ئایا دەتوانێت ئازاد بێت لە هەڵسوکەوتی لە سامانەکەیدا، ئایا ئەو ئافرەتەی

هەر تروكەیەك لە تەلاَق دەترسێت و ناوێرێت ناڕازی بێت، لە دەستتێوەردانی هاوسەرەكەیی و لە سامانی ئەو؟ لەبەرئەوە كاركردن بە كرێ ئافرەتی عەرەبی بە گشتی ئازاد نەكرد، بەڵكو هەندێ بارگرانی و خەفەت دیكە و گیروگرفتی دیكەی بۆ زیاد كرد. لە توێژینەوەیەكی(٢٠٦) میسریدا دەڵێت: كاركردنی ئافرەت بە كرێ كاری نەكردۆتە سەر سەرۆكایەتی ئافرەت لە خێزاندا، ئافرەت ئەم سەرۆكایەتییە تەنیا لەكاتی نەبوونی پیاو دەگرێتە دەست، بەرچاوترین شتی كە كاركردنی ئافرەت هێناویەتیە دی بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی خێزانە، ئەم توێژینەوەیە لە ئاكامەكانیدا سەلماندی كە ئافرەت كرێكار لەڕووی ئابوورییەوە لەلایەن مێردی و خێزانەكەی دەچوسێندرێتەوە و هەر بەبێ دەسەلاَتی، یان پێگە دەمێنێتەوە و ملكەچ بۆ دەسەلاَتی پیاو. لە توێژینەوەیەكی دیكە دەركەوتووە "بوونی ئافرەت لەگەڵ پیاودا لە یەك شوێندا بووەتە هۆی گۆڕینی ئەو هزرە نەریتییە لەبارەی ئافرەت، لەوەدا كە بە كەڵك هیچ نایەت تەنیا ماڵ نەبێت، پیاو بۆی دەركەوتووە كە ئافرەت لە كاركردندا بە توانایە و بەرپرسیارییەتی بە تەواوی هەڵدەگرێت، بە شێوەیەك هیچ جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاودا نەبێت، لەو كارەی كە هەریەكەیان دەیكەن".(٢٠٧) ئەوەشیان نیشانەی ئەوەیە كە ئافرەتی كرێكاری میسری وزەی جەستەیی و دەروونی زیاتر لە پیاو سەرف دەكات، لەبەرئەوەی كاری ماڵەوە و منداڵ بە خێوكردنێتی بە تەنیا دەكات. سەرەڕای ئەوەی وەك پیاو ئازادی كەسیی نییە بۆ گەڕان بە دوای خۆشڕابواردن لە دەرەوەی ماڵ، یان لە دەوروبەری كار هێشتا كەش و هەوای كار پیاوسالارییە رق و كینە و دوژمنداری تیایە، بەرامبەر بە ئافرەت كە رووی تێدەكات بە تایبەتی ئەگەر زیرەك بێت و شیاو بێت بۆ ئەوەی لەگەڵ پیاو هاوچاوی بكات. لە توێژینەویە پێشوو خاتوونی توێژ گەیشتە ئەو ئاكامە "جۆرە ئاڵوگۆڕێەك هەیە لە پەیوەندی كار لە نێوان هەردوو رەگەز، هیچ ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندی تایبەتیدا نییە، كەواتە بە گشتی پەیوەندی لەنێوان هەردوو رەگەز بە كۆت و بەند دەورە دراوە".(٢٠٨) هەرچەندە ئافرەت هەندێ جار هەوڵی كاركردن دەدات بە كرێ" بە هاندانی ئارەزووی خۆنواندن و هێنانە دی شیاوییەكانی و هاوبەشیكردن لە پەرەپێدانی كۆمەڵگە".(٢٠٩)، بەلاَم بارودۆخی كاری ناشایستە بۆ كاری ئافرەت و دابونەریتی كۆمەڵگە و خێزان ك پێشوازی لە سەربەخۆیی ئافرەت ناكات، لە رهابوون لە كۆنترۆڵی پیاو، یان كەموكورتی نواندن لە ئەركە ماڵییەكانی هەموو ئەم هۆكارانە، رێگایان نەداوە ئافرەتی كرێكار لە زۆربەی جاران دەرفەت ببینێت و خۆی بنوێنێت، یان بە شێوەیەكی ئازاد تر مرۆیی خۆی بێنێتە دی.

کار بۆ هەر تاکێك (پیاو، یان ئافرەت) ناتوانێت ئازادی چاوەڕوانکراو بێنێتە دی لەڕووی هۆش و جەستەوە، تەنیا لە سێبەری کۆمەڵگەیەکدا نەبێت، کە ئەندامانی بە یەکسان بزانێت و دەرفەتری چۆنیەك بۆ هەمووان دابین بکات، بە پێی توانستی کەس و هزری نەك بە هۆی ئەوەی لە چینێك، یان رەگەزێکی دیاریکراوە.

هەرچەندە ژمارەی ئافرەتانی فێر بوو و کرێکار لە وڵاتانی عەرەبیدا بەردەوام روو لە زۆر بووندایە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری هێشتا لە ژێر گوشاری نەخوێندەواری دایە.(٢١٠) خوێندن و فێرکردن خۆی رۆڵێکی گەورە نابینێت بۆ لە ناوبردنی هزری کۆنینە و دابونەریتی، کە هێشتا باوە لە نێو ئافرەت و پیاو لە ژێر باری گرانی دواکەوتن و هزری پڕوپوچ دەناڵێنن، کە لە باوك و باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە، هێشتا زۆر لە فەرمانداران و سیاسەتوانانی عەرەب دەیلێنەوە، بۆ چەواشەکردنی گەلان بۆ چەوساندنەوەی بەردەوام.

هەروەها زۆربەی رژێمەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا هێشتا زۆر دورن لە سۆشیالیستی، یان دادپەروەری، هێشتا بە ئاشکرا، یان بە نهێنی پشتگیری رژێمە داگیرکەرەکانی جیهان دەکەن، هەموو ئەوانەش پێویستی بە دەزگای راگەیاندن و رۆشنبیری روکەشی چەواشەکار هەیە، هەروەها سیستەمی فێرکردن کۆن و شاراوەیە، دوورە لە واقیعی کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی، پشت بە پڕکردنی مێشك دەبەستێت بێ تێگەیشتن و لە یەك بەستنەوەی زانستەکان، بێ روانینی سەرتاپاگر کە دیاردە و گیروگرفتەکانی کە زۆربەی خەڵك رووبەڕووی دبنەوە، راڤە بکات راڤە کردنێکی راستگۆیانە، یان راستەقینانە، بێ گفتوگۆ، یان بێ شیکردنەوە، یان قەناعەت پێهێنان، بەڵکو لەسەر گوێڕایەڵی و وەرگرتنی نالەبارانە دامەزراوە، بە مەبەستی دەرچوواندنی سوپایەك لە فەرمانبەرانی بیروکراتی ملکەچ بۆ سەرۆکەکان و دەستەڵاتی فەرماندار، یان ئافرەتە فەرمانبەری ملکەچ بۆ مێرد و سەرۆکەکان.

هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی، توانیان لە رێگای شۆڕشی رزگاری میللی، یان سەربازی رزگاریان بێت لە دەست هەندێ فەرماندار، یان سیستەمی چەوساندنەوەی کۆنەپەرست و داگیرکاری کۆن، یان نوێ.

کەچی زۆر جاران پاشەکشێ روو دەدات، دوای ئەوەی گەل چەندان هەنگاو بەرەو سۆشیالیستی، یان ئازادی هەنگاو دەنێت، دەبینین زەبرێکی نوێی بەردەکەوێت، دەشێ لەلایەن هێزەکانی داگیرکەری دەرەوە بێت، یان هێزەکانی ناوەخۆ، یان هەردوویان بەیەوەکەوە. لە گرنگترین ئەو گیروگرفتانەی کە هێشتا رووبەڕووی ئافرەتی عەرەبی دەبێتەوە سەبارەت بە کارکردن،

یاساکانی دواکەوتووی هاوسەرییە کە هێشتا ئەو مافە بە پیاو دەدات رێگا نەدات خێزانی کار بکات، یان گەشت بکات بۆ دەرەوەی ماڵ هەر کاتێك کە بیەوێت. کۆمەڵگە عەرەبییەکان ئافرەتانی رەنجدەر پاڵدەدات بۆ کار، لە کێڵگە و کارگەو نوسینگەکان و لە ژێر بەزەیی مێردەکانیان دەمێننەوە، سەبارەت بە رێگادان بۆ کارکردنی بە پێی ئارەزووی هاوسەرەکەی، یان بەرژەوەندییەکەی.

بەم شێوەیە ئافرەت لە هەردوو لاوە دەچەوسێندرێتەوە و رەنج خوراوە، لەلایەن دەوڵەت و لەلایەن هاوسەرەکەیەوە. لەبەرئەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکان پێویستیان بە کاری ئافرەتانە (بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە پێویستیان بە دەسکاری ئافرەت هەیە، لە کێڵگە و کارگە و نوسینگەکان)، ئەم دەوڵەتانە رارابوون لە پێدانی دەسەڵاتی تەواو بە هاوسەرەکان بۆ رێزگرتن لە ژنەکانیان لە چوونە سەر کار.

لەبەرئەوەی گەر هاوسەرەکان رێگایان نەدا ئافرەتەکانیان کار بکەن، ئابووری ئەم دەوڵەتەدا دەرمێ بە هۆی مانەوەی ئافرەتە جوتیارەکان و کرێکارەکان و فەرمانبەرەکان لەماڵەوەیاندا. ئا لێرەوەیە ئەو نەسازییەی کە لە یاساکانی کاردا دەیبیستین، یان لە یاساکانی هاوسەری لە زۆربەی کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا. یاساکانی کار لە زۆر لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا وەك میسر و سوریا و عێراق و ئیدیش رێگا دەدات ئافرەت کار بکات کەچی یاسای باری کەسی تا ئەمڕۆ دەسەڵات دەداتە پیاو رێگا نەدات ژنەکەی کار بکات، یان گەشت، یان ئەگەر ویستی لە ماڵ بچێتە دەرەوە.

هەڵوێستی دەوڵەتە عەربییەکان سەبارەت بە کارکردنی ئافرەت، لێکژە لەگەڵ پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ، کە دەق دەڵێت کارکردن یەکێکە لە مافەکانی ئافرەتە (بنچینەیی و مرۆڤ)، هەروەها دژە لەگەڵ هەموو ئایینە ئاسمانییەکان و نائاسمانییەکان کە دەڵێت: کارکردن مافێکی مرۆڤە و خەڵك هاندەدات بۆ کارکردە و بەرز راگرتنی کار. هەروەها دژی ئەو هەڵوێستەیە کە دەوڵەتانی عەرەبی لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان رایدەگەیەنن، گوایە ئافرەتی عەرەبی ئازادبووە و مافەکانی خۆی پێدراوە.

دەوڵەتانی عەرەبی لەم بارەیەوە لەگەڵ خودی خۆیان و لەگەڵ بڕیارەکانیان ناکۆکن، ئەم دەوڵەتانە لێژنەیەکی تایبەتییان ئامادەکرد لە بنکەی ئافرەتی عرەبی، سەبارەت بە یاساکانی باری کەسی، ئەم لێژنەیە لە کۆمەڵگای عەرەبی بەسترا و گرنگترین بڕیارەکانی ئەمە بوو: "ئافرەت مافی تەواوی هەبێت لە کارکردندا، مەگەر شووەکە لە مارەنامەدا شتێکی دیکەی

نوسی بێت، لەگەڵ ئەووەشدا ژنەکە بۆی هەیە لەگەڵ بوونی ئەم مەرجەش پەنا بۆ دادوەر ببات بۆ ئەوەی رێگەی بدات کار بکات، گەر بارودۆخێکی نوێ هاتە پێشەوە وا پێویست بکات".. هەرچەند ئەم دەقە لاوازە لەڕووی رەهانەکردنی ئازادی تەواوی ئافرەت بۆ کارکردن بەبێ هیچ مەرجێك، بەلام یاساکانی باری کەس نەگۆڕاوە بۆ ئەوەی ئەم گۆڕانە هەموو ولاتانی عەرەبی بگرێتەوە، هەتا ئەو ولاتانەش کە لە رێگای سۆشیالیستیدا رۆشتن. لە سوریا هێشتا یەکێتی گشتی ئافرەتان داوا دەکات ئافرەتی سوری بتوانێت کار بکات و مافی کارکردنی هەبێت لە دەرەوەیماڵەوە، دەنا مافی لە خۆگرتنی منداڵەکانی نابێت ئەگەر کار بکات.(٢١١)

دەسەلاتی یاسای باری کەسی میسری هێشتا رێگە نەدان بە ژن ببۆ کارکردن، لە پرۆژەی نوێدا(٢١٣) دەیداتە شووەکەی گەر بیەوێت کە هێشتا نەبۆتە یاسا، چەندان هەموارکردنی سوك هەیە کاکڵی دەسەلاتی پیاو ناگرێتەوە بەسەر ژنەکەی، دەقێکی نوێ تایبەت بە کاری ئافرەت هاتووە دەڵێت: شوو مافی ئەوەی هەیە ژنەکەی قەدەغە بکات لە کارکردن، مەگەر ژنەکە لە مارە نامەدا مەرجی کارکردنی دانابێت، لەم بارەشدا شوو مافی ئەوەی نییە ژنەکەی قەدەغە بکات لە کارکردن، مەگەر بارودۆخێك هاتە پێشەوە وا بکات جێبەجێکردنی ئەم مەرجە دژی بەرژەوەندی خێزان بێت.

ئا لێرەدا بۆمان روندەبێتەوە چۆن و ولاتانی عەرەبی دوو دڵن لە مافی کاردانە ژن کە هەیەتی، بەو سیفەتەی مرۆڤە لە هەموو بەڵگەنامە و شەریعەت و لێژنە و دەوڵەتان بە کۆمەڵگەی دەوڵەتانی عەربیشەوە، هەمووومان دەزانین چۆن مێردەکان مافەکانیان خراپ سوود لێوەردەگرن، پیاو چۆن فێڵ لە ژن دەکات بە بیانووی بەرژەوەندی خێزان و منداڵ بۆ سەندنەوەی مافەکنی ئافرەت، کە لە راستیدا بۆ بەرژەوەندی منداڵەکان و کۆمەڵگە.(٢١٣)

زۆرن ئەو پیاوانەی مافی خۆی خراپ بەکاردێنێت لە بێبەشکردنی ژنەکەی لە کارکردن، یان پاڵی دەدات بۆ کارکردن، خراپ سوود وەرگرتن لە کرێیەکەیی و بێکاری پێکردن لە دەرەوە و ناوەوەی ماڵ. گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە وا دەکات پیاو رێگە لە ژنەکەی بگرێت لە کارکردن، ئارەزووویەتی بۆ ملکەچکردن و بێبەشکردنیەتی لە کرێیەکەی کە دەشێ جۆر سەربەخۆییەکی ئابووری بۆ دابین بکات و بتوانێت، هەست بە بوونی خۆیی و سەرفرازی خۆی بکات و ریسواکردن، یان لێدانی رەتکاتەوە، یان زێدەرۆیی لەگەڵ ئافرەتان، یان ژنێکی دیکە هێنان، یان بەلای کم ڤالآیی و کەمتەرخەمی ماڵ رەت دەکاتەوە، بێ کاری بەرهەمهێن کە بەو کارە هەست بە سەرفرازی و مرۆیی خۆی بکات. زۆرمان دەربارەی جۆرە شووانە

خوێندۆتەوە ئەوانەی یاری بە ژنەکانیان دەکەن بۆ چەوساندنەوەیان، یان ملکەچکردنیان، دوا شتێك کە خوێندبێتمەوە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە لە رۆژنامەی (اخبار الیوم- هەواڵ ئەمرۆ)دا هاتبوو بە ناونیشانی: "وریایی لە شووێك بۆ ژنەکەی: واز لە فەرمانبەری بێنە. دادگاش دەڵێت: ئەو ئافرەتە کرێکارەی بێ رەزامەندی مێردەکەی کار بکات سەرپێچکارە".(٢١٤) کورتەی چیرۆکەکە ئەوەیە کچێك دوای ئەوەی ئامادەیی تەواو کردووە باوکی بە زۆر بە شووی داوە، لەبەر شوو خوێندنی پێ تەواو نەکرا. ژنەکە لەگەڵ مێردی دە ساڵ ژیاوە، دواتر هەستی بە ڤالأیی کردووە بە دوای کارێك گەڕاوە و توانیویەتی کارێك بدۆزێتەوە.

مێردەکە ناڕازی بوو داوای لێکرد واز لە کار بێنێت، بەلأم ژنەکە ئەوەی رەتکردەوە و داوای تەلأقدانی کرد. پارێزەری پیاو کە لەبەردەم داد گوتی: ئەو ژنەی بەبێ مۆڵەتدانی مێردەکەی بچێتە کار بە سەرپێچکار (ناشز) دەژمێردرێت و دادگاش پشتگیری قسەی پارێزەرەکەی کردووە و بڕیاری داوە ژنەکە سەرپێچکارە، لەبەرئەوەی بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی کار دەکات. ئەم دەقەی دەڵێت ژن بۆی هەیە پێش شووکردن مەرج دابێت کە مافی کارکردنی هەبێت لە دەرەوەی ماڵدا، دەقێکە کەمێك سوودی لێوەردەگرن، لەو ئافرەتانەی لەڕووی ئابووری و دەروونی ئاکارییەوە سەربەخۆن بەرامبەر کۆمەڵگە و خێزان، ئەوەشیان شتێکە و زۆرینەی هەرە زۆری کچان پێش شووکردنیان، هەتا ئەوانەی خوێندنیشیان تەواو کردووە، یان کاریان دەستکەوتووە بە کرێ بە هۆی دابونەریتی کۆمەڵگە و خێزان، ئەم دەقەش زۆر بەو دەقە کۆنە دچێت لە یاسای هاوسەری کە ماف دەداتە ژن لە داوای تەلأقکردن، ئەویش بە مەرج دانانی بەکارهێچنانی ئەو مافە لەو بارەیدا کە لە مارەنامەدا نووسرابێت پێش هاوسەری، (واتە ئافرەت مافی خۆ تەلأقدانی هەبێت لە مێردەکەی) هەرچەندە ئەم مافە، مافی پیاو لانابات سەبارەت بە تەلأقدانی ژنەکەی لە هەر کاتێکی بیەوێت، هەمو ئەووەی ئەم دەقە دەیکات تەنیا هەمان ماف بە ژنەکە دەدات، ئەوەشیان بە دەگمەن ئافرت هەیە توانیویەتی سوود لەم مافە وەرگرێت، دابوونەریتی عەرەبی لە کۆن ئێستاش بە چاوێکی نارشەزایی و سوك دەڕوانێتە ئەو پیاوەی، ژن دێنێت و مافی خۆتەلأقدانی بە دەستە، یان پێش هاوسەری ئەو مەرجە دەسەپێنێت، هەمیشە پێچەوانە راستە ئەو رایەی پیاو کە دێتە پێش بۆ هاوسەری ئەو زاڵە، ئەو خوازراو و بە هیوا و بە دواگەڕاوە لەبەرئەوە پێش هاوسەری مەرج دادەنێت، نەك کچی بچوك شووکردنی دەسەپێندرێتە سەر بە هۆی باوکی، یان خێزان و لە

زۆربەی جاراندا بۆی نییە شووی خۆی هەڵبژێرێت، ئەو لە کوێ و سەپاندنی مەرج لە کوێ لە پێش هاوسەریدا.

لەگەڵ ئەوەی هێشتا کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ، لە چاو زۆر لە پیاوانی عەرەب سوکایەتی کردنە ب پیاوەتی پیاو، لەبەرئەوەی پیاوەتی، بەتایبەتی "بەغیرەت" ئەوەیە توانای بەخێوکردنی خێزانەکەی هەبێت و رێی نەدات لەگەڵ پیاوان تێکەڵ بێت لە نوسینگەن یان شەقام، یان هاتووچۆی گشتی.

پیاوی عەرەبی رۆشنبیر و ئازاد بەسەر ئەم گرێیە زاڵبوون، بەلاّم ۆربەی پیاوان هێشتا دیلی ئەم هزرەن و دەشێ یەکێك لەوان، لەبەر هۆکاری ناچارەکی کار بە خێزانەکەی بکات لە دەرەوەی ماڵ، بەلاّم لەڕووی دەروونییەوە دلگرانە لە نەبوونی توانای بەخێوکردنی خێزانەکەی و پاراستنی هاوسەرەکەی لە ماڵەوەدا. بەڵکو دەشێ ژنەککەی لە مێردەکەی وەرز بێت کە لە دەرەوەی ماڵ کاری پێدەکات، یان شانازی بەوە دەکات کە شووەکەی رێگای پێنادات بچێتە دەرەوە بۆ کار. بەلاّم پێداویستی ئابووری لەو سالآنەی دوایی، لاوی عەرەبی ناچار کرد ژنی کارکەر بە کرێ بە باشتر بزانێت بۆ ئەوەی لە خەرجی ماڵەوە یارمەتی بدات.

کاری ئافرەت لە ماڵەوەدا

کۆمەڵەیەکی گەورەی ئافرەتانی چەوساوە هەن لە یاسای کاردا، ئەوانیش ئافرەتانی کارکەر لە ماڵەوەدا، کەناویان دەنێن "ژنی ماڵەوە". کاری ئافرەت لە ماڵەوە بەرچاو نییە و دانی پێدا نەنراوە، وەك کارێك لە ریز کارەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەدا. ئەو ئافرەتەی لە ماڵەوە کار دەکات ناوی نانێین ئافرەتی کرێکار، لەگەڵ ئەوەی کاری ئافرەت لە ماڵەوەدا کاریچکی بەرهەمهێنە سەد لە سەد، بەلاّم کارێکی بێکرێیە، بێ پێوەری ئابووری و کۆمەلآیەتییە، کەچی کاری ئافرەت لە ماڵەوەدا لەگەڵ رۆژهەلآتدا دەست پێدەکات و لە کۆتایی رۆژدا بە کۆتا دێت. واتە بە پێوەری کار لە تێکڕای هەر کارێکی دیکەی دەرەوەی ماڵ زیاترە. (ئەو جگە لەو ئافرەتە بێکارانەی لە ماڵەوەدان لە چینی دەوڵەمەند و توانا، بۆ بەکرێ گرتنی خزمەتکار و چێشتلێنەر و پەروەردەکاری منداڵ، دەستەیەکی بچوکن لە کۆمەڵگەی عەرەبی بە گشتی).

کاری ئافرەت لە ناو ماڵدا چەندان ئەرك و چەندان تایبەتمەندی هەیە، ئەرکی چێشتلێنەر و خزمەتکار و پەرستار و شیردەر و جلشۆر و سفرەچی و منداڵ بەخێوکار و قوتابخانە. خۆشی بەسەربەری دەروونی و دڵنەواکار و هاندەر و تێرکەری سێکسی و جێی هەڵڕشتنی تورەیی مێرد، یان شکستی، یان گرژی، یان نائومێدی رشتنی پیاوە.

هەموو ئەو کارانەی ئافرەت لەماڵەوە بەبێ کرێ دەیانکات، بەبێ ئەوەی لە کۆمەڵگەدا کارەکەی خرێتە نێو کارە بەرهەمهێنەکان. واتە ئافرەتی کرێکار لە ماڵەوەدا لەڕووی ئابووری و مرۆیی چەوسێندراوەتەوە. لەبەرئەوەی بەرهەمهێنانە سیفەتی مرۆیی بە مرۆڤ بەخشیوە، جیاوازی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ بەرهەمهێنانە. مرۆڤ گەیشتە بەرهەمهێنان لەبەرئەوەی تەنیا ئەو جگە لە ئاژەڵانی دیکە توانی ئامراز بدۆزێتەوە، واتە ئامرازی بەرهەمهێنان. کەواتە بەرهەمهێنان کارێکە تەنها تایبەتە بە مرۆڤ. بەڵام تێبردن (ئیستیغلال) ئەوا هەموو بونەوەر و ئەفرێندراوەکان دەیکەن.

داماڵینی بەرهەمی کاری ئافرەتی کرێکار لە ماڵەوەدا، داماڵینی مرۆییەکەیەتی. پێنەدانی کرێیەکەیی و سەپاندنی ئەو کارە بەسەریدا بەبێ کرێ، نەهێشتنی مافە ئابوورییە بنچینەییەکانییەتی، هەروەها سەپاندنی ئەم کارە لەسەر ئافرەت، بێبەشی دەکات لە ئازادی هەڵبژاردنی کارێکی دیکە.

وەك پێویستە دەبێ مرۆڤ بەخۆی کاری خۆی هەڵبژێرێت نەك بسەپێندرێتە سەری لەبەرئەوەی مێیە. ئەری پاککردنەوەی ماڵەوە نەسەپێندرێتە سەر ئافرەت، تەنیا لەبەرئەوەی ئافرەتە، هەروەها ئەرکی پاککردنەوەی پێڵاو نەسەپێندرێتە سەر قوڵ، تەنیا لەبەرئەوەی بە رەش پێستی لەدایکبوونە. کەواتە چەوساندنەوەی ئافرەتی کرێکار لە ماڵەوە چەوساندنەوەیەکی سێجاریە و بەم شێوەی خوارەوە:

١- لە سەرفرازی بەرهەمهێنان وەك مرۆڤ بێبەش کراوە و کارەکەی بە پێوەرەکانی کاری بەرهەمهێن ناپێورێت.

٢- لە کرێ بێ بەشکردن

٣- کاری ماڵەوە و خزمەتکردنی سەپێندراوەتە سەر تەنیا لەبەرئەوەی مێینەیە.

دەتوانین وێنەی ئەو سامانە بکەین کە دەوڵەتێك گلی دەداتەوە، بە بێگاری کارکردنی ئافرەتان لە نێو ماڵاندا بەبێ کرێ. لەو کاتەیدا کە ئەو خەرجییە زۆرە و دژوارییەی ئەم کارە پێویستییەتی لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدان کە هەوڵی دا ئافرەتی کرێکار ئازاد بکات لە دەرەوەی ماڵ، لە کاروبارەکانی ماڵەوە و خزمەتی منداڵان، تا ئەو رادەی زۆربەی وڵاتانی سۆشیالیستی نەیانتوانی زۆرینەی ئافرەتانیان لەکاری ماڵەوە، یان ئاگاداری منداڵان رزگار بکەن. یەکێتی سۆڤیەتی بە نموونە توانی تەنیا ٢٥٪ خانەی ساوایان ئامادە بکات کە دەشێ

بایی منداڵنی ئافرەتە کرێکارەکان بکات، لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات توانرا تەنیا ٣٠٪ ئامادە بکرێت.

لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکاندا وەك وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا، ئەم رێژەیە لە ٣٪ تێپەڕ نابێت هەرچەند تا رادەیەك کۆمەڵگەیەکی دەوڵەمەندە، بەڵام کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەسەر بنچینەی سود و چەند هەندکردنی سەرمایە دامەزراوە، ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە پێویستانە بۆ ئافرەتە کرێکارەکان بۆ کۆمەڵگە سەرمایەداری، بە پێویست نازاندرێت خەرجی و مەسرەفێکی زۆری بێ داهاتی راستەوخۆیە.

کۆمەڵگەی سەرمایەداری رووی شاراوەی کاری ئافرەتان لە ماڵەوە فەرامۆش دەکات، ئەگەر کاری ئافرەتان نەبوایە لە ماڵەوە ئابووی سەرمایەداری دەڕووخا. کرێکار چۆن کار دەکات، ئەگەر لە ماڵەوە ئافرەتێك نەبێت نانی بدات و جل بەرگی بشوات و منداڵەکانی بەخێو بکات. کۆمەڵگەی سەرمایەداری چۆن دەسکاری نوێ پەیدا دەکات گەر ئافرەتان مانیان گرت لە منداڵبوون و ئاگاداریکردن و پەروەردەکردنیان؟

ئا لەبەر ئەمەیە کۆمەڵگەی سەرمایەداری، لە هێزی ئافرەتانی سەر بەرەوژووری نوێ دەترسێت، کە دەشێ مەرجی نوێ بسەپێنێتە سەر کاری ئافرەت لە ماڵەوەدا و داوای کرێ بکات، سەبارەت بە کاری ماڵەوە و منداڵبوون و شیردان، یان لە دژی هەموو ئەم ئەرکانە یاخی بێت و شۆڕش بکات، هاوسەری و سکپڕی رەتکاتەوە هەوڵ بدات بۆ نەهێشتنی سکپڕی و لەباربردن، هەموو ئەم مافانەی لە ئافرەتان ستێنرانەتەوە لەبەرئەوەی لە هیچ کاتێکدا ئافرەتان هێزێکی گوشار نەبوونە لەسەر هیچ رژێمێك، یان فەرمانداریيەك. هەرچەندە سۆشیالیستی هەوڵی دا ئافرەتان ئازاد بکات، لە رێگای بە یەکسانی کارکردنی ئافرەت و پیاو و وەرگرتنی کرێی یەکسان بۆ هەمان کار، بەڵام سۆشیالیستی ژمارەیەکی زۆری ئافرەتانی خستە کارەوە، بێ ئەوەی ئازادیان بکات لە کاری ماڵەوە و ئاگاداربوون لە منداڵن تەنیا بە رێژەیەکی کەم نەبێت.

هەروەها تیۆری سۆشیالیستی تایبەت بە زێدەبایی سۆشیالیستخوازان، لەسەر بەرهەمی ماڵەوەیان جێبەجێ نەکردووە، ئەم تیۆرییەیان تەنیا لەسەر بەرهەمی کۆمەڵگە جێبەجێ کردووە. لەبەرئەوە بەڕوونی دەرکەوتووە کە سەرمایەداران چەند سوود دەبینن لە کرێکاران، بەڵام ئەو سوودە دیارنەکراوە کەوا لە کاری ئافرتان لە ماڵن دەستدەکەوێت نەدۆزراوەتەوە.

لە کۆمەڵگە عەرەبییەکانماندا هێشتا زۆربەی ئافرەتان، بە بێکاری کاریان پێدەکەن لە ماڵەوە و بەخۆڕایی، بێ بایەخدان بە رۆڵی ئافرەت لە ئابووری و بەرهەمهێنان. ئەو ئافرەتانەش، کە لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن زۆربەی جارن هەردوو کاری ماڵەوە و دەرەوە کۆ دەکەنەوە، کە دەبێتە هۆی شەکەتی جەستەیی و دەروونی بۆ زۆربەی دایکە کرێکارەکان، سەرەڕای گیروگرفتی منداڵان ئەوانەی بە بێ سەخبێری دایك، یان باوك و بێ چاودێری دەوڵەت جێهێڵراون. ئافرەتانی عەرەبی ناتوانن گیروگرفتنەکانیان بە تەنهایی چارە بکەن بە پەرتەوازەیی. ئەوەی وایکردووە ئافرەتان نەتوانن مافەکانیان بەدەست بێنن ئەوەیە، هیچ جار یەك کۆمەڵەی پتەو و یەکدیگر نەبووینە، لەهیچ کۆمەڵگەیەك حزبێکی سیاسیان نەبووە تێبکۆشێت بۆ ئازادکردنیان و مەرجەکانیان بسەپێنێت، بە قەناعەت پێهێنان و لۆجیك، یان مانگرتن و گوشار، بەبێ هێزی گوشاری کۆمەڵایەتی و سیاسی، هیچ کۆمەڵە مرۆڤێك مافەکانی دەست ناکەوێت لە سێبەری هەر سیستەمێك و فەرمانداریيەکدا بێت.

ئەرکە بە پەلەکانی، پێویستە خزبی سیاسی ئافرەتان جێبەجێ بکات بە نموونە ئەوەیە: دانانی نەخشەیەکی نوێ بۆ هێزی کاری بەرهەمهێنی ئافرەتان بە شێوەیەك، ئافرەتە جوتیار و ژنی ماڵەوە بگرێتەوە. ئامارە فەرمییەکانمان دەڵێت: هێزی کاری ئافرەتان تەنیا ٩,٢٪یە، ئافرەتە جوتیارەکان لەگەڵ ئەوانەدا ناژمێرێت کە تەنیا بەکرێ کار دەکەن.

بەڵام جوتیاری ئافرەتی میسری بەرهەمهێنە سەد لە سەد، کەچی بێبەشە لە کرێ و بێبەشیشە لە شانازی بوون لە نێو هێزی کاری بەرهەمهێنن تەنیا لەبەرئەوەی کرێی نادرێتێ.

من وای بۆ دەچم یەکێك لە ئەرکە پێویستەکانی خزبی سیاسی ئافرەتان، دانانی چەندان پێوەرە بۆ کار لە ماڵەوەدا، بەپێی پێوەرەکانی کار و بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەدا، بە شێوەیەك کاری ژنی ماڵەوە بکەوێتە نێو کارەکانی بەرهەمهێنی ئابووری دانە ژنانی ماڵەوە، ئەوەشیان سەرفرازیی مرۆییان پێدەبەخشێت وەك ئەندامی بەرهەمهیچن لە کۆمەڵگەدا (نەك تەنیا تێبەر) سەرەڕای دەستخستنی کرێی یەکسان بەو کەسەی هەمان کار دەکات.

لە ئەرکەکانی حزبیش دایە، ئافرەتانی کارکەر لە دەرەوەی ماڵ لە کارکردن لە ماڵەوە ئازاد بکات، ئەوەشیان لە رێگای ئەوەی دەوڵەت چێشتخانە و جلشۆر و باخچەی ساوای دابن بکات. ئەم خانە و دامودەزگایانە لە بودجەی دەوڵەت بە رایی پێبدرێت، لەبەرئەوەی دابین نەکردنی دەبێتە هۆی چەندان گیروگرفت و تەنگژە بۆ ئافرەت و منداڵان، بەڵکو بۆ پیاوانیش.

ئەوانەی دەڵێن ئەم گیروگرفتانە دەشێ بە گەڕانەوەی ئافرەت بۆ کار چارەسەر دەکرێت، بە شێوەیەکی زانستیی و بابەتەکی لە هەڵکەوت ناکۆڵێتەوە. لەبەرئەوەی گەر وا بکەن، دەبینن ئەوەی زۆربەی ئافرەتان هان دەدات بۆ کارکردن، لە کێڵگە و کارگە و نوسینگەکان پێداویستی ئابووری کۆمەڵگە و خێزانە.

زۆربەی ئافرەتانی میسر بە نموونەن جوتیارە ئافرەتن هەموو رۆژێك- هەر لە هەزاران ساڵەوە- بۆ کارکدن دەچنە دەرێ، ئەگەر جوتیارە ئافرەتە میسر لە مالچەوە نەچێتە دەرەوە نانمان دەست نەدەکەوت بیخۆین، یان جلوبەرگ بۆ پۆشین. جوتیارە ئافرەتی میسری کرێکارێکی بەرهەمهێنە سەد لە سەد، زۆر کەمیش تێدەبات و زۆربەی ئافرەتانی ناکشتوکاڵ کرێکاری رەنجدەرن لە کارگە، یان خزمەتگوزاری، یان پیشەی پێویست. هەموویان کار دەکەن بۆ دابینکردنی بژێوی پێویست بۆ خێزانەکانیان و بۆ منداڵەکانیان. رێژەیەکی زۆر کەمی سەرجەم ئافرەتان ئەوانەی دەچنە دەرەوە لەبەر هۆکاری نائابووری پێویست.

هەتا بە گوێرەی ئەم دەستە کەمەش هۆیەکی کارکردن پێویست و مرۆیین. کێ دەڵێ تاکە ئامانجی کارکردن لە ژیانی مرۆڤدا دەستخستنی بژێوی پێویستە؟ مرۆڤی بێ کار لەگەڵ لە دەستدانی کار مرۆیی و شکۆ و سەرفرازی خۆی لە دەست دەدات.

نوسەرێکمان تۆفیق حەکیم دەڵێت: پیاو بەرهەمهێنانە و ئافرەت تێبردن، ئەوەش دابەشینی ئابوورییە لەهرزی سەرمایەداردا، ککە ئافرەت بێبەش دەکات لە سەرفرازی بەرهەمهێنان، هەرچەند سەد لە سەد بەرهەمهێنە، زۆربەی جوتیارە ئافرەتەکان بەرهەمهیچنن سەد لە سەد. زۆربەی کارگەرانی کارگە و نوسنگە بەرهەمهێنن. ئافرەتی تێبەر رێژەیەکی زۆر کەمە، لە کۆمەڵگە و تێبردنی پیاو لەو جۆرەدا وەك تێبردنی ئافرەتە و زێتریش.

**ئافرەتی عەرەبی و سۆشیالیستی**

وا ئاسان نییە، کەس بتوانێت نکۆڵی بکات لەو رۆڵە گرنگەی بیرمەندە سۆشیالیستییەکان گێڕایان، لە دۆزینەوەی هۆکارە راستەقینەکانی کە بووەتە هۆی چەوساندنەوەی ئافرەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەوەندە دژوار نییە سەر لێکۆڵەرێك تێبینی ئەوە بکات، پەیوەندییەکی پیتەو لە نێوان پلەی ئازادی ئافرەت و پلەی گۆڕانی کۆمەڵگە بۆ سۆشیالیستیدا هەیە، هەرچەندە پلەی گۆڕان بۆ سۆشیالیستی راستەقینە زۆرتر بێت، ئازادیی راستەقینەی ئافرەتان زیاتر دەبێت، واتە ئازادی ئابووری کۆمەلأیەتی و ئاکاری، واتە ئافرەت لەڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بێت، کاری خۆی هەیە کە هەڵیدەبژێرێت و کرێی یەکسانی بە کرێی پیاوی لێ

وەردەگرێت، هەروەها جەستەی خۆی هەیە، خۆی بڕیاردەرەکەی سکپڕ بێت، یان نەبێت، یان سکەکەی لەبار ببات گەر بیەوێت، ناو لە منداڵی بنێت گەر بیەوێت، شێوەی پەیوەندی کەسی لە نێوان خۆیی و پیاو خۆی هەڵیبژێرێت، هەروەها کەی بیەوێت شوو بکات و گەر بیەوێت شووکردن رەت کاتەوە، کەی بیەوێت لە بارگرانی کاری نێو ماڵ، یان پەروەردەی منداڵ ئازاد بێت. هەموو ئەوانە بە ویست و هەڵبژاردنی خۆی بکات و تەواوی سەرفرازی و ناموس لە کۆمەڵگەدا پارێزراوە. ئەم ئازادییانە و مافە بنچینەییانەی هەر مرۆڤێك، ئافرەت تەنیا لە سایەی کۆمەڵگەیەکدا دەستی دەکەوێتە گەر سەرکەوتوو بێت لە رزگاربوونن لە هەردوو رژێمی چینایەتی و باوکسالاری بەیەکەوە، ئەوەشیان هێشتا لە هیچ کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی سەرنەکەوتووە. کۆمەڵگەی رووس هەتا ئەمڕۆکەش نەیتوانیوە ئەم ئازادی و مافە بنچینەییانە بۆ زۆرینەی ئافرەتانی بێنێتە دی، لەگەڵ ئەوەی یەکەم کۆمەڵگەیە لە جیهاندا شۆڕشی سۆشیالیستی تیادا روویداوە.

لە سەرەتای شۆڕشدا ئافرەتانی روسی زر لەم ئازادی و مافانەیان دەستکەوت. هزرەکانی سۆشیالیستی ئینگلیز هێشتا دەنگیان دەدایەوە، ئەم هزرانە پەیوەندینێوان چەوسانەوەی سێکسی و چەوسانەوەی ئابووری دۆزیەوەن ئەوەی روونکردنەوە یەکەم چەوساندنەوەی کە ئافرەت توشی هات دوو هەند بوو، پیاوی کرێکار و خاوەن کار دەیچەوساندەوە، بەڵام ئافرەت بەدەست چەوساندنەوەی خاوەن کار و چەوساندنەوەی مێردەکەی دەناڵێنێت، ئەوەی روونکردنەوە ئامانجی سۆشیالیستی ئازادکردنی کرێکارە (پیشەسازی، یان کشتوکاڵ)و ئازادکردنی کرێکار و جوتیاران نایەتدی، یان دوای ئازادی ئابووری، بەڵکو ئازادکردنی ئابووری مەرجێکی پێویستە بۆ هاتنە دی ئازادی مرۆیی، بەبێ هاتنە دی ئازادیی مرۆیی، مرۆڤ تەنیا دەبێتە ئامرازێکی کار.

بەڵام هزری ستالینی وشك و رەق، ئینگلیزی بەوە تاوانبار کرد کە سەبارەت بە بایەخی ئازادکردنی ئافرەت و ئازادیی مرۆیی زێدەرۆیی کردەوە، ئەوەندەی نەبرد کێشەی ئافرەتان پاشەکشەی کرد. زۆر لەو مافانەی کە لە سەرەتای شۆڕشی دەستی کەوتبوون لێی ئەستێندرایەوە. فەرمانداری ستالین گێڕایەوە کۆزی خێزانی باوکسالاری و ملکەچ بوون، بۆ دەستەڵاتی پیاو لە ناو دەوڵەت جددی نەبوو، لە دابیکردنی ئەو ئیمکاناتەی کۆکردنەوەی کاری ناو ماڵ و دەرەوەی ماڵی بۆی ئافرەتان ئاسان دەکات.

دیسان کۆت و بەند خراوەتەوە سەر تەلاق و لەباربردن و منداڵی ناڕەوا. سۆشیالیستی لەناو چەمکی بەرتەسکی سەر بە ئازادیی ئابووری گلدرایەوە. ئازادیی ئابووری بە تەنیا و بەبێ ئازادی مرۆیی و لە ژێر دەستەلاتی فەرمانداریی باوکسالاری، تەنیا دەگاتە ئەو ئاکامەی پیاو ببێتە ئامرازێکی کارکردن لە کارگە و لە ماڵەوەش. ئەوەش لە سەردەمی ستالین روویدا سەبارەت بە ئافرەت و پیاوی روس.

هەرچەندە دەسەلاتداریی ستالین لە ۱۹۰۳ کۆتایی هات و کۆمەڵگەی سۆڤیێتی لە قۆناغی ستالینی وشکدا، رەتبوون و زۆر ئازادی و مافی دیکەی ئافرەتان هاتنە دی، بەلام ناتوانم بڵێم زۆربەی ئافرەتانی یەکێتی سۆڤیێتی بە تەواوی ئازاد بوون. ئەوەندە بەسەر بڵێم ۷۰- ۷۵٪ لە ئافرەتانی کارکەری روس هێشتا کارکردن لە ماڵەوە و لە دەرەوە دەکەن، لەبەرئەوەی دەوڵەت باخچەی ساوایانی دروست نەکردووە، تەنیا بە رادەی ۲۵-۳۱٪ی سەرجەم منداڵان نەبێت(۲۱٦) ئەم رێژەیە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنیا (۳٪)یە.

گەر بزانین ئەو کۆت و بەندەی کە ئافرەت، لەنێو خێزانی باوکسالاریدا هەیەتی و کۆت و بەندی لە باربردن و نەنگی، کە هێشتا راوەدووی دایکی شوونەکردوو، یان منداڵ بێ، ئەم کۆت و بەندەی هێشتا لە نێو زۆربەی کۆمەڵگەی سۆشیالیستییەکاندا هەیە، لە روسیا و ئەڵمانیای رۆژهەلات و چین و ولاتانی دیکەش، بەوە دەزانین کە سەربەخۆیی ئابووری ئافرەت (لە رێگای کارکردن بە کرێی یەکسان لەگەڵ کرێی پیاودا بۆ هەمان کار) تەنیا ئەوەندە بەس نییە بۆ ئازادکردنی راستەقینەی ئافرەت، بەلام شتێك لە هیچ شت باشترە، باری ئافرەت لەم کۆمەڵگە سۆشیالیستییانەدا باشترە لە ولاتە سەرمایەدارییەکاندا. ئەوەندە بەسەر بزانین بزوتنەوەی ئازادی ئافرەتان لە ئەمەرێکا، هێشتا لە نێو داواکارییەکانیدا داوا دەکات کرێی ئافرەت یەکسان بێت، بۆ کرێی پیاوان و دەرەفەتی یەکسان بۆ ئافرەتان لە فێرکردنی بالا و لە کارە گرینگەکان و بوارە جیاجیاکانی بەرهەمهێنان، بە دابینکردنی باخچەی منداڵان بۆ ئافرەتانی کرێکار بە کرێی سادە و رێك لەگەڵ داهاتەکەیان.

سەربەخۆیی ئافرەت بە ناو دارایی لە نێو هاوسەریدا، لەگەڵ وازهێنان لە بەکارهێنانی ئافرەت وەك ئامرازێکی سێکسی لە بازرگانی و رێکلام و دوکانەکانی سێکسی، ئازادکردنی لەشفرۆشان. نزمی پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان، لەگەڵ ئەوەی لەڕووی زانستیی و تەکنۆلۆژییەوە پێشکەوتوون، تاڕادەیەك دەوڵەمەندن وا دەکات بزانین رێگا بەرەو سۆشیالیستی، رێگایە بەرەو ئازادکردنی ئافرەت و ئازادکردنی پیاوان. پیاو بە داماڵینی مرۆیی

ئافرەت مرۆییەکەی دادەماڵێت. ئەو کەسەی کەسێکی دیکە کۆیلە دەکات ئازاد نییە. سەردار و کۆیلە هەردووکیان مرۆیی و ئازادیان نییە. بەڵام زۆر لە فەرمانداره سۆشیالیستییەکان خرپ لەو واتا کاکڵییانە گەیشتوون، کێشەی ئازادکردنی ئافرەتیان لە کێشەی ئازادکردنی کرێکار و جوتیاران جیاکردۆتەوە، وای بۆچوون کەوا نەهێشتنی خاوەنایەتی و بڕیارەکانی خۆماڵیکردن، راستەوخۆ دەبێتە هۆی ئازادکردنی مرۆڤ، یان ئازادکردنی ئافرەت. هەر ئەوەش ئەو هەڵەیە بوو کە زۆربەی فەرمانداره عەرەبەکان هەڵیانگرتبوو، کە دروشمی سۆشیالیستی و خۆماڵیکردنیان هەلگرتبوو لە وڵاتە عەرەبییەکان.

دەشێ گرنگترین ئەو شتانەی شۆڕشی میسری ساڵی ١٩٥٢ بەدیهانان، بڕیارە سۆشیالیستییەکانی بوێت سەبارەت بە دیاریکردنی خاوەندارییەتیی و نەهێشتنی دەرەبەگ و خۆماڵیکردنی بانك و کۆمپانیا گەورەکان. دواتر پەیمانی نیشتمانی لە ٢١ مایو ٦٢ کە ئەم دەقەی تێدا بوو: "زۆر پێویستە پاشماوەی کۆت و زنجیرەکانی کە تەگەرە دەخەنە بەردەمی بزووتنەوەی ئافرەتی ئازاد، پێویستە نەهێڵدرێت بۆ ئەوەی بە قوڵی و پۆزەتیڤانە هاوبەشی لە دروستکردنی ژیان پێبکات. "هەرچەندە ژمارەی کچ و ئافرەتان لە قوتابخانە و زانکۆ و کار لە کۆمەڵگەدا زێتر بووە، بەڵام کۆت و بەندەکان لە دەست و پێی زۆرینەی هەرە زۆری ئافرەتانی سیریدا ماونەتەوە. لە هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی دروشمی سۆشیالیستی هەڵگیراوە و پەیماننامەکانیان دەقی هاوشێوەی دەقە میسرییەکەی تێدایە، لەڕووی نەهێشتنی کۆتەکانی کۆسپ لەبەردەم بزووتنەوەی ئافرەتان و کاری لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، بەڵام زۆربەی ئافرەتانی عەرەب لەم وڵاتانەدا وەك پێویست ئازاد نین. پێویست بوو ئەم حکوومەتانە لەتەك بڕیارە ئابووری و سۆشیالیستییەکانی بڕیاری نوێ دەربکات، بۆ پەیوەندی پیاو و ئافرەت، کەوا زاڵبوونی پیاو لەناو خێزان لا ببات و ئازادی کەسی و ئاکاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری، دەدات بە ئافرەت وەك ئەوەی بە پیاوی دەبەخشێت. بەڵام ئەوە لەهیچ کۆمەڵگەیەکی عەرەبی هەتا ئەمرۆ رووی نەداوە. هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی هەن ئازادی پیاو لە تەڵاقدانیان سنووردار کرد، فرەژنیان قەدەغە کرد، بەڵام یاسای هاوسەری و تەڵاق رێژەی میرات و سەرپەرشتی هێشتا بە پیاو دەدرێت بەرامبەر ئافرەت لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا. ئافرەتی عەرەبی چەندان مافی نوێی لە کۆمەڵگە و خێزان بە هۆی زێدەبوونی هوشیاری، یان فێرکردنی، یان هاوکاری کردنی لە خەرجی وەك مرۆڤێکی خاوەن کار بە کرێ، بەڵام زۆرینەی هەرە زۆریان هێشتا نەخوێندەوارن، رەنجکێشن هەردوو کاری ناو ماڵ و دەرەوە کۆ دەکەنەوە، دەکەونە بەر بڕیاری

ملکەچی بەپێی یاساگەلی هاوسەری و تەلاق، لە ژیانیا لە نێو خێزاندا و لەدەرەوەیدا بە دابونەریتی کۆن و بەهای ئاکاری دووانەکەی کە تەنیا ئافرەت تاوانبار دەکات، کچ و ئافرەتان خراپی پەیوەندیی سێکسی، رەهایی سێکسی پیاو، فرەژنی، تەلاقدان بە بێ هۆ، مەینەتییەکانی ناموس و پاکیزەگی و خەتەنەکردن، لە سکپڕی ترسان لە نێو هاوسەری و لە دەروەی هاوسەری و گیروگرفتەکانی لەبارچوونی نایاسایی، بارگرانی دیارکردنی وەچە تەنیا دەکەوێتە ئەستۆی ئافەرتان. بێگومان گیروگرفتەکان زێدە دەبن هەرچەند ئافرەتەکە لە پەیژەی کۆمەلأیەتیدا لە خوارەوە بێت. بەلأم تراژیدیایەکی هاوبەشی هەیە، هەموو ئافرەتان لە هەموو چینەکان تێیدا هاوبەشن، ئەویش تراژیدیای هاوسەری و تەلاقە، لەبەرئەوەی تەنیا بە شووکردنی ئافرەت دەکەوێتە ژێر ئەو یاسایەی کە ناوی یاسای باری کەسییە. لە ولأتێکی وەك میسری یاسای باری کەسی بایەخی تەواوی پێنەدراوە لە پیاوانی سیایەت، یان فەرمانداران.

هاوسەری و تەلاق لە کۆمەلگەی عەرەبیدا

یاسای هاوسەری و تەلاَ لە کۆمەلگە عەرەبییەکانماندا، لە شتە لابەلاییەکان دەژمێردرێت، بۆ فەرمانبەرانی کاروباری کۆمەلأیەتی، یان هەندێ کۆمەلەی ئافرەتان وازی لێهێنراوە. هەندێ سەرکردەی ئافرەتان کە گەیشتوونەتە کورسییەکانی پەرلەمان، یان فەرمانداری لە گفتوگۆکردنی ئەم یاسایە دوور دەکەوێتنەوە، نەوەك تاوانبار بکرێت بە تەسکی ئاسۆی بایەخدان بە کێشەکانی ئافرەت. سیاسەتوانان بە سۆشیالیستییەکانیشەوە بە چاوێکی سوکەوە دەڕواننە کێشەی ئازادکردنی ئافرەت، یا گۆڕینی یاسای باری کەسی. گومانیان وایە باری کەسی ئافرەت و پیاو پەیوەندی نییە بە سیاسەتی بالاَ، کە کێشە گەورەکان جێی بایەخیەتی. دەبینیت هەر یەکەیان خەریکی کۆبوونەوەیە لە ناو یەکێتی سۆشیالیستی، یان هۆلێ پەرلەمان، یان ئاهەنگێکی سەفارەتێك و دیپلۆماتەکان.

سیاسەتی بالأی هەر ولأتێك لەم هۆلأنە و دالأنانە و ئاهەنگە دیپلۆماسییەکاندا ناڕوات، بەلکو لە ژیانی بچوکی رۆژانەدا دەڕوات، چوونە دەری رۆژانەی جوتیار بۆ سەر کارەکەی لە بەیانیدایە، دوای ئەوەی بێ ئازار، یان خوێن میز دەکات، نەخۆشی بلهارسیا خوێنی جوتیاری میسری هەلدەمژێت و داهاتی نەتەوەیی بە رادەی ٧٠٪ دادەدۆشێت، کرێکار رۆژانە پارچە پەنیرێك، یان پاقلەی لە روون سوورکراوە دەخوات، کە یاریدەی دەدات لە بەر ئامێردا بوەستێت، لە دەرچوونی ئافرەتە جوتیار دایە بۆ کێلگە بەبێ ئەوەی مێردەکەی لێی بدات تا

گێڕ دەبێت، لە سواربوونی ئوتوبیس بێ ئەوەی کەس ئافرەتی فەرمانبەر لە دواوە پاڵبدات، لە سێکسی نەکردنی ئافرەت- بەبێ رەزامەندی خۆی- لەگەڵ شووەکەی گەر ماندوو بێت، یان نەخۆش، لە ئاگاداری باوك بۆ منداڵەکانی و خۆنەشاردنەوە لە باوەشی ژنی دووهەم، یان دۆستێکی نوێ...هتد.

ئەم کاروبارە سێکسییە و زۆر تایبەتییە و بچوکانەی، وەك خواردن و میزکردن و سێکسکردن و هەموو رۆژ دەرچوون و سواری ئوتوبیس بوون، وەك رۆژانە لە ژیانی پیاو ئافرەتان روو دەدات. ئەوەیە دەوڵەت دروست دەکات و سیاسەتی باڵا درسوت دەکات، لە هەر دەوڵەتێکدا هیچ کەسێك کە بایەخ بە سیاسەتی باڵای هەر دەوڵەتێك دەدات، ناتوانێت ئەم کاروبارە ورد زۆر کەسیانە فەرامۆش بکات. جوتیار ناتوانێت کار بکات و بەرهەمی هەبێت، گەر هەر جارەی چووە ئاودەست ژان بیگرێت و خوێنی لێبێت (بلهاریسیا)، ئافرەتی کرێکار و کرێکاری پیاو ناتوانێت بەردەوام بێت بێ تێرکردنی ئارەزووی سێکسی خۆی، ژن ناتوانێت لە کۆمەڵگەدا بەرهەمهێن بێت لەو کاتەیدا چەوساوە بێت لەڕووی سۆز و سێکسییەوە. بە واتایەکی دیکە مرۆڤ ناتوانن کار بکەن و بەرهەمبێنن بەبێ ئەوەی بیر بکەنەوە و هەست بکەن، بەبێ ئەوەی ئاکامی ئابووری هەبێت. ب هیچ شێوەیەك ناکرێ ژیانی سۆزیی و سێکسی خەڵك لە ژیانی ئابووری جیاکەینەوە. هەر جیاکردنەوەیەك نێوان دەکێشێتەوە بۆ هزرێکی کەتی رووکەش و شێواو.

ئەوەی مێژووی مرۆڤی دروست کردووە، بە تەنیا پەیوەندییە ئابورییەکان نییە، وەك هەندێ لە سۆشیالیستی خوازان باوەڕیان وایە، هەروەها پەیوەندییە سێکسییەکان، یان رەمەکی سێکسی نییە وەك فرۆیدییەکان باوەڕیان وایە، ئەوەی مێژووی درسوت کردووە هەردووکن بەیەکەوە، لە یەکە یەکدا و لەیەك ئاستدا وەك مێژوو سەلماندویەتی.

بایەخدانی بە یاسای کەسیی و کێشەی یەکسانی ئافرەت، لەبەهای پیاوی سیاسی سۆشیالیستی کەم ناکاتەوە، بەڵکو پیاو سۆشیالیستیخوازی راستەقینە، لە هەڵوێستی بەرامبەر کێشەی ئافرەت دەزاندرێت، ئەوەندەی پیاو سۆشیالیستیخوازە و ئەوەندەی ئەو پیاوە مرۆڤایەتییانە لە ئەوەندەی بایەخ بە کێشەی ئافرەت دەدات.

یاساکانی هاوسەری و تەڵاق لە وڵاتانی عەرەبیدا، بنچینەکانی لە شەریعەتی ئیسلامی وەردەگرێت، ئەو شەریعەتەی لەسەر بنچینەی قورئان و فەرموودەکانی محەمەد پێغەمبەر (د.خ) و راڤەی زانایانی ئایینی ئیسلامی، بۆ ئەم ئاخاوتنانە و ئەم ئایەتە قورئانییانە.

لەبەرئەوەی ئایەتەکانی قورئان و ئاخاوتنەکان هەموویان لەیەك شەو  رۆژ نین، بەڵکو لە بارودۆخی جیاجیا و بۆنەی جیا جیا هاتوون، بۆ ئەوەی رێك بێت لەگەڵ کۆمەڵگەی عەرەبی لە رۆژگارێکدا، ئەم هۆکارانە وایان کردووە ئەم ئاخاوتن و ئایەتانە هەندێ جار فەرمانی دژ بەیەکی تێدا بێت، بەتایبەتی سەبارەت بە ژیانی ئافرەت.

شەریعەتی ئیسلام دەڵی تێدایە دەڵێت! دەبێت دەستی دز ببڕێت، بەڵام یاسای سزاکان لە وڵاتانی عەرەبیدا بە میسریشەوە ئەم شەریعەتە جێبەجێ ناکات، سزای دیکە داندراوە بۆ دز.

ئەوەی مێژووی وڵاتانی عەرەبی بخوێنێتەوە دەزانێت دەستەڵاتی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا، هەمیشە توانیویەتی یاسای وا دابنێت جیاواز بێت لەگەڵ شەریعەیت ئیسلامی، هیچ دەزگایەکی ئایینی نەیتوانیوە دەرچوونی ئەم یاسایانە قەدەغە بکات، بەڵکو هەندێ جار یارمەتی دەسەڵاتی سیاسی دەدا و ئایین خۆی دەگونجاند، یان لە شەریعەتدا راڤەی نوێی دەردەهێنا، کە بگونجێت لەگەڵ سیاسەت و خواستی فەرمانداران، وەك چۆن کڵێسا پەرەی بە خۆی دا بۆ ئەوەی لەگەڵ چاخی نوێ بڕوات.

ئەوەندەی دەسەڵاتی یاسا خێرا بوو، لە گۆڕینی یاساکانی ئایین بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ سیستەمە ئابوورییە گۆڕاوەکە، لە دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری و بۆ سۆشیالیستی، ئەوەندە دواکەوت لە گۆڕینی یاساکانی ئایین سەبارەت بە هاوسەری و ژیانی ئافرەت.

هۆیەکەشی ئاشکرایە، دەسەڵاتی سیاسی لە هەموو کات و رۆژگارێکدا، تەنیا بەرژەوەندی خۆی دەردەبڕێت، ئەم دەستەڵاتەش لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ناعەرەبیدا دەستەڵاتێکی باوکسالارییە و لەسەر دەستەڵاتی پیاو دامەزراوە، لەناو خێزان و کۆمەڵگەی دەرەوە.

لەبەر ئەم هۆیەیە کە زۆرینەی ئافرەتانی ئەوروپا و ئەمەریکا، تا ئەمڕۆ ناوی خۆیان دوای هاوسەری لە دەست دەدەن، ئافرەت ناوی مێردی هەڵدەگرێت، بەڵکو زۆریان تا ئەمڕۆش ئازاد نین لە هەڵسوکەوتکردن بە داراییەکەی بەبێ مۆڵەتی هاوسەرەکەی.

لەم دابو بوارەدا ئافرەتە عەرەبەکان بەختەوەرترن لە ئافرەتی ئەوروپییەکان و ئەمەریکییەکان، لەبەرئەوەی ژنی عەرەبی دوای هاوسەری ناوی خۆی دەپارێزێت و ناوی مێردەکەی هەڵناگرێت، مافی ئەوەی هەیە بەبێ مۆڵەتدانی مێردەکەی هەڵسوکەوت بە داراییەکەی بکات. ئەوەشیان پاشماوەیەکی بچووکی سیستەمی دایکسالارییە، کە لە کۆمەڵگەی عەرەبی پێش ئیسلام هەبوو، لە تەك فرەوانی ئاسۆی بیرکردنەوەی محەمەد (د.خ)

پێغەمبەری موسڵمانان و روانینە ئازادەکەی بۆ ئافرەت ئەگەر بە پێغەمبەر یان سەرۆکە ئاینییەکانی دیکە، یان سیاسەتوانانی دیکەی بگرین.

هەرچەندە ژنی عەرەبی دوای هاوسەری ناوی خۆی دەپارێزێت (کە ناوی باوکییەتی)و لەڕووی تیۆرییەوە مافی ئەوەی هەیە، بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی هەڵسوکەوت بە پارە و دارایی خۆی بکات، بەلاْم ئەو کۆت و بەندەی لەسەر ژنی عەرەبیدا دادەنران بەپێی یاسا و عورف، کەوا دەکات مێردەکەی خاوەن فەرمان بێت لە چوونە دەرەوە و هاتنەوە ماڵ، ئەوەشیان وا دەکات ئەم جۆرە مافانە بێ سود بن بە کردەنی بۆ زۆرینەی هەرە زۆری ئافرەتان. هەندێ دەسەلاْتی سیاسی لە هەندێ ولاْتانی ئیسلامیدا وەك تونس و سۆماڵ، توانیان گوێ بە شەریعەتی ئیسلامی نەدەن، سەبارەت بە مەسەلەکانی هاوسەری و تەلاْق و لەباربردن و یاسای نوێی دیکە دابنێن، رێنەدات فرەژنی هەبێت و ئازادی پیاو لە تەلاْقدان سنوردا بکات و رێگە بە لەباربردن بدات و پیاو و ئافرەت لە میرات یەکسان بکات. دەسەلاْتی سیاسی لە ولاْتە ئیسلامییەکاندا لە راڤەدا جیاواز نین، یان جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی بەپێی بارودۆخی ئابووری خۆی، بەلاْم پیاوە ئاینییەکانی ئیسلام خۆیان جیاوازن لە راڤەکردنی ئایین، بەپێی بەرژەوەندییان و رادەی پەیوەستییان بە دەسەلاْتی سیاسی، یان بەپێی ئاستی رۆشنبیری، یان هزر.

ئیمام محەمەد حەیدەر لە پێشەنگانی سەدەی بیستەمی پیاوانی ئایینی ئیسلامی بوو، کە دژی فرەژنی وەستا، گوتی: ئەگەر لە سەرەتای ئیسلامدا سوودی هەبوو بێت ئەوا ئێستا بۆ ئۆمەتی ئیسلام. زیانی هەیە، هەروەها شێخ ئەحمەد ئیبراهیم وتویەتی: "پێویستە دەستپێشخەر بین بۆ دانانی یاسایەکی گشتگر، بۆ کاروبارەکانی و ئاخاوتنی فەقیەکانی، خستنەڕوویەکی نوێ بەپێی راپەڕینی زانستی و پێشکەوتنی هزری، لەسەر بنچینەی دوو ئایینزانی: ئایینزانی بە بڕیارەکانی شەریعەتی ئیسلامی پیرۆز و ئایینزانییەك، کاروباری خەڵك لە خۆ بگرێت و لەتەك ئەوەدا بڕوات، لە بارودۆخە جیاجیاکانی کات و شوێندا".(٢١٧) ئیسلام لە هەرە ئایینە بە پێزەکانە بۆ ئەوەی لەگەڵ هۆش و گۆڕاندا بێت. لە رێگای والاْکردنی دەرووی کۆششکردن (الاجتهاد). پێشەوایانی ئایین ئیسلامی و لەوان ئیمام ئەحمەد کوڕی حەنبەل (خاوەنی راڕەوی حەنبەلییە، یەکێکە لەچوار راڕەوەکانی ئیسلام و لە هەموو توندگر و وشکە باوەڕترە). بۆ ئەوە چووە کەوا کۆششی پێویستە و بوونی کۆششکاری سەربەخۆی رەها فەرزی کیفایە نابێت، هیچ رۆژگارێك بێ کۆششکار بێت. ئیبن تەمیمە بۆ ئەوە چوو کە دەرگای

کۆششکاری خستنه سەر پشتن بۆ هەموو کەسێك توانادار بێ پابەندبوون بە ڕاڕەوێکی دیاریکراو، هەروەها سەبارەت بە ئازادی کۆششکاری و سەربەخۆیی کۆششکاران سەبارەت بە پێشەواکان گوتی: "ئەوەیان جیاوازی ڕۆژگارە نەك جیاوازی سەلماندن، ئەگەر پێشەوا لە سەردەمی ئیمەدا بوایە هەمان وشەی ئێمەی دەوت".

ئەوەی لە ئایین ئیسلام دەکۆڵێتەوە سەبارەت بە بابەتی فرەژنی، بۆ نموونە دەبینێت ڕاوبۆچوونی زانایانی ئایینی زۆر لە یەك جیاوازە. تیمێکیان بۆ ئەوە دەچن کە ئایینی ئیسلام فرەژنی قەدەغە دەکات، بە پشتگیری ئایەتەکانی قورئان لە سورەتی (النساء): "فانحکوا ماطاب لکم من النساء مثنی و ثلاث و رباع فان خفتم الا تعدلوا فواحدة.. و لن تستطیعوا ان تعدلوا بین النساء و لو حرصتم.."(٢١٨) ئەوەندەی پێتان خۆش بێت ژن بێنن، دوان و سییان و چوار، یان ئەگەر لەوە ترسان دادپەروەر نەبن ئەوا یەك بەسە، ناتوانن دادپەروەر بن هەرچەندە هەوڵیشی بۆ بدەن..". ئەوانەی دەڵێن ئەم ئایەتە فرەژنی قەدەغە دەکات و بە ناڕەوای دادەنێت، لەبەرئەوەی مەرجی دادپەروەری لە نێوان ژنەکان داناوە، کە مەرجێکە پیاو ناتوانێت بهێنێتە دی، چونکە واتای فرەژنی یەکێك لە یەکێکی دیکە بە باشتر زانینە، ژنی دواتر بە چاکتر زانینە لە ژنی پێشوو، ئەو بە باشتر زانینە بەسە بۆ ئەوەی دادپەروەری بەدیهێنان بۆ هەر پیاوێك هەتا ئەگەر پێغەمبەریش بێت، بەڵکو پێغەمبەری خودا محەمەد خۆیشی نەیتوانی لەگەڵ ژنەکانی دادپەروەر بێت. لەبەرئەوەی دادپەروەری پێویستی دەکرد شەو بە یەکسانی دابەش بکات لەنێو ژنەکانیدا، بەشێوەیەك کەبەشی ئەوەی دیکەی نەخوات. بەڵام محەمەد مرۆڤ بوو، هەمیشە دەیتوانی ئەم دابەشکردنە دادپەروەرانە ڕابگرێت، عائیشەی لە ژنەکانی دیککە خۆشتر دەویست، عائیشە دەگێڕێتەوە کە سەودەی کچی زمعە (ژنێکی پێغەمبەر بوو) بەساڵا چووبوو، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت، زۆر نەدەچووە لای، دەیزانی من لای پێغەمبەر خۆشەویستم و زۆر دێتە لام، ترسا لەوەی لێی جیا بێتەوە و پایەی نەمێنێت لای ئەو گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەو ڕۆژەی بەشی منە با بۆ عائیشە بێت و تۆ ئازادی، پێغەمبەر بەوە ڕازی بوو، لەم بارەیەوە ئایەتی قورئان هاتۆتە خوارەوە: "و أن أمرءة خافت من بعلها نشوزا او اعراضا"(٢١٩) ئەگەر ئافرەتێك ترسا مێردەکەی وازی لێ بێنێت، یان پشتی تێبکات. لەوەش زیاتر لە کتێبی چینە گەورەکان (الطبقات الکبری)دا هاتووە، حەفسە (خێزانی پێغەمبەر (د.خ)) لە ماڵ چووە دەرێ، پێغەمبەری خوا ناردی بە

دوای جاریەکە و هاتە ماڵی حەفسە، حەفسە بەسەردا هات و بینی جاریەکە لەگەڵ پێغەمبەرە و لە ماڵی خۆیشی، بۆیە حەفسە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا لە ماڵی من و لە رۆژی مندا و لەسەر رایەخی من، پێغەمبەری خودا گوتی: وسبە بە خودا جارێکی دیکە نزیکی نابمەوە، هیچ باسی مەکە"(٢٢٠). هەندێ زانا لە ئایین ئیسلام هەن بۆ ئەوە دەچن کەوا تەڵاق لە ئیسلامدا مافێکی رەها نییە. وەك لە یاساکانی وڵاتانی عەرەبی بە میسریشەوە هاتووە، بەڵکو پێویستە هاوسەر بگەڕێتەوە بۆ دادوەر، لە خۆڕا تەڵاق نەدات هەر کاتێك دڵی بخوازێت، وەك ئەوەی ئەمڕۆ هەیە. تونس لە پێشەوەی ئەو وڵاتە عەرەبییانە دێت کە لە ١٩٥٦ یاسای هاوسەری و تەڵاقی پەرە پێدا، تەڵاق تەینا لای دادگا دەکەوێت لەسەر داوای پیاو، یان ژنەکە.

یاسای باری کەسی سوریا کە لە ساڵی ١٩٥٣ دەرچوو لە مادەی (١٧) هاتووە: (دادوەر بۆی هەیە رێگا بە پیاو نەدات ژنی دووهەم بێنێت، ئەگەر دڵنیا بوو لەوەی ناتوانێت خەرجی بکێشێت).

سەبارەت بە تەڵاق لەیاسای سوریدا لە مادەی (٢٧)دا هاتووە: ژنەکە قەربوو دەکرێتەوە ئەگەر هاتوو پیاوەکە زێدەڕۆیی کرد لە بەکارهێنانی مافی تەڵاق). ئەوەشیان پێی دەگوترێت چەشەی ئافرەتی تەڵاق دراو. یاسای باری کەسی یەمەین دیموکراسی بۆ ساڵی (١٩٧١) دەقێکی هاوشێوەی یاسای سوری تێدایە. سەبارەت بە فرەژنی یاسای باری کەسی عێراق بۆ ساڵی (١٩٥٩) لە بڕگەی (٤) لە ماددەی (٣)دا هاتووە (تەنیا بە رێگەی پێدانی دادوەر، پیاو دەتوانێت زیاتر لە ژنێك بهێنێت بە مەرجی هێنانە دی ئەم دوو خاڵەی خوارەوە:

أ- پیاوەکە توانای دارایی بەخێوکردنی زیاتر لە ژنێك هەبێت.

ب- بەرژەوەندییەکی رەوا لەم کارەدا هەبێت.

بڕگەی پیچنجەم تیایدا هاتووە، ئەگەر هاتوو نادادپەروەری لە نێوان ژنەکان لە ئارادا بوو، رێنادرێت زیاتر لە ژنێك بێنێت، بڕیارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ دادوەر.

بڕگەی شەشەم دەڵێت: (هەر کەسێك زیاتر لە ژنێکی هێنا، بە پێچەوانەی ئەم دوو بڕگەی سەرەوە بۆ ماوەی ساڵێك بەند دەکرێتن یان تاوانانە (الغرامە)ی لێوەردەگیرێت، بەمەرجێك لە (١٠٠) دینار زیاتر نەبێت هەردووکیان) مەبەستی ئەم دەقانەش چاودێری دادوەری دابینکردنە لەسەر فرەژنی، بە هەر سێ مەرجەکانیەوە، ئەم چاودێرییە تەنیا توانای دارایی ناگرێتەوە وەك لە یاسای سوریادا هاتووە- بەڵکو تێپەڕی بۆ دوو مەرجی دیکەش، دادپەروەری لەنێوان ژنەکاندا بوونی بەرژەوەندییەکی رەها لەگەڵ بوونی بەهانە و پێویستە. سەرەڕای ئەوەی ئەم دەقانە کاری ئەو پیاوە تاوانبار دەکات، کە بە پێچەوانەی گەڕانەوە بۆ دادگا بجوڵێنەوە، کە

وەرگرتنی رەزامەندییە بۆ هێنانی ژنی دووەم و زیاتر. بۆ تەلاقدانیش ماددەی (٣٩) لە یاسای عێراق دەڵێت: پێویستە داواکاری تەلاقدان پێشکەشی دادگا بکرێت، بڕیاری لەسەر بدرێت ئەگەر لە توانادا نەبوو دەکرێ تەلاقدانەکە لە دادگا تۆمار بکرێت لەماوەی (عدە)دا، بەلام بەلگەی هاوسەریەتی لەئارادا دەبێت، تاوەکو دادگا هەڵی دەوەشێنێتەوە، یاسای باری کەسی شانشی مەغریبی ساڵی (١٩٥٨)، بڕگەی یەکەم لە بەندی (٣٠)یەم دەڵێت: فرەژنی قەدەغەیە ئەگەر ترسی نادادپەروەری لەنێوان ژنەکان لە ئارادا بوو، لە بەندی (٣١)دا هاتووە ژنی یەکەم کە ژنی بەسەردا هاتووە، بۆی هەیە داواکاری پێشکەش دادگا بکات بۆ روانینە ئەو زیانەی پێی گەیشتووە لە ئاکامی فرەژنی. یاسای باری کەسی پاکستانی ساڵی (١٩٦١) سەبارەت بە فرەژنی و تەلاقدان دەڵێ: پێویستە داوای مۆڵەتدان لە ئەنجومەنی دادوەری بکرێت، کە تیایدا هۆیەکانی ئەم ژنهێنانە پێشان بدرێت، ئەگەر مێردەکە داوای مۆڵەتدانی لە دادوەر نەکردن پێش ژنهێنان کە دەبێتە هۆی فرەژنی، یان پێش تەلاقدان ئەوا پێویستە قەربووی ژنەکەی بکاتەوە، سەرەڕای بڕیار لەسەردانی بە بەندکردن و تاوانانە، یان یەکێك لم دوو سایە. یاسای ساڵی (١٩٧٦) چەندان بڕیاری هاوشێوەی تێدایە کە لە یاسای باری کەسی پاکستانیدا هاتووە: سەبارەت بە پێویستی دەردەستکردنی مۆڵەت پێش مارەکردن، کە ببێتە هۆی فرەژنی و پێش تەلاقدان، بەپێی ئەو زانیارییانەی پێشوو، یاسای هاوسەری و تەلاقی میسری لە دواکەوتووترین یاساکانی ولاتانی عەرەبی دەژمێردرێن، لە هەموویان توندتر بەرامبەر بە ئافرەت ئەو یاساییەی کە لە ساڵی (١٩٢٩) دەرچووە. واتە نزیکەی نیو سەدەی بەسەردا رەت بووە و هێشتا چارەنووسی ئافرەتان دیاری دەکات و رێدەدات پیاوان بیانچەوسێننەوە. یەکێتی ئافرەتانی میسری زۆر

تێکۆشاوە بۆ گۆڕینی ئەم یاسایە، هەروەها چەندین ئافرەت و پیاوی هۆشمەند بۆ پەرەپێدانی ئەم یاسایە تێکۆشاون، بەلام بێ سوود بووە. هەندێك کەس بۆ ئەوە دەچن کە شەریعەتی ئیسلامی کۆسپە لەبەردەم گۆڕینی ئەم یسایە، بەلام شەریعەتی ئیسلامی خۆی رێگەی نەگرتووە لە زۆر ولاتانی دیکەی ئیسلامی ئەم گۆڕینە روو بدات، بەڵکو شەریعەتی ئەیسلامی هەتا لە میسریشدا دوای شۆڕشی (١٩٥٢) رێگر نەبوو لەبەردەم گۆڕینی چەندان یاسای دیکە. وەك یاساکانی دیاریکردنی خاوەنیەتی و هەندێ بەندی یاسای سزایەکان، وەك سزای دزی و زینا کە جیایە لەوەی لە شەریعەتدا هاتووە، یاسای هاوسەری و تەلاق لە میسردا هەتا ئەمڕۆش رێگە بە پیاو دەدات بە ئازادی تەلاقدان و فرەژنی، هەر پیاوێك هەتا ئەگەر ژنی

هەبێت و (١٠) منداڵ، یان زیاتری هەبێت لە ڕێگادا ژنێکی جوان ببینێت بۆی هەیە بیهێنێت و ژنەکەی دیکە تەڵاق بدات بە (١٠) منداڵەوە، ئەم جۆرە تراژیدیایە لە کۆمەڵگەی هاوچاخدا ڕوو دەدەن.

دوایین شت لەم بارەیەوە خوێندبمەوە ئەوە بوو، کە لە ڕۆژنامەی (أخبار اليوم)(٢٢١) بلاوکرابۆوە لەژێر ناونیشانی (باوکەکە چوو بۆ کۆبوونەوەی باوکان ژن و منداڵەکەی لەماڵ دەرچوون). ڕۆژنامەکە ئەمەی خوارەوەی بلاوکردۆتەوە (فەرمانبەرە مەزنەکە، مامۆستا ئافرەتە چاودێرەکە سەرنجی ڕاکێشا زیاتر لە ئاخاوتنەکانی کە لەو کۆڕە ئامادە بوو کە لەو قوتابخانەیەی کچەکەی تێدایە بانگ هێشت کرابوو، بۆ کۆبوونەوەی باوکان، کە گەیشتە قوتابخانەکە سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەکە کە مامۆستایەکی ئافرەت بوو، سەبارەت بە کۆبوونەوەی باوکان و ئاگاداربوون لە کاروباری قوتابییان دەدا، بەلاّم ئەو- فەرمانبەرە کە- لەبەر جوانی مامۆستایەکە ئاگای لە قسەکانی نەمابوو- دوای ئەم کۆبوونەوەیە چەندان جاری دیکە سەردانی قوتابخانەکەی دەکرد بە بیانوی ئەوەی لە کچەکەی دەپرسێت، کەچی ئامانجی دیتنی سەرپەرشتیارەکە بوو، ڕۆژێکیان لەناکاو هاتەوە ماڵەوە، مامۆستا تازە بووکەکەشی لە دەستدا بوو، کە هێنابوو. ژنە کۆنەکەشی جانتا و منداڵەکانی هەڵگرتبوو و چووە ماڵی باوکی.. ژنی یەکەم لە بەردەم دادگا داوای نەفەقەی دەکرد، دەیگوت سێ منداڵم هەیە گەورەکەیان لە دوا قۆناغی پزیشکییە، دووهەمیان لە کۆلێژی بازرگانییە، سێیەم لە ئامادەییە. دادگا بڕیاریدا پیاوەکە خەرجی ژنەکە و مانگانە (٧٠) جونەی وەك نەفەقە بدات. ئایا پەشێوی سێکسی لەوە زیاتر هەیە؟ چ ئایینێك لە ئاینەکان بەرگری لەم ئارەزووە سێکسییە نابەرپرسیارییانە بکات، ئایا هەر پیاوێك ئافرەتێکی جوان سەرنجی ڕابکێشێت بۆی هەیە ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات و منداڵەکانی خۆی دەربەدەر بکات؟ ئایا ئەوەندە بە (٧٠) جونەی لەمانگێکدا بدات، یان (٧٠) ملیم بەپێی داهاتی مانگانەی بۆ ئەوەی ئەو کارە ڕەوا بێت؟

ئەوە بارودۆخی ژیانی پیاوە لە میسر و هەندێك وڵاتی دیکەی عەرەبی، لەم ڕۆژانەی دواییدا پرۆژەیەکی نوێ بۆ پەرەپێدانی ئەم یاسایە دەرچوو. ڕۆژنامەکان دەڵێن پیاوانی ئایینی چەندین ساڵە گفتوگۆی لەسەر دەکەن، لە کۆتاییدا خرایە بەردەست گەورەترین دەستەی زانستی ئیسلامی، ئەویش ئەنجومەنی توێژینەوە ئیسلامییەکانە هەمووارکارییە پێشنیارکراوەکان لە ڕۆژنامەی (الاهرام) بلاوکرایەوە لە ٢٩- فێبریوەری- ١٩٧٦ لەم دەقانەوە،

دەزانین کەوا کاکڵی یاسیای کۆن دەستی لێنەدراوە، مافی پیاو لە ئارەزوو سێکسییەکانی هێشتا تێدایە، بە بەڵگەی ئەوەی مافی تەڵاقدانی ئازادانە لە دەست دایە پرۆژەکە دەڵێت: تەنیا پیاو مافی تەڵاقدانی هەیە.

مەرجی تەڵاقدانیش ئەوەیە، کە پیاوەکە هۆشمەند بێت و شێت نەبێت، سەرخۆش نەبێت و سەرسام نەبێت و تورە نەبێت. پیاو خۆی حاڵەتەکانی خۆی دیاری دەکات، کاتی تەڵاقدانەکە (نازانم چۆن کەسێك بڕیار لەسەر خۆی دەدات لەو کاتەیدا خۆی دەبێ دژی خۆی بوەستیچت، ئەوەیان روو نادات) لە پەندەکانی دیکەی پرۆژەکەدا هاتووەن پیاو دەتوانێت ژنەکەی تەڵاق بدات ئەگەر گوتی: (تۆم تەڵاقدا، تۆم تەڵاقدا، تۆم تەڵاقدا)، لە یەك دانیشتنیدا بە یەك تەڵاق دەژمێردرێت وەك ئەوەی بڵێت: (سێ بەشی تەڵاقم کەوتبێت) ئەوەشیان بەیەك تەڵاقدان دەژمێردرێت، پیاو بۆی هەیە سێ جار ژنەکەی تەڵاق بدات، مێردکردنی ژنەکەی بە پیاوێکی دیکە تەڵاقەکانی ناهێڵێت، ئەگەر گەڕایەوە لای مێردە کۆنەکی پێویستە سێ تەڵاقی دیکە بدرێت (مارە بەجاش)، جێی سەرنجە دوای ئەوە یاسادانەر سەبارەت بە کاروباری نوسینەوەی تەڵاقی دەدەوێت، دەڵێت لە حاڵەتی رێلانەکەوتنی ژن و مێرد لەسەر تەڵاقدان تەڵاقدانەکە نانوسرێت، مەگەر کاروباری دادوەری کردەکە لەنێوانیان سەرنەکەوێت، بەڵام دادوەرەیەکە بە مەرج دانان

رێت بۆ تەڵاقدان، واتە تەڵاقدان بەبێ پاڵپشتی بەبێ کاروباری ناوبژیوانی (التحکیم) کە لە قورئاندا هاتووە ئەنجام دەدرێت، ئایا چۆن یاسادانەر بە پێچەوانەی قورئان بڕیار دەدا (و إن خفتم شقاق بینهما فأبعثو حکما من أهلة و حکما في ألهلها ان یرید أصلاحا یوفق الله بینهما) چۆن پڕۆژەکە دوو دەستەواژەی دژ بە یەکی تێدایە، هەر یەکیان ئەوی دیکە  ناهێڵێت، بەڵام لە دواکاریە تەڵاق دەکەوێت چ بەناوبژیوانی، یان بە بێ بژیوانی تەنیا لەبەرئەوەی پیاوەکە سێ جار لە یەك دانیشتندا بڵێتە ژنەکە تۆم تەڵاق داوە، ئەوەیان بە یەك تەڵاق دەژمێردرێت، دوای ئەوەش پیاوەکە مافی دوو تەڵاقدانی دیکەی هەیە لەبەرئوەی مافی سێ تەڵاقی هەیە، هەروەها مافی ئەوەی هەیە چوار ژنی دیکەش بێنێ، لەم پرۆژەیەدا ژنەکە تەنیا ئەو مافەی دەست کەوتووە، کە رازی نەبێت بەدانیشتنی لەیەك ماڵدا لەگەڵ هەوێکەی (ژنەکەی دیکە)، هەروەها ئەو مافەشی دەست کەوت کەوا ژنیچکی دیکەی هێنا، مافی ئەوەی هەیە داوای تەڵاق بکات، ئەگەر تەماشای حاڵەتی زۆربەی ئافرەتان بکەین بەتایبەتی ئافرەتانی جوتیار، ئەوانەی بەبێ کرێ بۆ مێردەکەیان و بۆ خێزانەکەیان کار دەکەن، ئەگەر بپرسی کێ لەم ئافرەتانە ئەو

مافه بەكار دێنێت و داوای تەڵاق دەكات، كە لەو حاڵەتەدا مانای وایە بەبێ پشتیوانی و بەبێ پیاو بكەوێتە سەر شەقام، هەر لەبەرئەوەشە دەبینین ئەم پەندە باوە سێبەری پیاو نەك سێبەری دیوار (ظل راجل و لاظل حیطة)، ئەم ئافرەتە لەم حاڵەتەدا توشی دەربەرەدەی ئاكاری و ئابوری دێت، لە سێبەری داب و نەریتی ئایینی، سەبارەت بە ئافرەتی تەڵاق دراو و كۆمەڵگەی كەوا ئەرك و كۆششی ئافرەتان، لە كێڵگە و لە ماڵاندا بەبێ كرێ دەقۆزنەوە، لەو مافانەش كە ئافرەت لەو پرۆژەیەدا بەدەستی هێناوە ئەمەیە، ئافرەت مافی هەیە بەبێ مۆڵەتی مێردەكەی بۆ حەج بچێ، بە مەرجێك پیاوی پێ نەشیاوی لەگەڵدا بێت (محرم) واتە باوك، یان برای لەگەڵدا بێت، بەڵام ناچارە بۆ هەر شوێنێكی دیكە تەنیا لەگەڵ مێردەكەی بڕوات، بەڵام سەبارەت بە ماڵی گوێڕایەڵی (بیت الطاعة) ئەوا لە پرۆژەكەدا هاتووە، نابێت جێبەجێكردنی بڕیاری ماڵی گوێڕایەڵی لە رێگای پۆلیسەوە جێبەجێ بكرێت. بەڕای من هەموو ئو مافانە هەمواركردنێكی بچوكی كاكڵ مەبەست ناگرێتەوە سەبارەت بە ماڵی گوێڕایەڵی، لە هەمان كات ئەو زۆرداریيەی دەكەوێتە سەر ئافرەتی بە مێرد لانابات و دژی گیانی شەریعەتی ئیسلامیە. كە لەسەر بنەمای پیچكەوە ژیان بە شێوازی باو، یان رەهاكرن بەشێوازی باو دەمەزراوە.

گێروگرفتی تەڵاق و فرەژنی لە میسردا تەنیا گرفتی ئافرەت نییە، بەڵكو گرفتی پیاو و ئافرەت و منداڵانە، چەندان چیرۆكی پڕ ئازارمان گوێ لێبووە سەبارەت بەو منداڵانەی تەڵاقدان دەربەدەری كردوون، هەروەها ئەو ئافرەتە تەڵاقدراوانەی كە هیچ رێگایەكی گوزەرانیان نەدۆزیوەتەوە، جگە لە لەشفرۆشی نەبێت، هەروەها ئەو كچە بچوكانەی باوكەكە پشتی تێكردوون و خەریكی دۆست، یان ژنی نوێ بووە. دەشێ تەڵاقدان شتێكی خوازراویش بێت و دەگمەنیش بێت (بە گوێرەی ئەو ژنەی لە تراژیدیا و مەینەتدایە) ژنەكە لە دەستی نایەت دەستی مەینەتییەك بێت و زوو كۆتایی بێت، لە هەردوو حاڵەتدا تەڵاقدان بە دەست پیاوە و بە وشەیەك ئافرەت تەڵاق دەدات، بەڵام دەشێ لەبەر ركابەری لەبەر خۆ بەزاڵزانی سوود وەرگرتنی ناڕەوا، لە مافی یاسایەكی زۆردارانە رازی نەبێت ژنەكە تەڵاق بدات، دەشێ ژنەكەی ناچار بكات ملكەچی ماڵی گوێڕایەڵی بێت و پۆلیس راكێشی و سەیری ماڵەوەی بكات، بەڵام چ ببینێت مێردەكەی ژنێكی دیكەی بۆ لە ماڵ داناوە.

كارەساتەكە ئەوكات روو دەدات كە ئافرەت تەڵاق دەدرێت و هیچ كار، یان داهاتێكی نابێت پێی بژیت، تەنیا ئەو نەفەقەیە نەبێت، كە بە زۆری لە مێردەكەی وەریدەگرێت و لەزۆربەی

جاران بەهۆی فێڵکردنی پیاوەکە لە یاسا دەشێ هەر وەرینەگرێت، یان بە هۆی بێهێزی یاسا و هاندانی فێڵگری پیاوەکان و خۆدزینەوەیان لە نەفەقە.

سەیرترین شت کە لەم دواییەدا لەبارەی نەفەقە و مافی ئافرەت لە نەفەقەدا خوێندمەوە ئەوەبوو، لە رۆژنامەی (الاخبار) ٢١ سێپتێمبەری ساڵی ١٩٧٥ بلاّوکرایەوە لە ژێر ناونیشانی "ئەو ئافرەتەی بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی دەچێتە حەج نەفەقەی بۆ نییە"(٢٢٢). رۆژنامەکە دەڵێت: دادگای میسری کۆنی باری کەسری سێ بڕیاری گرنگی دەرکرد، لە سێ کێشەدا سەبارەت بە باری کەسی...

بڕیاری یەکەم: ئەو ژنەی بێ مۆڵەتدانی دەچێت بۆ حەج مێردی نەفەقەی بۆ نییە... نەفەقە دەدرێت بەرمبەر لەجێمانەوە، ئەو بەبێ مۆڵەتدانی مێردی دەچێتە حەج بۆ ماوەی حەجکردن نەفەقەی بۆ نییە.

ژنێکی تەلاّقدراو سکالاّی لە دەست مێردەکەی بۆ دادگا نووسیبوو، داوای نەفەقەی دەکرد کە فەرمانبەرێکی گەورە بوو، تیایدا گوتویەتی کە لە ماوەی حەجکردنی ژنەکەدا نەفەقەی لێ بڕیوە، دادگا بڕیاری دا ژنەکە نەفەقەی شەرعی ناکەوێت، لە ماوەی کە تیایدا چۆتە حەج بەپێی رێپێدانی مێردەکەی، لەبەرئەوەی نەفەقە ئەو کات لە سەر مێردە بەرامبەر بە لە مانەوەی ژنەکە.

بڕیاری دووەم: تەلاّق دراوێك داوای دژی مێردە ئەندازیارەکەی بەرز کرد، تیایدا هاتبوو، دوای تەلاّقدانی خراوەتە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی منداڵبوون، دوای منداڵبوونی خەرجی چارەکردن (٥٠٠) جونەیهی بوو، بۆ ئەو مەبەستە لیستی خەرجییەکانی فەرمی پێشکەش کرد دادگا بڕیاریدا داواکەی رەت بکاتەوە.. دادگا لەم بڕیارەیدا پشتی بە فتوا بەست کە دەڵێ: "کرێی مامان لەسەر ئەو کەسەیە کە بۆ کارەکە بانگی دەکات، مێردی تەلاّقدەر ناچار نییە خەرجی لەدایك بوون بدات... چارەکردن لە دوای منداڵبوون چارەسازییەکی نەخۆشییە، پیاوی تەلاّقدەر پارەی ئەو خەرجییانەی ناکەوێت. لێرەدا من مەبەستم نییە بچمە ناو وردەکارییەکانی نەفەقەدان، هەتا ئەگەر نەفەقەشی وەرگرت ئەوەندە نابات ئافرەتی تەلاّقراو بەبێ داهات دەمێنێتەوە.

ئافرەتی کرێکار و بەرهەمهێن بە داهاتە مانگانەکەی، پێداویستییەکانی دابین دەکات و خۆی پێ دەپارێزێت، بەلاّم ئافرەتی بێکار دەکەوێتە سەر شەقام و بەبێ داهات ناچارە پارە و پولی لەژێر چڕنوکی کۆمەڵگا دەربێنێ، ناچارە دزی بکات، یان فێرە دزی بێت، یان لەشی خۆی

بفرۆشێت (دزی و لەشفرۆشی) دەکەونە بەر سزای بەندکردن، لە بەندیخانەی (فەناتیر) زۆر نموونەی لەم جۆرە ژنە بەدبەختانەم بینی، ئەوانەی بەهۆی داب و نەریتی کۆن لە خویچندن و کارکردن بێبەش بووینە، یان بەبێ هۆ هەتا لە دادوەری یاسایش بێبەش بوون، لەبەرئەوەی یاسا ئافرەتی لەشفرۆش سزا دەدات، بەلام پیاو سزا نادات. ئەوانەی کە توشی ئەم بارودۆخە ناهەموارە نەهاتوون، ئەوا بە هۆی نەبوونی داهاتێکی ئابووری پێویست لە ژیانێکی ملکەچ و زەلیل دەژین، زۆر ئافرەتی تەلاقدراو بێوار مایەوە دوای ئەوەی ئەو نەفەقەیەی کە پێی دەدرا کەم بۆتەوە، یان نەماوە، ئینجا لەنێو ماڵە خزمەکانی و سەرگەردان دەبێت و دەرۆزەی پارە و نان دەکات، یان وەك خزمەتکار لە ماڵاندا کار دەکات، کە رووبەڕووی چەندان گرفت دەبێتەوە. پرۆژەی باری کەسی نوێ باسی نەفەقە دەکات، بەلام چەند هەموارکارییەکی کەمی تیایدا دەکا کەوا کاکڵ گرفتەکە ناگرێتەوە.

بۆ نموونە ئەم دەقە دێنینەوە، ئەگەر پیاو بەبێ رەزامەندی ژنەکەی تەلاقدا بەبێ ئەوەی ژنەکە هیچ خراپەکارییەکی هەبوو، یان بە تەلاقدان رازی نەبوو ئەوا پێویستە پیاوەکە رادەیەك پارەی سەربار بدات، جگە لە نەفەقەی پێی دەگوترێت چەشە (المتعە) کە رادەکەی لە نەفەقەی ساڵێك تێنەپەڕێت، بەپێی باری ئابووری پیاوەکە. لەم دەقەدا واتێدەگەین کەوا پیاو بۆی هەیە ژنەکەی تەلاق بدات، هەتا بەبێ رەزامەندی ژنەکەشی و بەبێ هیچ هەڵەیەك، بەرامبەر بە رادەیەك پارەی زیاتر کە دەیداتە ژنەکە، بەم شێوەیە پیاوی دەوڵەمەند ئازادی زیاتری دەبێت لە پیاوی هەژار بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکان، پاشان ئایا نەفەقەی ساڵێك چ سودێکی هەیە بۆ ئافرەتێك، کە هیچ داهاتی نەبێت بەبێ هیچ هەڵەیەك مێردەکەی تەلاقی دابێت ئایا نەفەقەی ساڵێك، یان دوو ساڵ چ سودێکی دەبێت بۆ ئافرەتێك کە (١٠) ساڵ، یان (٣٠) ساڵ لەگەڵ مێردەکەی ژیا بێت، لاوی و ئەرك و کۆششی خۆی پێدا بێت، منداڵی بۆ وەبەرهەمهێنابێت، پاشان بە نەفەقەیەك بکەوێتە سەر شەقام کە ئەگەر خواردنی ساڵێکی بۆ دابین بکات ئەوا ساڵەکەی دی پەکی دەکەوێت؟ بەپێی بارودۆخی کار کە ئێست لە کۆمەڵگەدا سنوردارە و زۆر کەمە، ژمارەی بێکاران زۆرە، ئەم ئافرەتە تەنیا لەشفرۆشی بۆ دەمێنێتەوە، بەڵکو دەشێ بە کەڵك لەشفرۆشی نەبێت، لەبەرئەوەی مێردەکەی جەستە و لاویەتی ئافرەتەکە تێبردووە، وەك فرۆکی قەمیش کۆلا فڕێی داوەتە سەر شەقام.

چەندین کچی بچووك رویان کردۆتە رۆشتنی جەستە، بەهۆی ئەوەی کە بونەتە قوربانی ئەو باوکانەی، ژن و منداڵەکانیان جێهێشتووە لە پێناو هەوەسە سێکسییەکان. دەرکەوتووە دایك

پاش تەڵاقدانی تەحەمولی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکان دەگرێتە ئەستۆ، بەهۆی بارودۆخی پایە نزمی لە کۆمەڵگەدا، هەروەها بەهۆی ئەوەی مکوڕە لەسەر بەرپرسیارەتی دایکایەتی و کۆمەڵگا بەسەریدا سەپاندووە، هەروەها بەهۆی ترس لە زمانی خەڵکی کە هەڕەشە لە ئافرەت دەکەن، ئەگەر منداڵەکانی فەرامۆش بکات زیاتر لە پیاو کە منداڵەکانی پشتگوێ دەخات، هەروەها بەهۆی خۆشەویستی منداڵەاکنی وەك مرۆڤێك و وەك دایکێك، هەروەها بەهۆی کەمی دەرفەتی مێردکردنەوە بۆ ئافرەتی تەڵاق دراو وەك پەندەکە دەڵێت: (هاوسەری گرتن لەگەڵ تەڵاقدراوێك وەك خواردنی پاشماوەی چێشتی دوێنێیە). هەروەها بەهۆی کۆت و بەندی سەر ئازادیەکانی و کەسی ئافرەت، هەروەها بەهۆی ڕەهابوونی پیاوی تەڵاقدەر کە بە هەوەسی خۆی ئازادە لەوەی ژن بێنێت، بەبێ ئەوەی خەمی منداڵی لەبەر بێت. هەموو ئەو هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەی ئافرەتی تەڵاقدراو بە پێچەوانەی پیاو زیاتر پەیوەست بێت بە منداڵەکانی و زیاتر هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات بە منداڵەکانی، بە دەگمەن گوێبیست دەبین پیاوێك هەبێت دوای ئەوەی ژنەکەی تەڵاق دەدات بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی خۆی تەرخان بکات، بەڵکو زۆربەی جاران ژنەکەی تەڵاق دەدات بۆ ئەوەی ژنی دیکە بێنێت، بەڵکو زۆربەی پیاوان بۆ ژنە نوێیەکە واز لە ژن و منداڵەکانیان دێنن، هەتا ئەگەر منداڵەکان بەناچاری لەگەڵ ئەو مانەوە دەبینین زڕدایکەکە چۆن ئازاریان دەدات، زۆر لە باوکانیش پشتگیری لە ژنە نوێیەکە دەکەن، لەگەڵ هەموو ئەو هۆکارانەشدا پرۆژە نوێیەکەی یاسای باری کەس دێت بەخێوکردنی منداڵەکان لەدایك دەستێنێتەوە، گەر بگەنە حەوتساڵ بۆ کوڕ و نۆ ساڵی بۆ کچ، کچی نۆ ساڵی ناچار دەکات لەگەڵ باوکی بژیت بە زۆریش بێت، بەڵام کوڕ هەر لە حەوت ساڵیەوە ئازادە لەگەڵ باوکی بژین یان لەگەڵ دایکی بە ئارەزووی خۆی، دەڵێن کچ لە کوڕ زیاتر پێویستی بە سەخبیری پیاوە. لەبەرئەوە ئەوانەی لە ژیانی منداڵ دەکۆڵنەوە پەی بەو ڕاستییە دەبەن، کە دەسدرێژی سێکسی بەرامبەر بە منداڵە نێرینەکان لە منداڵە مێینەکان گەر زێتر نەبێت کەمتر نییە. ئەوانەی لە ژیانی باوك و دایکان دەکۆڵنەوە بەوە دەزانن کەوا دایك زیاتر ئاگاداری منداڵەکانییەتی و زیاتر مکوڕە لەسەر بەرژەوەندی کچ و کوڕەکانی لە باوکیان. ئایا واتای ئەم جیاکردنەوە سەیرە نێوان کوڕو کچ چییە لە تەمەنی منداڵیدان، واتای ئەم دەستدرێژییە چییە بۆ سەر مافی دایك جگە لە باوك؟ ئەوانەی لە ژیانی ئەو کچانەیان کۆڵیوەتەوە کە پەنایان بردۆتە بەر بازرگانی کردن بە جەستە، دەبینیت زۆربەیان قوربانی باوکانێکن بەهۆی ژنە نوێیەکەیان، یان دۆستە نوێکەیان،

وازیان لە دابینکردنی پێداویستی کچەکانیان هێناوە، هەمووشیان قوربانی خێزانی هەژارن کە تەڵاق و فرەژنی پارچە پارچە کردوون.

پرۆژە نوێیەکە لە هەموارکارییەکانیدا دەڵێت: ماوەی لە خۆگرتنی منداڵ لەلای دایك، دەشێ ماوەیەکی دیکەش درێژ بکرێتەووە ئەگەر بەرژەوەندی منداڵەکە وا بخوازێت، بەڵام پرۆژەکە دەقی تێدا بێ کەوا دەڵێت دایکی منداڵ خۆگر مافی هیچ کرێیەکی نابێت بۆ ئەو ماوە زێدەیە. پرسیارەکە لێرەدایە ئایا لە خۆگرتنی منداڵ مەسەلەیەکی میوانداریيە؟ تاوەکو میواندار خەرجییەکەی بکێشێت، یان بەرژەوەندی منداڵەکەیە، کە دەخوازێت ماوەی لەخۆگرتنەکە زێدە بکرێت، ئەگەر وایە بۆ دایکەکە لەکرێی لە خۆگرتنەکە بێبەش بکرێت؟ بێگومان هەژاری و نەبوونی داهاتی ئابووری رۆڵێکی ترسناك دەبینن لە مەینەتییەکانی دایکی تەڵاق دراو، ئەوانەی کە بەرژەوەندی منداڵەکانیان دەوێت لەبەرئەمە یەکەم هەنگاو بۆ ئازادکردنی ئافرەت لە زۆرداری و چەوسانەوەی سێکسی و ئابووری ئەوەیە، کار بکات و کرێی کارەکەی لەدەوڵەت وەربگرێت نەك لە مێردەکەی. دەشێ سەرترین ست لە یاسای هاوسەری و تەڵاقدان لە میسر و هەندێك وڵاتانی عەرەبی ئەو شتەی کە پێی دەڵێن ماڵی گوێڕایەڵی، ئەو سیفەتەش کە بە ئافرەتی دەڵێن گوێپێنەدان (النشوز) وشەی (ناشز) لە وشە باوەکانی کۆمەڵگەی عەرەبیدا بەو ئافرەتە دەگوترێ، کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی مێردەکەی ناکات، هەرەچندە ئەو مێردە مەیخۆر و هەوەسباز و گەواد بێت، یان دز، یا قاچاغچی بێت، ئەگەر مێرد لەبەر هۆیەك لە ژنەکەی خۆیدا، یان بەبێ هۆ ژنەکە بۆ ماڵی باوکی هەڵات و داوای تەڵاقی کرد، پیاوەکە ئەگەر بیەوێ دەتوانێت بەپێی (دەستەڵاتی یاسای ماڵی گوێڕایەڵی) پۆلیسی بۆ بنرێت، تا بەهێز بیگێڕنەوە بۆ ماڵی مێردەکەی ئەگەر هاتوو یاخی بوو، دەبێ بچێتەوە بۆ ماڵی مێردەکەی بە پێی یاسا بە ناشز دەژمێردرێت. زۆر لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی پێش میسر کەوتوون، لە نەهێشتنی مافی گوێڕایەڵی و لە پەرەپێدانی زۆر لە یاساکانی هاوسەری و تەڵاق، بەڵام میسر کە پێشەنگی وڵاتانی عەرەبییە لە پێشکەوتن و لە شارستانیەت، هێشتا هەتا ئەمڕۆش ماڵی گوێڕایەڵی تێدایە لە رۆژنامەی (الاخبار) کە لە رۆژی ٢٠ فیبرایەری ١٩٧٤دا هاتووە، لە لاپەڕەی یەکەم بابەتێکی تێدایە بە ناوی بنەمایەکی باری کەسی ژن بۆی هەیە ملکەچ نەبێت ئەگەر هاتوو ماڵی گوێڕایەڵی لە چیای درنکە بێت. رۆژنامەکە نووسیویەتی (دادگای تێهەڵچوونەوەی باری کەسی لە ئەسیوت بنەمایەکی گرنگی دەرکرد، تیایدا بڕیاریدا گوێڕایەڵی ژنە جوتیارێکی هەڵوەشاندەوە لەبەرئەوەی ماڵی هاوسەری

كە پیاوەكە ئامادەی كردبوو، لە چیای (هێڵی) بوو كە هێشتا ئەو چیایە مەكۆی هەڵاتو لە یاسا و تاوانبارانە.. چیایەكە مەكۆی (خەت)ی بەناوبانگ و سەرۆكی چەتەكانی ساڵانی چلەكان بوو.. دادگا دەڵێت (ئەم شوێنە بۆ گوێڕایەڵی ناشێ، لەبەرئەوەی ماڵی گوێڕایەڵی مەرجە لەنێوان چەند هاوسێیەك بێت، كە ژنەكە تیایدا لە خۆی ئەمین بێت، ئەو ماڵەش لە چیادا هیچ هاوسێی نییە.. بڕیارەكەش بە سەرۆكایەتی (عەبدولوارس عەبدولحەكیم عەبدولا) سەرۆكی دادگا دەرچوو.

زۆر ئاشكرایە كە دادگا بیری بۆ ئەوە نەچووە كە ئەو بۆچوونەی، چن ناچار دەكات لەگەڵ مێردێكدا بژی كە ژنەكە نایهەوێت، بەڵام گفتوگۆیەكە تەنیا لەسەر مافی گوێڕایەڵی بوو، یان ئەو شوێنەی كە ناچار دەكرێت تیایدا بژیت كە پێویستە بزانێت هاوسێی هەیە، یان نییە. ئەوانەی كە دەڵێ، مافی گوێڕایەڵی لە ئایین ئیسلامەوە هەڵقوڵیوە بە هەڵە چوون، لەبەرئەوەی پێغەمبەری موسڵمانان خۆی زۆر جاران لە ئاخاوتنەكانیدا دەڵێت، ئافرەت ناچار ناكرێت لەگەڵ مێردەكەیدا بژیت كە نایهەوێت، یان رقی لێی دەبێتەوە، بەڵكو مافی خۆیەتی پێش هاوسەری ئەو پیاوە هەڵبژێرێت كە خۆی دەیەوێت.

هەروەها ئافرەت لە ئیسلامدا دەتوانێ مارەنامەی هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر فێڵی لێكرا، یان ناچار كرا. هیچ كەسێك بۆی نییە بە زۆری بە مێردی بدات، پێغەمبەر (محەمەد) (د.خ) هاوسەریی خەنسای كچی خەدامی ئەنساری هەڵوەشاندەوە لەبەرئەوەی باوكی مارەی كردبوو، بەڵام ئەو پێی رازی نەبوو.(٢٢٣)

یاسای هاوسەری و تەڵاق لە كۆمەڵگەی عەرەبیمان، پاشماوەیەكی یاسای دەرەبەگایەتی باوكسالارییە، كەوا دەكات ئافرەت وەك پارچە زەوییەك بژمێردرێت كە پیاو هەیەتی و خاوەندارێتیەتێكی تەواو چی لێدەكات، دەیچەوسێنێتەوە، لێی دەدات، یان دەیفرۆشێت، لە هەر كاتێكدا بە تەڵاقدان، یان ئافرەتێكی دیكە دەكرێت بەسەریدا، یان سێیەم و چوارەم بە ویستی خۆیەتی، بەڵام مافی ژنەكەش ئەوەیە لەسەر پیاوەكە دادپەروەر بێت لەنێوان ژنەكە و هەوێیەكانی و ژنەكانی دیكەش، نازانم چۆن پیاو دەتوانێت دادپەروەر بێت، لەنێوان ژنە كۆنەكە و ژنە نوێیەكەی، ناتوانێت پاشان كێ هەیە دادپەروەری، یان نەبوونی دادپەروەری بسەپێنێتە سەر پیاو؟ بەندەكانی ئەو یاسایەی كە ماف بە دادپەروەر دەدات، ژن لە مێردەكەی تەڵاق بدات زۆر توند و دژوارە. یاساكە سەبارەت بەو حاڵەتانەی كەوا رێ دەدات ژن تەڵاق بدرێت، لەلایەن دادوەرەوە.(٢٢٤) (ئەگەر پیاوەكە سێ ساڵ و زیاتر بەند بكرێت، ژنەكە مافی

هەیە داوای تەلأقدانی بکات، دادوەر دوای ئەوەی دڵنیا دەبێت کە بڕیاری بەند کردنەکە سێ ساڵ زیاترە و بڕیارێکی کۆتاییە لەسەر مێردەکە جێبەجێ کراوە، ساڵێك و زیاتری بەسەردا ڕۆیشتووە ئینجا جێبەجێ دەکات، هەورەها ژن بۆی هەیە داوای تەلأق بکات لە حاڵەتی ئەودا کە پیاو خەرجی نەدات، یان بەهۆی نەخۆشبوونی مێردەکەی (شێت بوون) یاان توشی نەخۆشی پێست ناسراو بە پەرس بێت، یان مێردەکە لە ژنەکەی بدات، تا رادەی زیان پێگەیاندن واتە لێدان تا ئەو رادەیەی ڕێ پێدراوە کە زیانی پێنەگات، یان مێردەکە ماوەیەکی زۆر لە ژنەکە دوورکەوێتەوە، هەموو ئەو حاڵەتانە بۆ دادوەر جێهێڵدراوە کە بڕیاری لەسەر بدات، یاسا لەو حاڵەتانەدا زۆر توندە بە شێوەیەك، تەلأقدانەکە زۆر بە دژوار کراوە، بۆ نموونە ئەگەر مێردەکە شێت بوو، یان لە لەککە لێهاتنی (بەرسی)، یان تووشی گوڵەیی (الجزام)، ئەگەر هاتوو ژنەکە پێش ئەوەی مێردی پێبکات دەیزانی ئەو حاڵەتانەی هەیە، ئەوا مافی تەلأقدانی نییە، یان خەوشەکە دوای مارەبڕین پەیدا بوو پێی رازی بوو. ئەم یاسایەی تەلأقدان کە سەپێندراوەتە سەر ئافرەتانی عەرەب تا ئەمڕۆ پەیڕەو دەکرێت، دەشێ یاسایەکە لە ولأتێك تا ولأتێکی دیکە کەمێك جیاواز بێت، بەلأم لە ناوەڕۆکدا پیاوی عەرەبی مافی تەلأقدانی هەیەن هەر کات بە ویستی خۆی هەندێ جار بەبێ ئاگاداری ژنەکەش، دەشێ لە میسر پیاوەکە تەلأقنامەکە بە پۆستە بۆ ژنەکە بنێرێت، بەبێ ئەوەی کە ژنەکە ئاگای لێ بێت، لەو ولأتە عەرەبییانەی کە هەوڵی داوە ئازادی پیاو لە تەلأقدان سنوردار بکات، بڕیاری تەلأقدان بە تەوواوی نەخراوەتە دەست دادوەر وەك لە حاڵەتی ژنەکە وایە، ئەو مەرجە توندانەش نەخراوەتە سەر تەلأقدان وەك لە حاڵەتی ئافرەتدا هەیە، پاشان با بپرسین دادوەر چییە؟ ئەویش پیاوێکە لە پیاوەکانی کۆمەڵگەی باوکسالاری چینایەتی دەرەبەگایەتی، یان سەرمایەدار؟ ئایا دادوەری وەك پۆلیس دەزگایەك نییە لە دەزگایەکانی فەرمانداری چینایەتی و سەپاندنی دادپەروەری یەك لایەنە، دادپەروەری لە گۆشەنیگای فەرماندارانەوە. باوەڕ ناکەم کە ئافرەتی عەرەبی هاوشان و هاوتای پیاو بێت لە مافی تەلأقدان، تاوەکو کۆمەڵگەی باوکسالاری و چینایەتی بێت.

دەزگای تەلأقدان وەك دامودەزگای لەشفرۆشی و دامودەزگای منداڵە ناشەرعییەکانەن یەك لە دامودەزگا پێویستەکانی بەردەوامی کۆمەڵگەی باوکسالاری و چینایەتییە. تەلأقدان داندرا بۆ ئەوەی ڕێگە بە پیاو بدات بۆ ئەوەی بە کەمترین تێچوون خۆی لە ژنی پێشوو رزگار بکات. (کە ناسراو بە نەفەقە)ن یان مارەیی دواخراوز بەشێوەیەك کە منداڵەکانی لێوەرگرێت،

ئەگەر لە کاتی تەلاٌقداندا ژنەکەی سك پڕ بوو، چاوەڕێکردنی ئەو کارەش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو (العده) تاوەکو منداڵی پیاوێکی دیکە نەیەتە ناو مولك و میراتەکەی لێ دابەش بکات.

لە هەموو سیستەمە کۆمەلاٌیەتییەکاندا، هەر لە پەیدابوونی خێزانی باوکسالاری و چینەکان و بە کۆیلایەتی و دواتر دەرەبەگایەتی، مافی تەلاٌقدان هەر بە دەست پیاو بووە. کۆمەڵگەی چینایەتی باوکسالاری ئافرەتی کردۆتە کالاٌیەك، بە مارەیی دەکڕدرێت و بە مارەیی دواخراو و نەفەقە تەلاٌق دەدرێت.

کۆمەڵگەی سەرمایەداری جوتیارانی لە کۆیلایەتی دەرەبەگایەتی رزگار کرد، نەك لەبەر هۆکاری مرۆیی ئازادیخوازانە، بەڵکو لەبەرئەوەی سەرمایەداری پێویستی بە بازووی جوتیاران هەبوو لە پیشەسازییە نوێیەکاندا، بازووی جوتیارانی کردە کرێکار، یان هێزی کار، دەکەوێتە بازاڕ وەك کالاٌیەك بۆ سەرمایەدار بە هەرزانترین نرخ ئازادی کڕینی دابین دەکات (وەك چۆن ئافرەت بە نزمترین مارەیی دەکڕدرێت)، یان بەدەرکردنی لە هەر کاتێکدا، بێ بژێو بۆ ئەوەی لە بازاڕدا بە برسیەتی بمێنێتەوە، رووبەڕووی بێکاری بێتەوە، جارێکی دیکە وەك هێزێکی یەدەگ دەکرێ بەکاربێتەوە بەهەرزانترین نرخ گەر پێویست بوو.

دەشێ پیاوی عەرەبی ئەو ژنەی کە تەلاٌقیدا بگێڕێتەوە لە ماوەی (هەژمار- العده)دا بەبێ ویستی ژنەکە، لەبەرئەوەی لەو ماوەیەدا هی ئەوە، ژنیەتی و لە هەمان کاتدا ژنیشی نییە، لەماوەی (هەژماردا) ناتوانێت مێرد بە پیاوێکی دیکە بکاتەوە، لە ژێر ئاماژەی مێردەکەی، یان تەلاٌقدەرەکەیدا دەبێت تا ماوەی هەژمار کۆتایی دێت، گەر نەیگێڕێتەوە رەها دەبێت، لەوەی مێرد بە پیاوێکی دیکە بکات.

وەك چۆن کۆمەڵگەی سەرمایەداری جوتیارانی لە بەندەگی دەرەبەگایەتی رەها کرد، ئافرەتانی لە بەندەگی مانەوە لە ماڵەوە رەها کرد، نەك لەبەرئەوەی هۆگەلی ئازادیخوازی مرۆیی، بەڵکو لەبەرئەوەی لە پیشەسازیدا پێویستی بە بازووی ئافرەتان هەبوو، گەر کۆمەڵگەی سەرمایەداری مافی تەلاٌقدانی وەك پیاو بە ژن داوە هەندێ لە ولاٌتە پیشەسازییەکاندا، ئەوا تەنیا بۆ ئەوە بوو کەوا ئافرەتان ببن بەهێزی کاری جولاٌو و ئامادە لە بازاڕ، یان یەدەگ لە بازاڕ، ئەوەشیان پێویستی کرد هەندێ ئازادی بدرێت بە ئافرەت بۆ دەرچوون لە دەسەلاٌتی پیاو، لەوەشەوە هەندێ یاسای هاوسەری و تەلاٌقی نوێ هاتنە ئاراوە، ناونرا بە "هاوسەرگریی شارستانی"و کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێشکەوتوو، سەرکەوت لە

جیاکردنەوەی هاوسەرگری لە ئایین، وەك چۆن سەرکەوت لە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، نەك لەبەر هۆکاری ئازادیخوازی مرۆیی، بەڵکو لەبەر هۆگەلی ئابووری چەوسانەوەیی هەر ئەوەش زێدەبوونی تێکڕای تەڵاقدان لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان پێشان دەدات و راڤە دەکات، کە زیاترە لەوەی لە وڵاتە دەرەبەگییە دواکەوتووەکاندا روو دەدات. هەروەها زێدەبوونی تەڵاق لە شار لەچاو لادێ راڤە دەکات، زێدەبوونی تەڵاق لە نێو ئافرەتانی کرێکار لەچاو ئافرەتانی بێکار لە ماڵەوە دەردەخات، کەوا ئەوانەی لە ژێر چەپۆکی مێردەکانیاندان، یان جوتیارە ئافرەتە کرێکارەکانی بێ کرێ لەژێر دەسەڵاتی پیاودا.

تێکڕای تەڵاقدان لە میسر(٢٢٥) ئاماژە بەوە دەکات، کە تێکڕای تەڵاقدان لە پارێزگای قاهیرە ٢،٩یە بۆ هەر هەزار کەس لە دانیشتوان و لە پارێزگای ئەسکەندەرییەش هەروا، کە بەرزترین رێژەی تەڵاقە لە میسر، کە گەورەترین دوو شاری میسرن و کۆمپانیا گەورەکان و پیشەسازی و فەرمانگە حکوومییەکانی تێدایە و گەورەترین رێژەی ئافرەتانی کرێکاری تێداەی. دواتر تێکڕای تەڵاق دێتە خوار بە رێژەی (١،٢) لە کفرلشێخ و (١،٣) لە سوهاج، و (١،٤) لە منوفیە، و (١،٩) لە دەقهلیە.

لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان لەوە باشتر نییە، بۆ نموونە لە سوریا، تێکڕای تەڵاقدان لە نێو ئافرەتانی کرێکار زیاترە لەوانەی لە بەخێوکردندا پشت بە پیاو دەبەست.

تێکڕای تەڵاقدان(٢٢٦) لە نێوان ئافرەتە سورییەکانی کرێکار ٢،٢٪ کەچی رێژەی تەڵاقدان لەنێوان ئافرەتەکانی دیکە ٠،٦٪، لە هەمان کات ئافرەتانی کرێکار کەم روو دەکەنە مێردکردن، بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتانی بێ کار لە سوریا، رێژەی شووکردوان لەنێو ئافرەتانی کرێکار ٤٦،٧٪، بەڵام لە ئافرەتەکانی دیکە ئەم رێژەیە دەگاتە ٧٨،٢٪، ئەوەشیان شتێکی سروشتییە، ئەو ئافرەتەی ناتوانێت نانی خۆی بە کرێی خۆی دابین بکات، کەچی کۆیلایەتی دەبێت وەك ئەو ئافرەتەی پێویستی بە مێرد هەیە کە نانی بۆ پەیدا بکات، یان لە تەڵاقدان دەترسێت نەوەك تاکە سەرچاوەی خواردنی لە دەست بدات.

ئەگەر بابەتی خۆراك جێبێڵی و باسی بابەتی سێکسی بکەین، یان پێداویستی ئافرەت بۆ لایەنە سێکسییەکەی، شووکردن تاکە ئامرازە بۆ سێکس کردن لە بەردەم ئافرەتی عەرەبیدا. تاکو ئەمڕۆ پەیوەندی سێکسی پێش شوکردن بە تەواوی قەدەغەیە بۆ کچی عەرەبی. لە هەمان کات دەستپەڕ قەدەغەیە و ناڕەوایە لەناو کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا. ئافرەتی بێ شوو، یان تەڵاقدراو، یان بێوەژن ناتوانێت سێکس بکات مەگەر شوو بکات، ئەگەر هیچ کەسێك

نەیخوازێت ئەوە بە پاکیزەیی، یان رەبەنی دەمێنێتەوە، دەشێ ئافرەت گوێ نەداتە ناوبانگ و پەیوەندییەکی ئازادانە ببەستێ، بەلاّم لەناو کۆمەڵگەی عەرەبی سوك دەبێت و وەك لەشفرۆشێك تەماشای دەکەن، بەلاّم ئەمڕۆ کۆمەڵگەی عەرەبی ژمارەیەکی کەم لەئافرەتانی کرێکار و سەربەخۆ لەڕووی دەروونی و ئاکاری تیایدا بەرچاو دەکەوێت، ئەوانەی توانیویانە نەچنە دەزگای هاسەری، یان تەلاّقی باوکسالاری، رێگایەکی ئازادانە لە ژیان هەڵدەبژێرن، کە بە ویستی ئەوان بێت و کۆمەڵگەش ناچار دەکەن رێزیان بگرێت و دانیان پێدا بنێت، بەلاّم زۆرینەی ئافرەتانی عەرەبی بۆ هێشتا پەنا دەبەنە بەر هاوسەری تێرکردنی جەستەیان، هێشتا لە وشەی تەلاّق دەترسن، لە ترسی دەربەدەری و زمانی خەڵکی و هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی خراپ لە مێردەکانیان قەبوڵ دەکەن، دەشێ هەندێکیان خزمەتی هەوێیەکەیان بکەن (ژنی دووەم، یان سێیەم، یان چوارەم) وەك ئەمڕۆ لە لادێی میسری روو دەدات، بەڵکو دەشێ (ژنە جوتیاری میسری بە خۆی بە دوای ژنێکی دیکە بگەڕێ بۆ مێردەکەی بۆ ئەوەی رازی بێت و کەمێك توند و تیژییەکەی کەم بکات، یان ژنە تازەکە کوڕی بوبێت، ئەگەر ئەو تەنیا کچی ببێت)، ئەو ئافرەتە عەرەبییەش کە کوڕی نابێت بەدبەختترین کەسە بەتایبەتی لەلادێ کەمترین شت کە رووبەڕووی دەبێتەوە، جەنگە پتەوەکەی مێردەکەیەتی، کە بە هۆ و بێ هۆ لێی دەدات، یان توڕە و بەرزەکەی مێردیەتی، بۆ سوکترین هۆ بەسەریدا هاوار دەکات و دەڵێت (هەر سێ تەلاّقم کەوتبێت) دەشێ ئافرەتەکە بگاتە ئەو رادەیەی بە تەلاّقدان رازی بێت، هەرچەندە رووت و برسی دەبێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو جۆرە مێردە بمێنێتەوە. لەو کاتیشدا دەرگاکانی تەلاّقی هەموو بەڕوودا دارخراوە بە یاسایەکی توند وتیژ، دادوەرێکی توند هەتا خێزانەکەشی لەگەڵی توندن بەتایبەتی لە لادێی عەرەبیدا. خێزان لە زۆربەی جاران تەنیا لە باوك و دایك و منداڵ پێکنایەت ( Nuslear Famely) وەك لەشار، یان کۆمەڵگە پیشەسازییەکانی پێشکەوتوودا وایە، بەلاّم لێرەدا خێزان ژمارەیان زۆرە، باپیر و داپیر و ژمارەیەك لە مام و خاڵ و خوشك و برا دەگرێتەوە، واتە خێزانی فرە ژمارە (Extended Famely) ئەم خێزانە فرەژمارانە هێشتا لەلایەن عەرەبدا باوە هێشتا بڕیاری ژنهێنان، یان تەلاّقدانی ئافرەت بە دەست ئەوە، لە هەردوو حاڵەتدا بەرژەوەندی خێزانەکە لەبەرچاو دەگرێ نەك ئافرەتەکە، دەشێ ژنەکە لە مێردێکی هەژار تەلاّق بدرێت بۆ ئەوەی بدرێتە پیاوێکی دەوڵەمەند، دەشێ هەندێك ژن بە هیچ شێوەیەك تەلاّق نەدرێ لەبەرئەوەی خێزانەکەی بەهەموو شێوەیەك دەیگەیەنێتەوە بۆ مێردەکەی،

**هەتا ئەگەر بە زۆری و بە لێدانیش بێت، بەتایبەتی ئەگەر خێزانەکە نەیدەتوانی منداڵەکانی بەخێو بکات، زۆر جاران ئەو هەموو کارە دڕندانەیە لە ژێر سێبەری بەها و ئاکاری ئایینی و مرۆییەکان جێبەجێ دەکرێت، هەروەها لە ژێر سێبەری ڕێژنەیەك لە وشەی گەورە گەورەی جوان و قەبە لە شەریعەتی ئیسلامەوە، هەروەها سەبارەت بە ئەرکەکانی ئافرەت لەڕووی گوێڕایەڵی و ڕێزگرتنی لە مێردەکەیی و پاراستنی خێزان و منداڵەکان. بەڵام پیاوی عەرەبی پاراستنی خێزان و منداڵەکان ناخرێتە ئەستۆی ئەو، لەگەڵ ئەوەی خێزان و منداڵەکە موڵکی ئەوە موڵکی ئافرەت نین، یاسا و شەرع و باو یارمەتی پیاو دەدات لە چەوسانەوەی ئافرەت، یاسا و شەرع ڕێیان داوە پیاوی موسڵمان چوار ژنی هەبێ بەیەکەوە، بەڵام پیاو دەتوانێت وا بکات لە چوار ژنی زیاتری هەبێت، شەرعیانەش لەسێبەری هەمان یاسا بەهۆی ژمێرە (العدە)و ئازادی تەڵاقدان و توانای پیاو لە گێڕانەوەی ژنەکەی پێش کۆتایی هاتنی ماوەی ژمێر (سێ مانگ). دەشێ پیاو چوار ژنی لەماڵەوە هەبێ، چوار ژنی دیکەش هەبێ لە ژمێرەکە ژنێك تەڵاق دەدات، لەم ژمێرەدا یەکێك لەوانەی ماڵەوە تەڵاق دەدات، بەم شێوەیە پیاو بۆی هەیە ژمارەیەکی بێ کۆتایی ژنی هەبێت، لە ڕێگای دەرکدنیان لە ماڵەوە و خستنیانە ژمێرە.**

**ئەم شێوازە لە کۆمەڵگەی سۆماڵی ئیسلامی لەنێوان چینی پیاوە دەوڵەمەندەکان پەیڕەو دەکرا، پاش ئەوەی کۆمەڵگە سیستەمی جاریە و کەنیزە و ئافرەتی بندەستەی نەهێشت، زۆر لە شێوەی هاوسەری و ناهاوسەری لەم جۆرە هەیە، کە لە ژێر سێبەری شەریعەدا ڕێی بۆ پیاوی موسڵمان کردۆتەوە، وەك ئەوەی ناسراوە بە (مارەیی مەجدار) لە سۆماڵ و وڵاتانی دیکەی ئیسلامی کە هاوشێوەی هاوسەری خۆشندەیی (المتعە) یان هاوسەری کاتی، هەروەها ئەوەی نساروە بە (دەستگیرانی نهێنی) ئەوەشیان واتای وایە پیاو بە نهێنی ژن بێنێت، بۆ ئەوەی ژنی یەکەم نەڕەنجێ، لەم حالچەتدا زۆر شتی سەیر دروست دەبێت کە هەردوو ژن لە شوێنێکدا بەیەك دەگەن، یان منداڵی ژنی یەکەم لەگەڵ دووەم بەیەك دەگەن. ئیسلام ڕێ دەدات ژنێکی ناموسڵمانیش بێنێت، بەڵام ڕێنادات ژنی موسڵمان مێرد بە پیاوی ناموسڵمان بکات. ژنهێنان لە خاوەن کتێبەکان ئەوانەی باوەڕیان بە کتێبە ئاسمانییەکانی دیکە هەیە جگە لە قورئان لە شەریعەتی ئیسلامدا چەسپاوە، هەرەوها لەڕووی پراکتیکییەوە هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ، بەڵام ئافرەتی موسڵمان تەنیا دەبێ مێرد بە پیاوی موسڵمان بکات، دەنا لە ئایین دەچێتە دەرەوە.**

لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا (هاوسەری شارستانی) وەك لە رۆژئاوا هەیە لێرە نییە. کۆمەڵگەی ئەوروپی لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازی و زانستی، توانی لە دەسەڵاتی کڵێسا رزگاری بێ کە زاڵ بوو بەسەر مارەبڕین، دانی بەو هاوسەرییە نەدەدا کە لە رێگای ئەو نەدەکرا. بەپێی ویستی کڵێسا نەدەبوو، واتە بەپێی ئەو برە پارەیەی سەپێندراوە وەك باجی هاوسەری، دەنا دانی بەو هاوسەرییە نەدەنا و مارەبڕینەکەی بەڕەوا نەدەزانی.
ئەوروپا کە لە دەسەڵاتی کڵێسا رزگاری بوو سیستەمی هاوسەری شارستانی دامەزراند، بۆ ئەوەی هەر کەسە کێی بوێ لە بنکەی کاروباری کەسی لە دادگا مارەی بکات بەبێ پابەند بوون بە ویستی کڵێسا، هاوسەری شارستانی لەو مەسەلانەیە، کە ئێستا لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا، هەروەها لە کۆمەڵگە جیاجیاکانی کە موسڵمان و ناموسڵمانی تیادایە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، هاوسەری شارستانی هێشتا لە ئیسلام قەدەغەیە، کە واتای وایە ئافرەتی موسڵمان ئازاد بێت مێرد بە کەسێکی ناموسڵمان بکات، هەر ئەوەشە ئیسلام ئەو مافە بە پیاو دەدات و لە ئافرەتی قەدەغە دەکات.
لە میسر جۆرە هاوسەریەك هەیە پێی دەگوترێت باو (العرفی) کە جۆرە هاوسەرییەکی رەوایە بەبێ مارەنامەی فەرمی، بەم شێوەیە پیاو بۆی هەیە مانگانەی ژنەکەی لە حکوومەت وەرگرێ، لەبەرئەوەی کە ژن مێرد دەکات یاسای میرسی مانگانەکەی قەدەغە دەکات. ژمارەیەك لە ئافرەتەکانی خزمی خۆم و هاوسێیەکانم دەناسم، ئەوانەی کە بە شێوەی باو مێردیان کردبوو، کە هەمیشە لە مێردەکەی دەترسا لە کۆتاییدا توشی ئەو چارەنوسە بووە، بەبێ هیچ ماف پارێزییەك، بەڵام ئافرەتی عەرەبی نوێ پێویستی بە پاراستنی کەس نییە، تەنیا خۆی نەبێت. مادام کار دەکات و پارەی کارەکەی وەردەگرێت کە سەربەخۆیی ئابووری و ئاکاری بۆ دابین دەکات. ئافرەتی نوێی عەرەبی بە کرێ کار دەکات لە میسر و سودان و سوریا و کوێت و تونس و لبنان و مەغریب و جەزائیر و یەمەن، بەڵکو لە سعودیەش. توانای هەیە کە لە هەندێك حاڵەتدا بە تەنیا بژیت، بەبێ مێرد شووکردن رەت بکاتەوە و توانای هەڵبژاردنی مێردی پەیدا کرد، یان رەتی دەکاتەوە ئەگەر بیەوێ و هێرش و رەخنەی کۆمەڵگە فەرامۆش دەکات، مادام خۆی خۆی دەژێنێت و مادام کارێکی بەرهەمهێنی هەیە خود و کەرامەتی خۆی پێ بەدی دێنێت. هەروەها هزرەکانی سۆشیالیزم لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بڵاوبۆتەوە کە زۆر لە عەقڵی پیاو و ئافرەتی گۆڕیوە، هەرچەندە لەزۆربەی کاتەکاندا وەك درۆشمێکی پوچەڵ بووە، بەڵام زایەڵە و کاریگەرییەکی هەبوو ئافرەتی عەرەبی هاندا

بۆتێکۆشان و بۆ ئازادی زیاتر، لەیەمەنی خواروو و عێراق و تونس و سۆماڵ هەندێ یاسای نوێ هەن کۆسپ دەخەنە بەر بزووتنەوەی ئافرەتی عەرەبی، بەلآم لە زۆربەی ولآتە عەرەبییەکان هاتنە دەرەوەی ئافرەت بۆ کارکردن بۆتە راستییەك، هەروەها زێدەبوونی بەردەوامی ژمارەی کچ و ئافرەتانی کە لە دامودەزگا و پیشەکاندا کار دەکەن زۆرتر بووە، هەرچەندە کارەکەیان بە تەواوی لەڕووی ئابووری ئازاد نەکردووە، هەروەها ئەگەر ژیانیان هێشتا ملکەچی لوجێکی پیاوە، بەلآم ناکرێ نکوڵی لەوە بکەین کە ئەو ئافرەتە کار دەکات و پاریە کارەکەی وەردەگرێت کاری کردۆتە سەر کەسایەتییەك و گۆڕیویەتی لە ناڵەباری ملکەچییەوە، بەرەو باشتر و بەرە بەرە رزگار دەبێت لە بەخێوکردن لەلایەن پیاوەوە.

هەرەچندە ئەم کاریگەرییە کەم بە هۆی ئەو گوشارەی کە ئافرەتی عەرەبی گەمارۆ داوە، کەچی ئەو کاریگەرییە رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندایە. هەندێك پیاو، ئەوانەی کە ئاگاداری گۆڕان و بەرەو پێشچوونی خێزانن لە کۆمەڵگەی عەرەبی، تێبینی ئەوەیان کردووە، کە ئافرەتی عەرەبی کرێکار، کەمتر بایەخ بە شووکردن دەدات و کەمتر لە تەلآقدان دەترسێت، بەهۆی دەسکەوتنی کرێیەك کە سەربەخۆیی ئابووری بۆ دابین دەکات دوور لە پیاو.

لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٦ لە میسردا بینا ك رێژەی ئەو کچانەی شوویان نەکردووە، بۆ ١٩,٧٪ بەرزبۆتەوە کە لە ساڵی ١٩٦٠ تەنیا ١٢,١٪بوو، هەروەها رێژەی ئەوانەی شوویان کردووە لە ساڵی ١٩٧٦ کەمبۆتەوە بۆ ٦٤,٧٪، کە لە ساڵی ١٩٦٠ ٦٧,٥٪بوو. لە تونس سەرژمێرییەك ئەنجامدرا، پاش تێپەڕبوونی دە ساڵ لە جێبەجێکردنی یاسا نوێیەکە کە یەکسانی لەنێوان ژن و مێرد دابین دەکات لە مافی تەلآدان لەبەردەم دادگا، دەرکەوت کە رووداوەکانی تەلآق(٢٢٧) زیادی کردووە هەروەك چۆن رێژەی تەلآقدان زیادی کرد لە نێوان ئافرەتی کارکەر بە کرێ، لەگەڵ ئەو ژنانەی لە ماڵەوە بەندن. زۆر لە پیاوانی عەرەب لەو دیاردەیە ئاگادارمان دەکەنەوە، بە دیاردەی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەری ناوی دەبەن، کە هەڕەشە لە کۆمەڵگەی عەرەبی دەکات وەك چۆن هەڕەشەی لە کۆمەڵگەی رۆژئاوای پێشکەوتوو کرد. "بەبڕوای ئەوان کۆمەڵگەی پیشەسازی لە شێوازی کۆن کە باڵادەستی پیاو بوو، گۆڕا بۆ شێوازی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو. ئەو یەکسانییە یەکێکە لە هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەری، مادام مێرد لە کۆمەڵگەی کۆندا هەست دەکات کە باڵاترە لە ئافرەت، لەبەر بەرپرسیاریەتی ئاکاری خۆی وای لێدەکات بیپارێزێت، بۆیە زۆر راڕابوو پێش هەڵوەشانەوەی هاوسەری بە تەلآقدان، ئەو بۆچوونەی راستە. ئایا ئەو ئافرەتەی کە دەتوانێت بەخۆی خۆی بژێنێت بۆچی

ناچار دەبێت، ملی کەچ و زەلیل بێت، لەنێو هاوسەریی و خێزانی باوکسالاریدا؟!(٢٢٨) زۆر لە پیاوانی عەرەب هەول دەدەن رێ لەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە بگرن، گۆڕانکاری ئابووری کە ئافرەتان زیاتر هان دەدات، بەرەو کارکردن لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و پیشەسازی و بازرگانی و پیشە جیاجیاکاندا بچێت، بەڵام شەپۆلی چوونە دەرەوەی ئافرەت بە هێزترە، هیچ هێزێك نییە ئافرەت بگەڕێنێتەوە ناو ماڵ، لەو راستییە بەرچاوانەی کە خێزانی گەورەی کۆنی عەرەبی، زۆر لە ئەرکەکانی خۆی بۆ دامودەزگاکانی دەوڵەت، واز لێهێناوە کۆمەڵگەی عەرەبی وەك هۆزی باوکسالاری نەماوە، دەوڵەت زۆر لە دەسەڵاتی باوکسالاری لە خێزان سەندەوە، ئەرکەکانی خێزان بەردەوام کەمدەبێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی پیاو لە خێزان کەمدەبێتەوە. پیاوی عەرەبی کە پاراستنی خێزانەکە و ئاسایشی خێزانەکەی لە ئەستۆدا بوو، ئەمڕۆکە دەوڵەت دەزگای ئەمن و پۆلیسی هەیە کە پارستن و ئاسایش و سزادانی بکوژان لە ئەستۆ دەگرێت، یەك لەو ململانێیانەی کە هەتا ئێستاش بەردەوامە لەنێوان پیاوان و دەوڵەت، ململانێیە لەسەر تۆڵە سەندنەوە کە هێشتا لە ناوچەی (صعید) لە میسردا ماوە، ئەگەر پیاوێك لە خێزانێکی سعێدی کوژرا ئەوا دەبێ بکوژەکە بکوژرێتەوە، یا هەر پیاوێکی دیکە لە خێزانەکەی، تۆڵەسەندنەوە لای عەرەب پەیوەندی بە ئافرەتەوە نییە وەك ئەوەی ئافرەت کەسی راستەقینە نەبێت، تەنیا وەك شتێکی لابەلا وا بێت لە خێزاندا. دەشێ ئافرەت هۆکاری ناکۆکییەکە بێت کە دواتر دەبێتە هۆی تۆڵەسەندنەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك نابێتە (خوێن) کە داوای قەرەبووکردنەوە، یان تۆڵەسەندنەوە بکەن، پیاوی میسری سعێدی هێشتا لەو باوەڕەدایە، نەنگیە پۆلیسی دەوڵەت تۆڵەی بۆ بسەنێتەوە، سەربەرزی لەوەدایە پیاو بەخۆی تۆڵەی خۆی بسەنێتەوە، بێ ئەوەی پێویستی بە دەزگای ئەمنی دەوڵەت هەبێت. لەو ململانێیانەی کە هێشتا بەردەوامە لەنێوان دەسەڵاتی مێرد و دەسەڵاتی دەوڵەت کاری ئافرەتە. ئەوەشمان رونکردەوە لە نێوان دەسەڵاتی مێرد و دەسەڵاتی دەوڵەت کاری ئافرەتە. ئەوەشمان روونکردەوە کەوا چۆن یاساکانی کار ناکۆکن لەگەڵ یاساکانی هاوسەری لە بارەی ئەو شتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خێزانی باوکسالاری کەم کەم واز لە ئەرکە کۆنینەکەی دێنێت، وەك بەرهەمهێنان و یاسادانان و فێرکردن و سزادان و رێکخستنی خێزان و شتی دیکەش.(٢٣٠)

دیاردەکانی کۆمەڵگەی رۆژئاوای پیشەسازی پێشکەوتوو، ئاماژەن بۆ لەناوچوونی خێزان وەك چۆن ئەو ئەزموونە بەردەوامانەی وەچەنانەوەی دەستکرد، بنچینە پاشماکییەکەی خزمایەتی

و پەیوەندی خوێن هەڵدەوەشێتەوە، بە هەمان شێوەش خێزان لەناو دەچێت. زۆر شێوەی هاوسەری هەیە جۆری نایاسایشی، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان پیاو و ئافرەتان خۆی بۆ خۆی یاسا و بنەمای نوێ دادەڕێژێت، هەموو ئەوانە ئاماژەن بۆ ئەو دیاردەیە، کەخێزانی گەورە، یان گچکەی باوکسالاری لە کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکان، یان پێشکەوتووەکان دامودەزگای خاوەن بەها و پێوەری ناجێگیرن.(٢٣١)

ئەوەش راستییەکە ئاشکرا بێت لە پێش چاوی ئەو پیوە عەرەبانەی، کە باوەڕیان وایە خێزان جێگیر و پیرۆزە، هەر لە ئەزەلەوە و هەتا هەتایی و هەر دەسکارییەك بەرخێزان بکەوێت، ئەوا دەسکارییە لە موقەدەس و ئایین دەکەوێت.

ئایین رۆڵێکی گەورەی هەیە لە پاراستنی خێزان لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، بەڵام ئایین نەیتوانی رێگە لە دەوڵەت بگرێت کە زۆربەی دەسەڵاتەکانی پیاوی لە ناو خێزاندا وەرگرتووە. لە کۆمەڵگەی پیشەسازی پێشکەوتوودا، ئایین لە دەوڵەت جیا کراوەتەوە و دەسەڵاتی کڵێسا پاشەکشەی کرد لە بەردەم هەڵمەتی پیشەسازی و سەرمایەداری، کە زۆر لە شتە پیرۆزەکانی مەسیحی و دەرەبەگایەتی لە ناو برد. بەڵام لە وڵاتە عەربییەکان و ئیسلامییەکاندا هێشتا ئایین لە دەوڵەت جیا نەکراوەتەوە، ئەوە یەکێکە لەو هۆیانەی کە زۆر لە هزرمەندانی عەرەب دوور دەکاتەوە لە رەخنەی زانستی، یان شیکاری بابەتیانەی خێزان و ئەو گۆڕانکارییە بەرچاوانەی بەسەریدا هاتووە، لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان هێشتا ئازادانە بیرکردنەوە لە ئایین قەدەغەیە، هەروەها بیرکدنەوەی ئازادانە لە فەرمانداری و سیاسەت. زۆربەی بزوتنەوە چاکسازییەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلام ئەو خاسیەتەیان هەیە کە کاکڵی مەسەلەکان ناگۆڕن، بەڵکو گۆڕانێکی رووکەشانەیە.

ئەوەش ئینکار ناکرێت کەوا زۆر لەو چەمکانەی سەبارەت بە ئیسلام، باو بوون لە کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامیدا، بەردەوام گۆڕانیان بەسەردا هاتووە لە رێگەی بزوتنەوەی نوێگەری و کۆششی رۆشنگەری، لە سەردەستی پێشەنگەکانی وەك سید ئەحمەد خان (١٨١٧-١٨٩٨) لە هند و پاکستان، حاجی سالم (١٨٨٤-١٩٥٥)، قاسم ئەمین (گشت ئەمانە لە وڵاتانی عەرەبیدا)، نامیق کەمال (١٨٤٠-١٨٨٨)، تۆفیق فیکرەت (١٨٧٠-١٩١٥) لە تورکیا، حوسێن عەلی رەشید لە ئێران، هەروەها لەسەر دەستی سەرکردە سیاسییە هزرمەندەکانی وەك لە پیاوانی موسڵمان، ئیقبال (١٨٧٦-١٩٣٨)، جەمالەدین ئەفغانی (١٨٧٤-١٨٩٧).

بەڕای من تەها حوسێن لە میسردا، لە هەمووان ئازادتر و قوڵتر بوو لە هزرەکەی، بەڵام لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە بە خوانەناسی تۆمەتبار کرا، ناچار هەندێك پاشەکشێ کرد و هەوڵی دا بیر و بۆچوونەکانی بگۆڕێت. چەکی (خوانەناسی) چەکێکی بەهێزە لە کاتی پێویست بەکاردێت بۆ تۆقاندنی هەر هزرمەندێکی ئازاد و بیرقوڵ، ئەم چەکەش لە چەندان دەستدایە گرنگترینیان دەستی ئەوانەیە کە سامانی گەلانی عەرەبی لە ناوەوە، یان لە جیهانی رۆژئاوادا تالآن دەکەن. بەڵام ئێستا هزری عەرەبی ئازادترە لە پێشاندانی رەخنەگرتن، لە گیروگرفتەکان و ئەو زۆردارییەی کە زۆرینەی هەرەزۆری ئافرەتان و پیاوان تێیدا دەژین. هەروەها ئافرەتی عەرەبی ئازاترە لە رووبەڕووبونەوەی کۆمەڵگەی ئافرەتی عەرەبی ئەمڕۆ، ئەوە دەزانێت کە ئازاد بوون یەك واتای هەیە ئەوەیش لە دەستدانی کۆت و بەندەکانیەتی.

بەڵام ئازادی باج و نرخی خۆی هەیە، ئافرەتی عەرەبی ئافرەتی ئازاد دەیدات، لە تەندروستی و پشوو نواڕینی دوژمنانەی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت، بەڵام ئافرەت باجی کۆیلایەتی و ملکەچی لە تەندروستی و کەسایەتی و پاشەڕۆژی خۆی دەدات، بەڵام ئازاد بێت نەك باجەکە بدات و هەر کۆیلە بێت. بە رای من ئەو بەهایەی کە ئافرەت لە کۆیلایەتی دەیدات (هەرچەندە رەزامەندی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەگەڵە) زۆر سەخترە لەو بەهایەی کە لە ئازاد بوون دەیدات، هەرچەندە رووبەڕووی هەڕەشە و دوژمنکاری کۆمەڵگەش دەبێتەوە. بێگومان دەستخستنەوەی خۆیی و کەسایەتییەکەیی و مرۆییەکەی بە تەواوی گرنگترە لە رەزامەندی کۆمەڵگەی باوکسالاری لە ئافرەت.

سەرکەوتنی ئافرەت لە هزردا لە کاریچکی داهێنەردا لە کۆمەڵگەی گەورەدا، زۆر گرنگترە لە سەرکەوتنی لە چێشتلێنان و قاپشۆرین و خزمەتی خێزان، پێویستە خوازیاری ئافرەتی عەرەبی لەوە زۆرتر بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لەو بوارە هزرییەی کە هەڵێدەبژێرێت سەرکەوتوو بێت و پێبگات، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتی عەرەبی بەرەو ئازادی دەڕوات، هەرەچندە بە هەنگاوی لەسەرخۆش بێت، بەڵام هەنگاو دەنێت ئەوەشیان راستییەکی گرنگە و فەرامۆش ناکرێت، ئەوەی ئەمڕۆ لە شەقامەکانی قاهیرە، یان دیمەشق، یان بەغدا، یان تونس، یان جەزائیر، کرێکار دەیبینێت لە بوارە جیاجیاکاندا کە لە پێشدا تەرخان بوو بۆ پیاوان، ئافرەتان بە هەنگاوێك دەڕۆن، هەرچەندە بە تەواوی جێگیر نییە، دەشێ راڕا بێت لە نێوان بەردەوام بوون لە کارکردندا، یان خۆتەرخان کردن بۆ ماڵ و مێرد، دەشێ هەندێکیان، یان زۆریان قوربانی بە ئایندەی فکری خۆی بێنێت، لە پێناو ماڵ و مێرد و منداڵەکانی. بەڵام

هەندێکیان هەرەچەندە کەمیشن لە پێناو ئایندەی فیکری و زانستانە. توانیان قوربانی بە مێردیان بدەن.

ئافرەتی عەرەبی لە سەریەتی ئازاد بێت و هەڵوێستی ئازایانەی هەبێت، لە پێناوی ژیانی تایبەتی و گشتی خۆیدا. پێویستە خۆی بکاتە مرۆڤێك کە عەقڵی هەیە و بیر دەکاتەوە، بەرهەم دێنێت پێش ئەوەی زێ و منداڵدانی هەبێت. پێویستە درك بەوە بکات کە ئەرکی سەرەکی ئەو لە ژیاندا بەرهەمهێنانی فکریە لە هەر چ بوارێك بێت. پێویستە لەسەر ئافرەت بەرەنگاری ئەو لۆجیکە بێتەوە کە دەڵێ پیاو بۆ بەرهەمهێنانە و ئافرەتیش بۆ تێبردن، ئەوەی کە بەرهەم دێنێت مرۆیی ترە و سەرفرازتر و بەهادارترە لەوەی کە تێدەبات. لە سەریەتی بەرەنگاری ئەو لۆجیکە بێت کە دەڵێت پیاو ئارەزووی سێکسی بەهێزترە لە هی ئافرەت، یان ئەو ئیجابیە و ئافرەت سلبیە.

پێویستە لەسەری بەرەنگاری ئەو لۆجیکە بێت کە دەڵێ، هۆی سەرەکی ستەملێکردنی و دواکەوتنی ئایینی ئیسلامە، یان رۆشنبیری رۆژهەلاتییە و لەبەرئەوەی رۆشنبیری رۆژئاوایی و مەسیحیەت و ئایینە نێرینەگەرییەکان، کەمتر ستەم لە ئافرەت ناکەن، بەڵکو ستەمیان لە ئیسلام زیاترە لە ئافرەت. زۆر گرنگە کە ئافرەتی عەرەبی مێژوو بخوێنێ، هەروەها کۆمەڵگەی دایکسالاری پێش مەسیحایەتی و یەهودیەت بخوێنێ، بۆ ئەوەی بزانێت ئافرەت چۆن خاوەن ئازادی بوو لە بەرهەمهێنان و کارکردنندا، هەروەها چۆن لە جیهانی بەرهەمهێنان و جیهانی پیاوان و ژیانی کۆمەلایەتی دوورخرایەوە، گرنگە ئافرەتی عەرەبی ئەو لەیەکچوون و جیاوازییەی نێوان ئایینەکان بخوێنێت بۆ ئەوەی بزانێت. ئەم جیاوازییانەی نێوان ئایینەکان سەبارەت بە ئافرەت، شتێکی گرنگ و کاکڵ نییە. بەڵکو ئەم جیاوازییە هەتا لەیەك ئاینیشدا لە ولاتە جیایاکاندا هەیە. ئیسلام لە هیندستان جیاوازە لە ئیسلام لە پاکستان لە پاکستان ئەویش جیاوازە لەتونس، یان مەڕاکیش، یان سعودیە. هەر کۆمەڵگەیەك ئایینی بە پێی باری ئابووری و بە پێی گۆڕانی سیستەمی فەرمانداری خۆی لێکدەداتەوە، زۆر گرنگە ئافرەتی عەرەبی بزانێت، کەوا ئافرەت ئەو مافانەی کە لە دەست داوە و ملکەچ بووە هیچ هۆی ئایینی نییە، پەیوەندار بێت بە ئیسلام، یان مەسیحیەت، یان هەر ئاینێکی دیکە، بەلام ئافرەت مافەکانی خۆی لەدەست دەدا لە ئاکامی هۆگەلێکی ئابووری پێوەندیدار بە گۆڕانی یستەمی دایکسالاری بۆ سیستەمی باوکسالاری چینایەتی، زۆر گرنگە ئافرەتی عەەربی ئاینە کۆنەکان بخوێنێت وەك لە میسر و هیند و یۆنان هەبوو. هەوڵ بدات بزانێت چۆن بیرۆکەی خودا

پەیوەندیدار بوو بەئافرەت زیاتر لە پیاو، خوداوەندە مێینەکان هێما بوون بۆ زانین و هۆشمەندی و چاکە و خۆگوزەرانی و بەرهەم. زۆر گرنگە کە ئافرەتی عەرەبی دووبارە لە چیرۆکی ئادەم و حەوا بکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت حەوا پەیوەندیدار بوو بە زانین، حەوا بوو لە داری زانینی خوارد (بەپێی دەقی تەورات) زانینی پێش ئادەم دەسکەوت، ئیزیس خوداچەی میسری کۆن خواچەی زانین و ئافراندن بوو، هەر ئەویش بوو ئۆزیسی دروست کرد ئەو خواچەیە، یان (ئەسینا) لەسەری زیوس پەیدا نەبووە. گرنگە ئافرتی عەرەبی بزانێت بۆ چ ئەو ئەفسانە مێژووییانە بە پێچەوانە راڤەکراون، بە شێوەیەك ئافرەتی وا پیشان داوە کەوا کەمزانە و کەمهۆشە، مێردەکەی هۆشی ئەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بزانێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆر راستی ون بوون، لە بەرچی خواچەکان لە شارستانیەتی ئەمڕۆدا نەماون.

زۆر گرنگە ئافرەتی عەرەبی هەست بەکەمزانی خۆی نەکات لەبەردەم ئافرەتانی رۆژئاوایی، یان وا گومان ببات کەوا کەلتوور، یان رۆشنبیری رۆژهەلآتی، یان رۆشنبیری عەرەبی چەوسێنەرترە بۆ ئافرەت لە رۆشنبیری رۆژئاوایی، کەلتوورمان زۆر لایەنی لەبار و نالەباریشی تێدایە، هەروەها زۆر لایەنی پێویستە ئافرەتی عەرەبی لە کەلتووری بکۆڵێتەوە. لە مێژووی عەرەب و لە سەرەتای ئیسلامدا زۆر هزری پێشکەوتوو هەبوون لە روانینی ئافرەت زۆر هزری دژەئافرەتیشی تێدا بوو کە پێویستە رەخنەی لێبگیرێت و بابەتیانە و زانستیانە والآی بکات، بێ ترس لە دەستدان لە پیرۆزییەکان، یەکەم پیرۆزی لە ژیاماندا مرۆڤە، مرۆڤ ژن و پیاوە. یەکەم پیرۆزیشی ئەوەی سەرەتای ئافرەت مرۆڤ بێت. مرۆڤێکی هۆش و جەستە تەواوە.

یەکەم دەستدرێژیش دەستدرێژییە بۆ سەر ئافرەت، بە ریشەکێشکردنی هۆش و بانگەشەکردن بۆ ئەو رایەی دەڵێت بێ هۆشەن یان کەمهۆشە، یان بڕینی پارچەیەك لە جەستەی وەك بڕینی پارچەیەك لە ئەندامی سێکسی لە جەستەی ئافرەت، بەناوی دابونەریتی خەتەنەکردنی باو لە هەندێ لە کۆمەڵگەکانمان. ئەوە یەکەم دەستدرێژیە لەسەر پیرۆزییەکان و دەستدرێژییە بۆ سەر مرۆڤی ئافرەت و کردنی بە ئامرازی سك و زا، یان سێکسی، یان خزمەت، یان ئامرازی تێبردن.

گرنگە ئافرەتی عەرەبی سیاسەت و ئابووری بخوێنێت سەرەڕای مێژوو، بە دوای بزوتنەوەکانی ئازادیخوازی لە ولآتانی عەرەبی و ناعەرەبیدا بچێت، بۆ ئەوەی بزانێت جەنگەکانی رزگاری میللی ئازادی ئافرەت خێراتر دەکات.

جەنگی رزگاری لە جەزائیر زۆر لە گیروگرفتەکانی ئافرتی جەزائیری خستەڕوو، دۆزینەوەی هەندێ ڕێگاچارەی راگەیاند بۆ ئازادکردنی ئافرەت لە جەزائیردا.

جەنگی رزگاریخوازیی فەڵەستین وا دەکات، ئافرەتی فەڵەستین هەموو کارەکانی دەرەوەی ماڵ بکات، هەتا بە جەنگ و کوشتاریشەوە. پێویستە ئافرەتی عەرەبی ئەوە بزانێت، کێشەی ئازادی ئافرەتی عەرەبی کێشەیەکی ئیسلامی نییە و کێشەیەکی ئازادی سێکسی نییەن دوژمنداری نییە لەگەڵ پیاو، دژی دابونەریتی رۆژهەڵاتی نییە، لە بنجدا کێشەیەکی سیاسی ئابوورییە، دژی رژێمە داگیرکارەکانە لە ناوچەی عەرەبی و لە دەرەوەی جیهانی عەرەبیدا، دژی هەموو جۆرە کۆت و چەوساندنەوەیەکی ئابووری و سێکسی و کۆمەلأیەتی و رۆشنبیری و ئاکارییە.


سەرچاوەکانی بەشی سێیەم

١٩١- (نجيب محفوظ) خانی خليل، مكبه مصر، ل٤٠.

١٩٢- (عباس العقاد) محمد عبدة، طبعة التربية و التعليم، لە ميسر، ل٢٩٩.

١٩٣- (سلامه موسی) پێشەکی سەبرمان، طبعة سلامة موسی، قاهیرە، ل٢٩.

١٩٤- (مجدی ناصف) شوێنەواری لێکۆڵەری دەوارنشین، طبعة المءسسة المصرية، ل٣٥.

١٩٥- (إبراهيم عبده) پەرەپێدانی شوڕشی ئافرەتان، قاهیرە، الاداب، ١٩٤٥، ل١٢.

١٩٦- (طاهر المطناحی) کاتژمێرەکانی دوایی، ل١١١-١١٢.

١٩٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٩٨- (عبدالرحمن الرافعی) بە دوای شۆڕشی میسری، بەشی یەکەم، مكتبة النهضة المصرية، قاهیرە ١٩٥٩، ل٢١١، (دريه شفيق) ١٩٥٥، ل١١٩.

١٩٩- محمد أنيس، السيد رجب حراز، پێشکەوتنی سیاسی لە کۆمەڵگەی میسری نوێ، قاهیرە، ل١٩٠-١٩١.

٢٠٠- (أحمد عزت عبدالكريم) ێرکردن لە کاتی موحەمەد عەلی، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٣٨، ل٢٩٧.

٢٠١- ابراهيم عبده، دريه شفيق، پێشکەوتنی شۆڕشی ئافرەتان لەکاتی موحەمەد عەلی بۆ کاتی فاروق، قاهیرە، الاداب، ١٩٤٥، ل٤١.

٢٠٢- (زینب فرید) پێشکەوتنی فێرکردنی کچان لە میسر لە چاخی نوێدا، نامەی ماجستێری بڵاونەکراوە، کلیە التربیە، ١٩٦١.
٢٠٣- ئافرەتی میسری لە بست ساڵدا (١٩٥٢-١٩٧٢)، للتعبئة العامة و الاحصاء، ل٥١-٧٢.
٢٠٤- یەکێتی گشتی ئافرەتان، (لجنە لدراسات المرکزیە) ئافرەتی عەرەبی لە سوریا، ل٤٩، بەپێی ژمێریاری وەزارەتی تەختیتی سوری ١٩٦٨.
٢٠٥- رۆژنامەی (الاخبار) قاهیرە، ١٢ یەنایر.
٢٠٦- نصار، مافی ئافرەت لە شەرعی ئیسلام و دەوڵەت، دار النشر و الثقافة، ئەسکەندەریە، میسر ١٩٥٧، ل١٤٧.
٢٠٧- یاسای (المعاشات المصری) ژمارە ٦٢، ساڵی ١٩٧١.
٢٠٨- (أحمد خیرت) پێگەی ئافرەت لە ئیسلام، دار المعارف، قاهیرە، ١٩٧٥، ل٦ (علی عبدالواحد وافی) ئافرەت لە ئیسلام، مکتبە غریب، قاهیرە، ١٩٧١، ل١٣.
٢٠٩- (سنیە خلیل) کاری ئافرەت و شوێن پێی لە پێکهێنانی خێزان و ئەرکەکانی، ماجستێر بڵاونەکراوەتەوە، جامعە الاسکندریە، ١٩٦٣، ل٥٤٧.
٢١٠- (کامیلیا عبدالفتاح) سایکۆلۆژیای ئافرەت بە گشتی، مکتبة القاهرة الحدیثة، ١٩٧٢، ل١٨٤.
٢١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦.
٢١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢.
٢١٣- لە ژمێریاری ٦٦ لە میسر بریتی بوو لە (١٠,٥٦٣,٣٥٨) رێژەی نەخوێندەواری بریتی بوون لە (٨,٣٣٥,٢٩٠) واتا رێژەی نەخوێندەوار لە نێو ئافرەتە میسرییەکان ٧٨,٩٪، لە ژمێریاری ١٩٧٦ دابەزیە ٧١٪ لە نێو ئافرەتان.
٢١٤- یەکێتی گشتی ئافرەتان، ئافرەتی عەرەبی لەسوریا، لامگبعە و الجریدە الرسمیە، ل٢٨.
٢١٥- ئەو پرۆژەیە لە گۆڤاری (الاهرام) بڵاوکرایەوە، قاهیرە ٢٩ فبرایر ١٩٧١.
٢١٦- گۆڤاری (أخبار الیوم) قاهیرە ٢٦ یولیو ١٩٧٥، ل١٠.
٢١٧- Feminsm and Socidlism The Family: by Dinne Feely P.85 (path Finder Press- N.R. 1972)
٢١٨- گۆڤاری (کلیة الحقوق للمباحث القانونیة و الاقتصادیة) ساڵی یەکەم، ژمارە یەك لە قاهیرە دەرچوو ساڵی ١٩٤٥.
٢١٩- (القرأن) سورەتی (النساء) ئایەتی (٣).

٢٢٠- (محمد بن سعد)، چینە گەورەکان، ل٣٦.

٢٢١- (محمد بن سعد) چینە گەورەکان، دار التحریر، قاهیرە، ١٩٧٠، ل١٣٤-١٣٥.

٢٢٢- بڕوانە گۆڤاری (الاخبار الیوم) کە لە ٦ی مارسی ١٩٧٦ دەرچووە، لاپەڕەی دەیەم لە ژێر ناونیشانی، چووە کۆبوونەوەی باوکان، ژن و منداڵەکانی لە ماڵ دەرچوون.

٢٢٣- بڕوانە گۆڤاری (الاخبار) ١٩٧٥/٩/٢١، لاپەڕەی شەشەم.

٢٢٤- بڕوانە: (صحیح الخباری) بەشی ٨، ل٦٥، (عبدالله عضیفي) ئافرەتی عەرەبی لە نەزانینی و ئیسلامیدا بەشی دووەم، ل٦٠.

٢٢٥- بڕوانە: بڕیارەکانی باری کەسی لە ەریعەتی ئیسلامیدا، (عبدالوهاب خلاف) چاپخانەی (دار الکتب المصریە) چاپی دووەم ١٩٣٨، ل١٦٥.

٢٢٦- ئافرەتی میسری لە بیست ساڵدا (١٩٥٢-١٩٧٢) ناوەندی توێژینەوە و شیکردنەوەی دانیشتوان (الجهاز المصري للتعبئة العامة و الاحصاء).

٢٢٧- (لامکتب المرکزی اللاحصاء) دیمەشق، ئافرەتی کرێکار بە زمانی ئامار، زنجیرەی توێژینەوە ٢٠، دیمەشق ١٩٧٠، ل١١- ٢٩.

٢٢٨- (الشیخ عبدالحمید السائح) ئیسلام وێکخستنی خێزان، یەکێتی جیهانی بۆ ڕێکخستنی باوکایەتی، ١٩٧١، بەشی١، ل١٧٥.

٢٢٩- لە ڕۆژنامەی (الدستور)ی ئوردونی گواستراوەتەوە لە ژمارەی دەرچووی ١٩٧١/٩/٨، (الشیخ عبدالحمید السائح) ئیسلام و ڕێکخستنی خێزان، یەکێتی جیهانی بۆ ڕێکخستنی باوکایەتی ١٩٧١، بەشی١، ل١٧٥-١٧٦، (المکتب الاقلیمي للشرق الاوسط وشعان افریقیا) بەشی یەکەم، ل١٧٥.

٢٣٠- (سید محمد ظفار) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٨.

٢٣١- (صلاح قنصوە) ئەگەرەکانی نەمانی دەزگای خێزانی لە کۆمەڵگەی دەوڵەت، کلیە الاداب، لە زانکۆی (ضعاء) توێژینەوەیەك بۆ ئەڵقەیەکی خوێندن پێشکەش کراوە لەسەر خێزان و خزمایەتی لەکوێت (٢٧-٣٠ نۆڤەمبەری ١٩٧٦).

بەشی چوارەم

- دەستدرێژی کردنە سەر منداڵە کچ

- دادپەروەریی دادپەروەر نییە

- نائاکاری لە بەها ئاکارییەکاندا

- لەباربردن و گیروگرفتی وەچە

دەستدرێژی کردنە سەر منداڵە کچ

هەموو منداڵەکان کە بە تەندروستی لەدایك دبەن، هەست دەکەن (تەواون) جگە لە منداڵی کچ نەبێ، هەر لە دایکبوونیەوە هەتا پێش ئەوەی دەنگی لێوەبێت، لە روانینی ئەوانەی دەوروبەری هەست دەکات کە (ناتەواوە)، یان (بە کەموکورتی) لەدایك بووە، ئەو پرسیارە تا مردن لە مێشکیدا دەخولێتەوە ئەویش پرسیاری بۆ؟ بۆ برایە کوڕەکە لەگەڵ ئەوەی وەك ئەوە بە باشتری دەزانن، هەرچەندە ئەو منداڵە کچە کە خۆی بە توانتر بزانێت لە زۆر، یان کەم لە لایەنەکانی ژیان، یەکەم دەستدرێژی کردنە سەر منداڵی کچ لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا خراپ پێشوازی کردنی بوونیەتی بۆ ژیان. لە هەندێك خێزانی بەتایبەتی لە لادێدا ئەو پێشوازی نەکردنە دەگاتە رادەی خەمۆکی و خەمباری، یان سزادانی دایك بە تەلاقدان، یان لێتوڕەبوون، بەڵکو لێدانیش. بە چاوی خۆم بینیم مامۆژنێکم مێردەکەی بە شەق لێیدا لەبەرئەوەی کچی سێیەم بوو، کوڕی نەبوو. گوێم لێبوو مێردەکەی هەڕەشەی لێدەکرد جاری بێ کچت ببێت. لەبەرئەوەیزۆر رقی لە کچە تازەبووەکە دەبۆوە، ئەگەر دایکەکە بایەخی پێدابوایە، یان شیری بدایا تا تێربوون جنێوی بە دایکەکە دەدا، ئەو کچە تەنیا چل رۆژ ژیا و مرد، نازانم بە هۆی کەمتەرخەمی دایکەکە بوو، یان دایکەکە هەناسەی بڕی بۆ ئەوەی لە کۆڵ ئەو چەنە چەنە ببێتەوە. هەتا ئێستاش رێژەی مردنی منداڵی شیرەخۆرە لەلادێدا بەرزەن هەروەها لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکندا بەهۆی نزمی ئابووری و رۆشنبیری، ئەم رێژەیە لە نێو منداڵانی کچ زۆرترە وەك لەوەی نێرینە، هەندێك جار بە هۆی فەرامۆشکردنە، بەڵام ئەم دیاردەیە لەگەڵ بەردەوامی پێشکەوتنی ئابووری و رۆشنبیری نامێنێت،(٢٣٢) دەشێ منداڵی کچ لە خێزانە نەخوێندەوارەکان لە شارە عەرەبییەکاندا پێشوازییەکی باشتری لێبکرێت و مرۆییانەتر بێت، بەڵام هەر لەو کاتەی گاگۆڵە دەکات، یان دەڕوات وا پەروەردە دەکرێ، کە ئاگادار بێت و بترسێت. منداڵی کچ رووبەڕووی نەسازی کۆمەڵگە دەبێتەوە، لەو کاتەیدا کە وریا دەکرێتەوە، تا ئاگاداری ئەندامە سێکسییەکانی بێت و وریا بێت لە سێکس و هەموو شتێکی پەیوەنددار بێت، فێر دەکرێت چۆن تەنیا جەستە بێت و ئەم جەستەیە بڕازێنێتەوە و داپۆشێت، یان رگوتی کات و پیاوی پێ راکێش بکات، ئەو پەروەردەیەی کە کچ لە کۆمەڵگەکەمان وەریدەگرێت، زنجیرەیەکی تێکبەستراوە لە قەدەغە و نەنگی و ناڕەواکان. منداڵەکە خواست و ئارەزووەکانی خەفە دەکات، ویستی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە، ئارەزووەکانی

کەسانی دیکەی دەخاتە شوێنی پەروەردەکردنی کچن لە ڕاستیدا کوشتنێکی لەسەرخۆی کەسایەتی و هۆشی کچەکەیە. کچەکە دواتر تەنیا بەرگی دەرەوە جەستە دەمێنێتەوە، ئەم کچەی کەسایەتی خۆیی و توانای بیرکردنەوەی لەدەست داوە، کە هۆشی خۆی لە دەست داوە بە هۆشی کەسانی دی بیر دەکاتەوە و دەبێتە بوکەڵەی دەست کەسانی دی، زۆربەی جاران دەبێتە قوربانی کەسانی دی.

کەسانی دی کێن؟ پیاوانی خێزانەکەی، یان خێزانانی ترن ئەوانەی کە بارودۆخ وا دەکات هاموۆیان بکات بە هەر هۆیەك بێت، ئەم نێرینانەش بە جیاوازی تەمەنیان لە منداڵیەوە هەتا پیری، قوربانی کۆمەڵگەیەکی هەردوو ڕەگەز لێك جیا دەکاتەوە و بە چاوی گوناه و نەنگی تەماشای سێکس دەکات، نەوجەوانان و لاوان قەدەغە دەکات (ئەوانەی بارودۆخی ئابووریان هێشتا لەبار نییە) کە سێکس بکەن تەنیا لە نێو خەونە سێکسییە شەوانیەکان نەبێت، ئەوەیە کە قوتابخانە ئامادییەکاندا بۆ لاوان و نەوجەوانان دەنوسرێت(٢٣٣).

(لە دابونەریتی باودا) لەبەرئەوەی لاوی نێر قەدەغە دەکرێت لە دەستپەڕ بە ناوی ئەوەی، کەوا مەترسیدارە و مەترسییەکەی بە لای ئەو کەسانە، بە مەترسی سێکس کردنە لەگەڵ لەشفرۆشێك.(٢٣٤)

لاو تەنیا ئەوەندەی لەسەرە چاوەڕوان بێت تاکو گیرفانی پڕ بێت لە پارە تا ژنی پێ بێنێت. لەبەرئەوەی گیرفان پڕ بوونی لاوان کەم بێ، یان زۆر (بە پێی چینی لاوەکە) چەند ساڵێکی دەوێت لە خوێندن و کارکردن بەتایبەتی لە شاراندا کە هاوسەری تیایدا دوادەکەوێت، لەهۆی بەرزی نرخ و کێشەی نەبوونی خانوو و ژمارەی ئەو لاوانەی ناتوانن ژن بێنن بە هۆی ئابووری ڕوو لە زێدەبووندایە، ئەوەشیان وا دەکات ماوەی نێوان پێگەیشتنی بایۆلۆجی لاو و پێداویستی توندی بۆ سێکس زۆر دوور بێت، لە پێگەیشتنی ئابووری و توانای ژنهێنانی ئەم ماوەیە بەلای کەم لە دە ساڵ کەمتر نییە (١٥- ٢٥ ساڵ) ئایا ئەم لاوە وزەی سێکسی خۆی چۆن لەم ساڵانەدا ڕەها بکات، لە کۆمەڵگەیەك کە تیایدا (لەبەر هۆی تەندروستی و ئابووری بەتایبەتی دوای ئەوەی لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی بازاڕ، نرخی لەشفرۆشان بەرز بۆوە، هەروەها نەخۆشییە سێکسییەکان، زێتر بوون لە هەندێك وڵاتانی عەرەبیدا دوای ئەوەی لەشفرۆشی لەژێر چاودێری دەوڵەت چووە دەرێ. ئەم جۆرە لاوانە زۆربەی جاران تەنیا دەست دەبات بۆ منداڵە کچەکەی کە خوشکێتی کە خەوتووە، یان بە ئاگایە، لەبەرئەوەی هەتا ئەگەر بە ئاگاش بێ، ناتوانێت ناڕەزایی بەرامبەر بە برا گەورەکەی دەربڕێت، لە ترسی ئەو

دەسەڵاتەی کەوا شەرع و یاسا و باو، یان لە ترسی خێزان، یان هەستکردن بە گوناه لەبەرئەوەی ئەویش هەست بەهەندێك چێژ دەکات، یان لەبەرئەوەی کە منداڵێکی بچوك هیچ نازانێت لەبارەی ئەوەی روو دەدات، زۆربەی منداڵە کچەکان رووبەڕووی رووداوی هاوشێوە، یان جیاواز دەبنەوە بە پێی بارودۆخی هەر منداڵێك، ئەم لاوە دەشێ برا، یان کوڕە مام، یان خاڵ، یان باپیر بێت، دەشێ خزمەتکار، یان دەرگاوان، یان کوڕی هاوسێ، یان هەر پیاوێکی دیکە بێت، دەشێ ئەم رووداوانە بەبێ توندوتیژییەکە بە زۆری، یان بە نەرموونیانی و فێڵ بکرێت، زۆربەی جاران کچەکە ملکەچ دەبێت و ناوێرێ سکاڵا لای هیچ کەسێك بکات، لەبەرئەوەی لەم حاڵەتانەدا سزایەکە تەنیا ئەو دەگرێتەوە، هەر ئەوە سەرفرازی و پاکیزەیی خۆی لەدەست دەدات، بەڵام پیاو هیچی لەدەست ناچێت، ئەوپەڕی سزای کە رووبەڕووی ببێتەوە (ئەگەر لەدەرەوەی خێزان بێت) ئەوەیە، ئەو کچە بخوازێت کە دەستدرێژی کردۆتە سەر. ئاشکرابوونی ئەم جۆرە رووداوانە زۆر کەمن، بە گوێرەی ئەو رووداوانەی ژمارەیان کە لە راستیدا هەن.

هۆیەکەشی ئەوەیە، کچ شتەکە بە نهێنی دەهێڵێتەوە لەبەر ترسی و سەرشۆڕی هەتا لەو حاڵەتانەی کە کچەکە هاوار دەکات، یان کە پیاوەکە ئاشکرا دەبیچت زۆر لە خێزانە عەرەبییەکان ئەم حاڵەتە راناگەیەنن، یان کێشەکە بگەیەننە دادگا لەبەرئەوەی نەوەکا ناوبانگی بنەماڵە و سەرفرازییەکەی بڕوشێت. بەڵکو هەندێ جار کە کێشەکە دەگاتە دادگا، بۆ پاراستنی ناوبانگی کچە بچکۆلانەکە، خێزانەکەی خۆی کێشەکە بە نهێنی دەهێڵێتەوە. بەم شێوەیە پیاوەکە لە سزا رزگاری دەبێت. ئەو سزایەی کە دەستبەجێ هەڵدەگیرێت ئەگەر پیاوەکە ئامادە بێت کچەکە بخوازێت.

تونس پێشەنگ بوو بۆ وڵاتە عەرەبییەکان (وەك زۆر لە یاساکانی هاوسەری و تەلاق و لەباربردن وابوو) یاساکانی تایبەت بە دەستدرێژیکردنی پەرەپێدا، بەڵام ئەگەر پیاوەکە بڕیاری دا ژنەکە بخوازێت کێشەکە هەڵدەوەشێتەوە و پیاوەکە بەڕەلا دەکرێت.(٢٣٥)

لە توێژینەوەیەکدا لە ساڵی ١٩٧٣ لە کۆلێژی پزیشکی (عین الشمس) لە قاهیرە، کە لەسەر (١٦٠ کچ و ئافرەتی) میسریم ئەنجامدا، کە لە خێزانی جیاجیای خوێندەوار و نەخوێندەوار بوون، بینیم رێژەی ئەو رووداوە سێکسییانەی کە لە نێوان پیاوی گەورە و کچی بچوك روو دەدات ٤٥٪، لە حاڵەتی خێزانە نەخوێندەوارەکان، لە خێزانە خوێندەوارەکان کەمدەبێتەوە بۆ رێژەی ٣٣,٧٪، ئەم رێژەیەش زۆرترە لەو رێژەیەی کنزی (Kinsey) لە توێژینەوەکەیدا کە لە ساڵی

۱۹٥۳ دۆزیەوە، لەبەرئەوەی ڕێژەکەی ئەو دۆزیەوە ٢٤٪ بوو. ناتوانم ئەو ڕێژەیە بەراورد بکەم لەگەڵچ کۆمەڵگە و بارودۆخی دیکەی زۆر جیاوازی وەك کۆمەڵگەی میسری و ئەمەریکی، سەرەڕای ئەوەی زۆر جیاوازی کات لە نێوان ئەم دوو توێژینەوەیەدا هەیە، جیاوازیان ٢٠ ساڵە، هەروەها بارودۆخی هەریەك لەم توێژینەوانە ڕێبازی ئیشککردنی جیاوازە لەوەی دیکەن من ئەو ڕێژانە بۆ ئەوە دێمەوە بەو کەسانە بڵێم کسەریان دەخەنە ژێر لیم و دەڵێچن ئەو ڕووداوانە ڕوو نادەن، هەروەها دەڵێن ئەگەریش ڕوو بدەن زۆر کەم و دەگمەنەن من دەڵێم ئەو ڕووداوانە لە هەموو کۆمەڵگەیەدا ڕوو دەدەن، هەتا لە کۆمەڵگەی عەرەبی ئێمەشدا، ڕێژەی ڕوودانیشی کەم نییە.

سەرەڕای ئەوەی ئەوەندەی دەزاندرێت و دەگاتە ئێمە، لەو ڕووداوانە ڕادەی هەرە کەمەکەیە لەوەی بە نهێنی ڕوو دەدات. بەپێی شارەزاییم وەك ئافرەت و پزیشك کە دڵ و هۆشم کراوەتەوە بۆ گرفتەکانی خەڵك، بە بێ زێدەڕۆیی دەڵێم زۆر لە کچان لە کۆمەڵگەکەمان لە منداڵیدا ڕووبەڕووی شێوەی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە، (هەر لە دەستگەمە و تا دەستدرێژی سێکسی تەواو) دەشێ کچە منداڵەکە پاکیزەیی خۆی لەدەست بدات، هەر نەشزانێ و ڕووداوەکە بەتەواوی لە بیر بباتەوە کە پێی دەڵێن (لە بیرچوونەوەی یادگاری منداڵی-Infantile amnesia)، یان وەك خەونێکی وەڕسکار بە بیری دێتەوە، ئازاری دەدات و بە درێژایی یانی تەندروستی دەروونی دەشێوێندرێت ئەوە ئەگەر لەو سزایە ڕزگاری بوو کە بۆی حەشار دراوە، کە گەورە دەبێت و خزم و کەسانی دەزانن، یان مێردەکەی لە شەوی بوکێنیدا دەزانێت کە بێ بنە. چەندان ڕێگای باو هەیە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا لە لادێ و شاردا بۆ ساختەکاری کردن بۆ خوێنی پاکیزەیی، یان چاکردنەوەی پەردەی کچێنی بە نەشتەرگەری لای یەکێك لە پزیشکەکان، بەڵام چەند بێ نەوایە ئەو کچە بچکۆلە هەژارەی کە ڕێگای پزیشك پێنازانێتن هەتا ئەگەر ئە پارەیەی نییە ك بیدات و خۆی پێ چاك بکاتەوە، زۆربەی جاران ئەم کچە هەژارە لەو دەستە گەورەیەیە، کە لە کۆمەڵگەی عەرەبید ژمارە زۆرن پێیان دەگوترێت کچ (ئافرەتە خزمەتکارەکانی ماڵان)(٢٣٦).

زۆربەی جاران کچێکی لادێ هەژارە لەلادێوە هاتۆتە شار، بۆ ئەوەی لە یەکێك لەماڵی چینی ناوەند، یان سەروی ناوەند، یان باڵا خزمەت بکات، ئەو کچە بچکۆڵەیە دەبێتە دەروازەی بەتاڵکردنەوەی ئارەزووی سێکسی زۆربەی لاوان، بەڵکو هەنجدێکجار خاوەن ئەم خێزانەش لاوانی هەرزەکار وا دەبینێ، کە ئەو خزمەتکارە باشترە لە هاوڕێی کچ بۆ ئەم کارە (لەڕووی

هەستکردن بە گوناه، یان ڕێزگرتنی چینایەتی)، هەروەها وا دەبنێ کە باترە لە لەشفرۆشێك (لەورووەی کە هیچ پارەیەکی نادەنێ لە هەمان کات مەترسی گواستنەوەی نەخۆشی سێکسی تێدا نییە)، هەتا خاوەن خێزان، یان مێردە ڕێزدارەکەشی دەشێ بە شەو دزەی بۆ بکات، لەوکاتەی خێزانەکەی لە ماڵ نەبێت، یان نەخۆش بێت، یان لماوەی خولی مانگانە، یان سکپڕی)دا بێت، بەڵکو هەندێکجار دەشێ ژنەکە هەر لەوێ بێت، بەڵام لەڕووی سێکسییەوە سارد بێت، دیارە زۆربەی ژنەکانیش ساردن بە هۆی ئەو پەردەیەی کە لەسەر خەفەکردنی و ئەندامی دامەزراوە، هەروەها بەهۆی نەبووی خۆشەویست لەنێوان دوو هاوسەرەکە، یان بەلای کەم نەبوونی گونجان و رەفتاری جوان لەنێوانیاندا، زۆربەی هاوسەریەکان لەسەر هۆکاری ئابووری سوود و گرنگی دروست دەبیچت، لەبەرئەوە خێزان باوکسالارییە دەسەلأتی پیاو تاکڕەوییە، هەردوو هاوسەر بێبەش دەبن لە دەرفەتی هەستکردن بە هاوسۆزی، یان گونجانی سێکسی. ئەو کچە دەبێتە تاکە دەروازەی بەتاڵکردنەوی ئارەزووی سێکسی ئەولاو و مێرد و بەسالأچووانەی بێبەشن لە سێکس، بە شێوەیەك لە شێوەکان (لە نۆرگە پزیشکییەکەمدا، یان لە ماڵەوە) لە (جیزە)و لە نەخۆشخانە گشتییەکاندا، کە چەندان ساڵ ارم ردووە زۆرجاران ئەم جۆرە خزمەتکارەم دەبینی، تەمەنی لە ١٥-١٦ ساڵ زیاتر نەبوو، لە پەیوەندییەکی لەم جۆرە ئەم کچە بکۆلەیە لەچاو کۆمەڵگەدا کچێکە سکپڕ بە بێ هاوسەری، واتە ئافرەتێکە بەڕەلاّ و بێناموس، ئەم ئافرەتە بەتەنیا ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە دەشێ ژیانی خۆی کۆتایی پێ بێنێت، یان دەشێ باوکی، یان یەکێك لە پیاوانی خێزانەکەی، یان لەو کاتەی کە هەوڵ دەدات بە ڕێگایەك بە ڕێگاچارەکانی ترسناکی لادێیی خۆی لەبار ببات (داروچکەیەکی ملوخیە لە منداڵدانی رادەکات) ئەگەر نەشمرێت ئەوا دادگایی دەکرێت، لەبەرئەوەی بەپێی یاسا لەباربردن قەدەغەیە ئەگەر رزگاریش بێت لە یاسا ئەوا ژنێکی ملکەچی سەرشۆڕ بەسەر دەبات و منداڵەکەشی لەوە پیستر، بەلاّم ڕێزدارە گەورەکەی، یان ئەفەندی و شێخ و مامۆستا ڕێزدارەکە بە ئازادی لەو کۆمەڵگە فرەوانەدا دەژی، چێژ لەژیانی خۆیی و سەرکەوتنەکانی و ناموسە پارێزراوەکەی دەبینێت.

دادپەروەری، دادپەروەر نییە!!

ئاشکرابوونی ئەم جۆرە ڕووداوانە زۆر دەگمەنن بە گوێرەی ژمارەی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە لەبەر ترس و سەرشۆڕکچە کارەکە دەشارێتەوە، هەتا لەو حاڵەتانەشدا کە کچەکە دەیدرکێنێت، یان پیاوەکە بەڕێکەوت لە کاتی دەستدرێژی کردندا

ئاشکرا دەبێت، زۆربەی خێزانەکان ئەم کارە راناگەیەنن و ناچنە دادگا لەبەر نازناوی بنەماڵە و ناموس. ئابڕووی هەموو بنەماڵەکە بە پیاو و ئافرەت و منداڵەکانیشەوە دەچێت، هەر لەبەرئەوەی کچێکیان پەردەی کچێنی لەدەست داوە. دەشێ ئەم کچە دەستدرێژی کرابێتە سەر، بەڵام ئابڕووی هەموو خێزانەکە دەگرێتەوە. لەبەرئەوەی زۆربەی خێزانەکان ئەم رووداوانەی دەستدرێژی دەشارنەوە کە کچەکانیان دەگرێتەوە، لەبەر ناوبانگی بنەماڵە نایدەنە دادگا و بەو کارەش پیاوی دەستدرێژیکار رزگار دەبێت، بەڵام ئەو کچەی دەستدرێژی کراوەتە سەر دەبێتە کچێکی ناپاکێزە، واتە کچێکی بێبن، بێ پەردەی کچێنی، هەر کچێکیش پەردەی کچێنی نەمێنێت لەبەر هەر هۆیەك بێت هەتا ئەگەر دەستدرێژیکردنیش بێت، یان لە هەر تەمەنێك بێت هەتا ئەگەر منداڵیش بێت، ئەوا تا هەتایە بە بێناموس بڕیاری لەسەر درا، چونکە ناموس پەردەکەیەتی، ئەو پەردەیەی دڕا جارێکی دیکە هیچ ناگەڕێتەوە.

وابزانم لەکەس شاراوە نییە، ئەو رووداوانەی دەستدرێژی کە دەکرێتە سەر کچانی منداڵ، دەشێ کچەکە تەمەنی نەگەیشتبێتە شەش حەوتساڵی، لە ناکاو لاوێك، یان پیاوێك دەستدرێژی دەکاتە سەر، دەشێ ئەو پیاوە خزمەتکار بێت، یان دەرگەوان، یان ئەندامێکی خێزان، دەشێ برا، یان مام، یان باوك بێت.

ئەوەی تراژیدییەکە زیاتر دەکات ئەوەیە، کەسی دەستدرێژیکەر هەوڵ نادات کچەکە رزگار بکات ئەگەر سزا درا، بەڵکو هەندێ جار هاوبەشی سزاکردنەکەش دەکات، یان خۆی منداڵە کچە بچوکەکە سزا دەدات بۆ پاراستنی ناوبانگی خۆیی و خێزانی.

زۆر جار گوێبیست بووینەن یان خوێندومانەتەوە ئەم جۆرە تراژیدیایانەی بۆ کچە بچووکەکە روو دەدات، لە یادمە ئەو رووداوەی سەبارەت بەو مامەی کچی براکەی خۆی خۆشویست و پەیوەندی پێوەکرد و دواتر بە ژەهر کوشتی. لەبەرئەوەی براکەی پێی زانی و ناچاری کرد بیکوژێت، نەوەك ئابڕوویان بچێت و ببێتە نەنگیەك و ناوبانگی بنەمالچەکە پیس بکات، ئەگەر کچە بەبێ پەردەیی بمێنێت.(٢٣٧)

ئەم پیاوانەش بانگەشە بۆ دژایەتیکردنی گۆڕانی یاسا و رێسا و نەریت دەکەن، کە کچ و ئافرەتان کۆنترۆڵ دەکات بە بیانووی ئەوەی، بەها ئاکاری و ناموس و ئایین دەپارێزن. کەچی لەهەمان کات دەبینین ئەم بەهایانە شەو و رۆژ لە ژیانی کۆمەڵایەتی، یان ئابووری، یان رۆشنبیری، یان سێکسیمان پێشێل دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کەسیان دەنگیان لێ بەرز نابێتەوە

که ناڕازایی دەربڕێت، بەڵکو هەندێکیان لە لەباری هاوبەشی ئەو پێشێلکارییە دەکات لە بەهاکان چ بە نهێنی، یان بە ئاشکرا.
دەشێ لەو ئادگارە بەرچاوانەی کۆمەڵگەی عەرەبیمان ئەو دوانەتیە بێت، لە بەهاکان و دوانەتی لە ژیان، بە شێوەیەك کۆمەڵگە و تاکە کەسی دوو ژیانی هەیە، ژیانیچکی ئاشکرا تیایدا وا خۆی پێشان دەدات، کە پڕە لە ئاکار و چاکە و ئایین، ژیانێکی نەهێنیش تیایدا ئاکار و چاکە و ئایین پێشێل دەکرێت. لە نوسینەکانی رابوردوومدا زۆر لەو نەسازییە بەرچاوانەی ژیانی کۆمەڵگەکەمان و لە ژیانی تاکی پیاو و ئافرەتانمم خستۆتەڕوو.
بەڵام زۆرینەی هەرە زۆری خوێنەران لە میسر و لە وڵاتە عەرەبییەکان، دەزانن ئەوەی دەینوسم و نیشانیانی دەدەم، کەمێك لەو نەخۆشییە زۆرانەی لای ئێمە بلاّون چارە ناکرێت بە بوێری زیاتر و راستگۆیی زیاتر نەبێت، لە دۆزینەوە و دەستنیشانکردن و زانینی هۆکارە راستەقینەکانیان، هەندێ کەس هەن سەری خۆیان لە ژێر لمدا دەشارنەوە، دەڵێن کۆمەڵگەکەمان هیچ نەسازی تێدا نییە، سوپاس بۆ خوا، کە هەموو بەها ئاکاریی و یاسایی و دابونەریت، باشن تەواونن لەوە باشتریش نابن.
بۆ ئەم جۆرە کەسانە ئەم رووداوە دێنمەوە کەلە رۆژنامەی (أخبار اليوم) بەیانی، شەممەی، ٢٣ی فبرایەری ١٩٧٤ بلاّوکراوەتەوە، لە ژێر ناونیشانی دادگا داوای لێبوردن دەکات لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەم مامۆستایە داخست، لەبەر بەرژەوەندی پاشەڕۆژی ٩ قوتابی کچی بچکۆڵە. رۆژنامەکە دەقاودەق دەنوسێت: ٩ قوتابی بچووکی کچ تەمەنیان لە  نێوان ٧ ساڵی و ١٢ ساڵیدا بوون.. لەبەردەم ئەمین ئیسماعیل مەهران وەستان، کە بەڕێوەبەری نوێنەرایەتی شبرلخێمەیە، بۆ ئەوەی هەریەکەیان بە دڵپاکییەوە رووداوێکی رەش بگێڕنەوە. مامۆستا نیگارکێشان دەیبردن بۆ باخچەی قوتابخانە.. لە شوێنێکی تەنیای شاراوە، یەکە یەکە لە باوەشی دەگرتن و ماچی دەکردن.. کاری وای لەگەڵ دەکردن کە لەگەڵ ئەدەب نەگونجێت، بەڕێوەبەری نوێنەرایەتی، ئەم پەڕاوانەی لێکۆڵینەوەی راگرت سەبارەت بەو مامۆستایە و بڕیاری دا لێکۆڵینەوەکە راگرێت، هەرچەندە تاوانەکە لەسەری سەلماوە و تاوانی خراوەتە پاڵ، بە شایەتی قوتابییە کچە بچوکەکان کە دادگا باوەڕی پێیان هەیە. پێویستە بدرێتە دادگا و یاسا سزای بۆ داناوە، بەڵام بە بیانوی ئەوەی تەمەنیان بچووکە و نەخرێنە بەر دادگا بۆ شایەتیدان، لەبەر ئەو هۆیانە نوێنەرایەتی بۆ ئەوەی لەدوو باری کردنەوەی ئەم چیرۆکانە

بەدوور بن، کە گوتیان و لە دەروونە پاکەکەیان چەسپاوە خراپ کار بکاتە سەر پاشەڕۆژیان. کە پاشەڕۆژێکی پاك چاوەنڕوایانە.

نوێنەرایەتی داوای لێبوردن دەکات کە داواکارییە کەشتییەکە هەڵدەگرێتن سەبارەت بە تاوانبار و ڕەفتارە چەوتەکەی بەرامبەر بە قوتابییە کچە بچووکەکان، کە بە پێچەوانەوە تایبەتمەندی پەروەردە لە پێگەیاندنی قوتابییەکان پێویستە، وەك هەموو ئایینە ئاسمانییەکان و بەها ئاکارییەکان گۆڕان لەسەر ئەوەیە، کەوا مامۆستا نزیکە لە پێغەمبەرایەتی، نوێنەرایەتی لە ناوچە پەروەردەییەکە داوا دەکات، کەوا مامۆستای ناوبراوی تێدایە لە پیشە وانە وتنەوەی لە قوتابخانەی کچان بۆ پیشەیەکی دیکە بگوازرێتەوە.(٢٣٨)

هەر کەسێ ئەم بابەتە بخوێنێتەوە و بیری لێبکاتەوە، لەگەڵ خۆیدا ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت، یەکسەر دەزانێت ئەو ەسازییە چییە کە لە کۆمەڵگەکەمان بەها ئاکارییەکانمان ئاڕاستە دەکات. چۆن ئەم تاوان درانە پاڵ دەسەلێ، وەك نوێنەرایەتی دەڵێت لەسەر پیاوێکی پێگەیشتووی ڕەسیو لەگەل منداڵانی کچ و دواتر بەر دەدرێت، ئەوەش بەو بانوەی ئەم چیرۆکانە دووبارە نەبێتەوە، کە لەسەر زاری ئەو منداڵە کچە بچووکانەوە هاتووە و لە دەروونە پاکەکەیان تۆمار بووە و شوێنکارێکی خراپی جێهێشتووە.. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پاشەڕۆژێکی پاك چاوەڕوانە!! نازانم ئەو پاشەڕۆژە چۆن دەبێت لە ژێر بارودۆخ و بەها کۆمەلأیەتی و ئاکاری کە ژیانی مێینە ئاڕاستە دەکات لەکۆمەڵگەکەمان.

بێگومان ئەم ڕووداوە بە ئاشکرایی ئەو نەسازییە دەردەکات کەوا کۆمەڵگەکەمان تێیدا دەژیت، ئەو دووانەتییە لە بەهاکانی، پیاو و ئافرەتان ئاڕاستە دەکات کەوا قوربانیانی ژیان و پاشەڕۆژی ژمارەیەکی زۆری لە کچ و ئافرەتانە هەر لە منداڵییەوە تا لاوی، یان کۆتایی تەمەن. دەشێ هەندێ کەس بڵێن ئەو ڕووداوانە کەمن، بەلأم من لەبەرئەوەی پیشەم پزیشکیە و بەهۆی لێکۆڵینەوە دەروونییەکان، لەم سالأنەی دوایی کە لەسەر کۆمەڵەیەك لە کچ و ئافرەتی میسریم کرد و من (خوێندەوار و نەخوێندەوار) بەشێك لەم لێکۆڵینەوانە سەبارەت بە منداڵ ئەو ئافرەت و کچانە بوو، زانیومە کە ئەم ڕووداوانە کەم نین، بەڵکو باو و بلأوە، بەلأم ئێستا لە بارەیان نازانین، ئایا بخوێنینەوە، گوێبیستیان نابین بە ڕادەیەك کەم نەبێت. بەهۆی شەڕی کچانی بچووك و ترسیان لە ڕاگەیاندنی هیچ زیانێك بەو کەسە ناگەیەنێت، کە بکەرە پیاوەکەیە، زیانەکە هەموو دەکەوێتە سەر ئەوان، ئابڕوو چوون لەم حاڵەتەدا تەنیا کچەکە و بنەماڵەکەی دەگرێتەوە.

لەبەرئەوە زۆربەی خێزانەکان شاردنەوەی ئەم باسە بە باشتر دەزانن و رایناگەینن، بەتایبەتی ئەگەر بکەر ئەندامێکی خێزانەکە بێت، لەبەرئەوە ناگاتە دادگا، مەگەری بە دەگمەن ئەوەی دەگاتە رۆژنامە و بلاو دەبێتەوە، هەر زۆر دەگمەنە. بەلام ئەو کچانە لەپاشەڕۆژدا رووبەڕووی گیروگرفت ببنەوە ئەوەیان شتێکی دیکەیە کەس بایەخی پێنادات، گرنگ لەوکاتەدا شاردنەوەی شتەکەیە، تا ئەو باسە بەسەر زارانەوە نەبێت و کچە بچوکەکان لە دەروون پاکیان خراپ کاریگەر نەبێت و زیان لە پاشەڕۆژیان بدات.. ئایا لەو بەلگە بەهێزتر هەیە ئێمە خۆمان دەخەینە ژێر لیمەوە و وا دەزانین کەس نامانبینێت!

ئێمە دەزانین ئەم چیرۆکانە لەسەر زاری کچە بچوکەکان وتراوەتەوە، بەلام تەنیا چیرۆك نین، بەلکو کارە و کراوە لە دەروونیان خراپ جێگیر بووە، خراپ کار دەکاتە سەر ژیانی ئەم کچە بچووکە، بەلام ئێمە گوێیان پێنادەین، گوێ نادەینە پاشەڕۆژی ئەم کچانە و ئەوەندەمان بەسە شێوەی گشتی بپارێزین و باسەکان بشارینەوە، لێکۆلینەوەکان و پەڕاوی لێکۆلینەوەکان بخەینە چکمەجەکانەوە و دایبەخەین، بەلام پیاوە کەتن کارەکە رەها دەکەین، وەك بەشێك لە داپۆشینی راستییەکان و بێدەنگبوونمان، گرنگ نییە لەلامان پیاوێك بەر بدرێت کە دەستدرێژی کردبێتە سەر نۆ مندال، بەلام گرنگ ئەوەیە بابەتەکە بشارینەوە و نەکەوێتە سەر زاری کچە بچووکەکان، دەشلێین بەداخەوە (هەلیدەگرین)، بەلام ئایا وشەی بەداخەوە چ سودێکی دەبێت بۆ پاشەڕۆژ و ژیانی ئەو کچانە، ئایا چارەنووسی ئەم کچانە چ دەبێت (کەسی دیکەش کە توشی ئەم جۆرە رووداوانە بۆتەوە و بە شاراوەیی ماوەتەوە)، نازانم! بەلام دەزانم لە پاشەڕۆژدا رووبەڕووی دەبنەوە لە ریزی ئەو ئافرەتە بەدبەختە دەروون نەخۆشانە دەوەستن، یان لە رێزی تەلاقدراوەکە، یان لەرێزی ژنە خەمۆکەکانی پشت گوێ خرا و لەشفرۆشان- لە حالەتی نەبوونی سەرچاوەیەکی بژێوی. بەلام خەلکدا سەر بلندە و رێزی گیراوە و خاوەن پیاوەتیە، لە ژێر سێبەری یاسا و بەها و ئاکار و باوی کۆمەلدا دەژێت، تەنیا لەبەرئەوەی پیاوە، هەرچەندە تاوانەکەی لەسەر سەپاوە، بەلام کچە بەدبەختەکان رووبەڕووی چارەنووسی رەشی خۆیان دەبنەوە، کە تەنیا خودا دەزانێت چ چارەنوسێکە. کاتی ئەوە هاتووە کۆمەلگەکەمان لەم جۆرە ستەم و زۆردارییە رزگار بەکەین، کە بەسەر کچدا دێت، کاتی ئەوە هاتووە کچی بچکۆلە ببێتە نێچیری پیاوێك، کە کۆمەلگە بیپاریزێت لەلایەنی ئاکاری یاسایی، لەگەل ئەوەی دەستدرێژی کار و هاندەر و بکەرە، کاتی ئەوە هاتووە سەرمان لە بن لیما بێنینە دەرەوە و رووبەڕووی ئەم دوانەتیە لە بەهاکان لەناو ببەی، کە لەگەل هیچ

دادپەرەوەرییەك و مرۆییەك ناگونجێت، هەورەها لەگەڵ بنەماكانی هیچ ئاینێك لە ئایینەكانی ئاسمان ناگونجێت، ئەم كچە بەدبەختانە لە پاشەڕۆژدا رووبەڕووی چەندان گرفت دەبنەوە، لە پێشی هەموویانەوە گرفتی پەردەی كچێنی و ناموسە، كۆمەڵگە بەرپرس یە لەو كچەی كە پەردەی كچێنی، یان ناموسی لەدەست داوە هەرەچەدنە دەستدرێژی كرابێتە سەر. لەبەرئەوەی، ئەو زیانەی پێی دەگات جەستەییە چاكبوونەوەی نییە، ئەو پیاوەی لە پاشەڕۆژدا دەیهێنێت، مافی ئەوەی هەیە رەتی كاتەوە، بەڵكو مافی ئەوەی هەیە لەڕووی كۆمەلأیەتییەوە ناوبانگیشی بزڕێنێت ئەگەر بیەوێت. لەو یاسایانەی كە ئاڕاستەی كە ئاڕاستەی ئافرەت دەكرێت، بنەمایەكە ئەوەیە، پیاو بەرپرسی نییە و مافەكانی ئافرەتیش بە یاسای و باو نامێنێت، ئەگەر هاتوو دەستدرێژی كرایە سەر. گرفتی پاكیزەیی، یان ناموسی كچ گرنگترین گرفتە لە ژیانی ئافرەتی مسیری و عەرەبیدا.

بە شێوەیەكی گشتی، لە كتێبەكانی پێشوومدا باسی ئەو چەمكە هەڵەیەم كردووە، بەلأم دووبارە دەیڵێمەوە ئەو گرفتە ژیانی زۆر لە كچ و ئافرەتان تێك دەدات، بەڵكو دادگا هاوسەری هەڵدەوەشێنێتەوە ئەگەر كچەكە پاكیزە نەبوو. دەشێ هەندێ كەس بڵێن ئەم هزر و بیرانە تەنیا لەلادێدا هەن، لەنێو پیاوە نەخوێندەوارەكاندا باوە، بەلأم لە راستیدا پەروەردە و فێركردن لە قوتابخانە و زانكۆكان لە هۆشمەندی پیاوان ناگۆڕێت، ئەوەشیان لەبەر ئەو هەلأنە، یەكەم بەرنامەكانی خوێندندایە، هەروەها لە پەروەردەدایە، هەروەها لەو سیستەمەدایە كە بەسەر كۆمەڵگەدا زاڵە. لەبەرئەوە دەشێ پیاو ئاستێكی خوێندنی بالأیان هەبێت، دەشێ بۆ خوێندن بنێرێتە دەرەوەی ولأت و بگەڕێتەوە میسر بڕوانامەی دكتۆراش وەربگرێت، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا هۆشمەندیە دواكەوتووەكەی هەر مابێت، سەبارەت بە روانینی ئافرەت زۆرجاران لە رۆژنامەكان دەخوێنێتەوە، كە باسی رووداوەكانی كوشتنی دەكرێت بەهۆی ناموس و پاكیزەیی، دەشێ دوا شتی كە لەم بارەیەوە خوێندبێتمەوە كە لە رۆژنامەی (أخبار اليوم) لە ١٩٧٤/٥/١٨. ل١٠ لە ژێر ناونیشانی: خوشكی خۆی كوشت پاشان دەركەوت پاكیزەیە (٢٣٩) ئەندازیاری میسری كە لە ئەڵمانیا كاردەكات دوای پێنج ساڵ ئاوارەیی هاتەوە ماڵەكەی لە (ئمبابە)، دوای چەند رۆژێك لە هاتنەوە ماڵەوە بینی خوشكەكەی كە قوتابی ئامادەیی تەمەنی حەڤدە ساڵە سكی بەرزبۆتەوە، بۆ پاراستنی كەوتە پرسیاركردن چ بكات و چ نەكات ناموسی خێزانەكە كە خوشكەكەی ئابڕووی بردوون، كە بە تەنیا لەماڵچەوە بوو لە ژووری نوستنی خوشكەكەی پشكنی شووشەیەك دەرمانی دۆزیەوە

بردیە دەرمانخانە و پرسی ئەم دەرمانخانە هی چییەن لە وەلاّمدا زانی دەرمانی لەباربردنی منداڵە بەم شێوەیە بۆی دەرکەوت کەوا گومانەکانی لە جێی خۆیدایە سەبارەت بە خوشکەکەی، کە ئەندازیارە شوشە دەرمانەکەی رووبەڕووی خوشکەکەی کردەوە، خۆی پێنەگیرا و رای کردە چێشتگە و چەقۆیەکی هێنا و داکەوتە سەر خوشکەکەیی و بە چەقۆ کوشتی. گیرا و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا و بەند کرا، دواتر راپۆرتی پزیشکی داد دوای توێکاری دەرکەوت کە خوشکەکەی کچە و سکپڕ نییە.

لەبارمبەر ئەم رووداوەی ئەم ئەندازیارە و بۆ بەرگری کردن لە رەفتارەکەی لەبەردەم دادگای کەتنی جیزە پارێزەر (أحمد ناصر) بەرگری لێکرد و گوتی: ئەندازیارەکەمان لە هێڵێکی ئەندێشەی گوماندا دەژیا، لەو گومانەدا بوو کە ناموسی خۆیی و خێزانەکەی چووە و دیاردە و دانایی خوشکەکەی جگە لەو گومانەی کەهەیبوو، بەلچگەن بۆ ئەوە کە ئەندازیارەکە وەك بەرگری لەخۆکردن و لەناموس کردن کوشتوویەتی، دادگاش لەوکاتەیدا کە دادگاکان بکوژانی پیاو وەك ئەو ئەندازیارە خوێندەوارە و ئەو مامۆستایەی، کە دەستدرێژی سێکسی کردە سەر قوتابییانی کچی پۆلەکەی کە هێشتا لە تەمەنی منداڵیدا بوون، لەو کاتەدا کە دادگا و یاساکان ئەم پیاوانە و هاوشێوەکانیان بەرەلاّ دەکەن، ئەوانەی شەو و رۆژ پێشێلی ئاکار و ناموسی مرۆڤایەتی و دادپەروەری دەکەن، کەچی دەبینین لە سزادانی ئافرەتی بێ گوناه، یان کچی کەمزان زۆر توند و دژوارن، یان لە دژی هاوسەرانی ستەم لێکراو. لەو کاتەیدا ئەو مامۆستایە بەڕەلاّ دەکات کە دەستدرێژی سێکسی کردە سەر قوتابییانی خۆی، زۆر بە توندی مامۆستایەکی ئافرەت سزا دەدات لەبەرئەوەی بەبێ ئاگادارکردنەوە بە روونی و بەبێ زانینی چۆتە گەرما و کە هاوڕێیەکی بە روتی لە گەرماوەکەدا بوو.

یان مامۆستایەکی ئافرەت بە توندی سزا دەدرێت، چونکە قوتابییە کچەکانی لە گەشتێکدا بردە گازینۆیەك.

لێرەدا نامەوێ جارێکی دیکەش باسی ئەو گاڵتەجاڕییە ئاکارییە بکەم کە لە ژێر سێبەری مارەنامەی هاوسەری روودەدات، نامەوێ باسی ئەوە بکەم کە باوکانن کچە بچوکەکانیان بەناوی بە شوودان دەفرۆشن. دەیاندەنە پیرەمێردێك، یان نەخۆشێك، یان بێ ئاکارێك زۆرجار لەشفرۆشییەکی داپۆشراو بەمارەنامە.

دواشتی لەم بارەیەوە خوێندبێتمەوە ئەوە بوو، کە لە رۆژنامەی (أخبار الیوم) لە (٢- أغسطـ-١٩٧٥. ل١٠) بلاّوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی (لەبەرئەوەی منداڵێك مێردی کرد دادگا دایك و

باوکی گرت)، لەوکاتەدا گومانی لێکرا کە داوای دەرهێنانی گوزەرنامەی کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ مێردەکەی بچێتە دەرەوە، بەڵگەنامەی لە دایکبوونی نووسرا بوو، هەژدە ساڵ، بەڵام بەخۆی منداڵ بوو مقدم (عادل شعبان) سەرۆکی بەشی ئاگاداری نێوجەوانان بڕیاری لێکۆڵینەوەیدا. بۆ ئەم مەبەستەی عەقید (عەبدولحەمید منصور) بەڕێوەبەری کارگێڕی توێژینەوەی کەتتن لە دادگا رائید (محەمەد شەریف عەبدولرەزاق)ی راسپارد، کە بچێتە بنکەی (البدرشین) لە جیزە بۆ توێژینەوە، سەبارەت بە ژنە بچوکەکە. دەرکەوت یەکێك لە حەوامدیە باوکی مداڵەکەی رازی کردووە، لە پیاوێکی تەمەن گەورەی مارە بکات، لە دەرەوەی وڵات بەرامبەر مارەییەکی زۆر و بەڵگەنامەی ساختەی بۆ منداڵە دوازدە ساڵییەکە دروستکردووە، زۆرجاران باوکان خراپ دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کچە بچوکەکانی خۆیاندا بەکار دێنن، ئەم رەفتارەش ژیانی کچەکە، یان پاشەڕۆژی تێك دەدات لەبەرئەوەی خێزان باوکسالارییە بە شەرع و یاسا دەسەڵاتی باوك رەهایە بەسەر کچەکەی، ناتوانێت بکەوێتە بینیان هەتا یاساش، بەڵکو زۆرجاران یاسا لەگەڵ باوکە بە هەڵە چووەکە، دژی کچە بێگوناهەکە دەوەستێت، یان هەڵوێست راستە. دەشێ ئەم رووداوەی کە لە رۆژنامەی (أخبار الیوم) بڵاوکراوەتەوە، لە ٥ی یەنایری ١٩٧٤ ئەم راستییە بسەلمێنێت. رۆژنامەکە لە ژێر ناونیشانی: دادگا بڕیاری تەڵاقدانی دا لەبەرئەوەی کچەکە بێ رەزامەندی بنەماڵەکەی شووکردووە، کچەکە تەمەنی گەیشتە رەسیوی مێردیکرد، بەبێ رەزامەندی خێزانەکەی، بەڵام دادگا بڕیاری دا لەبەرئەوەی کچەکە بێ رەزامەندی خێزانەکەی، بەڵام دادگا بڕیاری دا لە مێردەکەی تەڵاق بدرێت، چونکە کچەکە رای خێزانەکەی وەرنەگرتبوو. رۆژنامەکە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە دەڵێت: کچەکە لاوێکی خۆش ویست لەبەردەم رێپێدرا و دوو شایەد مێردی بەو لاوە کرد (واتە مارە نامەکە لە رووی یاسایی و شەرعەوە تەواوە)، بەڵام باوکی کچەکە داوای هەڵوەشاندنەوەی مارەنامەکەی کردووە، لەبەرئەوەی بێرەزامەندی ئەو مارەنامەکە بەسترابوو. هەردوو ژن و مێرد لەبەردەم دادگا بڕیاریان دا و دانیان نا کە بە رەزامەندی هەردوو لایان شوویان بە یەك کردووە، ژنەکە لەبردەم دادگا گوتی: تەمەنم گەیشتە ٢٠ ساڵ و ماف و ئازادی ئەوەم هەیە هاوسەری ژیانی خۆی و هەڵبژێرێ، بەڵام لەبەرئەوەی هاوسەرەکەم هەژارە، بنەماڵەکەمان پێی رازی نینە، دادگا بڕیاری دا لێکۆڵینەوە لە سکاڵای باوکەکە بکرێت، لەبەر نەبوونی هیچ تاوانێك ژنەکە لە تەمەنی رەسیوی مێردی کردووە و ئەو مافەی هەیە ئازادانە مێرد بکات، بەڵام باوکەکە داوای لە دادگای باری کەسی خوارووی قاهیرە کرد کە کچەکەی لە مێردەکەی تەڵاق بدەن، چونکە

کچەکەی دادگای باری کەسی خوارووی قاهیرە بە سەرۆکایەتی (عبدولرەحمان برقوقی) بڕیاری دا ژنەکەی لە مێردەکەی تەلاق بدرێت، لە هۆکاری ئەم بڕیارە دا هاتووە مرچەندە یاسا ئەم جۆرە هاوسەرییە قەدەغە ناکات، لەبەرئەوەی ژنەکە گەیشتووەتە تەمەنی رەسیوی و مافی خۆیەتی هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت، بەلام داب و نەریت لە ولاتی ئێمەدا، ئەم جۆرە هاوسەرەی کە کستهێنانی بەرچاوە قەدەغەیە، لەبەرئەوەی کچەکە بە سۆزەوە ئەم کارەی کردووە نەك بە هاندەری هۆشی خۆی، لە هەمان کات رای خێزانەکەی خۆی وەرگرێت، بنەماڵەکەی، باشتر لە بەرژەوەندی ئەو دەبینن، لە هاوسەرەکەی لە پاشەڕۆژدا ئەو هاوسەرەی کە ژیانی پاشەڕۆژی بۆ دابین دەکات، داب و نەریت لە کۆمەڵگەی رۆژهەلاتیمان بەو شێوەیە، کەوا باوك، یان مام، یان یەکێك لە ئەندامانی خێزانی کچەکە ببێتە بریکاری کچەکە و کچەکە لە مارەبڕینە.(٢٤١)

دەشێ هەندێك بپرسن ئایا نەسازییەکە لە کوێدایە، بەلام ئەگەر جارێکی دیکە ئەم چیرۆکە بخوێنیەوە یەکسەر دەزانی نەسازییەکان لەم خالانەی خوارەوەیە:

١- نەسازی لەنێوان بەندەکانی یاسای رەسمی و شەرعی لەگەڵ داب و نەریت، لەو کاتەیدا کە یاسا رێ دەدات کچێکی رەسیو بە خۆی هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت، داب و نەریتی باو ئەو مافە لە کچە رەسیوەکە قەدەغە دەکەن.

٢- هەرچەندە یاساکە ئاشکرایە، بەلام دادگا بە پێی یاساکە نەجولاوە، بەڵکو بە رای داب و نەریت بڕیاری دا کچەکە لە مێرەکەی تەلاق بدات، ئەوەشیان دەستدرێژییەکی ئاشکرایە لەلایەن دەستدریژی یاساییە لەبەر یاسا، ئەوەشیان ئاماژەیە بۆ ئەو توندگرییەی کە هەیەن سەبارەت بە لەبەرچاوگرتنی داب و مریت، کە بەهێزترە لەو ئازادییەی یاسا بەخشیویەتی، سەبارەت بە ئازادی ئافرەت و ویستی ئافرەت.

سەرەڕای پابەندبوون بە یاسا لە بەرامبەر ئەو داب و نەریتەی کە باوەڕ رێ لەو ئازادییە دەگرێت.

٣- نەسازی نێوان هەڵوێستی باوك و هەڵسوکەوتەکەی، دژی کچەکەیی و دژی بەرژەوەندی ژیانی بەوەی کە لە مێردەکەی تەلاقدا، بە پێچەوانەی ویستی کچەکە ئەم هەڵوێستە کە دادگا رەزامەندی لەسەر دەربڕی نەسازە لەگەڵ تێگەیشتنی تیۆریمان لە باوکایەتی، هەست و نەستی باوکانە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی کوڕو کچ، لەلایەن باوکەوە. وا بزان کەس لەگەڵ ئەو قسەیە نییەن کەوا بڵێ لە بەرژەوەندی کچێکی رەسیوی شوکردوودایە، بەبێ

ڕەزامەندی خۆی لە مێردەکەی تەڵاق بدرێت، کە خۆشی دەوێت و ئەویش کچەکەی خۆش دەوێت، تەنیا لەبەرئەوەی مێردەکەی هەژارە وەك ژنەکە لە قسەکانیدا دەریبڕیوە.

٤- ئەم ژنە مێردی خۆی خۆش ویست، هەرچەندە هەژارە، ڕێزی لێگرت. ئەم هەڵوێستەی ژنەکەش ڕێگە لەگەڵ بنەما تیۆرییەکانمانن هەروەها بنەماکانی ئاکاری ئایینی ئیسلام و هەموو ئاینیە ئاسمانیەکان. لەگەڵ ئەوەشدا پاداشتی ئەم باوەڕەی بەم بەها مەزنانە ئەوە بوو بە زۆر لە مێردەکەیان تەڵاقد مارنامەکەیان هەڵوەشاندەوە. ئەوەشیان نەسازییەکی بەرچاوە کە خێزانەکانمان توشی دێن. باوکان و دایکان هەر لە منداڵییەوە بنەماکانی ئایین فێری ڕۆڵەکانیان دەکەن، کە تیایدا جیاوازی ناکات لە نێوان هەژار و دەوڵەمەنددان یان لە نێوان عەرەبی و ناعەرەبیدا مەگەر بە خۆپارێزی نەبێت، بەڵام کاتی بەشوودان و ژن هێنان دایك و باوکان ئەم بنەمایانە لەبیر دەکەن، خۆیان دەوەستن و کچەکانیان هان دەدەن، هەژارەکە ڕەتکاتەوە و بە دەوڵەمەندەکە ڕازی بێت، خۆزیا هەر لە ئاستی هاندان بوایە، بەڵکو شووی وا دەسەپێنن لەسەر کچەکانیان تەنیا لەبەر سوودی بازرگانی (بە دەستەواژەیەکی دیکە کچەکانیان بە ناوی هاوسەری دەفرۆشن بەو کەسەی کە پارەی زیاتر دەدات، بەوەش دەبنە نموونەیەکی خراپ بۆ کچەکان و هانیان دەدەن بە پارە خۆیان بفرۆشن، ئەوەشیان کاکلی لەشفرۆشیە). بەڵکو هەندێ جار هەوڵ دەدەن وەك ئەو بارکەی رابردوو ژیانی کچەکانیان وێران بکەن، بەسوود وەرگرتن لە داب و نەریت و یاسا. هەموو ئەم نالەبارییانەش ڕوو دەدەن لە سێبەری داب و نەریت و بەها لێکدەرەکانی کە شێوە و ڕەنگی دەگۆڕێت، بە پێی هەر بارودۆخێك، باجەکەشی کچە ستەم لێکراوەکە دەیدا، کوا پاشەڕۆژ و ژیان و بەختەوەری و دروستی دەروونی و جەستەیی خۆی دەکاتە قوربانی ئەم نەسازییانەی کە دەبیستێ و دەیخوێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیڕەوی دەکەین و تێیدا هاوبەشین. کۆمەڵگەی میسری و عەرەبی و ئێمە، پڕیەتی لە نەسازی کە کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی کچان و ئافرەتان ڕەنگ دەداتەوە، زیاتر لەسەر ژیانی پیاوان.

ئەوەشیان بە هۆی جیاکاری نیچوان هەردوو ڕەگەز و دواتەنی بەهاکان و یاسایانە ئاڕاستەی ئافرەت و پایو کراوە، چ لە کارکردندا، یان هاوسەری، یان خۆشەویستی، یان تەڵاق، یان ناموس، ئەم نەسازییانەش زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی دروست دەکەن بۆ کچ و ئافرەتان. دەشێت زۆر لە وانە تووشی نەخۆشی دەروونی و دەمارەکی جیاجیا ببن، لەبەرئەوە ئاساییە کە دەبینین ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی زۆرە کە تووشی دەردە دەمار هاتوون، بەتایبەتی

لەنێوان ئەو ئافرەتانەی خاوەن هۆشێکی یرەك و بە توانان، کە هەست بە ناسازییەکان بکەن و هەست بە کاریگەری ئەم نەسازاییانە بکەن. لەم توێژینەویەەی کە لە زانکۆی (عین شمس) کردم، بینیم ڕێژەی نەخۆشییەکانی دەمارەکی لەنێوان قوتابیانی کچ زۆرترە لە کوڕ، هەروەها بینیم کچانی ڕۆشنبیر و زیرەك زیاتر تووشی دەردە دەمار دێن، لەو کچانەی کە ڕۆشنبیری و زیرەکییان کەمترە.

بێگومان مرۆڤی ڕۆشنبیر و زیرەك زیاتر دەتوانێت خەوشەکانی کۆمەڵگە تێبگات و بە تواناترە لە چاکسازی ئەگەر بتوانێت، ئەگەر نەتوانێت ئەوا لە کەسانی دی زیاتر دەکەوێتە بەر مەینەتی دەروونی. بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسەی وا لێکدەداتەوە خەوشەکانی کۆمەڵگە و کارەساتەکان خواکردن، یان بە قەزاوقەدەر دروست دەبن لەبەر ئەم هۆیە بە زیرەکەکانی کۆمەڵگەکەمان ڕووبەڕووی ئەم نەسازییانە دەبنەوە، کە ڕەوشی ئافرەت دیاری دەکەن، هەروەها کار لە ژیانی پیاو و منداڵیش دەکەن، کە دەکێشێتەوە سەر ژیانی هەموو کۆمەڵگە. ڕۆژنامەکان چەندان جار ڕووداوی لەم بابەتەیان بڵاوکردۆتەوە، سەبارەت بەم لاوە زیرەکانەی کە تووشی نەخخۆشی دەروونی بووینە، کە لە ژیانی هەندێ لاو دەکۆڵنەوە، ئەم سەرگەردانییە و ئەم نائارامییە قوڵە دەبینین کە لە ئاکارییەکان و لەنێوان خواست و ئارەزووەکانیان هەیە، یان ئەو شێوازەی لە ژیانی ڕۆژانەیان پەیڕەوی دەکەن، یان ئەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەیبینن و دەیبیستن، هەروەها لە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەدا. ڕۆژنامەی (الاخبار)(٢٤٢) بەیانی ڕۆژی ٢٧ یەنایر ١٩٧٤ بابەتێکی بڵاوکردەوە کە دواتر چەندان بابەتی دیکەی لەسەر هەمان شێواز بڵاوکردەوە، لە ژێر ناونیشانی: بە دوای ئەو قوتابیە بلیمەتەدا دەگەڕێم کە دواجار بینیویانە ریشێکی درێژی بەرداوەتەوە بە پێی خواسی دەرۆزە لە خەڵك دەکات. هەواڵەکان چیرۆکەکەی لاوێکی زیرەکی کۆلیژی ئەندازەییە وەك خێزانەکەی دەڵێت زۆر ئایینداربوو، تا ئەو پلەیەی ڕازی نەدەبوو دەست بخاتە دەست قوتابییە هاوڕێیەکانی، یان لەگەڵیان بدوێت، لەبەرئەوەی بە حەرامی دادەنا، ئەم لاوە کەوتە ئەوینی کچە هاوڕێیەکی، وای لێکدابووەوە کەوا کچەکە خۆشی دەوێت لەبەرئەوەی کچەکە بە ناسکی و ئەدەبەوە وەڵامی دەدایەوە، بەڵام ئەم کچە لەگەڵ هەموو هاوڕێیەکانی بەم شێوازە جوان و نەرم و بە ئەدەبەوە وەڵامی دەدایەوە، پیاوێکی دیکەی خۆش دەویست مێردی پێکرد و لەگەڵی چووە هەندەران، ئا لێرەدا قەتابییەکە تووشی هێدمە بوو توشی نەخۆشی شیزوفرینیا بوو، وەك ئەحمەد چاك بیێتەوە، هەروەها دەنووسێ، پزیشکە دەروونییەکان

دەڵێن چابوونەوەی ئەم نەخۆشییە لە قۆناغەکانی بەرایی شیاوە و بەتایبەتی یەکسەر دوای ئەو هێدمە بووی بۆتە هۆی نەخۆشیەکە، بەڵام ئەو نەخۆشەی وەك حاڵەتی ئەحمەد پێویستی بە چاودێری و سەخبێری بەردەوام هەیە، هەروەها رۆژنامەکە دەنووسێت: پزیشکان هەموو باوك و دایکێك ئامۆژگاری دەکەن، کە منداڵەکانیان هان بدەن کە جۆرێك لە یارییەکانی وەرزشی بکەن، بەتایبەتی لە قۆناغی نەوجەوانیدا بۆ ئەوەی هزر و بیریان بۆ ئەو لایانە نەڕوات کە لە گەورەییدا تووشی گرێی دەروونی وایان بکات و چارەکردنیان دژوار بێت، بە راستی نازانم (لەڕووی پزیشکی و زانستییەوە) چۆن دەکرێت لە هۆشی ئەو کچ و کوڕە لاوازە زیرەکانەدا لە رێگای وەرزشی جەستەیی و یاری تێنسی و تۆپی پێی و سەبەتە و بالە بەلچکو چۆن دەکرێ ئەم نەسازییە کۆمەڵایەتییانە بەندەبڕی کارەبای چارەسەر بکەین، کە ئاڕاستەی سەری ئەو لاوانە دەکرێت، وەك بەشێك لە چارەسەری دەروونی، ئایا چۆن دەکریچت رەگ و ریشەی هۆکارەکانی نەخۆشی دەروونی فەرامۆش بکەین و بەبێ چارەسەری وازی لێبێنین، کەچی بایخ بە چارەسازی نەخۆشییەکانی بەرچاو بدەین لەرێگای دەرزی و کارەبا و مێشك شۆری. ئەو کەسەی لە هۆکارەکانی نەخۆشی دەروونی نێوان کوڕ و کچان دەکۆڵێتەوە لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەندا، لە کۆمەڵگەکەماندا زۆر نموونەی ئەو چیرۆکانە دەبینێت، کە رۆژنامەکان سەبارەت بە لاوە زیرەکەکان دەیگێڕن، چەندان نموونەی فە جۆر لەنێوان پیاو و ئافرەتانی زیرەك هەن، پێویستە لەسەرمان لە بری ئەوەی چارەکردن ئاڕاستەی سەری نەخۆشی، یان کچە نەخۆشەکە بکەین، پێویستە پشکنین و چارەکردن ئاڕاستەی کۆمەڵگە و داب و نەریت و بەهاکان و یاسایە نەسازەکان بکرێت کەوا هۆشی زیرەك رەتیان دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەو داب و نەریت و بەهایانەی پەیوەندی دارە بە لایەنە ناسك و پڕ هەستەکانی کۆمەڵگەکەمان.(٢٤٣)

مرۆڤی یەکەیەکی تەواوە یەکگرتووە، کە لێی لەنێوان هۆش و جەستەدا نییە، لەبەرئەوەی دەبینین مرۆڤ خاوەن زیرەکی زۆر، ئارەزووەکانی سۆز و جەستەیی توند و تۆڵە، لەبەرئەوەی رووی دووەم خەفەکردنی توند، یان تەقینەوەی کە لە شێوەی شڵەژانی دەروونی دەردەکەوێت لەم بارەدا هەندێ جار زۆر زیرەکی سیفەتێکە مرۆڤ باجەکەی زۆرگران دەدات بەتایبەتی ئافرەت. من لەگەڵ ئەو کەسانەدا نیم کە دەڵێن چارەی ئەم گرفت و نەسازییانە لە رێگای جوڵانەوەی ماسولکەکانی لەشی لە هەوایەکی کراوە، یان وەرزشی جەستەیی دێتە دین هەروەها لەگەڵ ئەوەدا نیم کەوا چارەسازییەکە لەوەدا بێت مەشخەڵی زیرەکی لەم کچ و کوڕە

زیرەكانەدا بكوژێنینەوە، بە دانیشتنی كارەبا یدان، یان مێشك شۆری، یان شیكاری دەروونی كە هەوڵ دەدات قەناعەتیان پێ بێنێت، خۆیان لەگەڵ ئەم نەسازییانە بگونجێنن و ملكەچی بارەكە بن، بە رای من رێگاچارە چارەیەكی راستەقینە نابێت، مەگەر لە هۆكارە راستەقینەكانی رفتەكان بكۆڵدرێتەوە و هۆشمەند و بیرمەندە پێگەیشتوو و ئازاكان بە دوای دۆزینەوەی رێگاچارە بگەڕێن، بۆ ئەم نەسازییە زەقانەی كە هێشتا تێیاندا دەژین بێگومان كچ و ئافرەتان زیاتر دەكەونە بەر ئەو نەسازییانەی لە كۆمەڵگەكەماندا هەن، زۆربەی جاران ئافرەت دەبێتە قوربانی ئەم نەسازییانە، لەبەرئەوەی مێینەیە بەچەمكە ئاكاری و كۆمەلأیەتییەكە، كەواتە نێچیری نەسازییە زەقانەی كە هێشتا تێیاندا دەژین، بێگومان كچ و ئافرەتان زیاتر دەكەونە بەر ئەو نەسازییانە لە كۆمەڵگەكەماندا هەن. وەك ئاشكرایە بەها ئاكارییەكانی نەسازە لەگەڵ بەها ئابوورییەكان. بۆ نموونە جەستەی ئافرەت نەنگی پێویستە هیچی لێنەكەوێتە بەرچاوان بە پێی پێوەری بەها ئاكارییەكان، بەلأم جەستەی ئافرەت پێویستە رووت بێت و بە شێوازێك پیشان بدرێت، زۆ رسەرنجڕاكێش بێت، لە ریكلامە بازرگانییەكاندا و لە فیلمە بازرگانییەكاندا و لە سەما و گۆرانی و هونەرە بازرگانییەكاندا. بێگومان ئافرەتە هەژارەكان باجی ئەم نەسازییە زیاتر دەدەن لە ئافرەتانی چینی بالأ، زۆر جاران ئافرەتی دەوڵەمەند لە تەنگژەی ئاكاری قورتار دەبێت، كە دەشێ ئافرەتی هەژار ژیانی خۆی بفرۆشێت. كەس هەوڵ نادات لەو كەسانە بپێچنەوە، یان سزایان بدات كە بوونەتە هۆی هۆكاری پەیدابوونی هەژاری، بەلأم سزایەكە بە تەنیا دەكەوێتە سەر ئافرەتە هەژراەكە. هەرچەندە لەم سالأنەی دواییدا بە هۆی زەقی گرفتە ئابوورییەكان بازرگانی لەشفرۆشی لە كۆمەڵگەكەمان زێدە بووە، بەلأم یاسای میسری هەتا ئەمڕۆكە سزای ئافرەتی كارگەر لەم مەیدانە دەدات، كەچی ئەو پیاوانە بەڕەلأ دەكات كە ئەو كارە دەكەن. لە رۆژنامەكاندا زۆر لەم بابەتانە دەخوێنینەوە، وەك ئەوەی لە رۆژنامەی (الجمهوریە) بلأوكرانەوە، لە ٢٨- أغسطس- ١٩٧٥. لەژێر ناونیشانی: پیاو كارێك دەكات لەگەڵ ئافرەتێك كە دژی ئادابە ئافرەتەكە بەند دەكرێت و پیاوەكەش بەڕەلأ دەكرێت: فوئاد شازلی: نووسیویەتی زیاتر لە (٣) هەزار كەتنی ئاداب لە نێوان لەشفرۆش و هاندان بەڕێوەبردنی خانووی لەشفرۆش لە كۆنوسی پۆلیس و دادگەدا لە ماوەی ساڵێك تۆمار كراوە، دادگا ٩٠٪ بڕیاری لەسەر داوە، بەلأم دادوەرەكان خۆشیان هەست دەكەن بڕیارەكان دادپەروەرانە نین، بیانووشیان ئەوەیە، ئەوان یاسا جێبەجێ دەكەن ئەو یاسایەی پیاوی هاوبەرشی لە تاوانەكە بە شاهێد دادەنێت و هیچ

سزایەکی نادات، با باسی چەندان نموونە لەو کێشانە بکەین، کەوا دادگا لەم دواییانە بینیویەتی.

-لاوێك تەلەفۆنی بۆ پۆلیسی فریاکەوتنی کرد دەڵێت لەگەڵ دوو کچی لەشفرۆشی رێك کەوت، کە بە چل جنیە کاری سێکسیان لەگەڵدا بکات، داوای لێکردوون لەگەڵی بچن بۆ ئۆتیلێك لە شەقامی ٢٦ یولیو، بەلاّم ئەوان رازی نەبوون، چونکە لەو باوەڕەدا بوون کەوا ئەپارتمانێکی سازکراوی هەیە. لاوە بێ ئابڕووەکە داوای یارمەتی لە پۆلیس دەکات کەوا ئەو رێککەوتنەیان جێبەجێ بکەن، یان پارەکەی بدەنەوە، ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن هاتوو هەردوو کچەکەی گرتوو بردنی بۆ بنکەی پۆلیس، ئەویش ناردنی بۆ دادگا و دانیان بەوەدا نا کەوا بۆ نان پەیداکردن لەشفرۆشی دەکەن، دادگاش بڕیاری بەندکردنی دان، بەلاّم لاوەکە یەکسەر بەڕەلاّکرا.

-رووداوێکی دیکە کۆنوسی پۆلیس ئوزبکیە تۆماری کردووە، شایەد تیایدا لاوێکی عەرەبییە لە ئەپارتمانێکدا دەژی لە شەقامی زەکی تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کرد، داوای فریاکەوتنی لە پۆلیس دەکات، کە دوو کچ لە ئەپارتمانەکەیاندا دێن بە شووشەی وێسکی بەتاڵ بەشەڕ هەموو کەل و پەلی ئەپارتمانەکەیان تێك داوە، پۆلیس هەردوو کچەکەی گرت و دانیان نا کەوا لەشفرۆشی دەکەن، یەکێکیان گوتی ئەوەکەی دیان لە ناکاو هاتە ئەپارتمانەکە بێ رێککەوتن ئەوەشیان منافەسەیکی ناشەریفانەیە، واتە منافەسەی ئەو دەکات، هەر ئەوەندەی لە دەست ما لەگەڵی بەشەڕ بێت، درا دادگا و بڕیاری بەندکردنی درا، بەلاّم لاوەکە یەکسەر بەردرا و لە بەشی پۆلیس چووە دەرەوە و وەك بڵێی هیچ رووی نەدابێت.

-نموونەی نامۆی لەم جۆرە زۆرن دەوڵەمەندێکی (منیا) کلیلی ئەپارتمانەکەی لەلای دەرگەوانی بالاّخانەکە جێهێشت، خۆیی و خێزانەکەی چووەتە هاوینە هەوار، کوڕەکە دوو رۆژ پێش وەخت هاتەوە بۆ ئەوەی دەرگەوانە ئاگادار بکاتەوە، کە ئەپارتمانەکە پاکژ بکاتەوە، چونکە دێتەوە، بەلاّم بینی ئەپارتمانەکە لە ژوورەوە داخراوە. دەرگاکەی شکاند و بینی دەرگەوانەکە و خاوەن سالۆنی کوفیرێك و لاوێکی خەنافس کچێکی لەشفرۆشیان هێناوەتە ئەپارتمانەکە، خێرا دەرگای لەسەر داخستنەوە و تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کرد، پۆلیسیش یەکسەر خاوەن کوافێرەکە و خەنافسەکەی بەردا لەبەرئەوەی بە پێی یاسا تەنیا دوو شاهدن، هەرچەندە دانیان بە تاوانەکەشیان نابێت.

نائاکاری لە بەها ئاکارییەکاندا

له وشانەی کە بە هەڵە بەکارهاتوون وشەی لەشفرۆشە (مومس)، بەو ئافرەتە دەوترێت کە گوشاری باری ئابووری پاڵی دەدات، بەرامبەر هەندێ دراو سێکس لەگەڵ پیاو بکات. ئەم ئافرەتە بەبێ ناموس و ئاکار داندراوە، لەگەڵ ئەوەی خۆی قوربانیەتی لەگەڵ ئەوەی خۆی قوربانییەکی کۆمەڵگەی نێرسالاری چینایەتی دوو لایەنەی بەها و ئاکارەکانە، هەر کۆمەڵگەش هانیداوە و پاڵیداوە بۆ ئەم کارە، پیاوان خۆیان، هەژاری خۆی هانیداوە.

بەڕای من ئەو باوکانە لە ژێر پەردەی هاوسەری ئەوانەن کچەکانیان بە مارەیی گران دەفرۆشن پێویستە ناویان بنرێت لەشفرۆش (مومس) لەبەرئەوەی ئەوانەن ناموسی راستەقینە و ئاکاری راستەقینە دەیپچڕێنن، کە بازرگانی بە کچەکانیان دەکەن، مێردانێکیان دەسەپێننە سەر بێ ئارەزووی خۆیان تەنیا بۆ وەرگرتنی مارەیی، یان دیاری نەبێت. هەر ئەوانن پەیرەوی ئایین ناکەن لەبەرئەوەی ئیسلام دەڵێت باشترین پیاو بە تەقواترینیانە واتە خۆپارێزترینیانە نەك دەوڵەمەندترین. سەرفرازترینتان لای خودا خۆپارێزترینیانە "أن اکرمکم عندالله أتقاکم"(٢٤٤)- القران، سورەتی الحجرات ئایەتی ١٣، هەروەها ئەو فەرموودە بەناوبانگەی کە دەڵێت "گەر کەسێکتان هاتە لا لە ئایین و ئاکاری رازی بوون، کچەکانتانی بدەنێ. ئەگەر نا دەبێتە ئاشووب و گەندەڵییەکی گەورە لە زەویدا". "اذا جاءکم ترضون دینە و خلقە فزوجوة"، ان لا تفعلوا تکن فتنة في الارض و فساد کبیر".

ناموس و سەرفرازی لەکاکڵدا دژی زۆری لێکردن و ناچارکردن و بەندە و کۆیلایەتی و دژی بازرگانی کردنە بە مرۆڤ چ کۆیلەبێت، یان ئافرەت، یان منداڵ.

سەرفرازی و ناموس لە کاکڵدا دژی مرۆڤ کردنە ئامراز، یان شت، یان کاڵایە. کەواتە یاسای هاوسەری لە کۆمەڵگەی باوکسالاری چینایەتییەکەمەنا دژی ناموسی راستەقینەیەن لەبەرئەوەی ئافرەتی کردۆتە کاڵایەك بە مارەیی دەکڕێ و بە نەفەقە دەفرۆشرێ و هەندێ جار هەر بەلاش، بەخۆڕایی وەك لە ماددەی ٥٦٧، یاسای هاوسەری لە کۆمەڵگەی میسریمان کە بەدەق دەڵێت: "ئەو ژنەی بە هەڵبژاردنی خۆی خۆی بە دەستەوە نەدا، نەفەقەی بۆ نییە، هەروەها ئەگەر گیرا، هەتا گەر بێ گوناهیش بێت، یان بەندکرا، یان دەستدرێژی کرایە سەر، یان لە ئایین وەرگەڕا، یان باوانی قەدەغەیان کرد، یان لە بارێکدا بوو نەدەکرا وەك هاوسەری سودی هەبێت، ئەوا نەفەقەی بۆ نییە". باری ژن لێرەدا لە کاڵا کەمترە، لەبەرئەوەی کاڵا هەرچی رووبدات بەهایەکی دەبێت هەرزان، یان ناهەرزان، بەڵام بەها و نرخێکە، بەڵام ژنێك،

که دەگیرێت هەتا گەر بەناحەقیش بێت، یان پیاو دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوا مافی مێردەکەیەتی تەڵاقی بدات و نەفەقەیی ناکەوێت (نامێنێت). ئافرەت کە بەبێ هۆ، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت، کە بە تەڵاق دەدرێت، نرخی لە بازاڕی شووکردندا دێتە خوار، وەك هەر کاڵایەکی دیکەی کە نرخی دێتە خوار ئەگەر لە پێشتر بەکاربێت.
کۆمەڵەی باوکسالاری چینایەتی مرۆیی ژنەکەی بە فیڕۆ داوە لە ناوی بردووە و کردوویەتییە کاڵایەك. بەڵکو کردوویەتیە هەرزانترین کاڵا، ئەو خزمەتکارەی کە بەکرێ وەردەگیرێت، ماڵ پاقژکاتەوە، یان ئاگای لە منداڵەکان بێت لەبەرامبەر ئەم کارەیدا کرێ وەردەگرێت، بەڵام ژن هیچ کرێیەك وەرناگرێت، ئەو لەشفرۆشەی کە چێژی سێکسی دەداتە پیاوێك کرێ وەردەگرێت، بەڵام ژن هیچ وەرناگرێت، کۆمەڵگە ژن فریو دەدات بە ناوی ئەوەی کە لە ماڵی خۆیی و لەنێو خێزان و منداڵەکانی کار دەکات، ئەم کارە بە خەرمانەیەك لە وشەی پڕ و پوچ دادەپۆشن. ماڵ ماڵ شانشینی ژنە و دایکی نموونەیی ئەو دایکەیە کە لە پێناو منداڵەکانی قوربانی دەدات، ژنی نموونەیی ئەو ژنەیە گوێڕایەڵی مێردەکەی دەبێت و خزمەتی دەکات، ئەم شتانە هەمووی فریودانە لەبەرئەوەی ماڵ و منداڵ و خێزان موڵکی پیاون، نەك ئافرەت کارەکانی خزمەتکردن لە گێسکدان و چێشتلێنان، کاری رێزگیراو نین، لە کۆمەڵگەدا بە بەڵگەی ئەوەی کۆمەڵگە، هەروەها کرێی لەبار و باشیان ناداتێ، بەڵکو نزمترین کارن لە پەیژەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئەم کارنەش پێویستی بە زیرەکی نییە، کاری پیسن بە درێژایی رۆژیش لە نێو ئاو و پیاز و سیر و پیساییدا کۆمەڵگە ژن دەچەوسێنێتەوە. زیاتر لەوەی خاوەن کار بە کرێگرتەی خۆی دەچەوسێنێتەوە، یان خاوەن کۆیلە کۆیلەکەی خۆی دەچوسێنێتەوە، گوایە شکۆمەندی ئەوەی دەداتێ بۆتە هاوسەری پیاوێك، کە شکۆمەندیەکی درۆیە لەبەرئەویە لەسەر چەوسانەوە و بازرگانی دامەزراوەن هەورەها ئافرەت کردن کاڵایەك لە بازاڕی هاوسەریدا ئافرەتان هاوسەری رەت دەکەنەوە، ئەگەر ئاگاداری ئەم راستییە بن. شکۆمەندی مرۆیی یەکەم مەرجی ئەوەی مرۆڤ بێت، نەکاڵایەك بێت، کرین و فرۆشتنی لەسەر بێت بە هەر نرخێك بێت کۆمەڵگەی باوکسالاری دەرەبەگایەتی، یان سەرمایەداری کە مرۆڤ دەکاتە کاڵایەك کاڵای کۆمەڵگەیەکی نامرۆڤانە و تا سەر بڵندانە، ئەو مرۆڤەش کە رازی بێت ببێتە کاڵا ئەوا ئەو مرۆڤە مرۆڤایەتییەکەی لەدەست داوە، بەڵام کۆمەڵگەی چەوسانەوە کار هەمیشە بەهای بە رەواژی تیادایە، سەرفرازی کۆمەڵایەتی کە باوە تیایدا لەڕاستیدا نەبوونی گرنگترین پێکهاتەی سەرفرازییە. ئەو دادپەروەرییەی کە کۆمەڵگە رایدەگەیەنێ لە

راستیدا توندترین جۆرەکانی زۆرداربیە. ئەو خۆشەویستی کە دەیلاوێنێتەوە کۆمەڵگەیەکن کە لەسەر سود دامەزراوە، سودەکەی کەمینەی کە خاوەندارە، چەوسانەوەی زۆرینە کە هیچی نییە تەنیا ئارەقە و جەستەکەی نەبێت، کە بەکەمترین نرخ دەیفرۆشێت، یان لە بازاڕی هاوسەری، یان لە بازاڕی لەشفرۆشی، هەرچەندە یاساکانی بازاڕ هەموویان نا ئاکارین لەبەرئەوەی ئامانجەکەی پارەیە، نەك مرۆڤ، بەڵام کۆمەڵگە تەنیا بازاڕی لەشفرۆشی بەبێ ئاکار و بێ ناموس دادەنێت، هەموو بازاڕەکەشی نەکردە بێ ئاکار و بێ ناموس، تەنیا ئافرەت نەبێت.

بەڵام پیاوەکان لەبازاڕی لەشفرۆشیدا سکی دەکەن، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگە بەبێ ناموسیان دابنێت، یان یاسا سزایان بدات، یان ناوی (لەشفرۆشیان لێبنێت)، بەڵام ئافرەتان تەنیا ئەوانن سزا و نەنگیان دەکەوێتە سەر، بەڵکو سزا و نەنگییەکە ئەو منداڵانەش دەگرێتەوە کە لە بازاڕی ئەویندا پەیدا دەبێ، ناویان لێدەنێن منداڵانی ناڕەوا، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە منداڵان لێك جیادەکەنەوە، لەسەر بنچینەی ئەو شتەی پێش لە دایك بوونیان روویدا و لە راستیدا گەیشتۆتە توندترین جۆرەکانی زۆرداری و چەوساندنەوە، لەبەرئەوەی بڕیار لەسەر ئەو بێ تاوانە بچکۆلانە دەدات، کە هاوبەش نەبوونە لەو کارەیدا کە ئەوانی هێناوەتە ژیان، ئەوەشیان گەورەترین بەڵگەیە کە ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین، هیچ جۆرە دادپەروەرییەکی تێدا نییە کە بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو هەمووی وشەی پوچەڵە تەنیا مەبەستی داپۆشینی زۆرداری و چەوساندنەوەیە کە لەڕاستیدا هەیە، دامودەزگای منداڵانی ناشەرعی رواڵەتێکە لە رواڵەتەکانی نەسازی ئاکاری و مرۆیی کۆمەڵگەی نێر سالاری چینایەتی، بەڵام ئارەزوو و دەسەڵات و دارایی وا دەکات خاوەن دار و خاون دەسەڵات، لۆجیك لە دەست بدەن و یاساکانیان پڕ دەبێت، لە نەسازی و چەندان دیاردەی نامرۆیی لێ پەیدا دەبێت و چەندان بەهای پێچەانە لەهەمان کات، کە باوك بانگەشەی مرۆیی و باوکایتی خۆشەویستی دەکات، لە پەیوەندی بە منداڵەکانیەوە دەبینین هەمان باوك توند و تیژە و لە منداڵەکانی بێ بەری دەبێت. لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی منداڵەکانی لە جۆری یەکەم لەو ئافرەتە لە دایك بوونە کە پیاو بە خۆی هەڵی بژاردووە، بۆ هاوسەری خۆی. بەڵام منداڵەکانی لە جۆری دووەم لەو ئافرەتە لە دایکبوونە، کە تەنیا وەك دۆست هەڵیبژاردووە. پیاو لە هەردوو حاڵەتیشدا (هاوسەری، یان ئەوین) هەر ئەوە هەڵدەبژێرێت و هەر ئەوەی پەیوەندییەکە دیار دەکات ئایا

هاوسەریە، یان تەنیا ئەوینە. لە مێژوودا دیاردەی منداڵە ناشەرعییەکان وەك کالێکی نەنگی لەنێو چەوانی ئەم شارستانییە چینایەتییە بەرچاو دەکەوێت.
هەندێ لە کۆمەڵگە سەرمایەداریە پێشکەوتووەکان هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیەیان دا و لە رێگای بیرۆکەی (بە باوان کردن) کە لە هەندێ وڵاتانی رۆژئاوایی باوە، هەورەها چەوسانەوەی ئافرەتانی کرێ گرتە وای کردووە، هەندێ کۆمەڵگەی پیشەسازی پێشکەوتوو ئەو مافە بە دایك بدات کە منداڵەکەی بەناو خۆی بکات، وای لێهاتووە ناوی دایك هەمان سەرفرازی و شەرعیەتی هەبێ، کە باوك هەیەتی، بەڵام کۆمەڵگەی ئیسلامی بەباوانکردن حەرام دەکات، لە ئیسلامدا رۆڵەیی، یان هەر پەیوەندییەکی رەچەڵەکی دیکە لە رێگای بە باوانکردن دروست نابێت و ناسەڵمێت، ئیسلام وەك بنەما سەپاندویەتی کە هەر مرۆڤێك بەناوی باوکیەوە بانگ بکرێت بەپێی ناوەڕۆکی ئەم ئایەتەی خوارەوە: ئەوانەی بە منداڵی خۆتان بانگ دەکەن رۆڵەی ئێوە نین، ئەوەیان قسەیە کە ئێوە بە زار دەیڵێن، لای خودا راستی دەڵێن و هەر ئەویش رێ نیشاندەرە. بە ناوی باوکەکانیان بانگیان بکەن. ئەوەیان دادپەروەرانە ترە لای خودا، ئەگەر باوکەکانیان نە ناسی ئەوا دایانتانن لە ئایین: "وما جعل ادعیاءکم ابناءکم، ذلك قولکم بأفواهکم و الله یقول الحق و و یهدي السبیل. الدعوهم لابائهم و هو اقسط عندالله فأن لم تعملوا اباءهم فأخوانکم في الدین".(٢٤٥)
بەڵام دەوڵەتی تونس پێش وڵاتە ئیسلامەکان کەوت لە دانانی سیستەمی بە باوانکردن. بەڵام یاساکانی خێزان لە وڵاتە عەرەبییەکان هێشتا سیستەمی بەجارنکردن قەدەغە دەکات. بەهۆی زۆری منداڵە ناشەرعییەکان بەهۆی ئازادی سێکسی پیاو و یاساکانی رەچەڵەك و رۆڵە بوون (البنوە)، ژمارەیەکی زۆر لەو منداڵە ناشەرعییانەی گرتۆتەوە بە بێ رەچەوکردنی یاساکانی هاوسەری و لۆجیك و دادپەروەری رۆڵە، بوونی منداڵ دەدرێتە پاڵ باوکی ئەگەر:
١- لە ئاکامی پەیوەندی پیاو بە ئافرەتێك لە رێگای مارەنامەیەکی شەرعی دروست.
٢- جووتبوونی بەرگومان.
٣- لەئاکامی دان پێدانان.
٤- لەئاکامی شایەدی دوو شایەدی راستگۆ.
١- مارنامەی شەرعی دروست: ئەگەر پیاو لەگەڵ ژنەکەی جووت بوو (پەیوەندی سێکسی لەگەڵدا کرد)(٢٤٥) بەشێوەیەك کە کەمێکی بچێتە منداڵدانەوە (تەنیاییەکی دروستی لەگەڵ کرد- وەك لای سونییەکان. کەمتر لەماوەی سکپڕی کە شەش مانگە لە کاتی جووتبوونەوە

ڕەتبێت، هەروەها ئافرەتەکە لەوپەڕی ماوەی سکپڕی ڕەت نەبێت، دوای جووتبوون (دوو ساڵ لای حەنەفیەکان و ٤ ساڵ لای شافعی و مالیکییەکان)، کۆمەڵگەی ئیسلامی هەوڵی داوە بە پێی توانا، ژمارەی منداڵانی ناشەرعی کەمبکاتەوە لە ڕێگای ئەو بیرۆکەیەی ناوی ناوە منداڵی نووستوو، یان ئەو دروشمەی کە ئیسلام بەرزی کردەوە، کە دەڵێت منداڵ کوڕی سەر جێیە، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) (منداڵ هی سەر جێیە)، هەندێك ئەو فەرموودەیە وا لێك دەدەنەوە گوایە گێڕانەوەی ڕەچەڵەکی منداڵە بۆ باوکی دوای ئەوەی دەدرایە پاڵ دایك، هەندێکی دیکە وای ڕاڤە دەکەن کەوا ژن هەر منداڵێکی بوو بێ منداڵی مێردەکەیەتی، ئیمام ئەبوو حەنیفە دەڵێت: مارەنامە بەتەنیا بەبێ ڕەچاوکردنی ماوەکەین هۆیە بۆ سەلماندنی ڕەچەڵکی مناڵ بۆ مێردەکە، بەم پێیە ئەو منداڵەی کە ژنەکە دەیبێت، هەرچەند مێردەکەی لەوێ نەبێت هەتا ئەگەر چوار ساڵیش بێت، بە کوڕێکی شەرعی ئەو پیاوە دادەنرێت، هەورەها ئەو منداڵەی کە ژنەکەی دەیبێت، هەتا ئەگەر سێ، یان چوار مانگیش بەسەردا ڕەت نەبووبێت، بە منداڵێکی شەرعی مێردەکەی دادەنرێت، ئەم منداڵە پێی دەگوترێت منداڵ خەوتوو، بەلاّم زانیاری پزیشکی نوێ سەبارەت بە ماوەی سکپڕی.(٢٤٦)، هەروەها سەبارەت بە ژمارەی ئەو مانگانە کە دەکرێ کۆرپەڵە لە ناو منداڵدانی دایکیدا بژێت، سەرەڕای زێدەبوونی ژمارەی ئەو منداڵە شەرعی و ناشەرعییانە، کۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامی بانگەوازی بۆ ڕەخنەگرتنی لەبیرۆکەی منداڵی خەوتوو ڕاهێشت. کۆمەڵگەی میسری هەتا ساڵی ١٩٢٩ لەسەر ئەم بیرۆکەیە دەڕۆیشت، کە پشت بەڕای ئەبوحەنیفە دەبەستێت، کەوا مارەنامە بە تەنیا بەسە بۆ سەلماندنی ڕەچەڵەکی منداڵەکە لە باوکیەوە، واتە دانەپاڵ مێردەکە. دواتر ڕای ئەحمەد کوڕی حەنبل و شافعی و مالکی وەرگیرا ئەوانەش دەڵێن چوونە پەردە، یان جووتبوون پێویستە بۆ ئەوەی ڕەچەڵەك دیاری بکرێت، ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان بیرۆکەی منداڵی خەوتوویان لە یاسا نوێ پێشکەوتووەکانیاندا لابردووە.

٢- جووتبوونی بەرگومان: ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێکدا جووتبوو بەبێ مارەیی هاوسەریەکی دروست، یان نادروست، یان کەسێکی پێ نەشیاو، بەلاّم بە نەزانی، لەو باوەڕەدا بوو کە خێزانی ئەوە،(٢٤٧) یان مارەیی لە ئافرەتێك بڕی کە ناشێ مارەیی لێ ببڕێت بە نەزانی سکی بوو، ئەوا لەم حاڵەتەدا ناونیشانی زینای پێناگوترێت، لەبەرئەوەی کارەکە بە نەزانی بووە.

منداڵەکەی دەدرێتە پاڵ و دەبێتە باوکی منداڵەکە، ئاشکرایە پیاوەکە دان بە منداڵەکە دەنێت و دان بە ژنەکەش دەنێت، ئا لێرەدا چۆن یاسا ئاسانکاری بۆ پیاو دەکات، سەبارەت بە ئازادی سێکسی دەبینین دەتوانێت پەیوەندی سێکسی بە هەر ئافرەتێك ببەستێت، جگە لە خێزانەکەیی و بە زیناش داناندرێت و منداڵەکەشی دەدرێتەوە پاڵ، لەبەرئەوەی ئەو پیاوە وای زانی کە ئەو ژنە خێزانەکەیەتی. نازانم ئایا ئەو شتە شیاوە، یان نەشیاوە چۆن پیاوێك نازانێت کارسی سێکسی لەگەڵ کەسێك دەکات ئایا ژنەکەیەتی، یان نا؟! باشە ئەگەر پیاو ئەوەندە نا ئاگا بێت تا ئەو رادەی خێزانی خۆی لە ئافرەتێکی دیکە جیا نەکاتەوە، ئایا ئافرەتیش هەندێ جار ناکەوێتە ناو ئەوین ئاگاییەوە و مێردەکەی خۆی لە پیاوێکی دیکە جیا ناکاتەوە؟ ئایا ئەم بێ ئاگاییە بۆ ئافرەت رەوایە، بەتایبەتی ئەگەر ئافرەت لە پیاوەکە کەم هۆشتر و کەم ئایینترە وەك باوە، پیاو لە ئافرەت هۆشمەندترە، بلیمەتترە کەواتە کەمترین ئاگا دەبێت.

ئەگەر بەم لۆجیکە برۆین لۆجیکی بێ ئاگایی، هەر کەسێك لە دەرەوەی هاوسەری سێکس بکات ئەوا بە زینا داناندرێت، لەبەرئەوەی لێی تێکچووە و نەیزانیوە کە هاوسەرێتی، یان نا، کەواتە یاسای زینا لە سەر کێ جێبەجێ دەکەن، ئا لێرەدا نەبوونی لۆجی و دادپەروەری لەم جۆرە یاسایانەی مەسەلەی دوانەتی (دوالیزم)ی ئاکاری باو دەکەن لە رێگای ئازادی سێکسیدا، چارەسەر نە پیاو لە دەرەوەی هاوسەری. ئەم یاسایەش، یاسای بە باوانکردن بە هۆی جوتبوونی بەرگومان بەڵگەی ئەو شتەیە، بێگومان ئەم یاسایە تا رادەیەك گرفتی منداڵە ناشەرعییەکان چارە دەکات، بەڵام چارەیەکی ناتەواوە بۆ گرفتێکی گەورە ئەو گرفتەی چارە ناکرێت، هەتا ئەوکاتەی پیاو مافی ئەوەی هەبێت لەگەڵ چوار ژنان بکات، سەرەڕای کەنیزە و جاریە، هەروەها هەر ئافرەتێکی دیکەش وا بزانێت خێزانیەتی، یان نەزانێت لێی حەرامە!!

٣- دان پێدانان: رەچەڵەك بە دان پێدانان دەسەلمێت، ئەگەر پیاوێك منداڵێکی بە کوڕی خۆی دانا، ئەم دان پێدانانەی جێبەجێ کرد بە مەرجێك پیاوێکی دیکە کێشەی، لەگەڵ ئەو منداڵە نەبێت، ئەوا بە منداڵی ئەو دادەنرێت، مەرج نییە منداڵەکە رازی بێت ئەگەر بچووك بوو، بەڵام ئەگەر گەورە بوو رەزامەندی منداڵەکە مەرجێکە، بەم شێوەیەی پیاوێك کە هێشتا ژنی نەهێنا بێت، مافی ئەوەی هەیە منداڵی شەرعی هەبێت، بەڵام ئافرەتی شوونەکردوو منداڵەکانی ناشەرعیە، مەگەر ئەو پیاوەی کە سێکسی لەگەڵ کردووە، دان بەوەدا بنێت کە

ئەو منداڵە کوڕی ئەوە بەو مەرجەش پیاوێکی دیکە نەبێت خۆی بە خاوەنی ئەو منداڵە بزانێت.

٤- گەواهی دوو شایەدی دروست: ڕەچەڵەك بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی بە گەواهی دانی دوو شایەدی دروست دەبێت، ئەگەر دوو برای مردوویەك شایەدیان دا، کوڕێك دەبێتە کوڕی برا مردووەکەیان، (شایەدی دروست بوون) ئەم کوڕایەتییە دەچەسپێت، دوو شایەدە دروستەکەش دوو پیاون لە خێزانی پیاوەکە، بەڵام دایك کە منداڵەکەی بووە لە هەردوو شایەدەکەش باشتر دەزانێ کە باوکی منداڵەکەیە، ئەوا ڕەچەڵەك بە شایەدی دایکەکە ناسەلمێ، هەروەها پیاو مافی دان نان بە منداڵی هەیە بەو شێوەیە دەبێتە کوڕی شەرعی خۆی، هەروەها ئەو مافەشی هەیە کە ڕازی نەبێت بە منداڵەکە دان پاڵ ئەو، ئەگەر گومانی هەبوو لەوەی کە منداڵەکە لەو نییە. پیاو بە پێی شەرع پێویستە لەسەری ئەگەر منداڵەکە لەو نەبوو بڕیار بدات، کە ئەو منداڵە لەو نییە لەڕووی شەرعەوە، ناشێ کوڕایەتی منداڵێك بسەلمێنێ لە باوەڕەدایە کە کوڕی ئەو نییە.(٢٤٨) پیاو بۆی هەیە منداڵ دانە پاڵی لە دوو حاڵەتدا هەڵوەشێنێتەوە:

١- منداڵەکە بە شەش مانگ کەمتر دوای جووتبوون، لە دایك ببێت.

٢- نەفەرت (اللعان): ئەگەر مێردەکە منداڵێکی تازەبووی ئینکار کرد، ماوەی سکپڕی لە کەمترین ماوە کەمتر نەبوو، هەروەها لەوپەڕی ماوەی سکپڕیش زیز نەبوو لە هەمان مارەییەکە بەردەوام بوو، ناتوانێت ئینکاری ئەو منداڵە بکات مەگەر بە نەفرەت نەبێت.(٢٤٩) چۆنیەتی نەفرەت کردنیش بەم شێوەیەی خوارەوەیە، مێردەکە داوایەك دەداتە دادوەری شەرعی و ئینکاری ئەو منداڵە دەکات، دادوەری شەرعیش داوای گەواهی دان (الشهادە)ی لێدەکات، چوار جار گەواهی دەدات دەڵێت: (بەخودا شایەد مافی دەدەم کە من ڕاستگۆم لەوەدا کە ئەم منداڵە منداڵی من نییە)، دواتر پاش ئەم گەواهی دانە دەڵێت: (نەفرەتی خودا لە من بێت ئەگەر درۆ بکەم لەو قەسەیم کە سەبارەت بە خێزانەکەم کردوومە لەوەی ئینکاری منداڵەکە دەکەم). دوای ئەوەی گەواهی دانی مێردەکە تەواو بوو ژنەکە گەواهی دەدات.

دوای ئەوەی دادوەر فەرمانی پێدەکات چوار جار دەڵێت: (خودا دەکەمە شاهێد کە مێردەکەم درۆ دەکات لەوەی کە زینای داوەتە پاڵم) پاش گەواهی دانەکە دەڵێت (خودا نەفرەتم لێبکات، ئەگەر ئەو ڕاستگۆ بێت)، ئەم نەفرەتەش لە لای دادوەریدا چەند ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە: منداڵەکە نادرێتە پاڵ پیاوەکە، ژن و مێردەکە هەتا هەتایە لە یەك حەرام دەبن،(٢٥٠) لەم

یاسایەدا بۆمان روون دەبێتەوە کەوا مێردیش (نەك هەر پیاوی بێ هاوسەر) دەتوانێت دان بە رەوا بوونی منداڵەکەی نەنێت، تەنیا بە بەکارهێنانی وشەی نەفرەت هەرچەندە مارەیی تەواو بێت و ماوەی سکپڕیش تەواو بێت، هەرچەندە ژنەکەش سوێند دەخوات کە ئەوە باوکیەتی. بەڵام ئەو دادوەری بڕیار لە نێوانیان دەدات پیاوە ئافرەت نییە. سیستەمی باو سیستەمی پیاوسالاری باوکسالارییە، کێ هەیە باوەڕ بە ئافرەتێك دەکات و پیاوێك بەدرۆ دەخاتەوە، پیاو بەپێی بڕیاری شەرع و یاسا زیاتر مەیلی راستگۆیی و راستی و هۆشمەندی هەیە. ئافرەتیش زیاتر مەیلی درۆ و گومڕایی و بێ ئاگایی هەیە. بێ ئاگایی بەشی پیاو لەو کاتەیدا کە مەسەلەکە پێوەندی بە مافی پیاو هەبوو، لە کاری سێکسی لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە جگە لە خێزانەکەی، بەڵام لێرەدا بێئاگایی بەشی ئافرەتە لەبەرئەوەی ئێستا کارەکە پێوەندی بە مافی پیاو هەیە، بە مافی پیاوی تەلاقدەر هەیە لە دیاریکردنی رەچەڵەکی منداڵەکە بۆ خۆی، یان بۆ یەکێکی دیکە لەناو هاوسەری، یان لەدەرەوە. نەفرەت ئەو مافە دەداتە پیاون منداڵەکە نەداتە پاڵ خۆی تەنیا لەبەرئەوەی گومانی کرد لەوەی ژنەکەی ناپاکی لەگەڵ کردووە، هەورەها یاسای رەچەڵەك و باوکایەتی ئەو مافە دەداتە پیاو کە ئینکاری رەچەڵکی منداڵێك بکات نەیداتە پاڵ خۆی، تەنیا لەبەرئەوەی مارەنامەی لەگەڵ دایکی منداڵەکە مۆر نەکردووە.

لێرەدا دەتوانین بە ئەندێشە ژمارەی ئەو منداڵانە بزانین (لە سێبەری سیستەمێك ئازادی سێکسی بێ سنوور دەداتە پیاو) کە دەبنە قوربانی ئەو پیاوانەی سێکسیان کردووە لەگەڵ ئافرەتان، بێ ئەوەی مارەنامەیان مۆر بکەن، هەروەها دەتوانین مارەی ئەو منداڵانەی دەبنە قوربانی ئەو پیاوانەی گومان لە باوك بوونیان دەکەنن باوك منداڵی نابێت لەبەرئەوە هیچ باوکێك (هەرچەند دڵنیا بێت) ناتوانێت سوێند بخوات ئەو منداڵە لەوە لە پیاوێکی دیکە نییە. بەڵام دایکایەتی تاکە شتە کە بێگومان لەبەرئەوەی منداڵەکە لەمنداڵدانی ئەو دایکە دەبێت نەك لە منداڵدانی ئافرەتێکی دیکە. هەر لە مێژووی دێرینەوە لەوکاتەی سیستەمی باوکسالاری شوێنی دایکسالاری گرتەوە، گرفتی گەورەتر لە گرفتی رەچەڵەك و باوکایەتی پەیدا نەبووە، لەبەرئەوەی پەیوەندییان بە میرات و نەفەقە هەیە، هەموو ئەوانەش هۆکاری ئابوورین، پێوەندیان بە دادپەروەری و راستی، یان ئاکارەوە نییە.

دادپەروەری و راستی و دڵسۆزی یەکەم شتە کە پێویستە منداڵ سزا نەدرێت، لەبەرئەوەی باوکی پیاوێکی سەرەڕۆ بووە، دادپەروەری و راست ئاکار پێویست دەکەن داوا لە پیاو بکرێت دڵسۆز بێت بۆ خێزانەکەی بەهەمان شێوەی داوا لە ئافرەت دەکرێت بۆ مێردەکەی یاساکانی

سەلماندن، یان نەسەلماندنی منداڵ بۆ باوکی کۆن و ئێستاش، ئەو هەوڵە نائومێدانە دیاری دەکات، کە پیاو تیایدا هەوڵ دەدات باوکایەتی بایۆلۆجی خۆی بسەلمێنێت ئەو باوکایەتییەی کە ناسەلمێت مەگەر پیاوەکە سەد لە سەد دڵسۆزی ژنەکە مسۆگەر نەکات.

ئەوەشیان لە زۆرجاران کردنی نییە مەگەر ژنەکەش دڵسۆزی مێردەکەی سەد لە سەد دابین بکات. نەبوونی متمانە شتێی زۆرباوە لەنێوان ژن و مێردا، لەبەئەوەی هاوسەری لە زۆربەی جاراندا لەسەر بنچینەیەکی مرۆیی و هەست و نەستی ئازاد و راستەقینەی لەنێوان دوو کەسی سەربەخۆدا دروست نەبووە، بەڵکو لەبەر چەندان هۆکاری ئابووری سوود خواز دروست دەبێت، کچ بەزۆری پاڵ دەدرێن بۆ شووکردن، بە پیاوێك، کە بە تەمەن گەورەترن، تەنیا لەبەر دەوڵەمەندی و دارایی، ئافرەت دەبێتە کاڵایەك، یان بابەتێك بە کەمترین نرخ بە مارەیی دەکردرێ و دەفرۆشرێ، یان بێ نرخ دەفرۆشدرێن. پێوەندی ژن و مێرد لەسێبەری یاساکانی باوکسالاری پێوەندی کۆیلەییە بە گەورەکەی، ئەوەشیان پێوەندییەکی سودخوازی چەوسانەوەییە لەسەر بنچینەی هەڵبژاردن، یان ئازادی، یان یەکسانی دانەمەزراوە.

لە توێژینەوەیەکەمدا کە لەبارەی (١٦٠) ئافرەتی میسری لە ١٩٧٣، ١٩٧٤ ئەنجاممدا بۆم دەرکەوت ١٥,٦٪ لەهاوسەران بەبێ خۆشەویستی بونەتە هاوسەر ئەو ژمارەیەش بە رای من کەمترە لە راستی لەبەرئەوەی ژنی میسری عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی، لەو داب و نەریتە دەترسێت کە سەپێندراوەتە سەری کە تیایدا ملکەچی و ناڕەزایی دەرنەبڕین و سکاڵانەکردنی دەسەپێندرێتە سەر، زۆر ژن ئەوەندەی رقیان لە مێردەکەیانە لەدڵەوە هیوا خوازە بمرێت، بەڵام لەبەردەم خەڵك پێچەونەی ئەوشتە دەردەبڕێت، بەڵکو هەتا ئەو رادەیەی لەگەڵ خۆشی دان بەو رق لێبوونەوەیە نانێت کە بەرامبەر مێردەکەی هەیەتی، چونکە لێی دەترسێت و لە تەڵاقدان دەترسێت، ئەگەر ئەم نهێنییەی دڵی باس بکات. لەبەر ئەم هۆیە بوو لە توێژینەوەکەمدا پرسیارێکی دیکەم دانا ناڕاستەخۆ رادەی خۆشەویستی، یان کەیف هاتن بەمێردەکەی دەربرێت، ئەم پرسیارەش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو: ئایا ئەگەر هاتوو ساڵەکانی تەمەنت گەڕانەوە دواوە و بوویتەوە کچی جاران و ئازادکرای لەوەی مێردی خۆت هەڵبژێری ئایا هەمان ئەو مێردە هەڵدەبژێری. ٨٤,١٪ لە ژنەکان مێردەکانی خۆیان هەڵنابژێرنەوە، ئەگەر رابردوو بگەڕێنەوە و ئەو ئازادی و دەرفەتەی هەبێت مێردێکی دیکە هەڵبژێرێت. سەبارەت بە پێوەندی سێکسی لە دەروەی هاوسەریدا ئەوا ١٦,٧٪ وەك رێژەی ناوەند لەو ژنانە دانیان بەوە نا، کە جگە لە مێردەکەیان سێکس لەگەڵ پیاوانی دیکە دەکەن.

ئەو ڕێژەیەش بەرز بۆوە بۆ ٢٢,٤٪ لە حاڵەتی ژنە خوێندەوار و سروشتی و ئەوانەی نەخۆشی دەماریان هەیە و نزمبۆوە بۆ ١١,٤٪ لە حاڵەتی ژنە نەخوێندەوار و دەمارگیرەکان. لەم هەموو حاڵەتانەدا ئەم ڕێژەیە ڕاست دەرنابڕێت، لەبەرئەوەی ژنی عەرەبی بە گشتی هەرچەندە خوێندەوار بێت و سەربەخۆ بێت، ناتوانێت دان بەو پێوەندییە بنێت کە لەگەڵ پیاوێکی دیککە هەیەتی جگە لە هاوسەرەکەی، پێوەندییەکە هەرچییەك بێت نەخوازە لە پێوەندی سێکسین ئەم پێوەندییە پێی دەوترێت ناپاکی هاوسەری لەسەر ناپاکی هاوسەری یاسا سزای ژن دەدات زیاتر لەوەی سزای پیاو بدات، ئەو ژنەی ناپاکی لەگەڵ مێردی دەکات لە یاسای میسریدا بە دوو ساڵ زیندانی دەکرێت، بەلاّم پیاو ئەگەر ناپاکی لەگەڵ ژنەکەی کرد لە ماڵێکی دیکە جگە لەماڵی خۆی سزا نادرێت، بەلاّم ئەگەر لە ماڵی خۆی بوو ئەوا شەش مانگ زیندانی دەکرێت.(٢٥١) سەرەڕای ئەوەش داب و نەریتی باو تەنیا سزای ئافرەت دەدات، ناپاکی ئافرەت بەرامبەر بە مێردەکەی لە شەرع و یاسا و باو قەدەغەیە، بەلاّم ناپاکی پیاو بەرامبەر ژنەکەی ڕەوایە، بەهەمان ئاست لەبەرئەوەی ناپاکی ژن بۆ مێردەکەی واتای تێکەڵبوونی ڕەچەڵەك، یان میرات دەگەیەنێت کەوا کۆڵەگەی بنچینەیی بەردەوامبوون و خێزانی باوکسالارییە. بەڕای من گەورەترین ناپاکی ئەوەیە، کە باوك کچەکەی ناچار بکات مێرد بە پیاوێك بکات کە نایهەوێت، تەنیا لەبەر مارەییەکەی، گەورەترین ناپاکی ئەوەیە، کۆمەڵگە ئەندامی سێکسی کچ ببڕێت بۆ ئەوەی پاکیزەیی و داوێن پاکیان بسەپێنێتە سەر، (خەتەنەی کچان) گەورەترین ناپاکی ئەوەیە کە منداڵان لەسەر ترس و خەفەکردن و ملکەچی کوێرانە پەروەردە بکرێن، گەورەترین ناپاکی ئەوەیە منداڵ سزا بدرێت، بە نەنگ و دەرەبەدەر بکرێت، لەبەرئەوەی باوکی چێژی سێکسی بینی ڕازی نەبوو دایکی مارە بکات، گەورەترین ناپاکی ئەوەیە پیاو لە ڕێگەی مارەنامە ببێتە خاوەن ژنەکەی وەك چۆن دەبێتە خاوەنی مەڕ و ماڵات، گەورەترین ناپاکی ئەوەیە ئافرەت بێبەش بکرێت لە زانست و زانیاری بۆ ئەوەی خۆی تەرخان بکات بۆ قاپ و جل و بەرگ شوشتن، بەلاّم کۆمەڵگە چاو لەو ناپاکییانە دەپۆشێت تەنیا چاو دەبڕێتە هاتووچۆی ژنەکە هەر جوڵەیەك، یان بزەیەکی ژنەکە لەڕووی پیاوێکی جگە لە مێردەکەی کۆمەڵگە پڕ دەکات لە گومان و دڵپیسی و مێردەکە ناچار دەکات، بکەوێتە شێتی و گومان و توڕە بوون. ئەو مێردەی بۆ بەرگریکردن لە ناموس ژنەکەی خۆی دەکوژێت (هەتا ئەگەر تەنیا گومانیشی بێت) هیچ سزایەکی پێناگات، لەبەرئەوەی بەرگری کردن لە ناموس ئەرکی پیاوی خاوەن نامووسە. کەچی زۆر پیاوی بە نامووس بە شەو، یان بە

ڕۆژ له الَی هاوسەری خۆی دەدزێتەوه و دەچێتە لای دۆستەکەی، یان لەشفرۆشێك. لەبەر زۆری ناپاکی هاوسەری یاسای ناپلیۆن دەنوسێت: "یاسای میسری لەو وەرگیراوه"، "بەڕای من سیستەمی فرەژنی و مافی پیاو له سێکسی کردن لەگەڵ کەنیزەك، یان مافی پیاو لەوەی خێزانەکەی خۆیی و ئافرەتێکی دیکه به نەزانی لێك جیانەکاتەوه، یان خۆی لێنەزان چەندان جۆری دیکەی ناپاکی هاوسەرن، که پیاو لەژێر سێبەری ئاکار و شەرع و یاسا دەیکات. هەموو ئەوانەش ڕواڵەتن بۆ ئەو دوالیزمی ئاکار که سیفەتی باوکسالاری هەیەتی، ئەو شته بۆ پیاو ڕەوا دەبینێت و بۆ ئافرەتی بەڕەوا نابینێت.

لەگەڵ ئەو هەموو ناپاکییانه، سیستەمی باوکسالاری بوو دەستەی لەشفرۆشانی دروستکرد، هەر پیاوه دەچێتە لای لەشفرۆشان و هەر ئەو پارەیان دەداتێ، بەڵام کۆمەڵگه ناوی لەشفرۆشی تەنیا له ئافرەت ناوه، سزای تەنیا بۆ ئافرەت داناوه، بەپێی یاسای میسری ئەگەر هاتوو پیاو لەوکاتەدا گیرا که سێکسی لەگەڵ لەشفرۆشێك دەکات پیاوەکه ناگیرێت، بەڵکو دەبێتە شایەد لەسەری، بەڵام تەنیا ئافرەتەکه دەگیرێت.

لەشفرۆش له میسر یاسایی بوو له ژێر سەرپەرشتی دەوڵەتدا بوو، تاکو ١٩٥١ دواتر یاسایەك دەرکەوت قەدەغەی کرد و لەشفرۆشی له زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان کارێکی نایاساییه، بەڵام چ به نهێنی و چ به ئاشکرا دەکرێت، زۆر له لەشفرۆشان ئەمڕۆکه خۆیان له پەنای چەندان جۆره هونەری سوك شاردۆتەوه، چەندان جار گوێبیست دەبین کەوا ئەو سەماکەرەی له وڵاتانی عەرەبییدا دەخولێتەوه که له باڕەکاندا سەما دەکات، ئارەزووی سێکسی له ڕێگای ئەوینەوه به لەشفرۆشی تێر دەکات بۆ پیاوه دەوڵەمەندەکان و خاوەن دەسەڵاتەکان، زۆرجاران پێوەندی دەزگای هەواڵگری هەندیچك دەولچەت بەم لەشفرۆشانه ئاشکرا دەبێت، بۆ ئەویه له کاتی پێویست بەکاریان بێنن بۆ ڕاکێشانی کەسایەتییەکی گرنگ، یان تۆقاندن و ترساندنی لەڕێگای وێنەگرتنی لەکاتی کاری سێکسی لەگەڵ ئافرەتێکدا.(٢٥٢) له زیندانی قەناتر بەشی ئافرەتان، چاوم له هەندێك لەو ئافرەتانه کەوت یەکێك لەوانه بۆی باسکردم که لەباری دەروونی ئەوم دەکۆڵیەوه گوتی: وا شێت دەبم دکتۆره چەندان ساڵه ئەو کاره دەکەم، هەموو دەزانن، ئێستا بۆ منیان بەندکردووه و فڕێیان داومەتەوه ئێره؟ ئەم ژنه تووشی دەردە دەمار هاتبوو (العصاب- Neurosis) لەبەرئەوەی له نهێنی ئەو گرتنه ناکاوەی نەگەیشتبوو، چەندان چیرۆکی پڕ ئازار دەبیستین لەم ژنه بەناو لەشفرۆشانەی بوونەتە قوربانی کۆمەڵگەیەکی ئاکا دوو فاقی. چەندان چیرۆك دەبینین له بارەی ژیانی ئەو منداڵانەی به

ناوی منداڵی ناشەرعی ناسراون، ئێستا ئەو نەسازییە زۆر بەرچاوە لەنێوان بەها ئایینییەکانی، لە هەموو شوێنێکدا باوە لەگەڵ ئەو ڕێکلامە بازرگانییانەی پشت بە جەستەی ڕگوتی ئافرەت و بتڵە ویسکی دەبەستێت. هەر کەسێك لە هەر شەقامێك لە شەقامەکانی پایتەختە عەرەبییەکاندا بڕوات، دەبینێت دیواری هەندێك لە باڵەخانەکان بە ڕێکلام ڕازاوەتەوە سەبارەت بە شەڕابی کۆن و ئەو دەستەی کە جامەکەی گرتووە، دەستی ئافرەتێکی نیوە رووتە یاخود ریکلامی هەندێك فیلم کە تیایدا جەستەی ئافرەت پیشان دەدەن و چیرۆکەکە یەك ئامانجی هەیە، ئەویش وروژاندنی خەڵکە، ئەو خەڵکەی لەڕووی سێکسییەوە خەفە کراون، ئەم ڕێکلامە بازرگانییە سێکسییانە ڕوو لە زێدەبوون دان، لەگەڵ زێدەبوونی پەیوەندی وڵاتە عەرەبییەکە بەهێزی سەرمایەداری جیهانی و ناوەخۆ. ئەم دیاردەیە کە دەبێتەوە بە گواستنەوەی وڵاتەکە لە سیستەمی دەرەبەگایەتی، یان سەرمایەداری بەرەو سوسیالیستی هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

بۆ نموونە دەبینین ئەو ڕێکلامە بازرگانییانە لە شەقامەکانی قاهیرە و دیمەشق و بەغدا بزر بوون، لەوکاتەیدا ئەو وڵاتانە بڕیاریان دا بوو دژی چەوسانەوەی دەرەبەگایەتی و سەرەمایەداری بوەستن و گەمەکانیان بەرەو هێنانە دی هەندێك لە بنەماکانی سوسیالیستی ببەن، بەڵام هێزە سەرمایەدارییەکان لە ناوچەی عەرەبی بێ ئاگا نین، لەبەرئەوەی سامانێکی گەورەی نەوت و مایەی خاوی تێدایە و شوێنێکی جوگرافی و چەندان لایەنی دیکەی لە باری تێدایە، ململانێیەکە بەردەوامە بەبێ وەستان و بەبێ مۆڵەت ئەگەر هاتوو وڵاتێکی عەرەبی و سیستەمی لە جەنگی داگیرکاری سەرمایەداری جیهانی دەربچێت، ئەم هێزانە ئابلۆقەی دەدەن و زەبری ئاشکرا و نهێنی ئاڕاستە دەکەن، هەتا دەیگێڕنەوە ژێر باڵی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی. هاوکات لەگەڵ زێدەبوونی ڕێکلامە بازرگانییەکان بۆ زیاتر فرۆشتنی سەرمایەداری، ئامۆژگاری و بڕیارە ئایینییەکان زێدە دەبن بۆ خەفەکردنی خەڵك لەڕووی سێکسی و ملکەچکردنی بۆ دەسەڵات. تێنی گراوە بە زیادبوونی ڕێکلامە بازرگانییەکان لە پایتەختە عەرەبییەکان لەسەر ئارەق و بتڵی ویسکی، بۆ سەرفکردنی کاڵای کارگەکانی لەندەن و نیویۆرك لە هەمان کاتدا لاپەڕەی ئایینی لە ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی زیاد دەکات، داواکردن بە دەرکردنی یاسای حەرامکردنی خواردنەوەی مەی لەبەرئەوەی خواردنەوەی مەی لە ئیسلامدا حەرامە، دەشێ بگاتە ڕادەی دەرکردنی یاسای پێکەنین ئامێز لەبەر نەسازییەکەی، بۆ نموونە سزای ئەو کەسە دەدات کە مەی دەخواتەوە، بەڵام سزای ئەو

کەسە نادات کە دەیفرۆشێت، یان سزای ئەو هوتێلە دەدات کە لە کۆلأنێکی هەژاردایە، بەلأم سزای ئەو هۆتێلە گەورەیە نادات، کە لە گەڕەکێکی دەوڵەمەند دایە نموونەیەکی ئەو یاسایانەی قەدەغەکردنی مەی کە لە سالأنی ١٩٧٦ لە میسر دەرچوو.(٢٣٥) لەم یاسایەدا مەی فرۆشتن لە ئوتیلە گەورەکان و ئەپارتمانە راخراوەکان رێی پێدرا گوایە، ئەم شوێنانە شوێنی گەشت و گوزران، کەچی لە راستیدا ئەم ئەپارتمانە شوێنی گەشت و گوزار نین، مەکۆی لەشفرۆشین هەرچۆنێك بێت ئەم شوێنانە لەسەر خاکی میسردان، یان لەسەر خاکێکی ئیسلامیدان کە پێویستە بنەماکانی ئیسلامی تیایدا پەیڕەو بکرێت وەك لە ئەپارتمان چینە هەژراەکان جێبەجێ دەکرێت. وابزانم ئیسلام رێ بەو جیاکارییە نادات بەرامبەر وەرگرتنی چەند دۆلارێك، یان بۆ چالاکرنی گەشت و گوزار ئەگەر هاتوو چالاکردنی گەشت و گوزار نەساز بێت لەگەڵ ئیسلام ئەوا پێویستە (بە لۆجیکی دروستی ئایین) ئیسلام چالاك بکرێت لەبڕی گەشت و گوزار نەك گەشت و گوزار لەبڕی ئایین. بەلأم نەسازی شەکلی هەر لۆجیکێکی چەوسانەوەییە.

لەوکاتەی کە جستەی ئافرەتان لەسەر شاشەی بچووکی تەلەفزیۆنەکان و شاشەی گەورەی سینەماکان بە رووتی پیشان دەدرێت، هەروەها لەسەر لاپەڕەی گۆڤارەکان، بەرامبەر بەوە دەبینین دیاردەی پۆشاکی ئیسلامی دەسەپێندرێتە سەر کچ و ئافرەتان، لە ژێر سێبەری بە ئەدەب بوون و شاردنەوەی جەستەی ئافرەت جگە لە روو و هەردوو دەستی (ئەوەی دیکە نەنگییە و دلّکێشە و فیتنەیە). نازانم ئافرەتی عەرەبی چۆن بتوانێت پرچ و جەستەی جوانی داپۆشێت لەوکاتەیدا هەموو ساتێك و ریکلامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن بانگی دەکەن، بۆ خۆجوانکردن و سەرنج راکێشان و بەکارهێنانی کەرەستەی خۆئاراییشتکردن. ئەو سوراوەی لێوەکانی دەکاتە کانی چێژ، ئەو گۆرەوییە دیوەدەرەی لاقەکانی دەکاتە جێی سەرنجدان، (لۆسیون) کەوا دەکات پرچی شەپۆل شەپۆل و ئەفسوناوی دەرکەوێت. زۆر لە کچ و ئافەرەتانی عەرەبی بە هۆی ئەم نەسازییە تووشی نەخۆشی دەروونی دێن. گۆرانییە عەرەبییەکان شەو و رۆژ باسی خۆشەویستی دەکەن، ئەدەبی عەرەبی بانگەواز بۆ خۆشەویستی دەکات، بەلأم ئەگەر کچێك وەلأمی ئەم بانگەوازەی خۆشەویستی بکات، وای لە گیانی کەمترین شتی پێ بوترێ دەڵێن بێناموسە، بێ ئاکارە هیچ پیاوێك ئامادە نییە بیهێنێت، هەتا ئەو پیاوەی کە خۆشیشی ویستووە. پێی دەڵێن متمانە بەو کچە ناکات، کە پێشی شووکردن پیاوێکی خۆشویستبێت، هەتا ئەگەر ئەو پیاوە خۆشی بێت!!

بەزێدەبوونی چەوسانەوە رەنجخۆری سامانی میللەت و نەگوتی عەرەبی کۆکردنەوەیان لە گیرفانی فەرماانداره خۆجێیی و سەرمایەدارە جیهانییەکان، هەژاری لە نێوان زۆربەی هەرە زۆری گەلانی عەرەب بلاّو دەبێتەوە، گرفتی عەرەب زێدە دەبێت بە زێدەبوونی کالاّ ئەورووپی و ئەمەریکییە گردە بەهاکان لە بازاڕەکانی عەرەبیدا، ریزی خەڵکی زەخمەت کێشی لەبەردەم ناتەواوەکانی میللی کۆمەڵە خێرخوازیەکان ریچکە دەبەستن، چەند کاتژمێر سرە دەگرن بۆ دەستخستنی ینان، یان سابوون، یان چا. ئەوەی بە شەقامەکاندا بڕوات، کالا بیانیە هاوردەکان دەبینێت کە بازاڕیان داگرتووە، بەلاّم بەنرخی بەرز، لەهەمان کات سرەی پیاو و ئافرەتان دەبینین، لەبەردەم نانەواخانە و تەڕە فرۆشەکان. لەگەڵ زێدەبوونی تەنگژەی ئابووری خەڵك دیاردەی ساختەکاری و دزی و کوشتن زێدە دەبێت، ئەم رووداوانە لە کۆمەڵگەکەماندا روو لە زێدەبووندان، تا ئەو رادەیەی هەندیچك رۆژنامە داوا دەکەن سیستەمی دادیاری شەوانە هەبێت، بۆ ئەوەی پیاوانی پۆلیس و خەڵك لە دەست چەقۆکێش و دز و رفێنەرەکان رزگار بکات، لەگەڵ بلاّوبوونەوەی دیاردەی توند و تیژی و دزی و رفاندن و راهاتنی لە مادە بێ هۆشکەرەکان بازرگانی بە سێکس و دەرمانە بێ هۆشکەرەکان بە ئاشکرا و بە نهێنی،(٢٥٥) لادانی ئەو باوکانەی کچەکانیان بە ناوی هاوسەری دەفرۆشن هەروەها لادانی خزمەتکار و کرێکار ئافرەتەکان بەرەو کاری لەشفرۆشی و سەمای سوك لەبەردەم گەشتکەر و دەوڵەمەندەکان، بلاّوبوونەوەی کاری سێکسی بێ سۆز و رۆیی تەنیا بۆ دەستخستنی بژێو ونان. بلاّوبوونەوەی ئەم دیاردانە دیاردەی دژ و پێچەوانە پەیدا دەبێت، وەك ئەو پێلە ئایینییە گشتییانەی داوای جێبەجێکردنی بڕیارەکای شەرعیەتی ئیسلام دەکات، هەروەها داوای جێبەجێکردنی سزاکانی وەك سزای دەستبڕین و دز و سزای زینا (بەرد باران کردن). لەگەڵ بڕینی گرتە سێکسییەکان لە فیلمەکاندا بڕیاردان قەدەغەکردنی ماچ لە فیلمە عەرەبییەکان.

لەگەڵ جێبەجێکردنی یاسای (قەدەغە) بۆ کەمتر لە ١٦ ساڵ، ئەم جۆرە فیلمانەی، کە لاوان دەستخەرۆ دەکەن لە بینینیان، لەگەڵ سزادانی ئافرەتە لادەرەکان و ئەوانەی داوای گەڕانەوەی ئافرەت دەکەن بۆ ماڵ، بۆ پاراستنی ئاکاری و چاودێری کردنی توندی کچان و سەندنەوەی رەگەزنامەی میسری لە هەر ئافرەتێك، لەو ئافرەتە هونەرمەندە رووتانەی لە وێنە و سەماکان دەردەکەون.(٢٥٦)

هەندێ نوسەر داوای نەهێشتنی هەژارایان کرد، لە کۆمەڵگەی عەرەبی پێش بڕینی دەستی دز و چارەکردنی گیروگرفتی لاوان و خەفەکردنی سێکسی، پێش ئەوەی سزای زینایان بەسەردا بسەپێنن. بەلاَم ئەمجۆرە بیرکردنەوە (ژیربێژییە) دلۆپێکە لە دەریایەك لە بیرکردنەوەی (ناژیربێژی).

ژیربێژی (لۆجیك) دوژمنی هەرە گەورەی چەوساندنەوە و داگیرکاری و دزینی سامانی گەلانە، لەبەرئەوە رۆشنبیری بە هونەر و ئاداب و رۆژنامە و دام و دەزگاکانی راگەیاندن هەوڵ دەدەن لۆجیك بشارنەوە، خەڵك نەزان بکەن راستییەکان بشارنەوە، کە خەڵك پاڵ دەدات بۆ خۆکوژی دەروونی لەسەرخۆ لە رێگای راهاتن لەسەر ماددە بێ هۆشکەرەکان، یان سێکس، یان تاوان.. کامیان بێ ناموسترە: ئەو ئافرەتەی لەشی خۆی دەفرۆشێت بۆ ئەوەی نان پەیدا بکات و بیخوات، یان دەوڵەت کە هۆش و لۆجیکی دەفرۆشێت بۆ ئەوەی کەمینەیەك لە کەسان دەوڵەمند بنن ئەوانەی دەسەلاَت و سەرمایەیان بە دەستە؟ کامیان شایانی سزایە، ئەو لاوەی کە لە هەژاری هەلاَتووە، لە واقیع لە رێگای دەرمانی بێ هۆشکەر، یان دەوڵەت کە هەژاری سەپاندۆتە سەر؟

هەر کۆمەڵگەیەك کە لەسەر چەوساندنەوە دامەزرابێت، بە ناچارەکی بەهای بازرگانیی تێدا دژ بەیەك دەوەستن، لەگەڵ بەها ئاکاری و ئایینییەکان.

لەبەرئەوە نەسازییەکان باون لەنێو سیستەمە باوکسالاری و سەرمایەدارییەکان، دوانەتی لە هەموو شتێکدا باون. بەها ونرخی ئەم نەسازییەش بەر فەرمانەکان، خەڵك باجەکەی دەدەن نەك فەرمانداراکان، ئافرەت دەیدات نەك پیاو، چینە هەژارە رەنجدەرەکان دەیدەن نەك چینە بالاَکان.

ئەم نەسازییانە توندوتیژی لە کۆمەلچگە هەژارە دوواکەوتووەکاندا زێدە دەکات. هەرەچندە ناوچەی عەرەبی (بەهۆی نەوت و بەرهەمەکانی کشتوکاڵ) ناوچەیەکی دەوڵەمەندە لەڕووی ئابوورییەوە، بەلاَم دەوڵەمەندییەکەی سوودی بۆ رۆڵەکانی نابێت، بەڵکو بۆ رۆڵەی وڵاَتانی دەوڵەتە داگیرکارە گەورەکان و کەمینەیەکی کەمی فەرماندار لە ناو وڵاَتە عەربییەکە. لەبەر ئەم هۆیە زۆرینەی هەرە زۆری گەلانی عەرەبی لە هەژاری و دواکەوتنی ئابووری و کۆمەلاَیەتیدا دەژین، ئەم دوورکەوتنە دەکێشێتەوە بۆ دوورکەوتنی هزری و ئاکاری.. ئافرەتی هەژار لەسەر هەڵسوکەوتی سزا دەدرێت زیاتر لەوەی ئافرەتی دەوڵەمەند سزا دەدرێت،

دەوڵەمەندی گەندەڵی ئاكارییەكەی بۆ دادەپۆشێت، بەڵكو دەوڵەمەندی لە زۆر باردا خراپەكان دەكاتە چاكە.

دارایی ئافرەتی تەلأقدراو لە سەرگەردان بوون دەپارێزێت، یان دەرۆزەكردن، یان لەشفرۆشی لە بازاڕی لەشفرۆشیدا، چ فەرمی، یان نافەرمی، هەروەها دارایی و سامان یارمەتی ئافرەت دەدات، خۆی رزگار بكات لەو مندالّەی لە سكیایەتی كە نایەوێت بیبێت، چارەكەی لەلای هەندێ دكتۆر دەكرێت، هەرچەند لە باربردن قەدەغەش كرابێت، ئافرەتی عەرەبی رووبەڕووی چەوساندنەوە دێت، بەهۆی دوانەتی ئاكاری و داگیركاری سەرمایەداری و ئابووری، سەرەڕای بردنی سامانی ناوچەی عەرەبی دوانەتی ئاكاری خۆی دەگوازێتەوە بۆ كۆمەڵگەی عەرەبی، ئەو دوانەتیەی لە ئاكامی نەسازی لەنێوان بەها بازرگانییەكان و بەها ئاینییەكان پەیدا بووەز ئافرەتیش لەهەمووان زیاتر تووشی چەووسانەوە دێت، بەهۆی ئەم دوانەتییە پێویستە جەستەی رووتكرێتەوە، بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك راكێشێت و لە رێگای ریكلام و دەزگای راگەیاندن و فیلم و گۆرانی و هونەر و رۆژنامە و گۆڤارەكان، كالأكان كە ریكلامیان بۆ دەكرێت بازاڕیان ببێتەوە. كەچی بە لۆجیكی بەها ئاینییەكان و ئاكارییەكان جەستەی ئافرەت نەنگیە دیار بێت پێویستە داپۆشرێت.. لەولایەشدا ئافرەت دەبیچتە ئامرازی ریكلامی بازرگانی، هەروەها دەبێتە ئامرازی كاركردن بە بێكرێ لەماڵەوە، یاان لەكێڵگەدا.

یان دەبێتە ئامڕازی هەردوو كار لە ناو ماڵ و دەرەوەدا، یان دەبێتە ئامرازی منداڵبوون بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤ بۆ دەولچەت، یان دەبێتە ئامرازێكی سێكسی بۆ تێركردنی ئارەزووەكانی پیاو، یان بە زێدە كردنی بازاڕی كالأكان. لابردنی چەوسانەوەی كە ئافرەتی عەرەبی تیایدا دەژی تەنیا لە رێگای لابردنی هۆكارە راستەقینەكان و بنچینەكان ئەو چەوسانەوەیە دەبێت، هەروەها ئافرەت بە راستی ئازاد نابێت مەگەر بە لابردنی هەموو جۆرەكانی چەوسانەوە چ ئابووری بێت، یان سێكسی، یان ئاكاری، یان دەروونی ئازادكردنی ئافرەت لەڕووی ئابووریەوە بەس نییە، ئافرەت بێتە بواری كاركردن و كرێ یەكسان وەربگرێت، وەك پیاو نایگەیەنێتە ئازادی راستەقینە ئەگەر هاتوو سیستەمی باوكسالاری مایەوە، كە تیادا ئافرەت ملكەچی پیاوە لە سێبەری یاساكانی هاوسەری و تەلأق ئازادكردنی كرێكار و جووتیار لە چەوساندنەوە، یان لەلایەن سەرمایەدار و دەرەبەگەكانەوە ناكێشێتەوە سەر ئازادكردنی ئافرەت، چونكە ئافرەت هەروەك بەندی مێردەكەی دەمێنێتەوە، ئازادركردنی پیاوە بندەستەكان خۆكارانە نابێتە هۆی ئازادكردنی ئافرەتە بندەستەكان.

ئەو بندەستییەی پیاو لەلایەن دەوڵەتەوە تووشی هاتووە، یان سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری باو و پەیڕەو کراوەیە. بەڵام ئافرەت ئەو بندەستییەی تێیدایە لە دوو لایەنەوەیە لایەنی دەوڵەت و لایەنی هاوسەر و خێزانی باوکسالاری، ئازادکردنی ئافرەت بە شێوەیەکی راستەقینە نایەتە دی هەتاوەکو ئەمم دوو زۆرداریيەی لەسەر ئافرەت هەیە لانەبردرێن، چ لەلایەن دەوڵەتەوە، چ لەلایەن خێزانەوە، ئافرەتی عەرەبی هیچ وەك ئەمڕۆ سلبی و بێهێز نەبووە، ئێمە ئێستا پێویستمان بە دەروونزانییەکی نوێ هەیە، لێکۆڵینوە لە کەسایەتی ئافرەتی عەرەبی کۆن و نوێ بکات بۆ ئەوەی راستی نویچمان سەبارەت بە دەروونی ئافرەت پێ ببەخشرێت، ئێمە پێویستمان بە زانستێکی نوێی بایۆلۆجی هەیە لە جەستەی ئافرەت بکۆڵێتەوە، کە لەڕووی سێکسییەوە خەفە نەکربێت، لەڕووی جەستەییەوە ئەندامی سێکسی نەبڕا بێت، راستی نویچمان پێ ببەخشێت سەبارەت بە وزە و تواناکان ئێمە پێویستمان بە زانستی مێژوو هەیە، لە مێژووی ئافرەت کلۆڵێتەوە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا لە کۆن و نوێوە. لە مێژووی راستەقینە بکۆڵێتەوە نەك لە مێژووی ساختەکاری کراو بەهۆی بەرژەوەندییەکانی سیستەمی باوکسالاری چینایەتی، دەشێ گرفتی زانستی مێژوو لەوەدا بێت لە گۆشە نیگای فەرماندارانەوە نووسراوە، نەك لە گۆشە نیگای فەرمانپێکراوان لەبەرئەوە بەرژەوەندییەکانی چینە فەرماندارەکان دژی بەرژەوەندییەکانی زۆرینەی رەنجدەران دەردەبڕێت، هەورەها گۆشەنیگای پیاوان دژی بەرژەوەندی ئافرەتان دەردەبڕێت. مێژوو زۆر راستی سەبارەت بە ئافرەتی عەرەبی بە ساختە باسکردووە. ئافرەتی عەرەبی کەم هۆشی نینە وەك پیاوان و مێژوو وا دەڵێچن بێهێز و نالەبار نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەڵوێستیان زۆر لە بار و بەهێزە، جوانی لەوەدایە ئافرەت راستەقینەی چۆنە وا بێتساختەکاری نەکات لە دەروونیدا بۆ ئەوەی مێردی لێی رازی بێت لە ترسی ئەوەی نەوەك تەلاقی بدات، شێوەی خۆی ساختە نەکات بۆ ئەویە پیاو لێی رازی بێت و بیخوازێت، ئاکار و ئارەزووی بەختەوەری خۆیساختە نەکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگە رازی بکات، نەوەك دژی بووەستێت و تاوانباری بکات بەوەی کە لێی یاخی بووە، یان لاڕۆییە. جوانی جوانی هۆش و زیرەکی و تەندروستی جەستە و دەروونەن نەوەك جوانی تۆپەڵ بوونی بەرز و گردبوونەوەی وڕێنە و بانگەشەی بێهێزی و نالەباری ئافرەت. ئایا ئەم ئافرەتە راستەقینەیە کێیە؟ یان ژمارەی ئەو ئافرەتە راستەقینانە چەندە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا؟ ژمارەی ئافرەتانی عەرەبی ئازا چەندن ئەوانەی رووبەڕووی خەڵك دەبنەوە بە روویەکی پاکژی بێ ئارایش. ژمارەی ئەو ئافرەتە عەربییانەی ئازان و رووبەڕووی

مێردەكانیان، یان باوكیان دەبنەوە و راستەقینەی ئەوەی لە سینە و دەروونیاندایە دەیلێن، ژمارەی ئەوو ئافرەتە ئازایانە چەندن كە رووبەڕووی كۆمەڵگە دەبنەوە هزرە راستەقینەكانی خۆیان بەرامبەر دەردەبڕن؟ ئەو ئافرەتە عەرەبییە كێیە كە مێشكی خۆی دەشێلێت پێش ئەوەی مەساژی پێستەكەی بكات؟ ئەو ئافرەتە كێیە كە بایەخ بە پەرەدان بەهۆش و زیرەكی دەدا. زیاتر لە بایەخ دان بە پەرەدان بە مووی پرچ و برۆ نینۆكەكانیان، كەمن دیاردەیەكی لە كۆمەڵگەی عەرەبیدا هەن. ئەم دیاردەیەش واتای وا نییە ئافرەت كەم هۆشە، بەڵام نیشانەی ئەوەیە كە ئەو پەروەردەیەی كچ هەر لە منداڵیەوە فێری دەبێت، وای لێدەكات هزر و پووچی لێ پەیدا بێت.

كچی عەرەبی هەر لە گەنجیەوە مەشقی پێدەكرێت، بایەخ بە جەستە و جل و بەرگ و شێوەكەی بدات، زیاتر لە بایەخدانی بە هۆش و زیرەكی. چەندان جار زیرەكی مێینەیی ئافرەتی تێكداوە، چەندان جار ئافرەتی وەرزشكاری ماسولكە بە هێز، یان بە ژن درێژی چاو كراوە، جوانییەكەی تێكداوە. ئافرەتی مێینەی نموونەیی ئەو ئافرەتەیە شكستە باڵ داماو چاو خەواڵو بە ژن كورت. بەژن درێژی بە خەوش دادەنرێت بۆ ئافرەتی میسری بە پێی ئەو كتێبانەی لە قوتابخانەكانی ئامادەیی دەخوێندرێن. یەكێك لەو كتێبانەی بەرنامەی خوێندنە بۆ قوتابیانی ساڵی سێیەمی ئامادەیی، لە قوتابخانە میسرییەكاندا لە بەشی تایبەتی بە گەشەسەندن لە ماوەی هەرزەكارییدا ئەوەیە، شێوەی لەبار بۆ هەرزەكاری نێر ئەوەیە كەوا بەژن درێژ بێت جەستەی بەهێز بێت، بەڵام كچ پێویستە بەژن درێژ نەبێت.(٢٥٧) كۆمەڵگەی میسری نموونەی كۆمەڵگەیەكی عەربییە كە هەندێك رواڵەتی لە شارستانیەتی رۆژئاوا وەرگرتووە، لەهەمان كات زۆر لە داب و نەریتە كۆنەكانی خۆی پاراستووە، هەندێ جار ئەم رواڵەتە شارستانییانە زۆر دواكەوتووترە لە داب و نەریتە كۆنەكان، وەك ئەو ژنانەی چاو ل ژنە رۆژئاواییەكان دەكەن و ناوی مێردەكانیان هەڵدەگرن، لایەنێكی پێشكەوتنی لە كۆمەڵگای عەرەبی دەشێ لەوەدا بێت، كە ئافرەت دوای شووكردن ناوی خۆی لەدەست نادات و ناوی مێردەكەی هەڵناگرێت، دەشێ ئەو دیاردەیەش پاشماوەی هێزی ئافرەت بێت لە كۆمەڵگای دایكسالاری كۆن. لە پایتەختە عەرەبییەكاندا ئەو ئافرەتانە زۆرن كە لاسایی ئافرەتی رۆژئاوا دەكەنەوە، كە دەزانن شارستانیەتی لەوەدایە رانی خۆی رووت بكات لە مینی جووب، یان جگەرە بكێشێت، یان ویسكی بخواتەوە سەمایە نوێیەكان بكات، بەڵام لە ژێر ئەم راڵەتانەدا مێینەیەك خەوتووە كە لەڕووی سێكسی و دەروونی و هزری خەفەكراوە، مێینەیەك حیجابی

لەسەر هۆشدایە هەرچەند جەستەی رووت بێت، ئافرەت وا دەزانێت مەبەستی بنچینەیی ژیان لەوەدایە مێرد بکات و بە گوێی مێردی بکات و خزمەتی بکات و مندالّی لیّ ببێت و باشترە ئەگەر کوڕیش بن.

لەباربردن و گیروگرفتی وەچە:

گرفتی دانیشتوان (بەتایبەتی لە کۆمەلّگە عەرەبییەکاندا)، ئەگەر وا سیری بکەین تەنیا زێدەبوون، یان کەمبوونی ژمارەی لەدایکبوونە، ئەوا روانینێکی سنووردار و پڕ کەموکورتییە ناتوانێت گرفتی دانیشتوان چارەسەر بکات، بەتایبەتی گرفتی زێدەبوونی دانیشتوان، کەوا هەندێ لە ولاّتانی عەرەبی رووبەڕووی بووینەتەوە بەتایبەتی میسر. یەکەم هەنگاو بۆ چارەکردنی زێدەبوونی دانیشتوان لە کۆمەلّگە هەژارەکاندا نەهێشتنی هەژارییە. هەژاریش لە کۆمەلّگە عەرەبییەکاندا لە دواکەوتنی پەیدا بوو، دواکەوتن و هەژاریش هۆیەکەیان ئەوەیە داهات و سامانی سروشتیمان لە رێگای داگیرکاری ئابووری دەدرێت، کە هێشتا پێی لەسەر سینگی هەموو ناوچە عەرەبییەکەدا داکوتاوە. لەبەر ئەوە گرفتی دانیشتوان چارە ناکرێت مەگەر بە هێنانەدی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەلاّیەتی دروست، ئەو پەرەپێدانەش نایەتە دی هەتا ئەوکاتەی ولاّت لەڕووی ئابووریەوە سەربەخۆ نەبێت. بێگومان پەرەپێدانی ئابووری دروست ئافرەتیش ئازاد دەکات. ئافرەت مافە مرۆییەکانی دەست دەکەوێتەوە لەو مافانەش دەبێتەوە خاوەن جەستەی خۆی، لەبەرئەوەی مندالّ هەلّدەگرێت و دەیبێت. گرفتی بنچینەیی لە ژیانی ئافرەتدا لەوەدا بە جەستەی ئافرەت تاکە ئامرازی بەرهەمهێنانی مرۆڤە. دەولّەت بۆ ئەوەی کۆنترۆلّی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی مرۆڤ بکات و بیخاتە ژێر بەرژەوەندی سیستەمی ئابووری باو، کۆنترۆلّی جەستەی ئافرەتی کردووە، ئافرەت خاوەن جەستەی خۆی نییە، بەلچکو دەولّەت خاوەنیەتی کە لە چاخی نوێدا زۆر لە دەسەلاّتی پیاوی بۆ خۆی کۆنترۆلّ کردووە کە ل پێشدا هەیبوو، لەخیچزانی باوکسالاری سەرەتاییدا. لەبەرئەوەی دەولّەت لە جیهاندا زۆربەیان دەولّەتی چینایەتی دەرەبەگی، یان سەرمایەداری بوون، ئەوا جەستەی ئافرەت لەرێگای چەندان یاسای توند و تۆلّەوە کۆنترۆلّ بۆ بەرژەوەندی دەرەبەگ، یان سەرمایەدار ئەم یاسایانەش بە پێی پێداویستی دەولّەت بۆ دەستکار، یان لە ترسی زۆری مرۆڤ دەسکاری دەکران. ئەمڕۆکە ئازادی سێکسی و مندالّبوونی زۆر لە دەرەوەی بازنەی هاوسەری، یان لە ناو بازنەی هاوسەریدا بەکارێکی باش دادەنرێت، دایکی شووکردوو و یان شوونەکرد و وەك یەك لە کۆمەلّگەی سویدیدا پاداشت دەکرێن. کۆمەلّگەی سویدی ئەمڕۆ

دەستکاری کەمە. بەڵام لەو وڵاتانە گرفتی زێدەبوونی دانیشتوانی هەیە وەك هیند و میسر دایکی شووکراو (شوونەکرد و هەر واز لێبێنە) دەشێ ئەگەر منداڵی دووەم یان سێیەم ببێت دەشێ سزا بدرێت.

لەم ساڵانەی دوایی لە میسردا هەندێ دەنگ بەرز دبەنەوە و دەڵێن ئافرەتی کرێکاری لە هەندێك ماف و سەرمز (العلاوە)ی خولەکی بێبەش بکرێت، ئەگەر هاتوو لە دوو منداڵ زیاتری بوو. لە هیند و وڵاتانی دیکەشدا زۆر نموونەی جیاجیا هەن بۆ سزادانی ئەو دایکەی زۆر منداڵی دەبێت. لە تونس و سۆماڵدا هەر چەندە دوو وڵاتی ئیسلامین لە باربردن رێی پێدراوە، وەك رێگاچارەیەك بۆ نەهێشتنی زۆربوونی دانیشتوان لەگەڵ ئەوە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لەباربردن قەدەغە دەکەن گوایە لە ئیسلامدا ناڕەوایە. ئەو کەسەی لە پەیوەندی نێوان ئایین و دەسەڵات بکۆڵێتەوە، لە سیستەمە جیاجیاکاندا چۆن تاکە ئایینێك دەشێ بە بەها و بنەمای نەساز کۆبکاتەوە بەپێی سیستەمی فەرمانڕە بگۆڕێت.

لە ئەوروپادا بنەماکانی کڵێسا چەندان جار گۆڕاوە بۆ ئەوەی لە تەك ئەم گۆڕانکارییانەدا بڕوات، کە بە گۆڕان و بەرەوپێشچوون لە دەرەبەگایەتیەوە بۆ سەرمایەداری هاتنە دی. هەروەها لێکدانەوەی پیاوانی ئایینی ئیسلامی چەندان گۆڕانکاری بەشەردا هات، بۆئەوەی لە تەك رژێمە جیاجیاکانی حکوومەتە عەرەبییە جیاجیاکاندا بڕوات چ کۆیلایەتی، یان دەرەبەگایەتی، یان سەرمایەدای، یان سۆشیالیستی بێت. پیاوانی ئایینی ئیسلامی سەبارەت بە بابەتی دیاریکردنی وەچە هەڵوێستێکی نەسازیان هەیە، هەندێکیان دەڵێن ئیسلام رێگا بە دیاریکردنی وەچە دەدات، هەروەها رێ بەلەباربردنیش دەدات. کەچی هەندێکیان دەڵێن ئیسلام لەباربردنی قەدەغە کردووە، هەروەها بەکارهێنانی ئامرازەکانی دیاریکردنی وەچەش قەدەغە کراوە. جەمال عەبدولناسر سەرۆکی میسر لە پەیماننامەی نیشتمانی ساڵی ١٩٦٢ رایگەیاند کە پێویستە خێزان رێك بخرێت، لەبەرئەوەی گرفتی زێدەبوونی دانیشتوانی روو لە باڵا کۆسپێکی گەورەیە رووبەڕووی گەلی میسر دەبێتەوە، لە هەوڵ و کۆشانی بۆ بەرزکردنی ئاستەکانی بەرهەم هێنان. لە ساڵی ١٩٦٥دا دەزگای فەرمی رێکخستنی خێزان دامەزرا لە پێش چاوی پیاوانی ئایینیدا، کەس لەوان بەرامبەر بە بڕیاری سەرۆکی دەوڵەت، ناڕەزایی دەرنەبڕی، بەڵکو هەندێك لە شێخەکان لە پیاوانی ئایینی خێرا هەوڵیان دا بیسەلمێنن کەوا ئیسلام رێگا بە دیاریکردنی وەچە دەدات، لە رۆژنامەکان و دەزگاکانی راگەیاندن گوێبیستی ئەو ئایەت و فەرموودانەی دەخوێندرانەوە کە بانگەواز بۆ دیاریکردنی وەچە دەدەن. دەزگای رێکخستنی

خیچزان بەردەوام بوو لە کارکردن هەتا ساڵی ١٩٧٥ واتە ١٠ ساڵی تەواو. جەمال عەبدولناسر چوار ساڵ پێش ئەم ڕێکەوتە مردبوو، لەناکاو گوێبیست بووین بڕیارێك بۆ خەڵك بلاوکرایەوە، لەلایەن ئەنجومەنی دامەزرێنەری هاوبەندی جیهانی ئیسلامی تیایدا دەڵێن، دیاریکردنی وەچە لە ئیسلامدا ناڕەوایە، قەدەغەیە. لە بڕیار کەوا هاتووە(٢٥٨): (لەڕووی پزیشکییەوە دەرکەوتووە خواردنی دەرمانی ڕێبەستی سکپڕی زیانێکی گەورە بەو دایکانە و منداڵەکانیان دەگەیەنێت)، ئەگەر سودی نەبوو لە ڕێگرتن لە سکپڕی و منداڵیان بوو، ئەو هۆیانەی کەوا لاگرانی دیاریکردنی وەچە دەهێننەوە وەك ترسیان لە زۆری ژمارەی دانیشتوان و نەبوونی خۆراك و خراپی پەروەردە کردن، ئەوا ئایەتی پیرۆزی خوارەوە وەڵامێکی تەواوی ئەوانە (منداڵەکانتان لە ترسی نەبوونی مەکوژن ئێمە بژێویان دەدەین) کەواتە بژێوی لەسەر خودایە و دابین کراوە (ئەویە لە خودا بترسێت خودا دەروێکی لێدەکاتەوە و بژێوی دەداتێ کە هیچ بیری لێنەدەکردەوە)- (ولا تقتلوا اولادكم خشتية املاق نحن نرزقهم). (ومن يتق الله يجعل له مخرجا و يرزقه من حيث لا يحتسب).(٢٥٩) بەلام دەزگای ڕێکخستنی خێزان لە میسر لە کارەکەی بەردەوام بوو، هەندێك رای دیکە لە ئیسلامدا هەیە دژی ئەو رایەی پێشووە هەندێ ولاتی ئیسلامی هەن ڕێکخستنی وەچەیان ڕێپێداوە وەك مەغریب و تونس و ئێران و تورکیا، هەندێك ولات ڕێگایان بە لەباربردنیش داوە. لە رووی کاکڵی ئیسلامەوە هیچ شتیچك لە قورئاندا نییە پشتگیری بکات، یان دژی ڕێبەستی سکپڕی بێت، قورئانیش بنچینەی یەکەمە بۆ ئایینزانی ئیسلامی، لە دوای ئەودا فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) چەندان فەرمودەی هەیە بانگەوازە بۆ زۆربوون و وەچەنانەوە، هەندێ فەرموودەی دیکەی هەیە بۆ کەمی وەچە بەهەمان شێوە زۆر راو بۆچوونی زانایان و ئایینزانان هەیە. ئەم نەسازی و لێکدژیەش لە ئاخاوتنەکانی پێغەمبەر (د.خ) ئاماژەن بۆ ئەوە کەوا ئەم ئاخاوتنانە سەبارەت بە بارودۆخێکی جیاواز و کراوە و هۆکاری جیاوازی خۆیان هەیە. ئایەتەکانی قورئانیش دەشێ هەندێکیان دژی هەندێکی دیکە بن لەبەرئەوەی لە بارودۆخی جیاواز هاتوون، لەبەر هۆکاری جیاواز. ناکرێ ئایین وەك دەقی جیاجیا تێی بگەین، بەلام ئایین وەك گشتێك تێی دەگەین و پێویستە ئەو بارودۆخە ئەو کۆمەڵگانەی کە تیایدا ژیاوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکێت، لە سەرەتای ئیسلامدا پێغەمبەر (د.خ) پێویستی بە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی هەبوو، پێویستی بە بەهێزکردنی نەتەوەی موسڵمان هەبوو، خەڵکی بانگ کرد بۆ زاوزێ لەبەرئەوەی زۆری ژمارە لەو سەردەمیدا دەبووە مایەی هێز و زێدەبوونی ژمارەی سوپای

جەنگاوەر، لەبەرئەوە دەبینین محەمەد (د.خ) دەڵێت: "ژن بێنن و زۆر بن من رۆژی دوایی لەنێو نەتەوەکاندا شانازیتان پێوە دەکەم) (تناکحوا تکاثروا، فانی مباه بکم الامم یوم القیامە).(٢٦٠) هەندێك لە ئایینزانەکان پشت بە هەندێك ئایەتی قورئانی دەبەستن بۆ قەدەغەکردنی دیاریکردنی وەچە وەك ئایەتی (هەر بونەوەرێك کە بژێوی خۆی هەڵنەگرتووە، خودا بژێوی ئێوە و ئەویش دەدات).(٢٦١) هەروەها ئایەتی خودا بژێو بۆ هەرکەسێکی بیەوێت لە بەندەکانی فراوان دەکات).(٢٦٢) هەروەها ئایەتی پەروەردگار تۆ بژێو بۆ هەر کەسێکی بیەوێت فراوان دەکات، یان لێی دەگرێتەوە). "و کأي من دابة لا تحمل رزقها الله یرزقکم و ایاها". و ایە (الله یسبط الرزق لمن یشاء من عبادة).(٢٦٣) وەك پشتگیری بۆ ئەم رایە ئاماژە بە ئاخاوتنی پێغەمبەر (د.خ) دەکرێت، کەوا وتوویەتی کە سەد و بیست رۆژ بەسەر کۆرپەلەدا دەڕوات، لە سکی دایکی (خودا فریشتەیەك دەنێرێت، چوار شتی بۆ دیاری دەکرێت "بژێو و وادەی مردنی، بێبختە، یان بەختەورە"، "یبعث فیؤخر له بأربع" "برزقه واجله، وشقی او سعید"(٢٦٤) بەلاَم محەمەد (د.خ) رای وابوو فرەژمارەیی پێویستە خاوەن تەندروستی و بەهێز بن، نەك بێ هێز و هەڵوەشاوە، بێ سوود. ئەوەش بیرکردنەوەی هەر کەسێك سەرکردایەتی گەلێك دەکات و هەوڵ دەدات بەهێزی بکات و یارمەتی بدات، بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی.

هەروەها محەمەد (د.خ) لە ئاخاوتنێکدا فەرموویەتی: "وڵات ماندوو بوو بە زۆر منداڵ لەگەڵ کەمی شت" "جهد البلاد کثرة العیال مع قله الشیء" ئەو فەرموودە بەشە دەزگای رێکخستنی خێزان لە میسردا کردوویەتییە دروشمی تایبەتی خۆی. پێغەمبەر فەرمودەیەکی دیکەی هەیە تیایدا دەڵێت: نەتەوەکانی دیکە ئەوەندە ماوە دابەزنە سەرتان وەك چۆن بخۆرەکان دادەبەزنە سەر قاپی خۆراك "یەکێك گوتی" بەهۆی کەمی ژمارەمان لەو رۆژیدا، نەخێر بەڵکو ئێوە زۆر، بەلاَم وەك خڵتەی لافاو وان.(٢٦٥) واتە زۆری ژمارەی مرۆڤی بێسوود و بێهێز وەك کەف سەر ئاو بێ سود دەڕوات. موسڵمانان دیاریکردنی وەچە لە سەردەمی محەمەددا (د.خ) لە رێگای وەدەرنان (جیاکردنەوە)، واتە بە تۆوفڕێدان لە دەرەوەی منداڵدانیان پەیڕەو دەکرد.

لە هەردوو (سەحیح)دا لە جابرەوە هاتووە: لە سەردەمی پێغەمبەری خودا دا (وەدەرنان) جیاکردنەوەمان پەیڕەو دەکرد، کە ئەو شتە گەیشتە پێغەمبەر نەهی لێنەکردین.(٢٦٦) ئیمام

غەزال گوتی: "وەدەرنان جیابوونەوە" کە لای ئێمە ڕێپێدراوە.(٢٦٧) ئایینزانانی مەزهەبی مالیکی بە دەق نووسیویانە کەوا وەدەرنان (جیاکردنەوە ڕەوایە بۆ نەهێشتنی سکپڕی و لەوەشدا ڕەزامەندی ژنەکەیان بە مەرج داناوە، چ بچوك بێ، یان گەورە.(٢٦٨) مەزهەبی زیدی کە لە یەمەندا باوە (لە ئیما) زید کوڕی عەلی زەین لە عابدین (جیابوونەوە) وەردەرنان ڕەوایە، گەر ژنەکە رازی بێت. ئیمام یەحیا کوڕی زید ڕێید بە وەدەرنان (جیاکردنەوە) بۆ نەهێشتنی سکپڕی و بە ئاشکرا.(٢٦٩) لە عێراق و پاکستان و ئەفغانستان و ئێران شیعەی جەعفەری باون کەوا کتێبەکانیان وەدەرنان بە ڕەوا دەزانێت، بە ڕەزامەندی ژنەکە لە کاتی مارەییدا. لە هەموو پێغەمبەر دەگێڕنەوە، کەوا نەهی کردووە لەگەڵ ئافرەتی ئازادا وەدەرنان بەکار نەیەت بە پێدانی ئەو نەبێت، پەیڕەو کارانی عەبدولای کوڕی ئەبازی تەمیمی (بە نابزیە ناسراون) لە عومان لە ڕۆژهەلاتی دوورگەی عەرەبی و هەندێ لە ناوچەکانی سەروی ئەفریقیا بلاون، ڕێدەدەن بە وەدەرنان بە ڕەزامەندی ژنەکە و دەڵێن: "وەدەرنان ڕێپێدراوە بۆ لە منداڵی هەلاتن لە ترسی منداڵ و زیان گەیشتن بە شیرەخۆر". هەندێ لە ئاینزانەکانی ئیسلام ڕێگاچارەی دیکەیان ڕێپێداوە، بۆ ڕێبەندی سکپڕی جگە لە وەدەرنان، وەك ئەوەی ئافرەت دەمی منداڵدانی ببەستێت، بۆ ئەوەی ناوی (شلەی تۆو)ی نەگاتێ هەتا سکپڕ نەبێت. ئەوەش لە ئیبن عابدین لە ساحبولبەحر گێڕدراوەتەوە، ئاییزانێکی مەزهەبی حەنەفی بوون بۆ ڕێپێدانی ئەم کارەش ڕەزامەندی ژنەکەی بە مەرج داناوە.(٢٧٠) زەرکەش لە بارەی لەباربردنی کۆرپەڵە بە بەکارهێنانی دەرمان دواوە دواتر گوتی: "هەموو ئەنەوە لەو حاڵەتەیە کە دەرمانی بەکارهێنانی دوای تۆ و دابەزاندن، بەلام ئەو ڕێبەندەی پێش تۆو دابەزاندن لە حاڵەتی جووتبوون ئەوا هیچ ڕێگرێ لەم کارە نییە".(٢٧١)

لیژنەی فەتوا لە ئەزهەر گوتی: بەکارهێنانی دەرمان بۆ ڕێگرتن لە سکپڕی بە شێوەکی کاتی لە رایەك لای شافعییەکان قەدەغە و ناڕەوا نییە، لیژنەش لەسەر ئەو رایە فتوا دەدات، لەبەرئەوەی ئاسانکردن و لابردنی تەنگژەی تێدایە، بەتایەت گەر لە زۆر سکپڕین یان بێهێزی ئافرەتەکە لە سکپڕی یەك لەدوای یەك مەترسی هەبوو، خودای گەورە دەفەرموێ "یرید الله بکم الیسر ولا یریدیکم العسر"(٢٧٢) (خودا ئاسانی بۆ ئێمە دەوێ نەك دژواری).. پزیشکانی موسڵمان بە درێژایی چاخەکانی ناوەند ئامۆژگاری خەڵکیان دەکرد و زانیاریان پێدەدان سەبارەت بە ئامرازەکانی ڕێبەندی سکپڕی. لەوانەش ئەبوبەرکری رازی پزیشکە موسڵمانە فارسییە بەناوبانگەکەی لە نزیك تاران لە نیوەی سەدەی نۆزدەم لە دایك بووە، کە بە

مەزنترین پزیشکانی کلینیکی دەژمێردرێت لە ئیسلامدا، هەروەها بە مەزنترین پزیشکانی چاخەکانی ناوەند.

لە کتێبەکەیدا (الحلاوی) چەندان ئامرازی جیاجیای رێبەندی سکپڕی باس کردووە و دەنووسێت و دەڵێت: "ئەوە گرنگە رێبگیرێت لە تۆ و لە چوونە نێو منداڵدان لەو کاتەیدا سکپڕی مەترسی هەبێت بۆ ئافرەت، بە نموونە چەندان رێگا هەیە بۆ رێگرتن لە چوو نێو منداڵدان: یەکەم پیاو لە ئافرەت بکشێتەوە لە ساتی تۆو دەرچوون تۆوەکە لە دەرچەی منداڵدان نزیك نابێت. رێگای دووەم رێگەنەدان بە تۆو فرێدان هەندێك وا دەکەن. رێگای سێیەم: دانانی هەندێ دەرمان لەلای دەوی منداڵدان پێش تێنان، دەرمانەکەیان دەوی منداڵدان دەگرێت، یان لێناگەڕێت تۆوەکە بچێتە نێو منداڵدان بەوەش رێ لە سکپڕی دەگرێ، وەك دەنکە، یان پێهەڵگیراوی (الكرنيب- خواردنێکە لە شیر و خورما دروست دەکرێت)، گوژاڵك، فیر، زەرداوی گا، ئەمێی گوێی ئاژەڵ، ریخی فیل، ئاوکلسی، ئەو مادانە، یان بە تەنیا، یان بەکۆمەڵ بەکاردێن.(٢٧٣) لە گەورەترین پزیشکانی سەردەمی خەلافەتی عەباسی عەلی کوڕی عەباس مەجۆسی بوو، کە لە ماوەی نیوەی سەدەی دەیەم دەنوسێت و دەڵێت: "ئەو دەرمانانەی رێ لە سکپڕی دەگرن، هەرچەند پێویستە نەوترێت نەوەك هەندێ ئافرەتی ناو زڕاو بەکاری بهێنن، بەلأم ناچاری بە ئافرەتی بدەیت ئەوانەی منداڵیان بچووکە، یان تووشی نەخۆشی هاتوون سکپڕی مەترسی دەبێت، لەسەریان تا رادەی مەترسی مردن لەکاتی منداڵبوون"(٢٧٤) هەرچەندە عەلی کوڕی عەباسی لە زانیارییە پزیشکییەکانیدا لە بارەی ئامرازەکانی سکپڕی باڵادەست تر بوو، بەلأم ئەو سەرکەوتوو نەبوو، لەزانیارییەکانی سەبارەت بە کۆمەڵگە و خێزانی باوکسالاری و مەینەتییەکانی منداڵە ناشەرعییەکانی، لەبەرئەوەی گەر شارەزای هەندێ لەو زانیارییانە بوایە دەشیا، ئاگادار بووایە کە ئەو ئافرەتانەی ناوی بە ناوزڕاو هێنان (دەبێ مەبەستی لەشفرۆشان بێت)، لەوانەی دیکە زیاتر پێویستیان بە ئامرازەکانی رێبەندی سکپڕی هەبوو، بۆ پاراستنی منداڵەکانیان لە پەرتەوازە بوون و نەنگی و مردن، لە هەمان کات بۆ پاراستنی تەندروستی ئافرەتەکە و باری دەروونی لە باری گرانی مندالی ناشەرعی، کە تەنیا لە جووتبوون لەگەڵ پیاودا پەیدا بووە، ئەو جووت بوونەی بە هۆی بارودۆخی ئابووری و کۆمەلأیەتی و بەد توشی بوو، لە سێبەری کۆمەڵگەی چینایەتی باوکسالاریدا.

لەبەناوبانگترین زانای ئیسلام ئیبن سینای کە لە ساڵی ١٠٣٧ مردووە و لە کتێبەکەی (القانون)(٢٧٥) زانیاری پزیشکی نوێیان وەرگرت. هەروەها لە (الارشاد)ی (ئیبن جامع)ی وەرگرت، هەورەها لە (تژکرە)ی داودی ئەنتاقی و ئیسماعیل جرجانی و کتێبی (الملکی) هەندێ وا گومان دەبەن کە بیرۆکەی ئامرازەکانی ڕێبەندی سکپڕی و دیاریکردنی وەچەنانەوە لە رۆژئاواوە هەڵقوڵیوە، هەندێ کەس وای بۆ دەچن (کۆندۆم) ئەو ناوبرە پلاستیکیە پیاوان بە کاری دەهێنن بۆ ڕێگرتن لە سکپڕی لە داهێنانی زانایانی رۆژئاوایە، لەگەڵ ئەوەی ئیمام غەزالی ئەوەی ناو دەنرێ بە "توورەگەی چوك" یان "پەردەی پارێز" لە کۆندا لە پێستی ریخۆڵە دروستکرا. وڵاتانی عەرەبی و ئیسلام لە روانینیان بۆ بابەتی دیاریکردنی نانەوەی وەچە جیاوازن بە پێی گیروگرفتی دانیشتوان و پەیوەندی بە بەرهەمهێنانیان سامانی ئابووری ماددی. لە کوێت و سعودیە (شانشینی عەرەبی سعودی)، حکوومەت ئامۆژگاری بەکارهێنانی ڕێبەندی سکپڕی ناکات، تەنیا بە هۆی پزیشکییەوە نەبێت، بەڵام وڵاتانی عەرەبی وەك میسر و تونس حکوومەتی پرۆژەی هەیە بۆ دیاریکردنی وەچە نانەوە. بەهەمان شێوە لە هەندێ وڵاتانی ئیسلامی وەك پاکستان و تورکیا و ئێران مەسەلەکە ئاییننییە. لە بنچدا مەسەلەیەکی بودیە. چل ساڵ دەبێت بابەتی دیاریکردنی وەچە نانەوە لە رۆژنامە میسرییەکان دیار کراوە، لە ٢٩ی ینایری ١٩٣٧ کە داو لە موفتی وڵاتی میسر کرا رای ئایین دەربرێت سەبارەت بە ڕێبەندی سکپڕی و لەباربردن لە هەردوو ڕەوی پزیشکی و کۆمەڵایەتییەوە. وەڵامی موفتی بەم شێوەیە بوو:

١- هەردوو هاوسەر بۆیان هەیە کاروباری پێویست بکەن بۆ نەهێشتنی سکپڕبوون لەبەر هۆی پزیشکی و کۆمەڵایەتی ڕەزامەندی هەردولا پێویست نییە.

٢- پێش ڕەتبوونی ١٦ هەفتە لەسەر سکپڕی دەکرێ کاروباری پێویست، یان دەرمانی پێویست بەکار بێت بۆ ئامادەکاری لەباربردن بێئەوەی دایك تووشی هیچ مەترسییەك بێتەوە، لەباری بوونی ڕێنوێنی هۆشمەندانە.

٣- پێشەوایانی ئیسلام بە کۆڕا لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کەوا دوای ئەم ماوەیە، نابێت هیچ کاروبارێ بکرێ بۆ لەباربردن.

بەم جۆرە پێش تەواوبوونی (١٦) هەفتە لە سکپڕی لە رووی ئاینییەوە لە میسر ساڵی ١٩٣٧ ڕێبەنی سکپڕی و لە باربردن ڕەوا بووە، لەوکاتیدا زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان ملکەچی ئەو یاسایانە بوون کە ڕێنادات بە ڕێبەندی سکپڕی و لەباربردن.

لەهەمان ساڵدا یەکێتی پزیشکانی میسری ئەڵقەیەکی لێکۆڵینەوەی بەست بۆ توێژینەوە لەم مەسەلانە لە هەموو لایەنە کانییەوە، کۆمەلاًیەتی، یاسایی و ئایینی و پزیشکی و ئاماری.(٢٧٦)
یاسای میسری رێگرتن لە سکپڕی رێپێداوە، بە ئامرازی پزیشکی باو، بەلاًم لەباربردن تا ئەمڕۆش بە یاسا قەدەغەیە.
هەندێ ولاًتانی عەرەبی رێیان بە لەباربردن داوە وەك تونس، سۆماڵ، بەلاًم زۆربەی ولاًتە عەرەبییەکان هێشتا لەباربردن قەدەغە دەکات هەرچەندە لە ئیسلامدا رای ئاشکرا هەیە، رێپێدەدات لەبابردن بکرێت بە مەرجێك پێش ئەویە کۆرپەلە بگاتە چوار مانگ لە سکپڕی.
ئیمام غەزالی (کە شافعیە)و (ابن جوزی) کە مالکیە ئەم ئاراستەیە لە ئیسلام دەنوێنن، کە لەباربردن قەدەغە دەکەن لە هەر کاتێکی سکپڕیدا بێت.
هەندێ لە زانایانی ئایینی بۆ ئەوە دەچن کە ئیسلام لەباربردنی قەدەغە نەرکدووە، بە مەرجێك پێش ١٢٠ رۆژ بێت لە سکپڕی وەك لە کتێبی (الحنفیە)ی ئی (کمال کوڕی هەمام)دا هاتووە.(٢٧٧) ئەم ئایینزانانە لەباربردنیان رێ پێداوە بەو مەرجەی کەوا پێش چوار مانگ کۆرپەلە نەگیان نە ژیانی تێدا نییەن لە فەرموودەی دروستی پێغەمبەردا (د.خ) هاتووە، کە گیان دوای ١٢٠ شەو لە جەستەی کۆرپەلەدا دەکرێت. ئیبن وەهبانی حەنەفی دەڵێت: (لەو بەهانانەی کە دەهێنرێتەوە ئەوەیە ئافرەتەکە شیری دوای سکپڕی دەبڕێت، باوکی منداڵەکەش ئەو پارەیەی نییە شیردەری بۆ بە کرێ بگرێت، لەوەش بترسێت کە منالەکە لەبرسا بمرێت تاکو دەڵێت: رێ پێدانی لەباردنی منداڵ پێویستە بە حاڵەتی بەهانەکە، یان بە کوشتنی ناژمێردرێت و گوناهی کوشتنی نییە. بەلاًم ئەگەر چوار مانگ بەسەری رابرد ئایینزانان کۆڕان لەسەر ئەوەی لەباربردنی کۆرپەلە حەرامە، ئەگەر هاتوو روویدا وا بە باشی دەزانن (الدیە) واتە خوێنی بستێنن، ئەگەر هاتوو بە زیندویی کەوتە دەر. (الغزە) کە جۆرێکە لە (الدیە) وەردەگیرێت، ئەگەر بە مردوویی کەوتە دەرەوە. مەگەر بسەلمێندرێت کەوا لەباربردن نەك پێویست بوو بۆ رزگارکردنی ژیانی دایکەکە).
دایك ناکرێتە قوربانی منداڵەکە بۆ رزگارکردنی منداڵکە لەبەرئەوەی دایك بنجەکەیە، لەو حاڵەتەشدا دەکەوێتە دەروی (روودانی سوکترین ژیان)، کە یەکێکە لە رێسا گشتییەکانی پەیڕەوکراو لە شەرعدا. ئەم بنەمایەش لە یاسای کەتنی مەغریبی پەیڕەو کراوە، لە بەشی (٤٥٣) کە تێیدا بەدەق هاتووە: لەباربردن سزای لەسەر نییە ئەگەر رزگارکردنی ژیانی دایك

له مەترسی پێویست کرد، ئەگەر هاتوو کارەکە پزیشك، یان نەشتەرکار بە ئاشکرا ئەنجامیدا، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی کارگێڕی.
گرنگترین ئەو گرفتانەی ئافرەتی عەرەبی توشیان دێت، گیروگرفتی سکپڕی و منداڵبوونە چ لە ناو هاوسەریدا بێت، یان لە دەرەوەی هاوسەری، ئافرەتی هەژار ئەگەر بێتو بێ هاوسەری سکپڕی ببێ ئەوا توشی چەرمەسەری دێت، کە دەشێ ژیانی ببێتە قوربانی ئەو رووداوە. هەتا ئەگەر ئەو گوناهباریش نەبێت، تەنیا لەبەرئەوەی منداڵێکی بچوکی هەژارە، پیاوێکی لە چینی باڵاتر دەستدرێژی دەکاتە سەر. ئافرەتانی خێزانە باڵاکان توشی ئەم توندوتیژییە نایەن، لەبەرئەوەی خێزانە دەوڵەمەندەکان زوو رێگاچارەیەك دەدۆزنەوە، کچەکە بە شوو دەدەنە پیاوێك لە چینی خۆیان نزمتر، پیاوەکە بەخۆشیەوە دێتە پێش (خوازیاری سامانی کچەکەیە) کچەکە دەخوازێت و رازییە و بەختەوەرە، یاخود ئەو خێزانە دەوڵەمەندە پزیشکێك دەدۆزنەوە (بەهۆی پارە خێرا دێت و منداڵی کچەکە لەبار دەبات) و کۆرپەلەکەی لە کۆڵ دەکاتەوە. گیروگرفتی سکپڕی و لەباربردن تەنگژەیەکە لە ژیانی ئافرەتی رەنجدەر، هەرچەندە هاوسەری شەرعیش هەبێت، لەبەرئەوەی لەڕووی جەستەییەوە ماندووە (لە ماڵ و لە دەرەوەش کار دەکات)، هەوڵ دەدات ئەو ئەرکەی لەسەر شانێتی کەمی کاتەوە، بەهۆی سکپڕی و منداڵبوونی یەك لە دوای یەك، هەروەها دەشێت گوێی لێبێت دەوڵەت خەڵك هان دەدات، بۆ دیاریکردنی وەچەنانەوە لە هەمان کات ئەو ئامرازە دروستانەشی نییە، کەوا رێ بگرێت لە سکپڕی لەبەر چەندان هۆی رۆشنبیری، یان ئابووری، یان ئاکاری، یان ئایینی. لەبەرئەوەی زۆربەی ئافرەتانی عەرەبی لە نائارمییەکی هەمیشەیی و ترسی سکپڕی دیارگرانی منداڵبوونێکی نوێدا دەژی، لە راستیدا بارگرانی دیاریکردنی وەچەنانەوە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا دەخرێتە سەر ئەستۆی ئافرەتەکە داوای لێدەکرێت بە تەنیا ئەو حەجی گرێ بەندی سکپڕی بخوات، یان لوولپێچ بەکار بێنێت، یان هەر ئامرازێکی دیکەی گرێبەندی سکپڕی. ئەگەر هاتوو ئەم ئامرازە شکستی هێنا لە رێگرتن لە سکپڕی و سکپڕیەکە روویدا ناچارە هەوڵ بدات بە شێوەیەکی نایاسایی لەبار خۆی ببات، لەم بارەشدا دەکەوێتە بەر مەترسییەکانی لەباربردنی ناپزیشکی و نادروست، یاخود دەکەوێتە بەر چڵێسی هەندێك پزیشکی ئەوانەی بازرگانی بە نەشتەگەری لەباربردن دەکەن لەبەرئەوەی نایاساییە. هێشتا لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان و میسریشی لەگەڵدا نەشتەرگەرییەکانی لەباربردن نایاساییە لە تاریکی و بە دزی دەکرێت ئامارێك نییە، لەبارەی ژمارەی ئەو نەشتەرگەرییانەی کە دەکرێتن

بەلاٌم هەندێ زانیاری بە خەملاٌندن هەیە لەبارەی ژمارەی ئەو نەشتەرگەرییانەی کە لە هەندێك نەخۆشخانە دەردەچن. تێبینی ئەوەکراوە مارەی نەشتەرگەرییەکانی لەباربردن ئەوانەی بەهۆی نەخۆشی ترسی دارەوە دەکرێن بەردەوام روو لە کەمبوونەوە دایە بە پێچەوانەوە ئەو نەشتەرگەرییانە روو لە زێدەبووندایەن کەوا چەندان دەروونی ئەنجام دەدرێت، یان وەك لە پزیشکیدا پێی دەوترێت (هەڕەشە لە دایك).(٢٧٨) ئەوەشیان بۆ ئەویە پێداویستییە یاساییەکان تەواو بکرێت، بەم شێوەیە ئەنجام دەدرێت، هۆیە دەروونییەکان هەر خۆیان هۆیە کۆمەلاٌیەتی و ئابوورییەکانن ئەوانەی کەوا یاسا دانیان پێدا نانێت، بۆ ئەنجامدانی لەباربردن. تێبینی ئەوەکراوە نەشتەرگەری لەباربردن بۆ ئەو ئافرەتانە دەکرێت، کە لە چینی بالاٌ و لەڕووی ئابوورییەوە دەوڵەمەندن و بە بڕی پارەی سێ ئەوەندەی ئەو نەشتەرگەرییانەی بۆ ئافرەتە هەژارەکان دەکرێت، ئا لێرەدا ساختەکاری هەندێ لە پزیشکەکان دەردەکەوێت کە بەهۆی پارە فێڵ لە یاسا دەکەن، پزیشکەکان (وەك دکتۆر اسماعیل رجب)(٢٧٩) سەرۆکی بەشەکانی ئافرەتی لە کۆلێژی پزیشکی عین شمس، دەنوسێت: پزیشکان دەکرێنە دوو بەش بە گوێرەی هەڵوێستیان لەباربردن: بەشێکی کەمیان ئەم نەشتەرگەرییە دەکات و بە چەندین ڕێگاش فێڵ لە یاسا دەکات، لەبەر هۆی ماددی کە زۆربەی جاران پزیشکی هەرە زۆری پزیشکان رازی نین ئەم نەشتەرگەرییە بکات، بەلاٌم دەیاننێرنە لای ئەو پزیشکانەی ئەو نەشتەرگەرییە نایاساییە دەکەن. هەرچەندە ئەم هەناردنە خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی یاسای منداڵ لەباربردنە. نەشتەرگەری لەباربردن لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا پڕ لە نەسازییە، نەسازی لە بەها و دوانەتی کە شەقلی بنچینەیی هەموو کۆمەڵگەیەکی باوکسالاری چینایەتییە، هەرەچندە یاسا قەدەغەکردنی لەباربردن لە ئارادایە لەباربردنی نایاسایی لە کۆمەڵگەکەماندا بلاٌوە، زانیارییەکانی خەملاٌندنەکی لە میسردا پیشان دەدەن لە هەر چوار حاڵەتی سکپڕیدا، حاڵەتێك بە ڕێگایەکی نایاسایی لەبار دەبرێن لەوەشەوە سالاٌنە سەدان دژواری تەندروستی ترسناکی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە حاڵەتی دایکە هەژارەکان لەباربردنی نایاسایی لە میسردا هۆی سەەرکی هەرە گەورەی مردنی دایکانە، بێگومان لە حاڵەتی دایکی شوو نەرکردوو ترسناکتر دەبێت، نەك تەنیا لەڕووی پزیشکییەوە، بەڵکو لەڕووی ئاکاری و کۆمەلاٌیەتیەوەش، زۆربەی ئەوانە ئەو خزمەتکارە بچوکانەن ئەوانەی تووشی دەستدرێژی کردنە سەر هاتوون، لەلایەن پیاو و کوڕانی خێزانە بالاٌکان و سەروی ئاستی ناوەندی.

کەمێکیشیان لەو کچانەن بە بەڵێنە درۆیەکانی پیاوان هەڵخەڵەتاون کە بەڵێنیان دەدەنێ بیانخوازنن بەڵام بلاوبوونەوەی ئامرازەکانی ڕێبەندی سکپڕی، ئەم ڕێژەیەی ئەو جۆرە حاڵەتانەی کەم کردۆتەوە، ئەوە زانراوە حاڵەتەکانی لەباربردن کە لە میسر روو دەدات حاڵەتی ئەو دایکانەی شوو نەکرد و نییە، لەبەرئەوەی ٩٠٪ی حاڵەتەکانی لەباربردنی نایاسایی بەلای کەم هی ئەو دایکانەیە کە شوویان کردووە و تەمەنیان لە نێوان ٢٥-٣٥ ساڵاندایە، ٨٠٪ی ئەو دایکانەش لە پێشدا دوو منداڵ، یان زیاتریان هەبوو، بەڵام خێزانەکانیان توانای هەڵگرتنی باری گرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی منداڵێکی نوێیان نییە.(٢٨٠)

ڕێدان بە لەباربردن لە میسرن یان لە وڵاتەکانی دیکەی عەرەبی ژمارەی حاڵەتەکانی لەباربردنی نایاسایی زێدە ناکات، بەڵام نەشتەرگەرییەکانی لەباربردن لە بازاڕی رەش رزگاری دەکات، لەههان کاتدا دایکە هەژارەکان لەباربردنێکی ناپزیشکی رزگار دەکات بەرەو لەباربردنێکی پزیشکی پاکژن کەوا ئافرەتە دەوڵەمەندەکان هەیانە، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەزگای دەرهێنانی کۆرپەلە پەیدا بووە، کۆرپەلە لە چەند خولەکێکدا لەبار دەبات بەبێ سڕکردنی دایك.(٢٨١)

ئەمرۆکە هەندێك لە وڵاتە رۆژئاواییەکان ڕێگایان داوە بە لەبابردن لە ژێر گوشاری روو لە زێدەبوونی ئافرەتە وشیار و ئازادەکانن هەروەها هەندێك لە وڵاتە رۆژهەڵاتییەکانیش وایان کردووە وەك هیندستان، وەك ێگاچارەیەك بۆ گرفتی زۆری دانیشتوان. دایك بە تەنیا خاوەنی مافی یەکەم و دواییە لە بڕیاردانی مانەوەی کۆرپەلە لە جەستەیدا، یان لەباربردنی، ئەوەشیان شتێکی سروشتییە لەبەرئەوەی کۆرپەلە پێش ئەوەی لە دایك بێت، بەشێکە لە جەستەی دایك کەس لە دایك لە پێشتر نییە کە خاوەنی ئەو مافە بێت، دیارە هەموو مرۆڤێك خاوەنی جەستەی خۆیەتی کەواتە ئافرەتیش خاوەنی جەستەی خۆیەتی و ئەوەیان یەکەم مافی مرۆڤە. من لەو باوەڕەدام کەوا گرفتی زێدەبوونی دانیشتوان تەنیا بە کەمکردنەوەی لەدایك بوونی منداڵان نییە بە ئامرازی ڕێبەندی سکپڕی، یان ڕێگەدان بە لەبابردن، بەڵام گیروگرفتێکە بە توندی پەیوەستە بە ئازادکردنی نێوەی کۆمەڵگە ئەوەش مێیە، لەگەڵ ئازادکردنی هەموو کۆمەڵگە لە چەوساندنەوە و هەژاری و ڕێگای سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و پلاندانانی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دروست، کەوا دەکات ئاستی ماددی و هزری تاکە کەس بەرز بێتەوە.

سەرچاوەکانی بەشی چوارەم

٢٣٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٣٣- لە راپۆرتێکی وەزارەتی تەندروستی میسری ساڵی ١٩٧١، مردنی مناڵە شیرەخۆرەکان، لە ساڵی ١٩٥٢: ١٢٧ لە هەزار بوو و لە ساڵی ١٩٩٦ دابەزیوە بۆ: ١١٨,٥ لە هەزار.

٢٣٤- وەزارەتی فێرکردنی میسرین کتێبی زانستی دەروونناسی بۆ قوتابییانی پۆلی سێیەمی ناوەندی، بەشی وێژەیی، دانانی (د. عبدالعزیز القصوصی، د. سید عنیم) قاهیرە ١٩٧٦.

٢٣٥- هەمان سەرچاوەی پێشوون وەرزی١١، ل١٢٣-١٧٤.

٢٣٦-یاسای تونسی ژمارە ٢١، ١٩٦٩ان ماددەی ٢٢٧ (لاپەڕەی سزاکان ژمارە ١٢، ل٣٦٩) وا هاتووە کە ئەو پیاوەی بەبێ توند و تیژی سێکس لەگەڵ کچێك بکات لە خوار تەمەنی ١٥ ساڵی بێت، ١٥ ساڵ حوکمی بەسەر دەکرێت لەگەڵ ئیشی سەخت، هەمان مادده دەڵێ ئەگەر پیاوەکە لە تەمەنی ١٥- ٢٠ ساڵی بێت حوکمەکەی ٥ ساڵ دەبێ، بەلاّم ئەگەر پیاوەکە بڕیاری دا کچەکە بخوازێ ئەوا هیچ حوکمێکی بەسەر ناکرێت و بەری دەدەن.

٢٣٥- ئەو کۆمەڵە زۆرەی ئافرەتە کرێکارانە لە ژێر بەندی خزمەتکردن ٨٩,٣٪ لەو ئافرەتە کرێکارانەی کە لە ماڵان خزمەت دەکەن وەکو خزمەتکار (ئافرەتی میسری لە بیست ساڵدا) (١٩٥٢-١٩٧٢) ناوەندی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی دانیشتوان (الجهاز المركزي للتعبئة العامة و الاحصاء).

٢٣٦- بڕوانە: گۆڤاری (الاخبار) ساڵی ١٩٧٣ی قاهیرە.

٢٣٧- بڕوانە: گۆڤاری (الاخبار) ٢٣، فبرایەری ١٩٧٤، لاپەڕەی دەیەم.

٢٣٨- بڕوانە: گۆڤاری (الاخبار) ٦ مارسی ١٩٧٦، لاپەڕە ١٠، لە ژێر ناونیشانی: دادگا گرێدانی هاوسەری هەڵدەوەشێنێ، چونکە ژنەکە کچ نییە).

٢٣٩- بڕوانە: گۆڤاری (الاخبار) ٩ ئەگسێس ١٩٧٥، لاپەڕە١٠.

٢٤٠- بڕوانە: گۆڤاری (الاخبار) شەممە ٥ یەنایری ١٩٧٤، لاپەڕە ١٠.

٢٤١- بڕوانە: گۆڤاری (الاخبار) ٢٧ یەنایر ١٩٧٤، لاپەڕە٣.

٢٤٢- بڕوانە: گۆڤاری (الاخبار) ٣٠ یەنایری ١٩٧٤، لەژێر ناونیشانی (چەرەسەرکردنی قوتابی ئەندازیاری بلیمەت، لە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی).

٢٤٣- (القرأن) سورەتی (الحجرات) ئایەتی (١٣).

٢٤٤- (القرأن) سورەتی (الاحزاب) ئایەتی (٤-٥).

٢٤٥- (الشيخ مهدى شمس الدين) ئيسلام و ڕێکخستنی خێزان، یەکێتی جیهانی بۆ ڕێکخستنی باوکایەتی، (المکتب الاقليمي لمنطقة الشرق الاوسط و شمال افريقيا) ١٩٧٤، بەشی دووەم، لە٧٧.

٢٤٦- (الشيخ محمد مهدي شمس الدين) ئیسلام و ڕێکخستنی خێزان، یەکێتی جیهانی بۆ ڕێکخستنی باوکایەتی، (المکتب الاقليمي لمنطظة الشرق الاوسط و شمال افريقيا)، ١٩٧٤، بەشی ٢، ل٧٧.

٢٤٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

٢٤٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٤٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٥٠- گۆڤاری (الجنائیه القومیه) ١٩٦٥، ل١١٩، دانیاری (سمیر الجنزوری) لەسەر تاوانەکانی بەرامبەر خێزان و بەرامبەر ئاکاری سێکسی.

٢٥١- بڕوانە: چیرۆکی (احسان عبدالقدوس) لە گۆڤاری (الاهرام) لە ژێر ناونیشانی (ڕاوکردن لە دەریای نهێنییەکان) قاهیرە ٩ی دیسەمبەری ١٩٧٦، ل٣.

٢٥٢- گۆڤاری (الاهرام)، قاهیرە ١٧- ١٨، مایو ١٩٧٦.

٢٥٣- بڕوانە: گۆڤاری (الاخبار) قاهیرە ٢٥ ئەگستس ١٩٧٥.

٢٥٤- بڕوانە: گۆڤاری (الاهرام)و (الجمهوریه) قاهیرە ١٩٧٥/٨/٢١، ١٩٧٥/٨/١٨.

٢٥٥- بڕوانە: گۆڤاری (الاهرام) قاهیرە ١٤ی مایۆ ١٩٧٦، ١٧ مایۆ ١٩٧٦، لەژێر ناونیشانی (لە یادنامەی یوسف ئیدریس و لە یادنامەی نەجیب مەحفوز).

٢٥٦- بڕوانە: کتێبی زانستی دەروونناسی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، بەشی وێژەیی، دانانی (عبدالعزیز لاقومی و سید غتیم) وازارەتی پەروەردە و فێرکردن، قاهیرە ١٩٧٦-١٩٧٧، وەرزی ٢، ل١٣٢.

٢٥٧- ئەو بڕیارە لە گۆڤاری (الاهرام) بڵاوکرایەوە، لە١٨ ئیپریلی ١٩٧٥، ل١١.

٢٥٨- (القرأن) سورەتی (الاسراء) ئایەتی (٣١).

٢٥٩- (الغزالی) زیندووکردنەوەی زانستی ئایینی، قاهیرە ١٩٣٩، ل٢٢.

٢٦٠- (القرأن) سورەتی (العنکبوت) ئایەتی (٦٠).

٢٦١- (القرأن) سورەتی (العنکبوت) ئایەتی (٦٢).

٢٦٢- (القرأن) سورەتی (الانبیاو) ئایەتی (٣٠).

٢٦٣- (حجج البخاري) بەشی ٧، ل١٩٦.

٢٦٤- (أحمد الشر باصی) ئیسلام و رێکخستنی خێزان، یەکێتی جیهانی بۆ رێکخستنی باوکایەتی، ١٩٧٤، بەشی ٢، ل١١.

٢٦٥- (صحیح البخاری) بەشی٧، ل٤٢، (صحیح مسلم) ١٤/١٠، (القرمزی) ٧٤،٥، ریزکردنی (مسند احمد حنیل) ٢١٩/١٦.

٢٦٦- (صحیح مسلم) ٤/١٠ لەگەڵ راڤەکردنی (النووی).

٢٦٧- (الغزالی) زیندەوەرزانی، بەشی ٢، (المکتبە التجاریە) لە میسر، ل٥١-٥٢.

٢٦٨- (حاشیة الدسویقي و شرح الدردیر علی متن خلیل)، بەشی٢، ل٢٦٦.

٢٦٩- کتێبی دەریای زەخار، چاپەمەنی (الاخبار الشنە المصعدیە) ١٩٤٨، بەشی ٣، ل٨٠-٨١.

٢٧٠- کتێبی باخی رەونەق (شرح اللعمە الدمشقیە) چاپەمەنی (دار الکتاب العربی) لە میسر بەشی ٢، ل٦٨.

٢٧١- کتێبی دار بەندی ئیسلام، (دار المعارف)، بەشی٢، ل٢١٠.

٢٧٢- روانینی ئیسلام بۆ رێکخستنی وەچە، ل٨٠.

٢٧٣- (الرملی) کۆتایی دەستکورت، ئایەتی١٨٥، هەروەها فەتوای ئەزهەر لە ١٩٥٣/٣/١٠.

٢٧٤- (أبوبکر الرزازی) حاوی، وەرزی ٢٤.

٢٧٥- (علی بن العباس المجوسی) تەواوی پیشەسازی پزیشکی، وەندی ٢٨.

٢٧٦- (أبن سینا) یاسا لە پزیشکی، بەشی٢، ل٣٧٥.

٢٧٧- (علی شعبان) نەهێشتنی سکپڕی لە ئیسلام، دانیار لە کتێبی ئیسلام و رێکخستنی خێزان، یەکێتی جیهانی بۆ رێکخستنی باوکایەتی، ١٩٧٤، بەشی٢، ل٢١١.

٢٧٨- بڕوانە دەلیلی راهێنەرەکان لە رێکخستنی خێزان، دانیشتگای سەروو بۆ رێکخستنی خێزان لە قاهیرە (الجهاز التنفیزی) بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، دیسەمبەر ١٩٧١، ل٨٠.

٢٧٩- (محمد الملکی الناصری) ئیسلام و رێکخستنی خێزان، یەکێتی جیهانی بۆ رێکخستنی باوکایەتی، ١٠٧٤، بەشی٢، ل٦٥.

٢٨٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

٢٨١- بڕوانە: (د. اسماعیل رجب) دانیار لە ژێر ناونیشانی: کۆرپەلەی شێواو و سکپڕی هەڵە، گۆڤاری (الصحة) قاهیرە ژمارە ٢٣، ١٩٧٣، ل٤٤-٤٧.

**پوختە**

ئیمام ئەبو حەنیفە دەڵێت: "دابڕینی مرۆڤ خۆی زیانی زۆرترە لە دابڕینی بۆ پاراستنی سامانەکەی، سامان دێت و دەڕوات، بەڵام دابڕینی خۆی مرۆڤایەتییەکەی دەشکێنێت، مرۆڤایەتییەکەشی مەزنترین بەخششی خودایە". ئەم قسەیە زۆر جوانە دڵنیاکەرەوەیە، بەڵام پێویستە تەنیا مەبەستی پیاو نەبێت، بەڵکو ئافرەتیش بگرێتەوە. ئافرەتیش مرۆڤە وەك پیاو، وەك ئەو مرۆڤایەتی خۆی هەیە کە مەزنترین بەخششی خودایە، کە پێویستە پێشێل نەکرێت.

پێشێلکردنی لێهاتوویی مرۆیی ئافرەت دەستدرێژی کردنە بۆ فەرمانەکانی خودا و بنەماکانی ئایین، کە بانگەوازی بۆ ماف و ئازادی و ڕێزگرتنی مرۆڤ داوە، بەڵام بە داخەوە لێهاتووی مرۆیی زۆرەی ئافرەتانی کچان لە وڵاتە عەرەبییەکاندا پێشێل دەکرێت، بە بێ شەوەی هیچ دەگێکی ناڕەزایی، یان توڕەیی بەرز بێتەوە، مەگەر لە چەند حاڵەتی دەگمەن و کەمدا نەبێت، ئافرەتی عەرەبی هەر لە سێزدە سەدە پێش ئێستاوە لە ژیانی محەمەد پێغەمبەرەوە (د.خ) مرۆییەکەی زیاتر ڕێزی لێدەگیرا لە ئاففرەتی عەرەبی ئەمڕۆدا، ئایا ئەوەیان بەس نییە ببێتە هۆیەك بۆ ئەوەی هەوڵ و کۆششی و قوربانی زیاتر بدرێت، بۆ دۆزینەوەی هۆکارە ڕاستەقینەکانی کە مرۆییەکەی لە ئافرەت سەندۆتەوە؟ بەڵکو هەتا مرۆیی لە پیاویشی سەندۆتەوە.

ئیسلام زۆر لایەنی لەباری تێدایە کە پێویستە بەرچاویان بخەین و تێیان بگەین، تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست و لە سەرچاوە دانپێنراوەکانیان. من لەو کەسانەم هەوڵ دەدەم ئایین بە هۆشی و ئاوەزی خۆم تێبگەم، نەك بە هۆش و ئاوەزی هەندێ لە پیاوانی ئایینی. لەبەرئەوەی لە ئیسلام کەسێك نییە بە ناوی پیاوی ئایین.

پیاوی ئایین وشەیەکی کە هەنگوتییە دوورە لە ئیسلام، زانینی ئایین ئەرکێکی منە لەبەرئەوەی بە تەنیا من بەرپرسم لە بەرامبەر خودا لەو تێگەیشتنەی لە ئایینی خۆم دەگەم کەسێکی دیکە لە بڕی من بەرپرسی نییە، من ئەگەر هەڵەم کرد، ئەگەر هەڵەکە لە ئاکامی کۆششی پیاوێکی ئایین بوو ئەوا ئەم پیاوە بەرپرسیارەتی من هەڵناگرێت، لەبەردەم خودا. مرۆڤی موسڵمان (پیاو، یان ئافرەت) بەرپرسە بەرپرسیەکی کەسی لە تێگەیشتن لە ئایینەکەی. یەکەم بنەماکانی ئیسلام ئەوەیە، خەڵك یەکسانن وەك ددانەکانی شانە هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان نێرو مێ، هەژار و دەوڵەمەند، فەرماندار و فەرمانپێکراو. یەکەم بنەماکانی ئیسلام ئەوەیە کەوا مرۆڤ هۆش و ئاوەزی خۆی بەکاربێنێت و بە ئازادی و بە

راستگۆیی بیر لەو دیاردانە و گیرو گرفتانەی دەوروبەری بکاتەوەن منیش هەر ئەوەندەم کردووە کە ئەم کتێبەم نووسی.

نەوال سەعداوی